# کورد.. شۆڕشی بێدەنگ

ژان پرادییێر

وەرگێڕانی لە زمانی فەڕەنسییەوە

هەڵگورد شوکر

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٥

**ناوی کتێب:** کورد..شۆڕشی بێدەنگ

**نووسینی:** ژان پڕادییێر

**وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە:** هەڵگورد شوکر

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٥

**چاپخانە:** ڕۆژهەڵات

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١١٣٣) ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە.**

## بەراییەک

هاوسۆزی و هاوکاری مرۆڤایەتی بووە هۆی بەدیهێنانی ئەم توێژینەوەیە. دەمەوێت زۆر سوپاسی سەرکردەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە عێراق بکەم کە ڕێگەیان دام دەستم بە ئەرشیفی شۆڕش و ئەو بەڵگەنامانە بگات کە پێویستم پێ بوون.

بە تایبەتی دەمەوێت سوپاس و پێزانینی خۆم پێشکەشی ژەنەڕاڵ بارزانی و دەستەی کارگێری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بکەم کە بە میهرەبانی و ماندوونەناسانە، بۆ ماوەی سێ مانگ هەرچی پێویستم بوو لە خەڵك و ئۆتۆمبێل و پاسەوان، بۆیان دابین کردووم.

هیچ ڕێگرییەک و ناچارکردنێک بەرامبەرم ئەنجام نەدراوە. هیچ پێشێلکارییەك بەرامبەر ئەنجامدانی حەز و کارەکانم نەکراوە. بەوپەڕی ئازادییەوە توانیم بچمە هەموو ئەو شوێنانەی خۆم ویستبێتم و چاوم بە هەموو ئەو کەسانە بکەوێت کە خۆم مەبەستم بووبێت.

هیواخوازم ئەم پەرتووکە ڕێزلێنانێك بێت بۆ ئەو جەنگەی کە هاوڕێکانم لە کورد و عەرەب لە پێناو ئازادی ئەنجامیان داوە.

داوای لێبوردن لە هاوکارەکانم لە پسپۆرانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی دەکەم لە بە کارهێنانی ڕێنووسی لاتینی بۆ ناو و ناوی شوێنەکان و هەندێ دەستەواژەی باو.

**ژ.پ**

# پێرست

پێشەکی ئارماند گاتی.......................................................................٧
ئاسۆڕوونە.................................................................................١٨
بەربەستەکانی بەردەم تێگەیشتن..........................................................٢٧
ئاستەنگەکانی بەردەم گەڕان و لێکۆڵینەوە...............................................٢٨
خراپییەکانی پشت بێ دەنگی..............................................................٣١
کەمتەرخەمی مرۆڤایەتی لە هەمبەر کورد.................................................٣٢
لادانی نامۆیی.............................................................................٣٤
ناڕوونی شۆڕش............................................................................٣٦
سۆز و خۆشەویستی بەرامبەر گەلی کورد..................................................٣٩
مێژوو و جوگرافیای کوردستان لە سەرەتای دروستبوونییەوە............................٥٠
لە لوتکەی گەشەسەندنەوە..................................................................٥٤
لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ەوە تا ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١...........................٦٢
لەبارەی بەغداوە..........................................................................٧٨
دەسەڵات و سوپا.........................................................................٧٨
سوپا و گەل...............................................................................٨٣
جاشەکان..................................................................................٩٠
سەربازی ناچاری..........................................................................٩٣
جەستە ڕووت و مردووەکان..............................................................٩٦
هەواڵی ناڕاست و پڕۆپاگەندە..........................................................١٠١
لەدیوی کوردستانەوە....................................................................١٠٨
ڕووخساری جەنگ........................................................................١٠٨
ئەی خودایە! جەنگ چەندە جوانە!........................................................١٠٩
ناتەبایی و دژایەتی........................................................................١٢٤
ئابووری شۆڕش..........................................................................١٤١

گۆڕانی شۆڕش.................................................................................. ١٥٠
ناڕوونی ناسیۆنالیستی.......................................................................... ١٥٠
له شەڕەوە بۆ شۆڕش.......................................................................... ١٥٩
یەکگرتنی تایبەتمەندییەکان.................................................................. ١٧٣
بارزانی......................................................................................... ١٩٨
قەیرانی تاڵەبانی................................................................................. ٢٠٩
پێکهاتە و هەیکەلی شۆڕش................................................................... ٢١٧
پێکهاتە و هەیکەلی ڕێکخستن و بڕیاردان ................................................... ٢١٧
لەشکری شۆڕش.................................................................................. ٢٢٤
پارتی دیموکراتی کوردستان.................................................................. ٢٤١
کۆنگرەی حەوتەم............................................................................... ٢٤٨
زانیاری و پەیوەندی............................................................................ ٢٥٨
ڕەوشت و ئاکاری نوێ........................................................................ ٢٦٤
ڕوانین بۆ داهاتوو............................................................................... ٢٧٥
**سەرچاوەکان............................................................................... ٢٧٩**

## پێشەکی ئارماند گاتی

ژان- ماری پرادیێر ئەو دەنگەی لە بیابانەوە بەرزدەبێتەوە. مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە پێویستمان بەم جۆرە پیاوە هەڵکەتووانەیە و ئێمەش بە مەبەستی زیاتر ڕێز لێگرتنیان هیچ کاتێك لە بە سیمبوڵکردنیان دوو دڵ نەبین.

ژان بۆ گەڕان بە دوای سەرکەوتن کەسێکی لێوانلێو لە ژیانە، دەبێت سەرکەوتنی گەلێکی ستەملێکراو و ستەمدیدە چەندە بۆی گرنگ بێت.

پرادیێر چی دەڵێت؟ کوردستانی گەورە بوونی نییە، بەڵکوو لە نێوان تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا دابەشکراوە و بەشێکی بچووکی دەکەوێتە یەکێتی سۆڤیەتی جاران کە تێیدا هاونیشتیمانیانی کورد دەرفەتێکی ئەوتۆیان پێ نەدراوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە هەندێکیان دەبێت بجەنگن و زۆربەشیان دەبێت چاوەڕوانی لەناوچوونیان بکەن. بەدرێژایی سەدەکانی ڕابردوو، دۆزی کورد، لە ژێر زەبروزەنگی شمشێر و تۆپباران، یان بۆمبی ناپاڵمی فڕۆکەکان لە چیاکان و دۆڵەکان بەرەوپێش چووە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، هەندێك لە داگیرکەرانی خاکەکەی هەر بە کوشتنی کورد نەوەستان، تەنانەت دارودرەختی کوردستانیشیان لەناوبردووە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا، کاتێك دەسەڵاتدارانی تورك لە وڵاتەکانیان مافی کۆیلەبوون بە کورد دەدەن و دەسەڵاتدارانی عێراق نازناوی برابوون بە کورد دەبەخشن. لە کۆتاییدا ئەنجامەکەی هەر یەکە، ئەویش: کۆمەڵکوژییە. لەم نێوەندەشدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەرگیز نایەوێت لە پشتەوەی شانۆکەدا بمێنێتەوە، بەڵکو بۆ خۆپارێزی لە کۆمیۆنیزم (شیوعیەتی یەکێتی سۆڤیەت) خەون بەوە دەبینێت لە خاکی کوردستان جێپێیەک بۆ خۆی فەراهەم بکات.

لە نێوان ئەو هەموو ڕێکخراوە نەتەوەیی و نێودەوڵەتی و سیاسی و مەزهەبییە ئایینیانەی ئاوازی شکۆداربوونی مرۆڤ دەژەنن، کامەیان ناڕەزایی دەردەبڕێت؟ تاکە دەنگی ناڕەزایی، دەنگی کۆمەڵەی پاراستنی مافی ئاژەڵان بوو دژی بۆمبارانکردنی گەلی کورد لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە.

لەمـــەدا، جیهـــان لـــە هەمبـــەر کوشـــتنی ئاژەڵێـــك ناڕەزایەتـــی دەردەبڕێـــت، لـــە کاتێکـــدا بەرامبـــەر بـــە کوشـــتنی تاکـــی کـــورد بێدەنگـــن.

لەگـەڵ ئەمەشـدا، کاتێـك بـە ڕێکـەوت لـە شـەقامەکان و لـە گەشـتەکان چـاوت بـە خەڵکـی کـورد دەکەوێـت، ناڕەحەتـی و خۆڕاگـری و تێگەیشـتنی ئـەم مرۆڤانـەت بـۆ دەردەکەوێـت کـە لەلایـەن دوژمنەکانیانـەوە دەچەوسـێنرێنەوە. ئەمـە وا دەکات هەمیشـە تاکـی کـورد نەفـرەت لـە کوردبوونی خۆی بکات و یاخـی ببێت. کاتێ نیشـتمانی وێرانکراوت دەبێتـە یەکێـك لـەو شـوێنە دەگمەنانـەی تێیـدا جەنگاوەرەکانـی وەکـو هۆزانڤـان دەدوێـن کـە هەندێـک جـار ئـەو چیـڕۆك و دەنگدانەوانـە بـە ئێمـەش دەگات.

کاتێـک ژەنـەڕاڵ عـارف (عەبدولسـەلام عـارف) سـەردانی فەڕەنسـا دەکات، ژەنەڕاڵـی شۆڕشـگێری کـورد مسـتەفا بارزانـی نامەیـەك ئاراسـتەی سـەرۆك شـاڕل دوگـۆل دەکات کـە ڕۆژنامـەی (لومۆنـد)ی فەڕەنسـی چەنـد بەشـێکی ئـەو نامەیـەی بڵاوکردۆتـەوە: داوا لـە بەڕێزتـان دەکـەم ڕێگـە بـە پیـرە پیاوێـك بـدەن کـە هەمـوو تەمەنـی گەنجـی خـۆی لـە پێنـاو ئـازادی و شـکۆی گەلەکـەی بەسـەربردووە، داوای پشـتیوانی بەڕێزتـان بکـەم. ئێـوە گەورەتریـن هێـزی خۆڕاگـری ئەورووپـان، نیشـتیمانی خۆتـان ئـازاد کـرد، ئـیتر هیـچ شـتێك نەماوەتـەوە ئـەوە نەبێـت پشـتگیری خۆڕاگـری و گیانفیدایـی کـوردان بکـەن کـە بـۆ مـاوەی شـەش سـاڵە لـە باکـووری عێـراق دەجەنگـن و خەریکـە لـە لەناوچـوون نزیـك دەبێتەوە....جەنەڕاڵـی بەڕێـز، ئێـوە بـە ئاشـکراو و بـێ دوو دڵـی ئیدانـەی جەنگـی ڤێتنامتـان کـرد: مـن زۆر دڵنیـام، لای بەڕێزتـان، چارەنووسـی میللەتـی کـورد کـەمتر نییـە لـە چارەنووسـی ڤێتنامیـەکان، کـە لـەم جەنگـەدا لـە پێنـاو زیندوومانـەوەی میللەتەکەمـان تەنیایـن: نەتەوەیەکگرتـووەکان بـێ دەنگیـان هەڵبـژاردووە و هەندێـك لـە زلهێزەکانـی جیهـان لەسـەر پڕچـەك کردنـی عێـراق بـە چەکـی پێشـکەوتوو کـە بـۆ مەبەسـتی لەناوبردنـی ئێمـە بەکاردێـت، خەریکـی ململانێـی یـەکترن. ئـیتر تاکـە هیـوای ئێمـە فەڕەنسـای بەڕێـز شـاڕل دوگوڵـە، عێراقییـەکان داوای چـەك لـە وڵاتـی فەڕەنسـا دەکـەن بـێ ئـەوەی لـە سـەرەتادا کێشـەی کوردسـتان-عێراق چارەسـەر بکـەن. بـە دڵنیایـی ئـەم چـەك پێدانـە، تەنیـا دەبێتـە هـۆی هاندانـی زیاتـر بـۆ کاولکردنـی کوردسـتان و کۆمەڵکـوژی ژن و منداڵـی کـورد. لـە قورئانـی پیـرۆزدا هاتـووە: (هەمـوو کەسـێك لـە

ئاسمانـدا شـوێنێکی تایبەتـی هەیـە کـە لـە کاتـی نوێژکردنـدا ڕووی تێـدەکات و سـەری بـۆ هەڵدەبـڕێ) ئینجـا ئـەو فریادڕەسـەی ئێمـەش، ئێـوەن کـە فەڕەنسـایە.

دەبـێ لمـی بچووکـی لـە ژمـارە نەهاتـووی ئـەم کەنـاراوە بتوانـێ چـی بڵێـت و چـی بـکات کـە لەگـەڵ هاتوچـۆی شـەپۆڵەکانی دەریـا دێـن و دەچـن، ئەمـە بەشـی ئـەوە نـاکات، کاتێـك دێتـە سـەر باسـی پیاوێـك دژی مـردن لـە جەنـگ دایـە کـە دوژمنەکانـی بـە ڕێـگای جیـاواز بڕیـاری مردنـی بەسـەردا دەسـەپێنن.

بـا دەنگـی خـۆی هەڵبـڕێ کـە شـنەی دەریـا بـۆ شـکاندنی ئـەم دیـواری بێدەنگییـە لەودیـو ئاسـۆوە هێناویەتـی کـە دەوری کوردسـتانی داوە. لـە سـۆنگەی ئێمـەوە، ئـا لێـرەوە شۆڕشـی کـوردی دەسـت پێـدەکات.

**ئارماند گاتی**

## هەزار هاوڕێ کەمە، یەک دوژمنیش زۆرە (پەندی کوردی)

کوردبوون زۆر قورسە! ............

چـل و نـۆ سـاڵی تەمەنـی پـڕ لـە ئـازارم بـۆ خزمەتـی گەلـە سـەرکوتکراو و سـتەمدیدەکەم تەرخانکـردووە، ئـەم ڕاسـتییە چەپـەڵ و نایەکسـانییەی بـۆ پشـت ڕاسـت کردوومەتـەوە. لەگـەڵ ئەمەشـدا گەلـی کـورد لەلایـەن ئەوانـەی لێیـان نزیـك دەبنـەوە و لەگەڵیـان تێکـەڵ دەبـن خۆشەویسـت و ڕێـز لێگیـراوە. ئایـا لـە کایـەی دیبلۆماسـی و نێودەوڵەتیـدا فاکتەرەکانـی مرۆیـی دەوری خۆیـان دەبینـن؟ بەداخـەوە ! ژێـر خاکـی نیشـتیمانی کـورد زۆر دەوڵەمەنـدە، نـەوت لـە هەمـوو شـوێنێکیدا هەیـە!...

لـەم دواییـەدا، چێتیـن ئاڵتـان، ڕۆژنامەنووسـی تـورك لـە ڕۆژنامـەی (ئەقسـام) ی ئیسـتەنبۆڵ، تایبـەت بـە بارۆدۆخـی کوردسـتان و تورکیـا بـە ناونیشـانی (گەڕانـەوە لـە ڕۆژهەڵاتـەوە) بابەتێکـی بڵاوکـردەوە. ئـەم مێژوونووسـە بەڕێـز و خۆشەویسـتە دەنووسـێت: (کاتێـك توانیـت بـاشتر لـە نزیکـەوە (پیـاوی ڕۆژهەڵات)(کورد)بناسـیت، سـەرەڕای ئـەو هەمـوو ئازارانـەی دەیچێـژن، لـە نەرمونیانـی و ڕاسـتگۆیی و دۆسـتایەتی ڕاسـتەقینە و دڵسـۆزییان سـەرت سـووڕدەمێنێت. سـەرەڕای هەمـوو جـۆرە فێـڵ و چەوسـاندنەوە، خـراپ مامەڵەکـردن و سـتەمکارییەك کـە بەسـەریان دێـت، ئەمانـە پیـاوی ڕاسـتەقینەن! ... وەکـو پیاوێـك دەمێننـەوە کـە دڵـی لـە زێـڕ دروسـت کرابێـت: نەرمونیـان وەکـو ئاوریشـمە و هێـز و خۆڕاگریشـیان وەکـو پۆڵایـە!...).

لەبـەر زیاتـر لـە هۆکارێـك، ئـەم توێژینـەوەی ئێسـتا زۆر گرنـگ و پڕبایەخـە کـە بـە پێنووسـی شـایەتحاڵێك بـە نـاوی ژان پڕادییـر نـووسراوە:

بەڕێـز ژان پڕادییـر پیاوێکـی فەڕەنسـییە، واتـە چاودێرێکـی بێلایەنـە، کەسـێکی ئەکادیمییـە و پیـاوی مێتـۆد و زانسـتە. بێجگـە لـەوە، لەمیانـەی مانـەوەی چەنـد مانگێـك لـەو بەشـە ئازادکـراوەی کوردسـتانی عێـراق لەگـەڵ ڕێبـەری شـۆڕش ژەنـەڕاڵ بارزانـی، یـان لەگـەڵ ئەندامانـی ئەنجومەنـی شـۆڕش و ئەندامانـی دەسـتەی کارگێـری لـە پەیوەنـدی بـەردەوام بـووە.

سەرەڕای ئەمەش، دوور لە هەموو کۆسپ و تەگەرەیەك، زۆر بە خۆشحاڵییەوە بۆ ئەنجامدانی گەڕان و ڕاپرسی کردن و توێژینەوە لە سەرانسەری وڵات کاتی هەبووە.

توانیویەتی چاوپێکەوتن و پرسیار لە هەر کەسێك بکات خۆی ویستویەتی، جا سەر بە هەر چین و توێژێکی دانیشتوانی وڵات بن: چ موسوڵمان بن، یان مەسیحی بن.

ئەم کارەی ژان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە تا چەند جێ متمانەی بێ سنوری هەمووان بووە، جا چ خودی سەرکردەکان بێت، یان تەواوی ئەوانەی بەریەککەوتنیان لەگەڵیدا هەبووە و یادەوەرییەکی لەبیر نەکراو و هەمیشەیی لە وڵات بە جێهێشتووە، کاتێك گوێبیستی ئەوانە دەبم کە مامەڵەی لەگەڵ کردوون، ئەوەم بۆ دەردەکەوێ کە هەموو گەلی کورد بە سۆز و خۆشەویستییەوە پشتگیری ئەم گەنجە ئەکادیمییە دەکەن کە کوڕی گەلی مەزن و بەخشندەی فەرەنسایە.

بەداخەوە ! بارودۆخی دڵتەزێنی گەلی کورد، تەنیا خۆی لەو بەشەی کوردستان نابینێتەوە کە بە عێراقەوە لکێندراوە، بەڵکو کورد لە هەموو شوێنێك هەربەشمەینەتە.

کوردستانی تورکیا بە ٧ ملیۆن دانیشتوانەکەیەوە لەسەرەتاییترین مافەکانی بێبەشە؛ وەك: بە ئاشکرا بتوانی بڵێ من کوردم و بە ئازادی بە زمانی دایك قسە بکات و قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان هەبێت و بە زمانی کوردی بخوێنن و ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆیان هەبێت و هەمان ئەو ماف و ئیمتیازاتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستیانەی هەبێت کە هاووڵاتییەکی تورك لە کۆماری تورکیا هەیەتی. بە کوردی و بە کورتی، کورد زۆر دوورە لەوەی وەکو هاووڵاتی تورکی، یان هاووڵاتییەکی پلە یەك سەیر بکرێت.

داننان بەم مافە سروشتیانەی گەلی کورد هیچ مەترسی و هەڕەشەیەك بۆ سەر خاك و نیشتیمانمانی دروست نەدەکردووە و هیچ لاوازبوون و بێ هێزبوونێك لە یەکگرتوویی نەتەوەی کۆماری تورکیای دروست نەدەکردووە، بەڵکو بە تەواوی پێچەوانەیە. لە ڕاستیدا، داننان بە تایبەتمەندییەکان، بە تایبەتی زمانەوانی بۆ وڵاتێکی وەکو تورکیا، نەك هەر بەڵگەیەکی گەورەی ئازادی و

پێکەوەژیانــە، بەڵکــو بەهێزکردنــی ســەقامگیری و ئاســایش و یەکگرتوویــی سیاســی وڵاتیشــە کــە چەنــدان نموونــەی کۆمــاری فیدراڵــیمان هەیــە.

هــەر لەبەرئەمــە بــوو کــورد متمانــەی بــە بەیاننامەکانــی عیســمەت ئینۆنــو ســەرۆکی شــاندی تورکیــا لــە کۆنفراســی لــۆزان هەبــوو (دواتــر بــوو بــە ســەرۆکی تورکیــا). لەکاتــی گفتوگــۆکان لەســەر پرســی مووســڵ و بــە پێــی ڕاپــۆرت و کۆنووســە فەرمییەکانــی کۆنفرانســی ناوبــراو، عیســمەت دووپاتــی کردووەتــەوە کــە تورکیــا وڵاتــی دوو گەلــە: (تــورك و کــورد) هەردووکیــان مافــی حکومەتــداری وڵاتەکەیــان لــە یەکســانییەکی ڕەهــای نیشــتیمانیدا هەیــە.

بەڕێــز حسـێن عەونــی بێــی، پەرلەمانتــاری تورکیــا و نوێنــەری شــاری ئــەرزەڕۆم، بــۆ پشتڕاســت کردنــەوەی لێدوانــی بەڕێــز عیســمەت، لــە کۆبوونــەوەی پەرلەمانــی تورکیــا لــە ئەنقــەرە بــە ڕاشــکاوی ڕایگەیانــد: (ئــەم وڵاتــە، وڵاتــی تــورك و کوردانــە. لــەم مینبــەرەوە ڕایدەگەینــم هــەردوو نەتــەوە: نەتــەوەی کــورد و نەتــەوەی تــورك، مافــی ئەوەیــان هەیــە دەنگــی خۆیــان هەڵبــڕن).

دوای ماوەیەکــی کــەم، هەمــوو ئــەم لێدوانانــە پێچەوانــە بوونــەوە و ڕێــزی لێنەگیــرا، ئەمــەش جــێ سەرســوڕمانی ئێمــە نەبــوو، کاتێــك لــە دەمــی بەرپرســانی بــاڵای حکومەتــی ئەنقــەرە گوێبیســتی قســەی بــێ مانــا و هەڕەشــە و قســەی ناڕاســت، یــان ســوکایەتی و جنێــوی وەکــو: گەلــی کــورد؟ شــتێکی وەهــا هــەر بوونــی نییــە !...) یــان (ئەگــەر کــوردەکان بــێ دەنــگ نەبــن ســوپای تورکیــا لــە بۆمبــاران کردنــی شــار و گوندەکانیــان دریّخــی نــاکات و ڕووبارێــك لــە خوێــن دروســت دەبێــت کــە خۆیــان و خاکەکەیــان تێیــدا نقــوم دەبــن.)

ســەرەڕای هەمــوو ئەمانــە، یەکێــك لــە ســەرۆك کۆمارەکانــی تورکیا لەنــاو جەرگــەی دیاربەکــر کــە پایتەختــی کوردســتانی تورکیایــە، بــێ ڕەچــاو کردنــی هیــچ شــتێك قســەی زۆر نەشــیاوی کــرد و وتــی: (تف بکەنە ڕووخســاری ئەو کەســەی ئێــوە بە کورد بانــگ بکات !...)

لــە کۆتاییــدا، لــە کاتــی دوایــن بومەلــەرزە کــە کوردســتانی تورکیــای گرتــەوە، بەڕێــز مۆتێســگلو، وەزیــری نیشــتەجێ بــوون و ئاوەدانکردنــەوە، لەکاتــی ســەردانەکەی بــۆ ناوچــە زیــان لێکەوتــووەکان بــە شــاندێکی کــوردی وتــووە: (ئێــوە دەتانەوێــت لەناوبچــن، بــاوەڕ بەخۆتــان بهێنــن کــە تەویلــەی ئەســپەکانتان: (مەبەســتی

وەزیـر شـوێنی نیشـتەجێبوونیانە) كۆشـكن. گلەیـی و گازنـدە لـە چـی دەكـەن؟ لێـرە ژمـارەی قوربانیـان تەنیـا سـێ هـەزار كەسـە، بـە پێچەوانـەوە لـە ڤێتنـام سـی هـەزار كەسـە، كاتێـك گوێـی لێبـوو خەڵكەكـە بـە كـوردی قسـە دەكـەن، هـاواری كـرد: (گوێـم لـە دەنگـی ئاژەڵەكانـە كـە لەدەمـی بەنـاو مرۆڤەكانـەوە دێتـە دەرەوە). هەروەهـا وتـی: ئەگـەر لـەم دەوڵەتـە ڕازی نیـن، بـۆ خۆتـان لـە دەوڵەتێكـی تـر بگەڕێـن !). بەداخـەوە، مـن پێـم وایـە قسـەكانی وەزیرەكـەی حكومەتـی ئەنقـەرە گەیشـتە لوتكـەی ڕەگەزپەرسـتی و بێباكـی و گەمژەیـی.

بـە ئاسـانی دەتوانیـن بزانیـن هەمـوو ئـەو لێدوانانـەی پێـشتر بـاسمان كـرد لەخۆڕایـی نەبـوون. حكومەتـی ئەنقـەرە بـە نكۆڵیكـردن لـە بوونـی كـورد و ناو هێنـان و وەسـفكردنیان بـە (توركـی شـاخ)، پێیوایـە پاسـاوێكی بـاش و گونجـاوی هەیـە بـۆ بێبـەش كردنـی گەلـی كـورد لـە گەرەنتیەكانـی پەیمانـی لـۆزان لەبـارەی مافـی كەمینـەكان لـە توركیـا.

لـە ڕاسـتیدا، بەشـی سـێیەمی ئـەم پەیماننامەیـە زۆر بـە وردی بـاس لـەوە دەكات: نابێـت هیـچ سـنوورێك بـۆ بەكارهێنانـی ئازادانـەی زمـان بـۆ هـەر هاووڵاتییەكـی توركیـا هەبێـت، چ لـە پەیوەندییـە تایبەتییـەكان چ لـە بابەتـە ڕۆژنامەگەرییـەكان، یـان بڵاوكـراوەكان، یـان لەشـوێنە گشـتییەكاندا. هەروەهـا مـاددەی ٣٧ی هەمـان پەیماننامـە ئـەوە دیـاری دەكات: كـە توركیـا بـە جێبەجێكردنـی ناوەڕۆكـی ماددەكانـی ٣٨ تـا ٤٤ پابەنـد دەكات كـە تایبەتـە بـە (پاراسـتنی كەمـە نەتەوایەتییـەكان) و وەكـو یاسـای بنەڕەتـی و سـەرەكی بناسرێـن و نابێـت هیـچ یاسـا و ڕێسـایەك، یـان دەقێكـی فەرمـی نەگونجـاو دژایەتـی ئـەم مەرجانـە نـەكات كـە لـەم ماددەیـەدا هاتـووە[1].

(١) لـە مـاوەی چـل سـاڵی ڕابـردوودا كـوردی توركیـا كـە ژمارەیـان زیاتـر لـە حـەوت ملیـۆن كەسـە، تەنیا توانیویانـە سـێ پەرتـووك بـە زمانـی كـوردی چـاپ بكـەن؛ ئەوانیـش بریتیـن لـە فەرهەنگێكـی كـوردی – توركـی، پەرتووكێكـی ڕێزمـان و شـانۆگەرییەك. بـەڵام ئاسایشـی توركیـا بە خێرایـی وایكرد ئـەم بڵاوكراوانە لـە جامخانـەی كتێبفرۆشـییەكان نەمێنـن، نووسـەرەكانیان فڕێدرانـە زینـدان، یـان دوورخرانـەوە. هەمـان شـت بـۆ سەرنووسـەرانی چـوار گۆڤار كە بـە زمانی توركی-كـوردی دەردەچوون دوای ژمـارەی پێنجەم یان شەشـەم دەسـتیان بەسـەردا گیرا.

لـەم دواییانـەدا، محمـەد شـوكرو كـۆچ، پەرلەمانتاری پارێـزگای ئایدن، لـە ڕۆژنامەی گەورەی ئەسـتەنبوڵ جمهوریـەت، لـە ٣١ی تەمـووزی ١٩٦٦ دا، لێكۆڵینەوەیەكـی لەبـارەی گەشەسـەندنی كوردسـتانی توركیـا بڵاوكـردەوە و وتیشـی:"لە هـەژدە پارێزگای ڕۆژهەڵات نۆ بەشـی (بە گشـتی لە توركیـا ٦٧ ویلایەت هەیە) ٣٣٦ بنكـەی پۆلیـس یـان جەندرمەیـان هەیـە. لەلایەكـی دیكـەوە تەنیـا ٥٠ مامۆسـتا و ٢٠ پزیشـك و ٦

هەمـوو ئەمانـە لێدوانێکـی سـەرۆکی دەوڵەتێکـی ترمـان بیـر دەخاتـەوە کـە ئێسـتا وڵاتەکـەی باشـووری کوردسـتانی لـە خۆگرتـووە و بـە کوردسـتانی عێراقیـش نـاسراوە، ئەویـش مارشـاڵ عارفـە: (لای ئێمـە کێشـەی کـورد نییـە...! گـروپ و باندەکانـی دەرەوەی یاسـا بـە تـەواوی تێکشـکێنراون...). لـە مانگـی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٦٣ کاتێـك پەیامنێـری گۆڤـاری ژۆن ئافریـك( ژمـارە٤٩) ژمارەیـەك پرسـیاری لێکـرد و گوتـی: بـە بۆچوونـی ئێـوە، ئـەو کوردانـەی لـە ئێـران و تورکیـا و سـوریا دەژیـن، کێـن؟ مارشـاڵ وەڵامـی دایـەوە: (هیـچ پەیوەندییێکیـان بـە هـی ئێمـەوە نییـە کـە عەرەبـن، واتـا عێـراق کـوردی لـێ نییـە).

لەگـەڵ ئەوەشـدا، هەمـان ئـەم حکومەتـە لـە بەغـدا کەمێـك پێـش لێدوانەکانـی عیسـمەت ئینۆنـو لـە ٢٤ی کانوونـی دووەمـی ١٩٢٢دا ڕایگەیانـد: (عێـراق دان بـە مافەکانی کوردانـی دانیشـتووی سـنوورەکانی عێـراق دەنێـت، بـۆ دامەزرانـدی حکومەتێکـی کـوردی لـە چوارچێـوەی ئـەم سـنوورانەدا، واتـا سـنووری عێـراق).

---

دەرمانخانـە هەیـە (تەنانـەت بـۆ هەر پارێزگایەك یەکێک نییە). سـەبارەت بەسیاسـەتی (بە تـورك کردن)، کـە لـە سـەردەمی مستەفا کەمالدا دەسـتی پێکرد، وا دیـارە بە تەواوی شکسـتی هێنابێـت، محەمەد کۆچ ئامـارەکان دەخاتـە ڕوو: لـە ماردیـن ٩١٪ی دانیشـتووان یـەك وشـەی تورکی نازانـن؛ لە سـورت ٨٧٪ و لە هـەکاری ٨١٪ و لـە دیاربەکـر ٦٧٪ و لـە چەولیـگ ٦٨٪ و لـە ئورفـا ٦٤٪، لـە ئاگری-ئـارارات ٦١٪ و لـە بەیتلیـس ٦٦٪ و لـە وان ٥٢٪، لـە مـوش ٥٣٪.

لـە لایەکـی دیکـەوە، لـە یەکێتـی سـۆڤیەت، ڕەوەنـدی کوردانـی ئـەوێ کـە ژمارەیـان ١٥٠ هەزار کەسـە، لـە مـاوەی سـی سـاڵی ڕابـردوودا، زیاتـر لـە ٦٠٠ پەرتووکیان بە زمانـی کـوردی و ٥ فەرهەنگ لـە نێویاندا کـوردی - ڕووسـی کـە ٣٤ هـەزار وشـەیە و فەرهەنگێکـی تـری ڕووسـی-کوردی ٣٠ کـە هـەزار وشـەیە. هەروەهـا توانیـان چەندیـن پەرتووکـی کلاسـیکی کـوردی وەربگێڕنـە سـەر زمانـی ڕووسـی، لەنێویانـدا ئەحمـەد خانـی نووسـەر و شـاعیری ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤدەهـەم. پێویسـتە بگوتـرێ لـە نێـوان ئـەو چـوار دەوڵەتـەی کـە کوردسـتانیان بـە سـەر دابـەش کـراوە، تەنیـا لـە ئێـران کـورد بـەو شـێوەیە ڕێـزی لێدەگیرێـت، لـەوێ بـە ئـازادی بـە زمانـی خـۆی قسـە دەکات و گوێ لـەو بەرنامـە ڕادیۆییانـەی دەگرێت کـە بـە زمانـی کـوردی لـە لایـەن دەزگای پەخشـی دەوڵەتـی ئێرانـەوە پەخـش دەکرێـن.

## هەڵوەستەیەک لە سەر ستەم و حوکمە پۆلیسییەکان لە خاکی کورد لە سوریا.

لـە ١٢ی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٧، سەرنووسـەری گـەورە ڕۆژنامـەی فەڕەنسـی-لۆمۆنـد- لــە ژێــر ناونیشــانی هەماهەنگــی فەڕەنسی-ســوری کــە باســی حکومەتــی بەعســی دەکــرد، دەنووســێت: (بزووتنەوەیەکــی عەرەبــی بەتــەواوی شــۆڤێنی دوژمنایەتـی کـوردی دەکـرد کـە زیاتـر لـە سـەدا هـەزار کەسـی بـە بـێ ویسـتی خۆیـان لـە ناسـنامە بێبـەش کـرد و سـەروەت و سـامانیان دەسـتی بەسـەردا گیـرا و بـۆ ناوچـە بیانییەکانـی وڵات ڕایگـواستن. بـە عـەرەب کردنـی جزیـرێ کـە خاکـی کـوردە و بەنـەوت دەوڵەمەنـدە، بـە مەبەسـتی دروسـت کردنـی ناوچەیەکـی زۆرینـە عـەرەب کـە پێـشتر لـەم ناوچەیـە هـەر بوونیـان نەبـووە.)

بەهـۆی کوردبوون، ٥٤ ئەفسـەری سـوپای سـوری خانەنشـین کـران. سـەرەڕای هەبوونی ئـەو پابەندبـوون و مەرجـە نێودەوڵەتیانـە بەرامبـەر عێـراق و تورکیـا کـە دەبوایـە بچنـە ژێربڕیـاریـان، بـەڵام سـتەم و زۆرداریەکـی زۆر خـراپ دژی میللەتـی کـورد لەئارادایـە.

هەروەهــا لــە بەرامبــەر بچوکتریــن داواکاری گەلــی کــورد لــە بــواری فەرهەنــگ و ئابــووری، یــان ئیداریــدا، کوردیــان وەکــو (جوداخــواز) ســزادەدا و تۆمەتــی ئەوەیــان دەخسـتە پـاڵ کـە دەیانـەوێ کوردسـتانی یەکگرتـوو و سـەربەخۆ دروسـت بکـەن. ئینجـا دەرگاکانــی زیندانییــە تاکــە کەســییەکان و دەرگای ڕاگواســتنیان بــەڕوودا دەکرایــەوە.

جێــگای مشــتومڕنییە کوردســتان قەوارەیەکــی جوگرافــی و مێژوویــی و زمانەوانییــە و کــەس ناتوانــێ نکۆڵــی لێبــکات. هەروەهــا ســامانێکی سروشــتی بــێ شــوماری هەیــە. ئاشکراشــە گەلــی کوردیــش هــەروەك هەمــوو گەلانــی دونیــا مافــی یەکڕیــزی و ســەربەخۆبوونی هەیــە. بــەڵام ئێمــە وابیــر دەکەینــەوە ئــەم ســەربەخۆییە بــۆ گەلەکەمــان دەبێــت لەگــەڵ خــۆی کەرامــەت و شــکۆ و ئــازادی و خۆشــگوزەرانی و ئەمــن و ئاســایش بهێنێــت، لــە هەمــان کاتیشــدا دەبێــت ببێتــە هــۆی مایــەی پەیوەندییەکــی تەندروســت و بــاش لەگــەڵ گەلانــی تــری ناوچەکــە. ئەمــەش بــۆ ئێمــە گەلێــك ئاســانترە، چونکــە ئەزموونــی پێشترمــان ئەوەمــان بــۆ دەردەخــات کــە لەگــەڵ گەلانــی تــری ناوچەکــە شــان بــە شــانی یــەکتر ژیاویــن و بــە هەماهەنگــی و خۆشــی و ناخۆشــییەکانەوە شــانمان داوەتــە بــەر ســەختییەکانی ژیــان.

گەلـی کـورد هــەر خوازیـاری ئـەم ئەزموونــی پێکەوەژیـان و هەماهەنگییەیـە و بـەو هیوایەشـە سـەرکردەکانی ئـەو وڵاتانـەی کـوردی لـێ دەژیـن دەسـتبەرداری نەتەوەپەرسـتی و بیـری تەسـکی نەتەوەیـی و چەمکەکانـی ناسـیۆنالیزم و هەژموونـی زاڵ بـوون بـە سـەر نەتەوەکانـی تـر بـن، چونکـە خۆسـەپاندنی نەتەوەیـی و فەرهەنگـی بـێ هودەیـە و دواجـار زیـان لـە بەرژەوەنـدی و پەیوەندییـەکان دەدات. ئینجـا خۆشـیان لـەوە تێدەگـەن کـە گەورەیـی و دانایـی ڕاسـتەقینە لەوەدایـە بـە ڕوحێکـی بـەرزەوە ڕێـز لـە سـەرەتاییترین مافەکانـی ئـەو مرۆڤانـە بگـرن کـە لـەو کۆمەڵگایانــە لەگەڵیــان دەژیــن.

**کامەران ئەمین بەدرخان**

- ئاغـا لـە بنەڕەتدا سـەرۆك عەشـیرەتێك بووە. فەرمانـی بە ئەوانە دەکرد کە لە ژێردەسـتی بـوون و هەمیشـە دەیپاراسـتن. بـە ئازایەتـی نـاسرا بـوو، بـەڵام ئێسـتا، تەنیـا بەختەوەری و سـەروەت و سـامان کۆدەکاتـەوە، بـە واتایەکـی تـر زۆر هەڵپەرسـتانە دێتـە بەرچـاو. لـە زمانـی ڕۆژانـەدا، هاوواتـای خاوەن زەویـوزار و سـامان و دەوڵەمەندێکی چاوبرسـیە.
- بەعس حزبی ڕێنێسانسـی عەرەبە، لە سـوریا لەلایەن پرۆفیسـۆری مێژوو میشێل عەفلەق دامـەزراوە کـە بـە ئایـن مەسـیحی بـوو. ناسـیۆنالیزم و سۆسـیالیزم لەوێدا بە شـێوەیەکی ناهاوسـەنگ کۆدەکرێنـەوە. دابەشـبوونە ناوخۆییـەکان بـووە هـۆی دروسـتبوونی حزبی چەپـی بەعـس، کە هیـچ پەیوەندییەکـی بە باڵی ڕاسـتڕەوی هەمان نـاوەوە نییە.
- بـەی یـان بـەگ سـەرکردەی نەریتـی ناوچەیەکـە. دەتوانیـن بـەراورد بکەیـن بـە ئاغـای گوندێکـی بچـوك. ئـەم کەسـانە بـە دووفاقـی خۆیـان نـاسراون و زۆرجـار دامەزرێنـەری گروپـە چەکدارەکانـن و پشـتگیریکاری گـەورەی جاشـەکانن.
- کاك (بـە واتـای بـرا گـەورە) نیشـانەی ڕێزگرتنـە و هەمـوو کەسـێك دەتوانـێ بەرامبـەر یەکـتری بـەکاری بێنـن، بـە تایبەتـی ئەم نازنـاوە لە کاتـی گفتوگـۆ هاوبەشـەکاندا بەکاردێت.
- "قۆڵبەسـت سـەوزەکان" گروپەکانـی سـەر بـە پارتـی بەعسـەکانن کـە پارتێکـی سیاسـی ڕاسـتڕەو و ناسیونالیسـتی و سۆسیالیسـتییە. لـە ڕووی ڕۆڵ و ئایدۆلۆژیـاوە لەگـەڵ کراس ڕەشـەکانی نازییـەکان بـەراورد دەکرێـن.
- مـەلا پیـاوی خودایـە لـە لادێ، هەندێـك جـار قورئـان فێـری منداڵـەکان دەکات. لـە بارزانـدا نازناوێکـە دەبەخشرێتـە هـەر پیاوێـك کـە بزانێـت بخوێنێتـەوە و بنووسـێت. لـەم کاتـەی ئێسـتا بـە واتـای: "هـەر بەڕێزێـك پـەروەردە و ڕەفتـاری جوانـی هەبێـت".
- پێشـمەرگە بـە واتـای ( لـە بەرامبـەر مەرگـدا دەوەسـتێت) جەنـگاوەری لەشـکری شۆڕشـگێڕی کـوردە.
- شـێخ سـەرکردەیەکی ئایینـی، یـان سـەرکردەیەکی عەشـیرەتە. دەسـەڵاتە ئایینـی و سیاسـییەکانیان بۆماوەییـە و لـە بنەماڵەکـەی بـە میـرات بـۆی دەمێنێتـەوە. هێشـتا هەندێـک شـێخ کاری جادووگـەری دەکـەن بـۆ ئـەوەی باشـتر شـوێنکەوتوانیان بـە خۆیانـەوە ببەسـتنەوە و کۆنترۆڵینـان بکـەن.

## ئاسۆ ڕوونە!

لــە هۆڵــی پێشــوازی هۆتێلێکــی بچووکــی هــەرزان لــە شــەقامی ئەبونــەواس لــە هۆڵــی پێشــوازی پاســەوانێك وەســتاوە و پاســەوانی دەرگای چوونــە ژوورەوە دەکات. پاســەوانێکی ســەرنجڕاکێش جامانەیەکــی ڕەنــگ خۆڵەمێشــیی بەســتووە و هێلەگێکــی بچــووك و شــەرواڵێکی فــش و بەرینــی لــە بەردایــە کــە لــە قووماشــی ســێینا دروســت کــراوە، پێدەچێــت بــە دەســت چنرا بێــت. چەنــد مەخزەنێکــی گولــەی شــێوە کەوانەیــی و چەکێکــی ڕووســی لــە کەمــەری بەســتا بــوو.

کاتژمێــر ٦ی بەیانــی ٢٦ی ئەیلوولــی ١٩٦٦کــە هێشــتا بەغــدا بــە ئــاگا نەهاتبــوو، پاســەوانەکە چاودێــری شــەقامەکە دەکات، هەرچەنــدە گــەڕەك بــە تــەواوی بێدەنگــە. فێنکایــی ئــاسمان هێشــتا تیــن و گەرمــی و ژاوەژاوی ڕۆژی جاڕنەدابــوو. لەگــەڵ ئەمانەشــدا، ئــەم کەنــاری ڕووبــاری دیجلــە، تەنیــا لــە کاتــی خۆرئاوابــوون و لــە شــەوان دا جوانــە، کاتێــك ماســییەکان لەســەر پشــکۆی گەشــاوە دەبرژێــن و لــە بەرامبــەر ئــەم کەنــارە کۆشــك و تــەلاری کۆماریــی ڕونــاك دەبێتــەوە، پاشــان پەپکــەی خــۆری زەبــەلاح لــە پشــت ئــەم دیمەنانــەوە ســێبەری پردی(ئەحــرار) دەبڕێــت و ئــاوا دەبێــت، لــە کاتێکــدا منــداڵان بــە دیشداشــەوە، وەکــوو ســەماکاران بــە نەرمونیانــی ســۆدە و ساردی دەهێنــن بــۆ ئــەو خێزانانــەی لــە هــەوای کــراوەدا ســەیری تەلەفزیــۆن دەکــەن. دەموچــاو و ڕووخســارەکان بــە گڵۆپــە ڕەنگاوڕەنگەکانــی ئــەو چرایانــە ڕوونــاك دەکرێنــەوە کــە لــە دوکانەکانــدا هەڵــواسراوە.

کاتژمێــر شەشــی بەیانــی، دەنگــی پوولەکانــی یــاری تاوڵــە، تەنیــا یادەوەریەکــەن، یــان بەڵێنەکــە، شــەقامەکە چــۆڵ و هۆڵــە. لــە بــەردەم دەرگای ســەرەکی هۆتێلەکــە کــە دوو ســتوونی ئاســنی بۆئــەوەی گرنــگتر دەربکەوێــت، ئۆتۆمبێلێکــی تاکســی لــە جــۆری مێرسێدس وەســتاوە و جامــی پێشــەوەی شکاوە. نــاوەوە و ســووکانی ئۆتۆمبێلەکــە بــە گوڵــی پلاســتیکی ڕازێندراوەتــەوە. ئۆتۆمبێلەکــە هەڵگــری تابلــۆی باکووره(کوردســتان): هەولێــر، شــارێکی بچووکــی کوردییــە، پێــشتر نــاوی ئەربیــل بــووە، لەوێــدا ئەســکەندەری مەقدۆنــی لــە پێدەشــتی گۆگامێــل بەســەر ســوپای داریــوش دا ســەرکەوت.

دوو پیـاو کـە لـە ژوورەکانـی نهۆمـی یەکەمـەوە دێـن، دەچنـە پـاڵ پاسـەوانەکە: ئـەوان باڵابەرز و هەیکەل گەورە و سـمێڵیان بە باشـی چاك کردووە، سـەیری شـەقامەکە دەکەن کە پاسکیلسـوارێك بەتەنیـا تێدەپەڕێـت. بارسـتەیەکی بـەرز لای کەمەرییانـەوە دەردەکەوێـت، بـە هـۆی کرانـەوەی چاکەتەکەیـان دەردەکـەوێ چەکێکـی گەورەیـان پێیە.

ئەوەی بە تەمەن بچووکترە قاتێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی کاڵی لەبەردایە و دەڵێت:

– دواکەوتووە.

نـاوی (محسـن دزەیی)یـە، پارێـزەرە، لـە ئێسـتادا پۆسـتی گرنـگ بەڕێـوە دەبـات و ئەندامـی دەسـتەی کارگێـری و ئەنجوومەنـی فەرماندەیـی شۆڕشـی کـوردە، هەروەهـا ئەندامـی لێژنـەی ئاشـتەوایی حکومەتی(عێـراق) و کـوردە و وتەبێـژی ژەنـەڕاڵ بارزانییـە لـە بەغـدا، چەندیـن ئـەرك لـەم شـارەدا[1] ڕادەپەڕێنێـت.

عەقیـد نافیـز ئەفسـەری بـاڵای پێشـووی سـوپای عێـراق، پێـش ئـەوەی پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی هێـزی شۆڕشـگێڕی کوردییـەوە بـکات، وەڵام دەداتـەوە:

– ئێمە کاتی ئەوەمان هەیە کوپێك چای بخۆینەوە.

عەقیـد نافیـز پیاوێکـی باڵابـەرزی بـە هێـز و چـاك و ڕووخسـار گـرژە و پێناچێـت زۆر ئاسـوودە بێـت. بـە شـێوازی بەریتانـی پـەروەردە بـووە. هەمـان ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتی ئەفسـەرانی شـاهانەی بەریتانـی پاراسـت بـوو. ئەرکەکانـی هاوشـێوەی ئەرکەکانـی هاوڕێکـەی موحسـین دزەیـی بـوو.

لـە کاتـی خواردنـەوەی دووەم کوپـە چـا کـە ڕوون و کوالێتییەکـی باشـە. ئۆتۆمبێلێکـی جـۆری ستەیشـنی دەربـازی سـوپا دەردەکەوێـت. ڕائیدێـك لێـی دێتـە خـوارەوە، کـە قەڵـەو و چوارشـانەی لێـو بـە خەنـدە و دۆستئاسـا دەردەکەوێـت، سڵاو لـە یـەکتر دەکـەن و هـەواڵ ئاڵوگـۆڕ دەکـەن.

---

(١) لـە ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ ئاگربەسـت واژۆکـرا و کۆتایـی بـە شـەڕی تونـدی هێـزی شۆڕشـگێڕی کـورد و سـەربازانی حکومەتـی عێـراق هێنـا. دوای ماوەیەکـی کـەم، دکتـۆر بـەزاز، سـەرۆکوەزیرانی عێـراق، بەرنامەیەکـی ١٢ خاڵـی بڵاوکردەوە کـە ئامانـج لێـی هێنانـەدی چارەسـەری پرسـی کـورد بـوو لـە عێـراق. ئەمـە سـەرەتای دانوسـتانە درێژخایەنـەکان بـوو، کـە هەندێـك گـرژی و هەندێکجاریـش شـەڕی لـە هەندێـك ناوچـە بـەدوای خـۆی دادەهێنـا.

ڕائیـد N.ی بـە ڕەچەڵـەك تـورک، فەرمانـڕەوای سـەربازی شـارێکی گرنـگ و گەورەیـە لــە باکــوور کــە دەکەوێتــە ناوچــەی ئۆپەراســیۆنەکان. تەنانــەت ئەگــەر دۆســتانەش بێــت، بــەڵام پەلــەی ڕۆیــشتن دەکات. بەرلــەوەی بخەوێــت نیگــەران بــوو لــەوەی تەسـحێبەکەی کـە خـۆی پـێ سـەرقاڵ دەکات لـە بیـر نـەکات، زۆر بـە پەشـۆکاوی لــە گیرفانــی پانتۆڵەکــەی بــە دوای دەگەڕێــت.

**لەناو ئۆتۆمبێل**

ســەربازێکی فیرقــەی پیــادە شــوفێری ئۆتۆمبێلــی ستەیشــنەکە دەکات، لــە پشــتی شۆفێرەکەشــەوە ئەفســەرێکی ڕێکپــۆش بــە پلــەی مــولازم، پاســەوانی بەرپرســە کــوردەکان بــوو، ڕائیدەکــە و کۆڵۆنێــل نافیــز دانیشــتوون. مێرسێدســە تاکســییەکەش لەگــەڵ موحســین دزەیــی دوای ئــەوان دەکەوێــت.

بـە ئاراسـتەی شـاری کەرکـوک بـە ڕێگایەکـی تـازە قیرتاوکـراودا. خاڵـە پشـکنینە لـە ژمارنەهاتووەکانــی ئــەم دەشــتە چــۆڵ و وشــکە بــە ئۆتۆمبێلــی برانــدی ئینگلیــزی دەور درابــوون، لــە بــەردەم ئەســتێرە و داڵەکانــی فەرماندەکــە هەڵدەســتانەوە.

کەرکـووک: شـاری نـەوت کـە پاراسـتنی بـە فیرقـەی٢ سـپێردرابوو. ژەنـەڕاڵ ئیبراهیـم فەیســەڵ ئەلئەنەســاری سەرپەرشــتی دەکــرد، نازنــاوی ملیۆنێــری هەبــوو بەهــۆی ئــەو دەنگۆیانــەی بــاس لــە دۆســیەی گومانــاوی پــارەی ســاختە دەکــەن. دەوروبــەری کەرکووکیــش پڕکرابــوو لــە بەربەســتی ئەمنــی و یەکــەی ســەربازی و ڕێــگای پێچاوپێــچ کــە بــە مەبەســتی ئەمنــی دروســت کرابــوو، هەروەهــا جۆرەهــا کاری تــری لــەم شـێوەیە. دامـەزراوە نەوتییەکانـش بـە پێکهاتـە زیوییـە گەورەکانیانـەوە و ئـەو چەکانـەی لـە نزیـک زەوی دانـراون، دیمەنێکـی سـەرنجڕاکێش دروسـت دەکـەن. عەرەبـە هـاوردە نایاسـایەکانیش نزیـك پـردەکان و مەزارگـە خـراپ بـووەکان نیشـتەجێ دەبـن: بـە دەبـەی بەنزینــی بــە تــاڵ و پڕکــراو و وردە بــەرد ســەنگەر لــێ دەدەن. لێــرە و لــەوێ خانــووە ڕووخاوەکانیــش هەبــوون: کــە دانیشــتوانی ڕەســەنی کــورد تێیــدا دەرکــراون و عەرەبــی هــاوردە لــە باشــوورەوە لــە شــوێنیان نیشــتەجێ کــراون.

— بوەستن بۆ کوێ دەڕۆن؟

سـەربازەکان لـە هەمـوو شـوێنێك بڵاوەیـان پێکـراوە: بـە سـواری پایسـکل و بـە ئۆتۆمبێلـی بارهەڵگـر و لەسـەر تانـك یـان بـە پیـادە، بـە شـۆرت یـان بـە جلوبەرگـی مغاویـری سـەربازی پلـەدار و بـێ پلـە پۆلیسـی سـەربازی بـە جلـی مەدەنـی دەسوڕێنەوە.

ئێـواران، ئاگـرەکان بـە بڵێسـەی ئێجـگار گـەورە بەسـەر شـارەکەدا دەبریسـکێنەوە، کـە پێشـمەرگەکان دەتوانـن لـە بنکـە و بارەگاکانـی خۆیانـەوە ببینـن. ئـەم بڵێسـانە زیاتـر لـە هێمایـەك هەڵدەگـرن: نـەوت لـە وێیـە کـە زەوی و خەڵـك دەخنکێنێـت، سـامان و گەنجینەیەکـی هێنـدە زەبەلاحـە ئەقـڵ و ویـژدان دەوەسـتێت و ٤٠٠ میلیـۆن دۆلار دەچێتـە خەزێنـەی دەوڵـەت بـە بـێ ئـەوەی هیـچ نیگەرانییـەك دروسـت بـکات، بێجگـە لـە چەنـد واژوویـەك بـۆ دابـەش کردنـی.

بـەڵام بۆڕییـەکان بـە ئاراسـتەی باشـووری ڕۆژئـاوا بـە خێرایـی لـە کوردسـتان دەردەچـن و نـەوت دەگوازنـەوە کـە مـرۆڤ پێـی وایـە دزراوە. بەڕاسـتی زێـڕی ڕەش لـە چیاکانـی کوردسـتانەوە هەڵدەقوڵێـت و دادەبەزێـت بـێ ئـەوەی لـەوێ بمێنێتـەوە: ئـەو دەڤـەرەی پشـت ئـەم بۆڕیانـە هـەژارە کـە ئـەم دوو ئۆتۆمبێلـە پێشـڕەوی تێـدا دەکـەن.

سەرنشـینەکانی ئۆتۆمبێلـە ستەیشـنەکە بێدەنـگ بـوون. زەحمەتـە بتوانیـن بابەتگەلێکـی تابوو(قەدەغەکـراو) و هەسـتیار بخەنـە بەربـاس: نـەوت و سیاسـەت کـە دوو لایەنـی هەمـان کێشـەن، خوێـن بـە جەنـگ دەدات. لـە کاتـی نانـی نیـوەڕۆدا لـە چێشـتخانەیەکی لاپەڕگـە و نهێنـی گفتوگۆیـەکان دەسـت پـێ دەکەنـەوە. ئـەو ڕائیـدەی خواردنـەوەی بیـرە وای لێـدەکات خۆشمەشـرەب و قسـە خـۆش و زۆر بلـێ بێـت. جـار جـارە، لـە ژێـر چـاوەوە بـە نهێنـی سـەیری پەنجـەرەکان و دەرگاکـە دەکات و بـە تورەییـەوە تەسـبیحەکەی دەجوڵێنێـت و دەنکۆڵەکانـی بـە خێرایـی بەریـەك دەکـەون.

لـە کۆتایـی نـان خواردنەکـە گفتوگـۆکان دەچنـە سـە وەزیـر بـەزاز کـە لـە مانگـی ئابـی سـاڵی ڕابـردوو لـە پۆسـتەکەی دوورخرایـەوە. لـە نـاکاو ئەفسـەرەکە ڕووی وەردەگێڕێـت: بـە عەرەبـی قسـەی لەگـەڵ کـوردەکان دەکـرد و بـە ئینگلیزیـش پرسـیار لـەو دوو ئەوروپییـە دەکات کـە بڕیـارە چاویـان بـە ژەنـەڕاڵ بارزانـی بکەوێـت.

— ئێوە، هیچ شتێك تێنەگەیشتن، وانییە؟ زمانی عەرەبی نازانن؟

یەکێك لە دوو ئەوروپپییەکە وەڵام دەداتەوە:

– بەڵـێ، مـن لـە گفتوگـۆ و قسـەکردنەکەت تێگەیشـتم، زۆر جێـی سـەرنجە: ئێـوە زۆر بەداخـن لـە دوورخسـتنەوەی بـەزاز و گلەیـی و لۆمـەی هەندێـك ئەفسـەری بـاڵا دەکـەن کـە دژایەتـی ئاشـتەوایی دەکـەن.......

ڕائیدەکە دەیەوێ قسە بکات و بەزەردەخەنەیەکەوە دەڵێت:

– نـا، نەخێـر...... مـن باسـی وێسـتگەی شـەمەندەفەری لیـۆن دەکـەم لـە پاریـس..... گۆڕەپانـی سـپی: مـن شـارەزای ئەوێشـم شـارەزای پیگالیشـم... باسـی وڵاتـی فەڕەنسا و یادەوەرییـە جوانەکانـم دەکـرد.

ڕائیدەکە باسی پاریسێکی دەکرد کە بەزاز بوو.

ئەفسەرە عێراقیەکان گەڕانەوە سەربازگەکانیان.

موحسـین دزەیـی و میوانەکانـی پێکـەوە نانـی ئێـوارە دەخـۆن. پارێـزەر موحسـین داوای کـرد پەنجـەرەکان دابخرێـن. ڕەشاشـێک لـە تەنیشـتی دانرابـوو، ڕێـك لای دیوارەکـەوە. لەسـەر گۆشـەکانی قەنەفەیـەك سـێ مەخزەنـی گولـە هەبـوو.

محسین دزەیی وتی:

– لێــرە، مەترســیدارترین کــەس جاشــەکانن. ڕوونــی دەکاتــەوە کــە جاشــەکان واتــا (گوێدرێــژن) و چاوســاغی بێگانــەن، ئەوانــە کــوردن، حکومەتــی عێراقــی دژی شۆڕشــی کــورد بەکاریــان دێنێــت، هەروەکــو لــە هەمــوو جەنگەکانــی داگیرکاریـدا، حکومـەت هـەوڵ دەدات بەشـێك لـە دانیشـتوانی وڵاتـی داگیرکـراو بکرێـت بۆئـەوەی دژی ئەوانـە بەکاریـان بهێنێـت کـە شـۆڕش دەکـەن. ئەوانـە چەکـدار و یارمەتیـدەری سـوپای دوژمنـن کـە ئێمـە بـە چـاوی سـوك و خیانەتـکار سـەیریان دەکەیــن، بــەڵام دەبێــت ئــەوەش لەبەرچاوبگیرێــت، ئەوانــە پــڕ چــەك کــراون، هەنــدێ جــار شــەڕکەری باشیشــن.

نزیك دەروازەی چوونە ژوورەوە، پاسەوانەکە خەریکی خواردنی کوبەی برنجە.

ڕۆژی دواتــر، ئۆتۆمبێلــەکان دووبــارە کەوتنــەوەڕێ. کەمپــە ســەربازییەکان

هێنـــدە زۆرن: هـــەر فەســـیلێک بـــە یـــەك یـــان دوو ئۆتۆمبێلـــی زرێپـــۆش پاڵپشـــتی دەکـرا، هەندێــك جاریــش سریەیــەك یــان بــە تالیۆنێــك بــە تــەواوی. خــۆر ڕەنگــی خێمەکانـــی کاڵ کردبـــۆوە، کـــە هەندێکیـــان نزیکـــەی پێنـــج ســـاڵ لەمەوبـــەر هاڵدرابــوون. ئێســتا ســەربازگە کۆنــەکان، تەنیــا لــە شــوێنە چۆڵــەکان مــاون کــە بــە بــەردی ســپی هێلــکاری و ڕەنــگ کــراون.

ئـەو حـەز و خولیایـەی سـەربازەکان بـۆ دروسـت کردنـی سـنوور و پەرژیـن بـە بـەردی سـپی هەیانەلـە هەمـوو ناوچـەکان بوونـی هەیـە. کاروانـی بارهەڵگرەکانـی مۆلۆتـۆڤ بـە درێژایـی ڕێـڕەوەکان بڵاوبوونەتـەوە. ڕێگاکـە بـەرەو سـەرەوە دەڕوات.

هەمـوو گـردەکان قەڵایەکـی بچوکـی سـەربازیان لەسـەر دروسـت کـراوە، بـێ شـومار زەوییەکـی وێـران کراویـان لەگەڵدایـە:

— ناپاڵم !

وێـران بوونـی دیمەنـی سروشـتی وشـك هەڵاتـوو و سـوتاو بـە ئاگـر و ئاسـن کـە هیـچ دار و دەوەنێکـی پێـوە نەمـاوە و بـە کەڵکـی ژیانـی ئاسـایی نایـەت، تەنانـەت هیـچ ئاژەڵێکیـش ناتوانێـت لەنـاو ئـەم گیایـە بـە خۆڵەمێشـکراوەدا بلەوەڕێـت.

بــەڵام ســەلاحەددین، کــە بــە شــاری ئــاو نــاسراوە، هێشــتا چاوەڕێــی گەشــتیاران دەکات. هۆتێلـی سـەرەکی شـارەکە میوانـی تایبەتـی خـۆی هـەر هەیـە کـە پێکهاتـوون لـە: ئەفسـەرانی ئاسایشـی ناوچەکـە و دانیشـتوانی سـڤیل و کەسـی زانخـوازەکان کـە بـە دەوری مێزەکانـی یـاری وەرەقـە، چـوار قۆڵـی دەسـووڕێنەوە.

— ئاسایشی سەربازیش، دەرگەوانی هۆتێلەکەش یەکێکە لەوانە.

بــەم شــێوەیە، کــەس دەنگــی بــەرز ناکاتــەوە لــەم گفتوگــۆ بــێ مانایانــە کــە لەسـاڵۆنەکەدا دەکرێـن، بەڵکـو چاوەڕوانـی یەکێـك دەکـەن کـە فەرموویـان لـێ بـکات لــە گۆشــەیەکی باخچــەی هۆتێلەکــە دەربــارەی شــتە جدییــەکان قســە بکــەن.

ســـەربازگەی ســـەلاحەددین ئارامـــە: ئـــاو بـــۆ کەمپەکانـــی دراوســـێ دەســـتەبەر دەکات. لـــەوە دەچێـــت کەرەســـتە ســـەربازییەکان تێیـــدا بـــە شـــێوەی هەمیشـــەیی جێگـــر کرابێـــت، بـــە شـــێوەیەك ئەســـتەمە لـــە شـــوێنی خۆیـــان بجوڵێندرێـــن.

ئاگربەســتەکە ســەربازەکان دەکاتــە کوڕانــی دێدەوانــی و کەمپــە ســەربازییەکانیش دەکاتـە بنکـەی پشـوودان. هیـچ شـتێك لـە بنەڕەتـدا ناگۆڕێـت. ئاشـتی تەنیـا وچانێکـی کورتــە و دانووســتانەکانیش تەنیــا چەنەبــازی و زۆر گوتنــە.

— بەیانــی ســنوورەکان دەبەزێنیــن، وێنەگرتــن بــە هەمــوو شــێوەیەك قەدەغەیــە. بێجگـە لـەوەش، هەمـوو ناوچەکـە وەکـو ناوچەیەکـی سـەربازی سـەیر دەکرێـت. لەگـەڵ کـەس قسـە مەکـەن، ئەگـەر پرسـیاریان لێتـان کـرد، بڵێـن ئێـوە گەشـتیارن. بـە تەنیـا مەچـن بـۆ پیاسـە و گـەڕان دوور لـە هۆتێلەکـە.

ئەفســەرەکان میهرەبانــن، بــەڵام دڵتەنگــن: ئێــوارەی بێزارکــەر، خــۆی بــە بێــزاری ئێمــە دەبەستێتەوە کـە ئێمـە بێـزاری خۆمـان بـە یـاری و خواردنـەوە کحولیـەکان دەڕەوێنینـەوە. کەشـوهەوای داگیرکردنـە بـۆ ڕێزلێنـان لـە فەڕەنسـییەکان، باسـی پاریـس و فۆلـی بێرگێـر و ژان پـۆل سـارتر و ژەنـەراڵ دیگـۆل دەکـەن. لـە لایەکـی تـرەوە، تـا زیاتـر بـەرەو قوڵایـی بابەتــەکان بڕۆیــن، زۆر ئەســتەم دەبێــت، بوێــری ئەوەمــان نییــە لــە بابەتەکانــی وەکــو سیاســەت و جەنــگ و ســەرۆك عــارف نزیــك بینــەوە، کــە بابەتــی قەدەغەکــراون. ئــەم ئەفســەرە بــێ خولیـا و سەرلێشـێواوانە دوورن لـە ژن و مـاڵ و منداڵیـان و لـە خەمێکـی زۆر قــووڵ دان و بــێ هیــوان لــە ئەنجامــی شکســتە یــەك لــە دوای یەکــەکان، هاوشــێوە فەڕەنسـییەکانیان بیـر دێتـەوە لـە شـەڕی جازائیـر.

موحســین دزەیــی و عەقیــدی پێشــوو نافیــز لەگــەڵ دوو فەرمانــدەی تــر یــاری کارت دەکــەن. لــە دەوروبەریــان هەنــدێ پلــەداری تــری گەنجــی لێبــوو: نەقیبێکــی گەنــج و ئەفســەرێك بــە پلــەی ملازم دوو بــەم دیمەنانــە ســەریان ســوڕمابوو. وەك ئــەوەی جیــاپ ببینیــن کــە لــە ســوچێکی ســایگۆن لەگــەڵ ژەنەڕاڵــی فەڕەنســی دی لاتــرێ دی تاســینی یــاری کاغــەز دەکات. ئــەوە باوەڕپێنەکــراوە.

سێ سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا، دانوسـتکارانی بارزانـی لەلایـەن پۆلیسـی حکومەتـی عێـراق دەسـتگیرکران و ئەشـکەنجە دران و خرانـە زیندانـەوە. فەرمانێکـی سـادە، یـان کودەتایـەک دەتوانـێ ئەمـە دووبـارە بکاتـەوە. لـە هەمـان کاتـدا، ئێمـە یـاری کاغـەز دەکەیـن.

— شەوتان شاد!

— لەنـاو کوخێکـی کەروێشـك کـە دوو سـەرباز تێیـدا خەوتـوون، ئامـاژە بـۆ ئەوەیـە کـە چوونـە ژوورەوە قەدەغەیـە.

— ناسنامەکانتان !

بارهەڵگـره سـڤیلەکان بـۆ پشـکنین وەسـتاون. دەبێـت ڕێنماییـەکان زۆر توندبـن، چونکـە ڕائیـدە تورکەکـە دانووسـتان دەکات.

دۆڵەکانـی ڕەوانـدوز زۆر سـەرنجڕاکێش و جوانـن. ئـەو ڕووبارانـەی بەردەکـە دەکۆڵـن. دیـواری خۆڵەمێشـی هـەردوو لای ڕێگاکـە پردێکـی کانزاییـە کـە بـە فـەردە خـۆڵ پارێـزراوە. کاتێـك لـە پێچەکانـەوە دێینـە خـوارەوە چاومـان پـێ دەکەوێـت. ئالێـری ڕادیـۆی ئۆتۆمبێـل بـەر لقـە شـۆڕبووەکانی دارو درەختـەکان دەکەوێـت. شـاری ڕەوانـدوز بـە دۆڵێکـی قـوڵ دەورەدراوە کـە چیـای هەندرێـن بـە سـەریدا دەڕوانێـت. بـارەگای سـەربازی: سـەربازگەی گـەورە و جۆراوجـۆری لێیـە. ڕێکخسـتنی تانکـەکان و ئۆتۆمبێلـی زرێپـۆش و تۆپـی ١٥٥ملیمـی و جێبـی ڕووسـی بـە هێـزی لـێ دەبینرێـت.

پاشـان بێدەنگـی بـاڵ بەسـەر بارودۆخەکـەدا دەکێشـێ. دوایـن خاڵـی پێشـمەرگەی خاکـی پـۆشمان تێپـەردا. ڕێـگای هاملتـۆن کـە بـەرەو تـاران دەڕوات، هەمیشـە وەکـو خۆیەتـی، بـەڵام شـتێك گـۆڕاوە، ئەویـش جلوبەرگـی پێشـمەرگەکانە.

لەنـاکاو، لـە درزی تاشـە بەردێـك دا، لوولـەی چەکێکـی ڕەشاشـێک دەرکـەوت و پێشـمەگە نەجـووڵان، چونکـە پێشتر ئـاگادار کرابوونـەوە. ئـەوە خاڵـی پشـکنین و هاتوچـۆ بـوو: پێشـمەرگە نوێیـەکان بـە زەردەخەنەیەکـەوە بـە ئامـاژەی دەسـت سڵاویـان دەکـرد. جلەکانیـان زۆر ڕێـك و دروسـت بـوون: قوماشـی کانڤاسـی بەهێـز و توندوتـۆڵ و جامانەکانیـان ڕەنگـی سـوور یـان خۆڵەمێشـی بـوو. پلەدارەکانیـان بـە تـەواوی چـەك و شریتـی گولـە و دەمانچـە وەسـتابوون.

— محسین دزەیی لە خاڵی پشکنینەکە گوتی: دەستەی کارگێڕین.

— بفەرموون

ئۆتۆمبێلی فەرماندەکە دوای مارسێدسە تاکسیەکە دەڕوات کە ڕێگای بۆ دەکاتەوە.

هەر کیلۆمەترێك خاڵێکی پشکنین هەیە.

– چاودێـری هاتوچـۆ دەكـەن و كۆنتـڕۆڵ و پشـكنین بـۆ كەلوپەلـەكان دەكـەن و سـەیری مۆڵـەت و ناسـنامەی سـەردانیكەران دەكـەن. چونكـە سـیخوڕ زۆر زۆرە.

لە باكووری گەلاڵە، خاڵە سەربازییەكە تۆكمەتر و گرنگتر دەردەكەوێت. هەر لەوێ تەلەفۆنی بێتەل هەیە. بەرپرسی خاڵە سەربازییەكە تەوقە دەكات و بانگی پاسەوانەكان دەكات.

– كەلوپەل و جانتاكان دابەزێنن و بیبەن بۆ بارەگاكە !

– بەڵێ، ئا ئێرەیە خۆیەتی. دەستەی كارگێری لێرە دامەزراوە. دواتر دەیبینین.

تەنیـا ئـەو ئۆتۆمبێلانـەی لە جۆری جێب بـوون دەیانتوانی بمانگەیننە ئـەوێ و لە ڕووبارەكە بمانپەڕێنـەوە. لـەو دیـو ڕووبارەكـەوە، گۆڕسـتانێكی پـڕ دارو درەختـی لێبوو كە لە ژێر سـێبەری ئـەم دارانـە مـەڕ و مـاڵات دەلـەوەڕان، هەروەهـا كێڵگەیەكـی تووتنیشـی لێبـوو، ئافرەتێكـی تا بڵێـی گەنـج و جـوان كاری تێـدا دەكـرد و خەریكـی كۆكردنەوەی گـەڵا تووتنە پان و گـەورەكان بـوو. دواتـر ئـەو گەڵایانـە لـە سـەربانی خانـووەكان دادەنران تـا وشـك دەبوونـەوە. ڕێگاكەمان لـە نێـوان پەرژینـی دوو كێڵگـە درێژبوویـەوە. تۆپێكـی دژە فڕۆكـە لـە ژێـر لـق و پۆپـی گەڵای وشـك هەڵاتـوو داپۆشرابـوو. پاشـان سـەربازگەیەك بە نزیكەی سـی خێمەی لێبـوو، ئەوانیش بە گـەڵا داپۆشرابـوون لـە خـوار ئەمانیشـەوە: چێشـتخانەیەك لە نزیـك ڕووبارەكـە هەبوو.

سـەربازگەكە لـە شـێوەی كۆمەڵگەیەكـی بچـوك خـۆی نیشـان دەدات، كـە هـەر یـەك لـە بەشـی خزمەتگـوزاری و ئەندامانـی دەسـتەی كارگێـڕی: لـە ڕاپەڕاندنـی كاروبـاری ڕۆژانە بەرپرسـن. وردتـر بڵێیـن سـەربازگەكە یـان كەمپەكـە پێـك هاتبـوو لـە: نەخۆشـخانە كـە دكتۆرەكـەی نـاوی دكتـۆر حەسـەن بـوو، پیاوێكی پەنابـەری سیاسـی عەرەبە و سـكرتاریەتی شـۆڕش و بەرگـدوور و نانەواخانـە و كۆگاكانـی خـۆراك و شـوێنی تایبـەت بـە كۆبوونـەوە و وێسـتگەی ڕادیـۆ. بـە شـێوەیەك بەرپرسـی كەمپەكـەش كەسـێكی مەدەنییـە.

محسین دزەیی و عەقید نافیز بەرەو خێمەیەك چوون:

– ئێمـە، دوای ئـەوەی ڕاپـۆرت دەدەیـن بـە دەسـتەی كارگێـڕی یـاوەری بەڕێـز ڕائیـد دەكەیــن بــۆ لای ژەنــەڕاڵ بارزانــی.

ڕائیدەكـە بـە نیگەرانـی و تووڕەییـەوە لەسـەر ڕێگاكـە چـاوەڕێ دەكات. ئـەو وەڵامـە تەنیـا بیانوییێكـە بـۆ بەدەسـتهێنانی كات.

## بەربەستەکانی بەردەم تێگەیشتن

بـەم شـێوەیە هـەر لـە سـەرەتاوە، بەریەککەوتنـی مـن لەگـەڵ نـاوەوەی شۆڕشـی کـوردی لـە عێـراق لـە کەشـوهەوایەکی پارادۆکـس دا دەرکـەوت. دەسـتم کـرد بـە تێگەیـشتن لـە چەمکـی دژایەتـی ڕەگـەزی و ڕەمزەکانـی دوو لایەنـی کـورد و عـەرەب کـە دەوترێـت لـە ڕووی نەتەوەیـی و فەرهەنگییـەوە جیـاوازی و دژایەتـی لـە نێوانیـان دا هەیـە: ماوەیەکـی کـەم دوای ڕەوانـدز، یەکەمیـن کـەس لەنـاو چەکـدارە کـوردەکان کـە چـاوم پێیـان کـەوت عـەرەب بـوون و لەلایـەن ئەفسـەرە عەرەبەکانـی لەشـکری شۆڕشـی کـورد فەرماندەیـی دەکـران.

ئـەم چیـرۆك و قسـە و باسـە چیرۆکئامێزانـە هێشـتا شـتی سەرسـوڕهێنتر بـە دوای خـۆی دادەهێنێـت، ئەمـەش دژی شـۆڕش و خەباتـی کـورد نیشـانەی بوونـی پیلانێکـی گڵاوی بەهێـزن، چونکـە بەمـە دەیانـەوێ نکۆڵـی و ئینـکاری واقیعـی شـۆڕش بکـەن. کاتێـك لەمـە تێدەگەیـن کـە دەبێـت کۆمەڵێـك ئاسـتەنگی مـاددی و فەرهەنگـی و دەروونـی تێپەڕێنیـن.

لـە دیـدی دیپلۆماتـکارە بـاوەڕ پێکراوەکانـی وڵاتـە زلهێزەکانـی پەیوەنـد بـەم پرسـە، جەنگـی شۆڕشـگێڕی کـوردی عێـراق تەنیـا خەیاڵـە. قسـە کـردن لەسـەری تەنیـا دەتوانـی (خێڵـە کوردیـەکان) هـان بـدات و خۆیـان بابەتەکـە بـە جـدی وەرگـرن و بانگەشـەی ئـەوە بکـەن کـە سـەربەخۆییان دەوێـت. کوردسـتانی عێـراق ناوچەیەکـی قەدەغـە کـراوە. بـۆ گەیـشتن پێـی دەبێـت شانسـوبەخت یـاوەرت بێـت.

لـە کۆتاییـدا، چـاوەکان پـڕ بـوون لـە وێنـەی وەرگیـراوی کەڵەکـە بـووی مێشـك دا، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن کەسـایەتی ڕەسـەن و گـەورەی پـێ بناسـینەوە و بـاس و وەسـفی بکەیـن. جیهـان لـە کوڵیـن و پێشـبڕکێ دایـە و دووبـارە خـۆی دروسـت دەکاتـەوە. بەشـێوەیەك، پێـش ئـەوەی دەسـت بکەیـت بـەم پێشـبڕکێیە، پێویسـتە ئامـاژە بـەم بەربەسـت و ئاسـتەنگانە بکەیـت کـە ڕێگریـان دروسـت کـردووە.

## ئاستەنگەکانی بەردەم گەڕان و لێکۆڵینەوە

جەنگێکـە وەکـو شـۆڕش سـەیر دەکرێـت. ئـەم شۆڕشـە بـە پێویسـتی دەزانێـت کۆمەڵـگا بـەرەو پرسـیارکردن و لێکۆڵینـەوە لـە پێکهاتەکانـی ببـات. شـێوازەکانی خەبـات و گـەڕان بـە دوای دروسـت بوونـی جـۆرە سیاسـەتێك کـە خواسـتی نەتەوەیـی هەبێـت هەمـوو ئەمانـە کۆمەڵـگا بـەرەو ئـەوە دەبـات، تەنانـەت ڕەخنـە لـە ناسـیۆنالیزم بوونـی خۆیشـی بگرێـت. سـەبارەت بـە کـوردەکان، کێشـەکە و ئاسـتەنگەکە ئـەوە نییـە کـە نکۆڵـی دەکرێـت لـەو شـتەی (ئـازادی نەتەوەیـی) قوربانـی لـە پێنـاوی دەدات، بەڵکـو پرسـەکە، پرسـی ڕزگاربوونـە لـە جۆرێکـی دیـاری کـراوی ناسـیۆنالیزمی چینایەتـی. کـورد مەبەسـتیەتی چەمکـی بەرپرسـیارەتی بـە کۆمـەڵ و نەتەوەیـی جێگـەی ناسـیۆنالیزمی نەریتـی و دەرەبەگایەتـی بگرێتـەوە.

ئـەم گۆڕانکارییـە لـە هەڵوێسـتەکان، بـە تایبەتـی لـە هاوپەیمانێتـی لەگـەڵ پارتـە پێشـکەوتخوازە عەرەبـەکان و ڕۆڵـی پەروەردەیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق و لا مەرکـەزی کردنـی دەسـەڵاتی شـۆڕش دیـار بـوو.

ئــەم ڕووداوانــە لەنــاکاو لــە مێــژووی شۆڕشــی کــوردی دەرنەکەوتــوون، بەڵکــو بـە پێچەوانـەوە، لـە میانـەی پلان و کاری دوور و درێـژی کۆنکریتـی بـوون. ئـەوە بـوو بــژاردەی کەمــە نەتەوایەتییــەکان ڕاگەیەنــرا، ئەویــش دوای ئــەوەی هەنــدێ قەیــران بــۆ ماوەیــەك بەرۆکــی شۆڕشــی گــرت، لــە کۆتاییــدا بــە فەرمــی لــە بڕیارەکانــی کۆنگــرەی حەوتەمــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و ئەنجوومەنــی فەرماندەیــی شــۆڕش دا تۆمــار کــران.

هەڵسـەنگاندنی وردی ئـەم گۆڕنکاریانـە وادەکات بگەڕێینـەوە بـۆ لێکۆڵینـەوە لــە مێــژووی ناســیۆنالیزمی کــورد. لەگــەڵ ئەمەشــدا، مێتــۆدی کۆمەڵایەتــی و دەروونـی دەتوانـی دووبـارە بـە شـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت تیشـك بخاتـە سـەر ئــەم بابەتــە. کەواتــە، ئایــا ئێمــە دەتوانیــن هیــوا لەســەر کارێکــی هەمەلایەنــە و فــرە پســپۆڕی جیــاواز هەڵچنیــن، کــە هێزێــك دەبەخشــێتە ئابــووری پارچــە پارچـە کـراو و ناپوخـت.

سەرنج و قسەکانمان بە تەواوی سنووردار دەبن بە خستنە ڕووی یەکەم وەڵام بۆ ئەو پرسیارانەی دەتوانرێت چوار ساڵ دوای یەکەم کاتژمێرەکانی شۆڕش بکرێت- لە سالانی (١٩٦٤-١٩٦٥). لەو کاتەی شۆڕش لە دووڕیانێك دابوو[١]: ئەی پەیوەندی هێزە تەقلیدیەکانی کۆمەڵگای کوردی عێراقی لە ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕش دا چییە؟ ئایا هێزێکی نوێی کۆمەڵایەتی لە دایك دەبێت لە ساڵی حەوتەمی شۆڕش؟.

دەبێت زۆر بە وریایەوە کار لە هەڵسەنگاندنی ڕەوت و هەڵوێستە نوێیەکان بکەن.(بابەتی بوونی ئەکادیمی) خۆ لە شێوەی داماڵدراو لە بیروڕای کەسی دەبینێتەوە. هەر لە هەوڵدانی بابەتی بوون سەبارەت بەو لایەن و پرۆسە نوێیانە کە بەشدارن لە کار و هەوڵی پێکەوەیی و بە کۆمەڵ، ئەمانە لە کات و ئان و ساتێك سەر هەڵدەدەن کە هێشتا خۆیان ئاشکرا نەکردووە بۆ خودی خۆیان.

چۆن دەتوانین هاوبەشی نیگەرانییەکانی جاك بێرك نەبین کە زۆر بە ڕوونی و بوێرانە پرسیاری ئەوە دەکات: ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بە چ مافێك و بە چ پێوەرێك دەتوانن داوای سانسۆرکردنی کارە سەخت و دژوارەکانی مێژوو لەو کۆمەڵگایانەدا بکەن کە لە نیگەرانی قووڵ دا دەژین[٢].

هەر بۆیە دەبێت پێداگری لەسەر پێوەر و هێماکانی ئەم لێکۆڵینەوە سادە و ساکارەمان بکەین کە تەنیا بەهای ناساندنی گەلێکی ستەم لێکراوی هەیە. بۆ ماوەی سێ مانگ لە کوردستانی ڕزگارکراوی عێراق میوانداریان کردین. لەم ماوەیەدا کۆمەڵێك کاری وەك: سەردانی مەیدانی و چاوپێکەوتنی لەگەڵ

---

(١) ڕۆژنامەی ڕۆژهەلات، ژمارە ٣٣/٣٢ وەرزی چوارەمی ساڵی ١٩٦٤و وەرزی یەکەمی ساڵی ١٩٦٥، لاپەڕە ١١٢: "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و سەرچاوەکانی و گەشەسەندنی مێژوویی و دیدگاکانی". نووسەر، سێرج گانتنەر، کە زمانزان و فەرهەنگناسی عەرەبە، ئاماژە بەوە دەکات ئەو لێدوان و دەقانەی لە لێکۆڵینەوەکەیدا باسکراون، نرخ و بەهای ئەوتۆیان هەیە و ڕێگەمان پێدەدەن باشتر لەو ململانێیە تیۆرییە تێبگەین کە دژایەتی سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ژەنەڕاڵ بارزانی. بەڵام نووسەر پەشیمانە لەوەی نەیتوانیوە، بەهۆی بارودۆخەکەوە، لەگەڵ لایەنگرانی بارزانی کۆببێتەوە.

(٢) جاك بێرك: هەندێك کێشە و گیروگرفتی سەربەخۆیی. لە کتێبی (مرۆڤ و کۆمەڵگا)، ژمارە ٥ ی ساڵی ١٩٦٧. هەروەها تەوەری ئەم شیکارییە لە لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجڕاکێشی نووسەردا دەبینین بە ناوی: میسر، ئیمپریالیزم و شۆڕش (گالیمارد١٩٦٧ ).

خەڵـك و چاوپێکەوتنـی تایبـەت و بـە کۆمـەڵ و شـیکردنەوەی دەقمان ئەنجـام دا.

کێشـەی وەرگێـڕان دەکـرا ئاسـتەنگێکی گـەورە دروسـت بـکات. بارودۆخـەکان وایـان خواسـت بتوانیـن سـوود لـە توانـای باشترین وەرگێـڕەکان وەربگریـن کـە لـە نیگەرانییەکەمـان تێدەگەیـشتن و هەوڵیـان دەدا ڕێـز لـە جیـاوازی و وردەکاری وەڵامـەکان بگـرن.

دوو تێبینی پەیوەندیان بە هەڵبژاردنی نموونەکان و بەهای وەڵامەکان هەیە.

ئـەو کەسـانەی پرسـیاریان ئاڕاسـتە دەکرێـت دەتوانرێـت بەسـەر چـوار پـۆل دا دابـەش بکرێـت:

- نیشـتمانپەروەرە شارنشـینەکان کـە لـە شـارە گـەورەکان نیشـتەجێ بـوون، کـەم تـا زۆر هاوسـۆزییەکی گەورەیـان بـۆ شـۆڕش هەبـوو.
- سـەرکردەکانی ئەنجوومەنـی فەرماندەیـی شـۆڕش، ئەوانیـش بەسـەر چـوار گرووپـی لاوەکـی دا دابـەش بوون: سـەرکردەی سـەربازی و نوێنـەری کەمینەکان و سـەرکردەکانی پارتـی دیمکراتـی کوردسـتان و سـەرکردە نیشـتیمان پـەروەرە خێڵەکییـەکان.
- گوندنشین و جوتیارەکان.
- ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

بێجگـە لـەم ئاسـتەنگ و بەربەسـتانەی سـەرەوە. هەنـدێ ئاریشـەی تریـش کـەم تـا زۆر زیـاد دەبـن.

## خراپییەکانی پشت بێ دەنگی

دیپلۆماسیەت وەک پەیوەندی خۆشەویستی، ئەو کەموکوڕییەی هەیە کە زۆر نهێنییە.

شۆڕشـی کـورد شۆڕشـێکی دابـڕاو لـە جیهانـی دەرەوە و لـە ژێـر چاودێـری چەنـد زلهێزێکـی گـەورە ڕوویـدەدا کـە ببـووە بارمتـەی چەنـد هێزێـك و قوربانـی دووڕوویـی ئـەم هێزانـە کـە بـە شـێوەیەك تۆمەتیـان بـۆ دروسـت دەکـرد. دوژمـن و نەیـارەکان لـە چـوار لاوە دەورەیـان دابـوون کـە تەنیـا یـەك کاتژمێـر بەسـە بـۆ ئـەوەی دژی شـۆڕش ڕێـك بکـەون و هەوڵـی دامرکاندنـەوەی بـدەن.

ئاشـکراکردنی تـاوان، شـتێکی زۆر باشـە بـە مەرجێـك پۆلیـس بیـت. بەڵگـەی ئاشـکراو حاشـا هەڵنەگـر هەیـە کـە ئـەم دەسـەڵاتە بـە نـاو باشـانە هەڵوێسـتیان هەبووبێـت و بەدەگمـەن بینیومانـە ئـەو تاوانبـارە سیاسـی و ناسراوانـە ئیدانـە و سـەرکۆنە بکرێـن.

چ سـوودێکی هەیـە ئەگـەر بڵاو بکەنـەوە کـە سـێ تـۆن لـە دەرمـان و پێداویسـتی پزیشـکی پێشـکەش بـە گەلـی کـوردی دامـاو کـراوە، بـەڵام لـە لایـەن فلان وڵات و فلان وڵات دەسـتی بەسـەردا گیـراوە. لـە لایەکـی تریشـەوە هـەر هەمـان لایـەن هەڵسـاوە بـە نیشـاندانی خاڵـی لاوازی شـۆڕش؟

ئایـا ئەمـە چ سـوودێکی هەیـە ئەگـەر خەڵـك بزانـن فەڕەنسـا دڵنیایـی داوەتـە بەریتانیـا لـەوەی سـەبارەت بـە گەیاندنـی هەنـدێ فڕۆکـەی بۆمـب هاوێـژ لـە جـۆری (Hunter Hawker) بـە حکومەتـی عێـراق بێدەنـگ دەبێـت کـە پـڕ کـراون لـە بۆمبـی ناپـاڵم؟

کاردانـەوەی شـۆفێران چـۆن دەبێـت کاتێـك کاریگـەری و ئەنجامەکانـی ڕێککەوتنـە نەوتییەکانـی ئـەم دواییـەی حکومەتـی فەڕەنسـا و عێـراق بزانـن؟

پێویسـتە دان بـەو ڕاسـتییە دابنێیـن: ئەگـەر سـوودیان لـە هـاوکاری و هاودەسـتی دەرەکـی نەبینیبێـت، بـە کۆمـەڵ کوشـتنی کورد(جینۆسـایدی کـورد) بـە درێژایـی شـەش سـاڵی دوور و درێـژ ڕووینـەدەدا.

## کەمتەرخەمی مرۆڤایەتی لە هەمبەر کورد

مردنی جەرگبڕ و خوێن و ئێسك و پروسکی شکاو و جەستەی سوتاو بە چەکی فسفۆڕی ئەمانە هەموو دەبنە هۆی ئەوەی کاردانەوەی هەست و سۆز بجولێت.

زانیاریەکانمان سەبارەت بە کاولکاری و خاپوورکردنی ئەو شوێنانەی نێوخۆی وڵات و کۆمەڵێك وێنەی تراژیدی لە زەهن و مێشکمان دەمێنێت و پاساوی ئەوەمان بۆ دروست دەکات کە شۆڕش دەبێتە هۆی واقیعێك بۆ بەرگری لەخۆکردن و خۆ پاراستن لەوانیتر، واتا(دوژمنان). زۆرجار، دیمەنی ئەم مردنانە کارەکتەرێکی ئەوەندە سەرنجڕاکێشی دروست کردووە کە دەبێتە جێی سەرسووڕمانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە تەنیا وەکو سەیرکەر تەماشای ئەو ڕووداوانە دەکەن، بە تایبەت کاتێك دیمەنەکان نامۆ بن.

پاشان ئەم نامۆ بوونە وەك ئەوەی بڵێی دیوارێکی پارێزەر دژی ئەو واقیعە دروست دەکات. بە جۆرێك دەبێتە هۆی ونبوونی ناسنامەی قوربانییەکان. لێرەدا پێناسەی ڕەگەزپەرستی بریتییە لە نکۆڵیکردن و ڕەتکردنەوەی کارێکی لەم شێوەیە.

بە گوێرەی ئەو ڕەوشەی هەیە، کوژراو و بریندار و ئەوانەی هێشتا لە ژێر شۆکبوون دان، دەتوانن هەریەکەیان ببنە ناونیشانی ڕۆمانێك: بە شێوەیەك لە چالاکی و کاروباری ڕۆژانەیان دوور بوونەتەوە کە بوونیان لە ژیانی ئێمە هەر ونبوونە و هیچ کاتێك بۆیان نیگەران نین.

بە شێوەیەك تەنیا لە خەیاڵماندا دەمێننەوە، ناتەبایی مرۆڤ لەگەڵ یەك گەیشتۆتە ئاستێك، تەنیا فرمێسکی تیمساحیان بۆ دەڕێژین بێ ئەوەی بەرامبەریان هەست بە هیچ قورسایی و بەرپرسیارێتییەك بکەن.

شۆڕشی کورد بۆ ئەم خەڵکە ڕەش و ڕووت و ئازار چەشتوو و خێر لەخۆنەدیوانەیە بێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکیان هەبێت.

لە باشترین باردۆخ دا، شۆڕشی کورد دەتوانێت پرسێکی ئاکاری و مۆڕاڵی بوروژێنێت. ئێمە باسی ڕووداوگەلێکی کارەستبار دەکەین کە لە لایەن حکومەتی بەغدا و سوپای عێراق بەسەر گەلی کورد هاتووە، وەکو وێرانکردنی گوندەکانی

ناوچـە شـاخاویەکان و دەم و چـاوی ڕووشـاو و برینـداری منـداڵان بـە ناپـاڵم، تەنانـەت دەسـتیان لـە مـەڕ و مـاڵات و ئاژەڵانیـش نەدەپاراسـت.

دیمەنـی کێڵگـە سـووتاوەکانی دەغـڵ و دان و ڕێـزە دوور و درێژەکانـی برینـدارە سـەرگەردانەکان لەبیـر ناچنـەوە، کـە لەگـەڵ ئاوارەیـی بـێ مـاڵ و جێیـەکان کـە بـە پـێ بـەرەو سـنوورە داخـراوەکان دەڕۆن.

پرسـێك کـە نیگەرانـی لای ئێمـە دروسـت دەکات بـێ ئـەوەی هەسـت بـە ڕەهەنـدە سیاسـیەکەی بکەیـن، یـان هەسـتی پـێ دەکەیـن، بـەڵام ئـەو ڕەهەنـدە سیاسـیە ڕەت دەکەینـەوە. هـەر لەبـەر ئەمەشـە ئێمـە پشـتگیری هەندێـك جەنـگ دەکەیـن و ڕازیـن بـە شـەڕ کاتێـك پەیوەنـدی بـە بابـەت گەلێکـی جـدی خۆمانـەوە هەبێـت، بـەڵام بـە چـاوی بەزەییـەوە دەڕوانینـە شۆڕشـی کـورد. ئـەم بەزەیـی سـەیر کردنـەش لوتکـەی کاردانـەوەی هەسـت و سـۆزە بەرامبـەر بـە شـۆڕش کـە نامانگەیەنێتـە قۆناغـی تێگەیـشتن و پـێ گەیـشتن. واتـا هـەر لـە چوارچێـوەی هەسـت و سـۆز لەگـەڵ کوردایـن.

بـۆ کەسـێکی ڕۆژئاوایـی، نوێنەرایەتـی شـەڕ و ململانێـی کـورد بەربەسـت و ئاسـتەنگ لـە خـۆ دەگرێـت، کـە دوو دیـوی نـا ڕوونـی هەیـە:

- ناتێگەیشتن لە ئەسل و سەدای: کوردەکان.
- ناڕوونـی و تێنەگەیشـتن لـە چەمکـی شـۆڕش کـە ماناکـەی سـنووردار دەکەیـن بـە داتـاو و پڕەنسـیب و بارودۆخـی مۆدێلـی ئەورووپـی.

## لادانی نامۆیی

ئێمە پێمان وایە لەناو گەلی کوردیش کە خەبات و تێکۆشان دەکات وەك بلێیت خزمایەتی و لێکچوونێکی لەگەڵ کەسایەتی ئازا و بوێر و پاڵەوانی گۆلوازەکان ئەستێریکس هەیە. بارزانی، کەسایەتیەکی ڕاستەقینەیتر لە مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. بارزانی کاریگەرتر دەردەکەوێت، لە کاتێکدا بارزانی بێ باکە. ڕۆژنامە تاکە شاهیدحاڵە نە بە تەواوی قسە دەکات و نە بە تەواوی بێ دەنگە لەسەر شۆڕشی کوردی، لەوە تێگەیشتووە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر، ناونیشان و بابەتی هەستیار دەدات و چەواشەکاری بە کاردێنێت وەك: (بارزانی دوایین پیاوی شەڕ) و (شەڕ لە چیاکانەوە دێت) و (کورد لەسەر ڕێگای شەڕ) و (خێمە ونبووەکان و خەنجەری سوور) و (خەونی کورد: ئۆتۆنۆمی) (ئەم تەرمانە: کوردە تێرۆریستیەکانی عێراق)[1].

بۆیە کاریگەری جەنگێکی درەنگ وەخت جێگیرە کە لە لایەن هۆزە جەنگاوەرەکانەوە بەڕێوە دەبرێت بەرامبەر دوژمنێکی دەوڵەمەند لە ڕووی چەك و تفاقی سەربازییەوە و هەژار و بێ ورە و مۆڕاڵ لە ڕووی مرۆییەوە. کەواتە

(١) نابێت ئەو لێدوانە خەیاڵاوییە ڕۆژنامەوانیانە وامان لێبکەن ئەو شایەتحاڵیە نایابانەی لە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەڕەنسی بڵاوکرانەتەوە لەبیر بکەین، بە تایبەت ڕیپۆرتاژی ئیریك ڕوولۆ: (کوردستان لەسەر پشتی کەر) ساڵی ١٩٦٣. پەرتوکی دانا ئادەمس شمیدت: (گەشتێك لە نێو پیاوە ئازاکان). پەیوەندییە باشەکانی رونی مۆڕبێز لە کتێبی (یان کوردستان یان نەمان)ی دەزگای چاپی (ڕۆبێرت لافۆنت ساڵی ١٩٦٧) و ژان ئەلبێرتینۆ (مانگێك لەناو خەباتی چەکداری کورد) (ڕۆژنامەی لاکخوا، ساڵی ١٩٦٧).

ڕۆژنامە ئەمەریکیەکان لە نامۆ بوون بەرامبەر بە کورد ژمارەی پێوانەیی دەشکێنن: وەکو (دوور لە بڵێسەی ئاگری سوور) لە لایەن گریفینت لە ڕۆژنامەی نیوزویك، ١٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ لە لاپەڕە ٣٠ نووسراوە. (کوردە دووکەڵاوییەکان) لە ڕۆژنامەی ئێکۆنۆمیست ١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە لاپەڕە ١١٢٧-١١٢٨.(کوردەکان لەسەر ڕێگای شەڕن) گۆڤاری نیوزویك، ٧ی ئایاری ساڵی ١٩٦٢، لاپەڕە ٤٦. (خێڵە ونبووەکان و خەنجەری سوور) لە گۆڤاری نیوزویك، ٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٩، لاپەڕە ٤٨-٤٩. (خەونی کورد: ئۆتۆنۆمی) گۆڤاری نیوزویك، ٢٥ ئاداری ساڵی ١٩٦٣، لاپەڕە ٤٩. (پیاوی چیاکان) لە ڕۆژنامەی تایمز، ٣١ ئایاری ساڵی ١٩٦٣. (شەڕ لە چیاکانەوە دێت) لە ڕۆژنامەی تایمز، ٤ی ئایاری ساڵی ١٩٦٢. (پیرە پیاوی خیانەتکار) ڕۆژنامەی ئێکۆنۆمیست. ٣٠ ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١. (ئاگادارکردنەوە و شەڕ: پیاوە خێڵەکیەکانی کورد و سەربازە عێراقییەکان) گۆڤاری نیوزویك، ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣.

ناونیشـنانی (شـەڕ لـە چیاکانـەوە دێـت) تەنیـا ڕەتکردنـەوەی مێـژووە. ئەمـە هەنگاوێکـە بـۆ دواوە بـۆ چەنـد سـەرکردەیەکی تەقلیـدی و ژمارەیەکـی کەمـی ئاغـاکان کـە هـەوڵ دەدەن دابونەریتـی کـۆن بپارێـزن، بـەڵام هەوڵەکانیـان مەحکومـە بـە شکسـت.

ئـەم هەڵوێسـتە کـە بەڕاسـتی شۆڕشـێکی ڕاسـتەقینەیە، بـەڵام لـە بەهـای کـەم دەکەنـەوە بـە شـەڕی نامـۆ وەسـفی دەکـەن. ئـەم وەسـفە لـە لایـەن حکومـەت و زلهێزەکانـەوە بەکارهـێنراوە، چونکـە بەرژەوەندیـان لـەوە دانییـە سـەرنجی ڕخنەگرانـە بـۆ یەکێـك لـە پرسـە هـەرە گرنـگ و سـەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ڕابکێشرێـت.

## ناڕوونی شۆڕش

ناڕوونــی شــۆڕش لــە کەمتریــن ئاســتیدایە، چەمکــی شــۆڕش کــە بــە نموونــە مێژوویەکانــەوە بەستراوەتــەوە، تێگەیــشتن لــە پڕۆســەیەکی وەهــا چــالاك بــە شــێواز و ڕێگــەی جیــاواز زەحمــەت دەکات: (شــۆڕش) تەنیــا ســیفەت و ســیمبولێکە کــە بەهــا و نرخــی گــەورە و شــاراوەی هەیــە: جۆرێکــە لــە گۆڕانــکاری مێژوویــی، واتــە دووبــارە داڕشــتنەوەی پەیکــەری دەوڵــەت، ئەمــەش بــە خــراپ وەســف دەکرێــت و لــە لایــەن گروپێکــی کۆمەڵایەتــی زۆرینــە و چــالاك مامەڵــەی لەگــەڵ دەکرێــت[١].

نەرمــی ئــەم چەمکــە بووەتــە هــۆی زۆربوونــی مانــاکان، کــە هەندێــك جــار ســەرنجڕاکێش و جێــی دڵخۆشــین یــان ترســێنەرن و دەرەنجامیــان دەبێتــە هــۆی دروســت بوونــی دووانــەی پێکــەوە لــکاوی وەك شــۆڕش-دڕندەیی و شــۆڕش-ڕق لێبوونــەوە[٢].

جێگــەی ســەرنج و بایەخــە شــیکاری ئــەو ناوانــە بکەیــن کــە دەزگاکانــی ڕۆژنامەوانــی پەیامنێــران و ڕاوێژکارانــی تایبەتمەنــد بــەم بــوارە بــۆ وەســف کردنــی ململانێیــەك بــە کاریــان دەهێنــن کــە خــۆی وەك شــۆڕش نــاوزەد دەکات: نــاوە بەکارهاتــووەکان ئەمانــەن: (جەنــگ) و (یاخــی بــوون) و (تیــرۆر).

---

(١) (دەتوانرێــت بگوترێــت شــۆڕش بــە شــێوەیەکی هەمیشــەیی بــە مانــای شۆڕشــی سیاســی ئامــاژەی پــێ دەکرێــت. ئەمــە لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــە ڕادەیــەك ڕاســتە ســەرنجمان لــە گۆڕانکارییــە گرنگەکانــی دیکــە لا دەچێــت کــە ڕوو دەدەن، ڕادە و دەســتووری ئــەم گۆڕانکارییانــە ئەوەنــدە گەورەیــە مــرۆڤ زۆر بــە باشــی و بــە ڕوونــی دەتوانــێ بڵێــت ئەمــە شۆڕشــی کۆمەڵایەتییــە) دکتــۆر پیتــەر دوود، بەشــی کۆمەڵناســی، زانکــۆی ئەمەریکــی لــە بەیــروت لــە کتێبــی: شۆڕشــی کۆمەڵایەتــی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، ٢٠ تشرینــی دووەمــی ســاڵی ١٩٦٦.

(٢) بــە ئامــاژەدان بــە هیــوا و ئومێــدە نۆســتالژی و ئارامکەرەوەکانــی P.sorokin – کۆمەڵناســی شــۆڕش، فیلادلفیــا ســاڵی ١٩٢٥ کــە دەڵــێ مێــژووی پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتــی فێرمــان دەکات هەمــوو ئــەو دەســکەوتە بنەڕەتییانــەی بــە بنەمــای پێشــکەوتن دیــاری کــراون ئەنجامــی ناســینی یــەکتر و ئاشــتی و هاودەنگــی و هــاوکاری و خۆشەویســتی بــوون، نــەك دەرەنجامــی ڕق و دڕندەیــی و جەنگــی بــێ بنەمــا ئەمانــە کۆمەڵــە شــتێکن کــە لــە هەمــوو شۆڕشــێکی گــەورەدا بوونــی هەیــە.

هــەر لەســەر هەمــان تــەوەر پەیمانــگای E.Arob Oglx بزووتنــەوەی نێودەوڵەتــی کرێــکاران لــە مۆســکۆ، لە پەرتووکــە گــەورە دوانــزە بەرگییەکەیــدا بــە نــاوی (لێکۆڵینــەوەی مێژوویــی کــە لــە ســاڵی ١٩٦١ تــەواو بــووە، ئامــاژە بــەوە دەکات A.TXNBEE زاراوەی دەســتەواژەکانی (قۆناغی کێشــە) و (یاخــی بوون) و (گۆڕانکاری) دەگۆڕێــت بــۆ چەمکــی شــۆڕش) وەکــو لــە E.Arob-Oglx ئامــاژەی پــێ دەکات: (شۆڕشــی سۆسیالیســتی و عیرفانییــە ســاختە شۆڕشــگێرییەکان) لــە گۆڤــاری (مــرۆڤ و کۆمەڵــگا، ژمارە ٥ی ســاڵی ١٩٦٧، لاپــەڕە ٤١).

ئەگــەر بــەم شــێوەیە بچینــە قووڵایــی بابەتەکــەوە. ڕەگەزپەرســتی و نەتەوەپەرســتی زۆر زیاتــرە لــە مەترســییەك، چونکــە هــەر دەســکارییەك بــە هــۆی ڕەگەزپەرســتی لــە چەمکەکانــی وەکــو چەمکــی شــۆڕش کــە ناوەڕۆکەکــەی تەنیــا پەیوەســت کرابێــت بــە ئەزموونێــك - لــە ڕووی مێژوویــی و جوگرافییــەوە. کارەکــە زەحمــەت و دژوار دەکات. ئەمــە بــۆ ئێمــە نامۆیــە: شۆڕشــی ئۆکتۆبــەر، شۆڕشــی چیــن، شۆڕشــی کوبــا، شۆڕشــی عێراقــی ١٤ی تەمــووزی ١٩٥٨ و هتــد.....

هەروەکــو چــۆن هێســکۆڤیتس[1] لــە بــارەی فەرهەنگــەوە نووســیویەتی، کــە هــەر شۆڕشــێك: (دەبێــت بــە پێــی شــێوازەکانی ژیــان و ئــەو بەهایانــەی تایبەتــن بــەم شۆڕشــە لێکۆڵینــەوەی لەســەر بکرێــت) بــۆ ئــەم مەبەســتە، لێــرەدا پێویســت دەکات چەمکێکــی بەهێــز بهێنرێتــە پێشــەوە - وەکــو چەمکــی (فــرە فەرهەنگــی)ی ئۆرتیــزی کوبــی[2] (ئەمــەش وا دەکات بتوانرێــت پردێــك دروســت بکرێــت لــە نێــوان چەمکــی شــۆڕش کــە وەك شــتێك لــە خــودی خــۆی دا هەژمــار بکرێــت، لەگــەڵ ســەرجەم ئــەم ڕەفتــارە تاکــە کەســیانەی بــە هۆیانــەوە ســەر هەڵــدەدات و ڕوودەدات).

وەك دەبینیــن جێگیربوونێکــی چەمکــی دەتوانێــت نــەك تەنیــا لــە چاودێرێکــی بیانــی دا، بەڵکــو لــە گروپێکــی لۆکاڵــی گۆڕاویــش دا دەربکەوێــت کــە تێیــدا دەبێتــە هــۆی ســەر لێشــێواوی لــە ڕێگــەی دەستاودەســت کردنــی چەمکــەکان: ڕەتکردنــەوەی نرخانــدن و پەرەســەندن لــە شۆڕشــی ژێرخانــە کلتورییــە نیشــتیمانییەکەدا، ژمارەیــەك لــە تیۆریزانــە جیــاوازەکان- زۆربەیــان لــە چینــی بورژوازییــەوە هاتــوون و خــوو و نەریتــە کلتورییەکانــی داگیرکــەردا دەگونجێنێــت- بــە نــاوی مۆدێرنتــە و هــاو ســەردەم بــوون پەســەند کردنــی مۆدێلــی بیانیــان پــێ بــاشترە.

---

(١) مێلڤیــل ژان هێرســکۆ ڤیتــس: بنەماکانــی مرۆڤناســی کلتــوری، دەزگای چاپــی Payot لــە پاریــس، ســاڵی ١٩٥٢، لاپــەڕە١٨٤.

(٢) (مــن پێــم وایــە وشــەی فرەکلتــووری بــاشتر قۆناغــە جیاوازەکانــی پرۆســەی گواســتنەوە لــە کلتورێکــی دیکــە دەردەبڕێــت، چونکــە ئــەم پڕۆســەیە تەنیــا بریتــی نییــە لــە بــە دەســتهێنانی کلتورێکــی دیکــە) بــە ڕاســتی لــە زاراوەی (acculturation)ی ئینگلیــزی ئامــاژەی پــێ داوە، بــەڵام لە دەســتدان یــان لەناوبردنی کلتــوری پێــش خۆشــی دەگرێتــەوە. ئەمە ڕەنــگ بێت پێی بڵێین دامــاڵینــی کلتور. هەروەهــا ئەمە بیرۆکەی دروســت کردنــی دیــاردەی کلتــوری نــوێ بــە دوای خــۆی دا دەهێنێــت، ئەمەش پێــی دەڵێن کلتــوری نوێ. ئەنجامی بەریەککەوتنــی کلتــورە جیــاوازەکان دروســت دەبێــت. (هێرســکۆ ڤیتــس) لاپــەرە، (٢٣).

لێـرەدا، ئـەوەی جێگـەی سـەرنج و بایەخـە ئـەم پرۆسـەی گۆڕانـی کەلتـووری وەڵامـی ئـارەزووی پاراسـتنی دابونەریتەکانـە. ڕێکخسـتنەوەی بابەتـە کۆمەڵایەتییـە سیاسـیەکان لـە دەوری پاراسـتنی بەهـا نەریتـی و نەتەوەییەکانـدا دەسـوڕێتەوە. ئـەم بزووتنەوەیـە ئـاوا سـادە و سـاکار نییـە. وادیـارە کلتـوور بـۆ جیاکردنـەوەی بابەتـە نموونەییـەکان کە گوزارشـت لـە "بەهاکانـی نەتـەوە" و خەڵـک دەکـەن لـە لایەنەکانـی سیسـتەمی کۆمەڵایەتـی کـە بـە کـۆن دادەنرێـن و پێویسـتە وازی لێبهێنرێـت. بـۆ نموونـە هۆنراوەکانـی کاکـە هـەژار[1] بـاس لـە دەسـتکەوتە مەزنەکانـی میرەکانـی کـورد دەکات کـە وەک مۆدێلـی مێژوویـی و نیشـتمانپەروەری تەماشـا دەکرێـن و لـە هەمـان کاتـدا کۆتایـی ئاغـاکان ڕادەگەیەنـن کـە بـە بەرپرسـی چەوسـاندنەوە و کۆیلایەتـی دادەنرێـن.

لــە کۆتاییــدا دەتوانیــن لــە مانــای شــۆڕش تێبگەیــن، تەنیــا لــە ڕێگــەی ئــەو کەســانەی پەیوەنــدارن بــە شۆڕشــەوە کــە شــۆڕش وەك خاڵــی دەســتپێکە، نــەك لــە ڕێگــەی بیــروڕای چاودێــران و کەســانی بیانییــەوە: خەڵکێکــی زۆر هــەوڵ دەدەن بیرۆکــە و ئارەزووەکانــی خۆیــان بەســەر بارودۆخێکــی کەلتووریــدا بســەپێنن. هــەر وەك ئــەو موژدەبــەرە مەســیحییە ئەوروپــی - ئەمریکیانــەی خواوەندێکــی ڕۆژئاواییــان پێشــکەش بــە ئاســیا و ئەفریقیــا کــرد.

---

(١) شـاعیری کـوردی ڕۆژهـەڵان (ئێـران) و پەناهەنـدە لـە کوردسـتانی عێـراق (باشـوور). هـەژاری شـاعیر (مێـژووی گەلـی کـورد)ی لـە شـێوەی هۆنـراوە نووسـیوە.

## سۆز وخۆشەویستی بەرامبەر گەلی کورد

لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٦٦، قوتابییەکـی گەنجـی ئینگلیـزی، کـە لـەو تەمەنـە دەبێـت لـە زانکـۆ بێـت نـەك ئێـرە، سـنووری تورکیـا و ئێـران دەبڕێـت. ئـەو بـە تاقـی تەنیـا ڕێ دەکات. هەمـوو ئـەو کەلوپەلانـەی لایەتـی بریتییـە لـە کۆڵەپشـتێکی بچـووك و کامێرایەکـی کـۆن و پارەیەکـی کـەم لـە گیرفانیدایـە. ئـەو تەنیـا بـە ئۆتۆمۆبێـل گەشـت دەکات کـە لەسـەر ڕێـگاکان دەسـتیان بـۆ ڕادەگرێـت و بـێ بەرامبـەر لەگەڵیـان سـەر دەکەوێـت. گەنجـە سـەر کێشـەکە ڕێگایـەك دەگرێتەبـەر کـە بـەرەو تەبرێـز دەڕوات، دواتـر بـەرەو تـاران. بـە پێچەوانـەوە، خەریکـە دەچێتـە قوڵایـی ناوچـەی کوردسـتانی ئێران کـە هاوتەریبـە بـە سـنووری عێـراق. ناچـار بـوو هەندێـك فێـڵ لەگـەڵ دەورییەکانـی پۆلیـس و پاسـەوان و سـەربازەکان بەکاربهێنێـت بـۆ ئـەوەی خـۆی لـە خاڵەکانـی پشـکنین و یەکـە سـەربازی و کاروانـە سـەربازییەکان بپارێزێـت. لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی زیاتـر و زیاتـری لـە سـنووری عێـراق، ئـاگاداری و مەترسـییەکان زیاتـر دەبـن. لـە کۆتاییـدا، بـە ئاواتـی خـۆی دەگات و دەگاتـە سـنوور و دێتـە ژوورەوە، ئەمـەش کوردسـتانی عێراقـە، ئێـوارە داهـات دونیـا تاریـك بـوو. هیـچ گوندێـك لـە چـاو دیـار نەبـوو. لـە دۆڵەکـەدا، ڕەشماڵێکـی گـەورەی ڕەش، کـە لـە مـووی بـزن چنرا بـوو، سـەرنجی ڕاکێشـا. لـە دەرگای ڕەشماڵەکـە دەچێتـە پێشـەوە، بـەڵام چۆلـە تەنیـا ئافرەتێکـی تێدایـە کـە بـە دەرکەوتنـی کەسـێکی نـە نـاسراو دەترسـێت و هـاوار دەکات. لـەم کاتـە هاوسـەری دەگەڕێتـەوە.

کابـرای بەریتانـی نـە زمانـی کـوردی دەزانێـت نـە زمانـی عەرەبـی. پاشـان وەك ئـەوەی شـتێك وشـەی نهێنـی بـە کار دێنێـت: بارزانـی، بارزانـی. دووبـارە و سـێ بـارە ئـەم نـاوە دووبـارە دەکاتـەوە. جوتیارەکـە زەردەخەنەیەکـی بـۆ دەکات. چایەکـی پێشـکەش دەکات و دەیبـات بـۆ لای یەکـەم بنکـەی سـەربازی شـۆڕش. پاشـان لەوێـوە کەسـێك یـاوەری دەکات بـۆ لای دەسـتەی بەڕێوەبـەری شـۆڕش. دوای دوو مانـگ لـە دەسـت پێکردنـی کاری ڕۆژنامەوانـی، ڕاپۆرتـی ئـەم گەڕیدەیـە لـە ڕۆژنامـەی ئینگلیـزی لـە تـاران بڵاوبـووەوە.

پێـش دەسـتپێکردنی هـەر لێکۆڵینەوەیـەك، زۆر گرنگـە شـیکار و لێکدانـەوە بکەیـن کـە چـۆن لـە بابەتـی توێژینەوەکەمـان دەڕوانیـن. وشـەی "کـورد" بەشـێکە لـە کۆمەڵێـك بیروبۆچوونـی پێشـوەختەی ئێمـە سـەبارەت بـە ئەوانیتر. وشـەی "کـوردی" بـۆ ئێمـە مانای چیـە و چ دەگەیەنێـت؟

## سەرسامی و خۆشەویستی

بـە دڵنیایـی پەیوەنـدی و لێکچـوون زۆر هەیـە لـە نێـوان (گەڕیدەکانـی) سـەدەی نۆزدەهەمـی وەك (هـێنری بایـنـدەر) و ئـەو قوتابییـەی لـە خوێنـدن و هۆڵەکانـی زانکـۆ بێـزارە. بۆچـوون و ڕێبازەکەیـان وەکـوو یەکـە: چونکـە بـەرەو ئاشـنابوونی جیهانێـك و کەسـانێکی نەنـاسراوی سـەرنجڕاکێش و جەنـگاوەر، دیـدار و چاوپێکەوتـن لەگـەڵ مرۆڤانێکـی سـتەم لێکـراو. بـەڵام میـوان دۆسـتی و بەخشـندەکەیان داپۆشـەری کەموکوڕیەکانیانــە.

بایـنـدەر لـە پێشـەکی کتێبەکەیـدا بـە شـێوەیەکی سـادە و سـاکار بـاس لـە پاڵنـەر و هـۆکارەکان دەکات: لـە کوردسـتان و وڵاتـی میزۆپۆتامیـا (وڵاتـی نێـوان دوو ڕووبـار) و وڵاتـی فـارس. (پاریـس، دەزگای چاپـی کوانتیـن، ساڵی ١٨٨٧). نووسـەر ڕوونـی دەکاتـەوە و لـە کارەکـەی تیشـك دەخاتـە سـەر کـورد، چونکـە بیسـتبووی ئـەو سـەختی و ناخۆشـیانەی ڕێبـواران و گەڕیـدەکان ڕووبەڕوویـان دەبنـەوە، کاتێـك ڕێگایـان دەکەوێتـە نـاو ئـەم (خێڵـە کوردییـە جەنگاوەرانـە) کـە بـۆ گەڕیـدەکان ڕێـگاکان مەترسـیدار دەکـەن.

ڕاڤـە و ڕوون کردنـەوەی پەیوەندیەکـەی و چەنـد دەقێکـی دیکـە ڕێگەمـان دەدات مەترسـی نزیـك بوونـەوە لـەو کارەکتـەرە ئەفسـووناویە بکەیـن، کـە کـوردە.

دیدێـرۆ لـە سـاڵی ١٧٥٩ بەرگـی حەوتەمـی ئینسـایکلۆپیدیای خـۆی بڵاوکـردەوە. هەروەهـا لـە پاریسـدا، بـە ڕەزامەنـدی و ئیمتیازاتـی پاشـا، بەرگـی حەوتەمـی کارێکـە دەتوانرێـت ئـەم بەرهەمانـەی تێـدا دەسـت بکەوێـت: Près quai des Augustins و de la rue Gilles-cœur و chez Mérigot père بەردەسـتە. پێشـەکییەکی فراوانـە بـۆ مێـژووی مۆدێـرن و گشـتی و سیاسـی جیهـان، کـە تیایـدا سـەرچاوە و شـۆڕش و دۆخـی ئێسـتای دەوڵەتـە جیاوازەکانـی ئەوروپـا و ئاسـیا و ئەفریقـا و ئەمریـکا دەدۆزینـەوە.

لـە بەشـی سـێزدەهەم دا، لـە ژێـر ناونیشـانی (خشـتەی گشـتی گەلـە جیاوازەکانـی شۆڕشـی گەورەیـان لـە ئاسـیا و ئەفریقـا و ئەوڕوپـا هەڵگیرسـاندووە). لـە مـاددەی سـێیەم، باسـی ڕەچەڵەکـی شانشـینی ئەیوبییـەکان دەکات، کـە دامەزرێنـەری بـە ناوبانگـی کـورد: سـەلاحەدینی ئەیوبییـە. نـاسر سـەلاحەدین یوسـف: ڕزگارکـەری قـودس. ئـەو سـەرکردە شـکۆمەندەی کـە لەشـکری سـێیەمی خاچپەرسـتەکان لـە دژی چـۆك دادەن و دەشـکێن.

سـولتانی مـیسر و سـوریا، وەك یەکێـك لـە کەسـایەتییە هـەرە باڵاکانـی سـەردەمی خـۆی دەردەکەوێـت. جێـی خۆشەویسـتی گەلەکـەی خـۆی و مایـەی سـام و تـرس بـووە بـۆ مەسـیحیەکانەوە.کارە بـاش و سـەرکەوتووەکانی جێـی ئامـاژەی مێژوونووسـان بـووە. لـە نووسـینێك دا لـە بـارەی لـە دایکبوونـی ئـەم پاڵەوانـە هـۆزی ڕاڤادییـەکان، یەکێکـە لـە بـە ناوبانگتریـن هۆزەکانـی نەتـەوەی کـورد. نووسـەران بـەم شـێوەیە پێناسـەی دەکـەن:

(کـوردەکان مرۆڤـی بـە هێـزن لـە چیاکانـی دراوسـێی ئەرمینیـا و نیشـتمانی مـاددەکان نیشـتەجێن. ئـەو خاکـەی لەسـەری دەژیـن نـاوی کوردسـتانە، لـە ژێـر خێـوەت و ڕەشماڵ دەژیـان بـە سروشـت مەیـل و حەزیـان لـە ڕابـواردن و تاڵانـی بـوو. زۆربـەی کات، لەسـەر زەوی و ئـەو سـنوورانەی لـە ژێـرِ ڕکێفـی خەلیفـە بـوون ئەرکیـان بەڕێـوە دەبـرد، بـەڵام هەرچەنـدە کـوردەکان دەسـتیان بەسـەر ژمارەیەکـی زۆر شـاردا دەگـرت، بـەڵام هەرگیـز نەبوونـە خـاوەن کیانێکـی سـەربەخۆی خۆیـان). (لاپـەڕە٣٤٢).

بـۆ ماوەیەکـی دوور و درێـژ ئـیتر قـەدەری کـورد ئـاوا بـوو، بـە درێژایـی مێژوویـان ناوبانگـی توندوتیـژی و خوێنـڕشتن یـاوەری کردبـوو. لـە پـاڵ هونـەکان و تەتـەرەکان و مەغۆلـەکان و هیندییـە سـوورەکان و چینییـەکان نـاوی کوردیـش لـە مۆزەخانـەی تـرس و بەربـەری دا تۆمـار کـراوە. بـەم شـێوەیە، شارسـتانییەکان لـە یادگـەی گرانـد گویگنـۆڵ دا، کۆمەڵێـك دێوەزمـە و کۆمەڵکـوژی تۆمـار دەکـەن، کـە تاوانـی کـوشتن و بڕیـن ئەنجـام دەدەن. بـەم جـۆرە جیهانـی مانیچایـی دەمێنێتـەوە: باشـەکان لـە لای ڕاسـت و خراپـەکان لـە لای چـەپ. ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی کۆمێدییـە کـە ویژدانـی زینـدوو دەخاتـە حاڵەتـی سـەر لێشـێواوی: چەنـد لاپەڕەیـەك لـە بـارەی (گەلانـی دڕنـدە)، نووسـەران لـە بەشـی چواردەهـەم دا، لـە پەرتوکـی (مێـژووی جەنگـی خاچپەرسـتەکان)، بـاس لـە ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتی جەنگاوەرانـی خاچپەرسـت دەکـەن، کـە بـە نوێنـەری ڕاسـتی و ڕەوشـت باشـی وەسـفیان دەکـەن:

(ڕیچـاردی دڕنـدە، زۆر پـەرۆش بـوو بـۆ ئـەوەی هیـچ شـتێك کۆتایـی پـێ نەیـەت، هەمـوو پیـاو و ئافـرەت و منداڵەکانـی لـە شـارەکە بـردە دەرەوە. هەموویـان ڕووت و بـێ جـل بـوون و دەسـتیان لـە پشـتەوە بەسترابـوو. کاتێـك ئـەم قوربانییـە بـێ تاوانانـە لـە دەشـت کۆکرابوونـەوە، پاشـای ئینگلتـەڕا فەرمانـی بـە سـەربازەکانی کـرد کـە بـە

شمشـێر هەموویـان کۆمەڵکـوژ بکـەن و بیانکـوژن و هەسـتی بـە تـاوان و شـەرمەزاری نەکـرد، کاتێـك بـە خـۆی سـەربازەکانی هانـدەدا کـە بـە شـێوەیەکی زۆر دڕندانـە سـکی ژمارەیەکـی زۆر لـەم بـێ تاوانانـە هەڵـدڕن بـۆ دەرهێنانـی تورەگـەی زراویـان، کـە دواتـر بـۆ مەبەسـتی بـە کارهێنانـی پزیشـکی بـە کارهـێنران، لـەم کۆمەڵکوژییـە نزیکـەی پێنـج هـەزار زیندانـی لەنـاو بـرد.) (لاپـەڕە٤٣٠ ).

گرنـگ نییـە، ئـەم جـۆرە (ڕەوشـتە) دەبێتـە ئیمتیـازات بـۆ ئینگلیـزەکان، چونکـە فەڕەنسـییەکان (رووحەکە)یـان و کوردەکانیـش (دڕندەیی)یـان بـە میـرات بـۆ ماوەتـەوە.

شـتێکی بـاش دەبێـت لاپەڕەکانـی فەرهەنگـەکان و بەرهـەم و پەرتووکـە فەرمیـەکان هەڵبدەینــەوە.

لــە ســاڵی ١٨٦١، ئیمڕاتۆریەتــی دووەم لــە ســوریا. (فەرهەنگــی گشــتی ژیاننامــە و مێـژووی) E. Magdeleine مانـای وشـەی کوردمـان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە لـە زمانـی فارسـی کـە بـە مانـای (بەهێـز، ئـازا، بـە ئەزمـوون وئامـادە) دێـت. (لاپـەڕە ١٤٩٩ بەرگـی دووەم).

فەرهەنگـی گەردوونـی مێـژوو و جۆگرافیـا (١٨٢٩) کـە زیاتـر بـە شـێوەی دێـرە شـیعر نـووسراوە. نووسـەرەکانی بەرهەمـی Binder یـان خوێندۆتـەوە کـە لـە سـاڵی ١٨٨٧ بڵاو کراوەتـەوە و ئێمـەش ئێسـتا بـۆی دەگەڕێینـەوە:

(بـە هـۆی توندوتیـژی و خۆشەویسـتی یـان بـۆ تـاڵان کـردن، هەندێـك جـار بـەراورد کــراون بــە هیندییــە ســوورەکان. ئــەوان ئــازا و نەبــەردن و هەمیشــە خۆڕاگربــوون لــە جەنگـەکان و ڕزگارکردنـی شـارەکانیان و تـا ئێسـتاش جۆرێـك لـە ژیانـی دەرەبەگایەتیـان پاراسـتووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا فـارس و تورکـەکان سـەرکەوتوو بـوون لـە وێـران کردنـی قــەڵا بــە هێزەکانیــان. بــە گشــتی کــوردەکان میللەتێکــی زۆر دواکەوتــوون و تــەواو نەزانــن و زۆر بەدبــەختن) (لاپــەڕە ١٠٠٧).

فەرهەنگـی ئینسـکلۆپیدیای Quillet لـە سـاڵی ١٩٣٩، ئامـاژە بـەوە دەکات کـە کـورد میللەتێکـی زۆر کـۆن و دێرینـە. ئەمیـش حوکمییـان بەسـەردا دەدات کـە: (کــوردەکان جەنــگاوەر و ئــازا و تاڵانچــی بوونــە، ئــەوان وەك ئامــراز و داردەســتی تورکــەکان بەکارهاتــوون بــۆ ســەرکوت کردنــی چەوســاندنەوەی ئەرمەنییــەکان).

ئـەم پێناسـەیە بـەو چیرۆکانـە دەردەکەوێـت کـە کۆنسـول و مژدەدەرە ڕۆژئاواییـەکان باسـیان کـردووە. مـرۆڤ دەتوانێـت لـە (مێـژووی جیهانـی پەیامەکانـی فرانسیسـکانەکان لــە ســاڵی ١٨٩٨) دا چیرۆکــی ئــەو کۆمەڵکوژیانــەی مەســیحیەکان بخوێنێتــەوە کــە لەلایــەن (گوندنشــینە کــورد و عــەرەب و قەوقازیــەکان) ئەنجــام دراون[١].

خانــەی بڵاوکردنــەوەی Larousse لــە ســەرەتای ســەرهەڵدانییەوە بــە زەحمــەت گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە: پێـش جەنگـی جیهانـی یەکـەم، کوردیـان بـە (دانیشـتوانی چیـا ناوبـردووە کـە لەسـەر دزی و تاڵانییـەوە ژیـاون) فەرهەنگی(پوتیـت لاروس بـۆ هەمـوان). لـە سـاڵی ١٩٣١ سـەبارەت بەلارووسـی سـەدەی بیسـتەم، کـە دەڵێت کـوردەکان (هێشـتا جێـی ترسـن بـە هـۆی ئـەو تاڵانییـەی بـە زەبـری چـەك ئەنجامـی دەدەن، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئــەو بیانییانــەی ڕوو دەکەنــە لای کــورد ســەلامەت و پارێــزراون. هاوشــێوەی ئـەو وەسـفەش لـە سـاڵی ١٩٤٨، کـە لـە وێناکردنەکانـی چاپـی ١٩٠٧ وەرگیـراون[٢].

ئێمــە هەڵەنیــن: ســڕینەوەی ئــەو شــەڕ و تونــدو تیژیانــەی کــورد تێیــدا بەشــدار بــووە یــان دەبــوو بەدەســتییەوە بناڵێنێــت. ئەگــەر ئەمانــە لــە مێــژووی خۆیــان بسـڕنەوە دەبێتـە ناپاکییـەك کـە هیـچ فریشـتەیەك ناتوانێـت پاسـاوی بـۆ بێنێتـەوە. لـە لایەکــی تریشــەوە، ئــەوەی جێگــەی ســەرنج و هەڵوەســتەیە ئــەم نەتەوەیــە بــە ســیفەتی بەربــەری و گۆشــتخۆرەکانەوە ببەسترێتــەوە و پێناســە بکرێــت ئەمــەش ســتەمێکی گەورەیــە لــەم میللەتــە.

بـێ گومـان فەرهەنـگ و ئینسـایکلۆپیدیاکان بـە ئاسـانی زانیـاری لـە گێڕانـەوەی ئــەو گەڕیدانــە وەردەگــرن، کــە زۆرجــار گومانــی زیــادەڕەوی لێدەکرێــت و شــتەکان زەق دەکەنــەوە، بەتایبەتــی کاتێــک بــاس لــە بەخشــینی متمانــە بــە خــۆی دەکرێــت. شۆڕشـگێڕانی کـورد بەباشـی لـە ئـارەزووی چاودێرانـی بیانـی تێگەیشـتوون بـۆ جوانکردنـی سەرکێشـییە "جەنگیـەکان". ئـەوان تـا ئـەو ڕادەیـە ڕۆیـشتن کـە ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی بچووکیـان بـۆ مەبەسـتی وێنەگرتـن ڕێکخسـت کـە بـە ورياييـەوە بەڕێـوە دەچـوو.

---

(١) مێژووی جیهانی پەیامی فراسیسکان، بە گوێرەی Marellin de civezza ، لاپەڕە ٢٩٧ ساڵی ١٨٩٨.
(٢) وەك جیاکاریـەك، بـە ئامـاژە بـە جدییەتـی بابەتەکانـی ئینسـکلۆپیدیای بریتانیـکا (چاپـی ١٩٦٤) بەرگـی ١٣ لاپـەڕە ٥٢٠. بـەڵام نووسـەرەکان زۆریـان ئامـاژە بـە دۆخـی ئێسـتا ناکـەن.

هەندێـک جـار، ئـەم مانـۆڕە گەورانـە بـە دەسـتێوەردانی هێـزی ئاسمانـی دەگۆڕێـن بـۆ شـەڕی ڕاسـتەقینە، کـە ئامادەبـوان زۆر نائومێـد دەکات. بـەڵام ئـەوە چیرۆکێکـی تـرە[١].

شـتێکی ئاسـاییە، کاتێـك باسـی کـورد دەکەیـن، قسـەی گەڕیدەیەکـی نـاسراو بـە Xenophon [٢]. بهێنینـەوە، لـە کاتـی گەڕانـە دوور و درێژەکەیـدا ناچـار بـووە زەحمەتـی زۆر بکێشـێت لـە ناوچـە کوردییـەکان.

بـا هـێزی بایندەرمـان پـێ بـاشتر بێـت، جەسـتەی خواوەندێکـی گـەڕۆك لـە بەرگـی گەڕیدەیـەك، کـە خۆشەویسـتیەکەی بـۆ ڕێگـە نامـۆکان لـە کەسـی یەکـەم دا لـە شـێوەی پاڵـەوان دەگێڕێتـەوە. گەشـتی خێـرا ئەنجـام دەدرێـت ئێمـە نازانیـن بـۆ چێـژی گەشـتی ڕۆیـشتن یـان شـکۆمەندی گەڕانـەوە. ئاماژەکانـی نووسـەر هـەر چەنـدە گشـتی و یەکلاکـەرەوەن، هاوسـۆزیەکی ڕاسـتەقینە بـۆ ئـەم تاقمـە کـوردە جامانـە لەسـەرە وێنـە کێشـانێکی هەمیشـەیی دەردەخـەن: (کـورد هــەر چەنــدە دڕنــدە بێــت، هەسـتێکی گـەورەی شـانازی بـە خۆبوونـی هەیـە، دەوترێـت زۆر نیگـەران و پەرۆشـن بـۆ قسـە و گفتەکانیـان، ئەگـەر کوردێـك بەڵێنـی پـێ دایـت کـە بـە سـاغ و سـەلامەتی بتگەیێنێتـە شـوێنێك، دەتوانـی متمانـەی پـێ بکەیـت بـێ تـرس و دڵەڕاوکـێ، بـەڵام بـۆ ڕۆژی دواتـر کـە بەڵێنەکـەی بـە جـێ هێنابـوو، ئەگـەر تـۆی دۆزییـەوە یـان چـاوی پێـت بکەوێـت، ئـەوا ڕووتـت دەکاتـەوە و وەکـو سـەگ دەتکوژێـت) (لاپـەڕە ١٠٩).

هـەر بـۆ خۆشـی لەسـەر ئـەم بابەتـە قسـەیەك لـەو بارەیـەوە کـراوە: (بانگەشـەی ئـەوە دەکرێـت کـە لێکچوونـە گەورەکـەی کارەکتـەری کـورد و کارەکتـەری فەڕەنسـی لـەو ڕاسـتییەوە سـەرچاوە دەگرێـت کـە لـە کاتـی جەنگـی خاچپەرسـتی دووەم دا بەشـێك لـەم هەڵمەتـە بـەرەو باکـووری ڕۆژهـەڵات ڕێـگا ون دەکـەن، نازانـن چـۆن بگەڕێنـەوە، لـە کوردسـتان نیشـتەجێ دەبـن. لەوێـدا، خاچپەرسـتەکان تێکـەڵ بـەو دانیشـتوانە دەبـن کـە بەشـێك لـە بیرۆکـە و دابونەریتـی خۆیـان بۆیـان دەگوازنـەوە. لـە زمانـی کوردیـدا چەنـد وشـەیەك لـە وشـەی فەڕەنسـی دەچـن، بـە تایبەتـی لـە

(١) ئـەم قسـە دروسـتکراوانە گەڕیـدەکان وای لـە Sosie کـرد بڵێـت لـە (شـانۆی Amphitryon لـە بەشـی یەکـەم دیمەنـی یەکـەم). چەنـد کـەس چیرۆکی شـەڕەکان دەگێڕێتـەوە، کە لە دووری شـەڕەکە وەسـتا بوون؟

(٢) Xenophon، پەرتوکی Anabase، بەرگی ١٧.

ژمــارەکان دا. دروســت کردنــی قەڵاکانــی کوردســتان بــە تــەواوی قــەڵا بەهێزەکانــی خۆمانمــان بیــر دێنێتــەوە...).

ســەبارەت بــە هامڵتۆنــی ئینگلیــزی[1]، ئەندازیــاری ڕێگەیەکــی ستراتیــژی کــە بــە شــێوەیەکی ســەرنجڕاکێش و بــاش پلان بــۆ داڕێــژراو بەغــدا لــە ڕێگــەی کوردســتانەوە بــە تــاران دەبەســتێتەوە. کــورد مرۆڤــی وەکــو مرۆڤــی ســکۆتلەندی تێدایــە. بــۆ ئــەوەی بــاوەڕ بــەوە بــکات کــە هیــچ گەڕیدەیــەك نییــە بێتــە کوردســتان و هەســت بــەوە نــەکات کــە ئامــۆزای ئــەم شــاخەوانە ئازایانەیــە.

دیســان باڵندەرێکــی تــر، ئەمجارەیــان جــاك ســوبرییێر دوای پەنجــاو هەشــت ســاڵ یادەوەرییەکانــی گەشــتەکەی خــۆی لــە ژێــر نــاوی (دەروێــش و تاڵانچییــەکان)[2]، کــوردەکان ڕێگــر بــوون: (لەگــەڵ بردنــی نــاوی وڵاتــی کــوردان، فەرمانڕەوایــی توندوتیــژی و ســوکایەتی کــردن بــە مــەرگ و پەرســتنی شــەرەف و سەرکێشــی بــۆ مەترســییەکان دەســت پــێ دەکات) (لاپــەڕە ١٢١) (تووڕەیــی کتوپڕیــان بــێ هــۆکار و پاڵنــەری زۆر بــێ بایــەخ ســەرهەڵدەدات. ڕۆژێــك لــە ڕۆژان، ســەرکردەیەکی کــورد مێشــێك بێــزاری کــردووە، دەمانچەکــەی دەردێنــێ و بــە ئامانجــی دەگرێــت و پەنجەیەکــی خــۆی لــە دەســت دەدات. ژیــان هیــچ بایەخێکــی نییــە لــە لای کــورد، بــێ دوو دڵــی و بــێ باکانــە بــۆ یــەك بەڵــێ یــان بــۆ یــەك نەخێــر، یــان ئافــرەت کاتێــك ناپاکــی دەکات لــە خێــزان و پیــاوی یــان بــۆ پارەیەکــی کــەم دەکوژێــت). (لاپــەڕە ١٢٦). نووســەر قســەکانی ڕائیــد ســۆان بــە نموونــە دەهێنێتــەوە: (خوێنڕێــژەکان بــۆ شــەڕ و جەنــگ لەدایکبــوون، دزو تاڵانچیــن و خراپــەکار و بــێ بەزەییــن، بــەڵام لــە ڕەچەڵەکێکــی ئــازا و میوانــدۆستن و بــێ هاوتــا و بــێ وێنــەن لــە ڕاشــکاوی و شــەرەف و هاوســۆزی و جوامێــری و جوانــی ڕوخســاریان).

نووســەران سەرســام بــوون بــە ســیفەت و وەســفانەی کــە دەدرێتــە پــاڵ تاکــی کــورد، هەروەهــا سەرســامی ڕواڵەتــی جەســتەیی و جوانــی و ســیمای دەرەوەی کوردیــش بــوون کــە لــە جوانــی دا بــە ئەوروپیەکانیــان بــەراورد دەکــەن.

---

(١) ئارچیبۆڵد مێلن هامڵتۆن: (ڕێگا بە ناو کوردستان دا) لەندەن ساڵی ١٩٥٨.

(٢) جــاك ســۆبرییێر: (دەروێــش و تاڵانچییــەکان لــە دەریــای ئادرپاتیکــەوە تــا ڕێپێوانەکانــی ئێــران) خانــەی چاپــی ژان ســوس ســاڵی ١٩٤٥.

رائیـد ئێلـی بانیسـتەر سـۆئان[١]، دەڵـێ: لـە نێـو ئەوانـەدا، زۆر کەسـی قـژ زەرد و چاوشـین هـەن، ئەگـەر مـرۆڤ منداڵـی کـوردی لـەم جـۆرە لـە نێـو قەڕەباڵغـی منداڵـی ئینگلیـزەکان دا دابنێـت، نەیدەتوانـی جیـا بکاتـەوە، چونکـە سـپی پێسـتە.

بایندەر دەڵـێ: (تاکـی کـورد جـوان و قـۆزن، خاوەنـی لوتێکی درێـژ و باریك کـە کەمێك لار بـووە بـەرەو خـوار وەکـو دەنوکـی بـاز، دەمێکـی بچـووك و چەناگەیەکـی باریـك و چاوەکانیـان زیرەکـی و زیندوویـی پێـوە دیـارە. بـە گشـتی سـمێڵیان هەیـە....). بـە کورتی و کـوردی، پیـاوی کـورد، جـوان و قـۆز و زیـرەك و وریـا و بەهێـزن. کاتێکیش شارسـتانی پۆلین باسیشـی کـردوون، لـە دراوسـێکانی واتـا تـورك و فـارس و باڵاتـر و باشتر وەسـفی کـردوون.

هاملتۆنیـش لای خۆیـەوە دووپاتـی ئـەو سـیفەتە جەسـتەیی و ئەخلاقییانـە دەکاتـەوە کـە کـورد بـە کرێکارێکـی زۆربـاش و ماندوونەنـاس و ڕووخـۆش و قسـەخۆش و بەرهەمـدار وەسـف دەکات.

زۆربوونـی تـەوەرە سـەرەکییەکان کـە زۆرجـار بـە توندییەکـی دیـار لـە چیرۆکـە مێژووییـەکان یـان شـایەتحاڵی ژیانـی ڕاسـتەقینەدا پێشـکەش دەکرێـن، لـە بەرهەمـە خەیاڵییەکانـدا خـۆی دەردەخـات. وێنەسـازی دەتەقێتـەوە و تێگەیـشتن و بیـروڕا سەرلێشـێواوەکان دەردەکـەون، جـا وەرگیـراون یـان هەڵبـەستراون، کـە نووسـەران چیتر پێویسـت نـاکات پاسـاو بـۆ خۆیـان بهێننـەوە.

چـوار بەرهـەم بـە نموونـە بـاس دەکەیـن: دوو ڕۆمـان بـۆ تەمەنـی پێـش هـەرزەکاری دانـراوە، دوو ڕۆمانـی دیکـە کـە لـە لایـەن کەسـانی بـە تەمەنـەوە دەخوێندرێتـەوە.

گەنجـە ئەڵمانییـەکان ژیـول ڤیرنـی خۆیـان هەیـە، ژۆل ڤێرنێکـی وریـا، کـە بـە درێژایـی حەفتـا ڕۆمانەکـەی، بـە ناچـاری سەرکەشـییەکانی خـۆی وەك سـلێمانی گـەڕۆك بـۆ خوێنـەر دەگێڕێتـەوە.

---

(١) فەرمانـدە ئێلـی بانیسـتەر سـۆئان کـە نووسـەری دوو گێڕانـەوەی سـەفەر و سـێ پەرتووکـی ڕێزمانـی کوردییـە: دوو سـاڵ لـە کوردسـتان (بـۆستن، سـاڵی ١٩٠٨)، گەشـتی شـاراوە بـۆ میزۆپۆتامیـا و کوردسـتان (لەنـدەن ساڵ ١٩٢٦). ڕێزمانـی کرمانجـی یـان زمانـی کـوردی ئاسـتی سـەرەتایی (لەنـدەن، سـاڵی ١٩١٣)، ڕێزمانـی کرمانجـی ئاسـتی سـەرەتایی (بەغـدا، سـاڵی ١٩١٢)، ڕێزمانـی کـوردی ئاسـتی سـەرەتایی (بەغـدا، سـاڵی ١٩١٩).

کارڵ مەی (١٨٤٢-١٩١٢) لە ڕۆمانی دووەمی خۆیدا بە ناوی Durehs wilde kurdistan واتا (لە ڕێگای کوردستانی کێوی)دا خەیاڵ دەکات و دەنووسێت بە دوای گەنجێکی عەرەب دا دەڕوات کە دەبێت لە دەست توورکەکانی بیڕفێنێت. بە یاوەری ئینگلیزێك بە ناوی لیندسی، ڕووبەڕووی کوردە (زۆر پیاو سالارەکان) و (تالانچییەکان) دەبێتەوە. کارڵ مەی نووسەر و پاڵەوان لە وەڵامی بۆ لیندسی کە بە دوای وێرانە شوێنەواریەکان دا دەگەڕێت، دەڵێت: (لە دۆڵە کوردنشینەکاندا دوکەڵی گوندە سوتاوەکان و بۆنی گۆمی خوێنی ڕژاو بەرەو ئاسمان بەرز بووەوە. خۆمان لە وڵاتێك دەبینینەوە کە ژیان و ئازادی و میرات و کەلەپوور زیاتر مەترسی لەسەرە لە هەر شوێنێکی تر لە جیهان).

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم توندوتیژییەی بە هۆی هەستکردن بە شەڕەفەوە هێور دەبێتەوە: (باشترین ڕێگە بۆ دەستەمۆ کردنی ئەم گروپە یان ئەم میللەتە توندوتیژە ئەوەیە کە متمانە بە میوانداریان بکەیت. ئەگەر بتوانێت نیاز و پاڵنەری شاراوەی هەبێ لە پێشوازی کردنی بێگانەیەك لە ژێر خێمەکەی دا، ئەوە حاڵەتەکە بۆ کورد وانییە و جیاوازە).

لە کۆلێکشنی منداڵانی مارابۆت، باوکی نیك جۆردن پاڵەوانەکەی دەنێرێت بۆ ئەرکێك لە ناوەوەی ڕاپەڕینێکی کورد لە سوریا.

نیك جۆردن بریکاری دەزگای هەواڵگری فەڕەنسییە، بەرپرسیار دەبێت لە ئازاد کردنی سەرکردەیەکی گەنجی کورد کە لەلایەن سوریاوە دەستگیر کراوە: (جەنگاوەرێکی لە خۆبووردە و خوێنگەرم بۆ شەڕ و جەنگ)، کوڕی سەرۆکی یاخیبووەکان بوو. سەرکردەی یاخیبوان (ڕیشسپی و جەنگاوەرێکی تینووی شەڕە) کوردەکان جێی سەرسوڕمانن: (کە لە نزیکەوە دەیانبینێت، هێشتا ترسناکتر دەردەکەون. لە ژێر جامانە بەستراوەکان و هێڵی دوکەڵاوی برۆ گەورەکان، چاوەکان بە درەوشاوەیەکی توند دەدرەوشایەوە....)

دەرکەوتنی ئەم جەنگاوەرە لە ناوەڕاستی شاخەکاندا، لە سەردەمێك دا کە سێبەرەکان لەگەڵ شەودا تێکەڵ دەبن. هەم وێنەیەکی نەریتی سادە و جوان بوو هەمیش کابوسێك بوو. دواجار، نیك هەستی کرد کە لە یەکێك لەو چیرۆکە سەرسوڕهێنەرانەی گوستاڤ ئایمارد دەژی.

بـە شـێوەیەکی گشـتی، کـوردەکان لـە ڕووی چـەك و تفاقـەوە لاواز بـوون چەکـی ئەوتۆیـان نەبـوو. تەنیـا ئامێرێکـی تەلەفۆنـی کۆنیـان هەبـوو کـە پاترییەکـەی کەڵکـی نەمـا بـوو. زمانەکەشـیان شـێوەیەکی چیایـی و زبـری هەبـوو کـە گوێـت لـێ دەبـوو لـە هەمـان کاتیشـدا زمانێکـی تۆکمـە و داخـراو بـوو. بـەڵام ئافرەتەکانیـان سـەرپۆش و لەچـك بەسـەر نەبـوون و تاڕادەیـەك ئازادییەکـی ڕەهایـان هەبـوو.

هەروەهـا دوو ڕۆمانـی سـیخوڕی نـرخ و فەزیلەتـی جەنـگاوەری کـورد بـەرز دەکەنـەوە. لـە فیلمـی (Face d'Ange lève la masque)، لـە نووسـینی ئادەم سـانت مۆر[١]، دوو کـورد بەکاردەهێنرێـن بـۆ خسـتنە خـوارەوەی کۆپتەرەکـەی سـەرۆك عبدولسـەلام عـارف بـە دۆشـکە. دوو کـوردی (یاخـی) لـە نێـو جەنـگاوەرەکان هەڵدەبژێـردراون. (هەموویـان قەنـاس بـە دەسـت، کـە هـەر بـە چەکـەوە گـەورە دەبـن لـە منداڵییـەوە).

لـە کاتـی هێرشـەکەدا ئـەو دوو کـوردە تـەواو ئـارام بـوون و تەنیـا خەمـی پـاك و خاوێنـی چەکەکانیـان بـوو. ئـەوان بـە شـێوەیەك چەکـدارن کـە جێـی سـەرنجە. ئـەم پیـاوە کـە چاویـان بـۆ ڕاو کردنـی نەیارەکانیـان وەکـو ڕاپتـۆر وایـە.

شـێخ علـی حسـێن کـە لـە ڕۆمانـی ئـالان مـاك کینـۆن بـە نـاوی (لەسـەربانەکانی بەغـدا)[٢] چاومـان پێـی دەکەوێـت، سـەرکردەیەکی عەشـیرەتێکی کـوردە و شۆڕشـی عێراقـی سـاڵی ١٩٥٨ لـە مەترسـی عبدولنـاسر ڕزگار دەکات. پیاوێکـی بـاڵا دەسـت و خـاوەن ڕەوشـت بـاش و چالاکـە، خاوەنـی نفوزێکـی زۆرە لـە کوردسـتان کـە تێیـدا پیاوەکانـی هـەرکات بیانەوێـت تەقـە لـە هـەر نوێنەرێکـی پۆلیـس بکـەن.

ڕاپەڕینێکـی چەکداری ناتوانـێ ببێتـە شـۆڕش: بەڵکـو یاخـی بوونـە. کـورد گیاندارێکـی ئەفسـانەییە کـە هـەم سەرسـامکەر و هـەم ترسـێنەرە، وەك یەکێـك لـەو جەنـگاوەرە نۆسـتالژیکانە دەردەکەوێـت کـە خۆیـان پـڕ چـەك و چەکـدار دەکـەن بـۆ یارییەکـی یاخـی بـوون و سـەر هەڵـدان دژی دەسـەڵاتێکی ناوەنـدی نـەزان و بـورژوازی. شۆڕشـی

(١) ئـادەم سـانت مـۆر: فیلمی فریشـتە دەمامکەکە لادەبات لـە بڵاوکراوەی (Fleuve noir) ئادەم سـانت مـۆر نـاوی خـوازراوە لە پشـتی ئـەم نـاوەوە وەك دەزانیـن نەوەی شـاعیرێك هەیـە. نووسـەرێکی خاوەن خەیاڵـی فراوانـە، نووسـەری زنجیرەیەکـی بێشـوماری ڕۆمان و سـیناریۆ و کورتـە چیرۆکە.
(٢) ئالان ماك کینۆن: لە سەربانەکانی بەغدا خانەی چاپی (فەیارد) (سەرکێشی تاوانکاری).

کــورد لــە عێــراق بــە قورســی باجــی ئــەم هەڵوێســتە دەدات، کــە بارزانــی وەك (دوا ســەرۆکی جەنــگ) دەدرەوشــێتەوە، پیاوێکــی ســەنگین و ڕێــزدار کــە بــە ســەر هــۆز و تیــرە نــا ســەقامگیرەکان دا حوکــم دەکات.

ئــەم دیاردەیــەی ســادە کردنــەوە ئاڵــۆزە. هەوڵێکــە بــۆ لێــدان و کــەم کردنــەوەی ڕاســتییەکان و کارەکتــەرەکان، کــە دواتــر وەك بەربەســت و ئاســتەنگ ســەیر دەکرێــت و ناتوانیــن پەیوەنــدی و هەماهەنگــی لەگــەڵ بکەیــن. بۆیــە توانــای نزیــك بوونــەوە و تێگەیشــتنمان لــە دۆخێکــی سیاســی دەرەوەی سیســتەم و ویســتی ئێمــە هــەر لــە ســەرەتاوە بــە هــۆی ئــەو پاشــخانە فەرهەنگییــەوە دەشــێوێت و دەبێتــە هــۆی شــل و شــۆق بوونــی دیــدی ڕەخنەگرانمــان. پێویســت بــوو درك بــەم شــتە بکرێــت.

## مێژوو و جوگرافیای کوردستان لە سەرەتای دروستبوونییەوە

لـە نـاو ئـەو هەمـوو نەتـەوە جیاوازانـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، کـە بـە شـەپۆلی زۆر توندوتیـژی یـەك لـە دوای یەکـی داگیرکـەران تێپەڕیـوە، نەتـەوەی کـورد هـەر لـە سـەرەتاوە شـوێنی مانـەوەی خـۆی هەڵبـژاردووە، هـەزاران سـاڵە لـە ناوچەیەکـی سـەختدا لـە ئەشـکەوتەکاندا نیشـتەجێ بـووە.

لـە سـاڵانی ٧٥٠٠٠ - ١٠٠٠٠٠ پێـش زاییـن، ئـەو مرۆڤانـە لـە بنـاری شـاخەکانی باکـوری عێراق دەرکەوتن، توندوتیژ و ترسـناك و گۆشـەگیر یان لە شـێوەی کۆمەڵی بچووکدا لەسـەر ڕاوکـردن و کشـتوکاڵ دەژیـان. ئاسـەوارەکانی سـامانێکە بۆ شوێنەوارناسـانی پێـش مێژوو، کە لـە دەوروبـەری کەرکـووک، شـوێنە بەناوبانگەکانی مەتـەڕە لە سـاڵی ١٩٤٨، چەرمۆ و کەریم شـایەر و پالێگـراوا و بـەردە بەلکە لە سـاڵانی ١٩٥٠-١٩٥١ تا ڕۆژگاری ئەمـڕۆش هەرماون[١].

ژان بۆتێـرۆ لـە پێشـەکی پەرتووکـی سـامۆێل نـوح کرامێـردا دەنووسـێت، مێـژوو لـە سـۆمەرەوە دەسـت پێـدەکات[٢]: "یەکـەم نیشـتەجێبوونی مـرۆڤ لـە میزۆپۆتامیـا مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدان هـەزار سـاڵ، زۆر پێـش ئـەوەش کـە لـە وڵاتـی نێـوان دوو ڕووبـار سـەری هەڵـداوە: بۆیـە لـە بنـاری شـاخاویی باکـووری عێـراق، بەتایبەتـی لـە خاکـی کـوردان (شـوێنەوارەکانی بەردە-بەلکـە و پالێگـراوا و کەریـم شـایەر و هتـد...)، کـە پـاشماوەکان مێژووییەکانیـان تێـدا دۆزرایـەوە."

برەیـدوود سەروسـەربردە و نەهامەتیەکانـی ئـەم شۆڕشـە خەیاڵییـە دەگێڕێتـەوە کـە دوای وەسـتانێکی بێکۆتایـی لـە نێـوان سـاڵانی ٩٠٠٠ بـۆ ٦٠٠٠ پێـش زاییـن شـێوەی گـرت و بارودۆخـی ژیانـی مرۆڤایەتـی گـۆڕی: پیـاوە بچووکـە ڕاوچییەکانـی شـاخەکان لـە ئابوورییەکـی دروێنـە و کۆکردنـەوە گـۆڕان بـۆ ئـەوەی وردە وردە خۆیـان ڕێکبخـەن بـۆ ئابـووری بەرهەمهێنـان. گونـدە کشـتوکاڵییەکان لـە نزیـک سـەرچاوە ئاوییـە بێشـومارەکاندا سـەرهەڵدەدەن. ئاژەڵـەکان ئـیتر تەنیـا ڕاو ناکـرێ، بەڵکـو ماڵـی دەکرێـن.

---

(١) B. HOWE و R.J. BRAIDWOOD: بـە بەشـداری هەریەکـە لـە F.R. ،H. HELBAEK ،MASTON ،C.A. RED ،H.E. WRIGHT Jr.: لێکۆڵینەوەکانی پێـش مێـژوو لـە کوردسـتانی عێراقـی (توێژینـەوەکان لـە شارسـتانیەتی ڕۆژهەڵاتـی کـۆن، ٣١)، زانکـۆی شـیکاگۆ، سـاڵی١٩٦٠.

(٢) سامۆێل نوح کرامێر: مێژوو لە سۆمەرەوە دەست پێدەکات (ئاتۆد ساڵی١٩٥٧)

لــە پــێ دەشــتەکانی وڵاتــی نێــوان دوو ڕووبــار، لــە دەوروبــەری ســاڵی ٢٣٠٠ پ.ز، ئیمپراتۆریەتێــك درووســت بــوو: یەکــەم ئیمپراتۆریەتــی میزۆپۆتامیــا. ســامییەکان کــە لــە گرووپــە دەشــتەکی و کۆچەرییەکانــی بیابانــی ســوریای عەرەبیــەوە ســەرچاوەی گرتــووە و خۆیــان خزاندۆتــە نــاو ســۆمەرییەکان، هەمــوو میزۆپۆتامیــا و ئــیلام لــە ڕۆژهــەڵات و بەشــێك لــە ســوریا و ئاســیای بچــووك لــە ڕۆژئــاوا دەخاتــە ژێــر ڕکێفــی خۆیــەوە، بــەڵام هــۆز و تیــرە چیایەکانــی گۆتیــەکان لــە پــاڵ چیاکانــی کوردســتان دادەبــەزن و بــە ســەر ئیمپراتۆریــەت و شانشــینی ســەرجۆن زاڵ دەبــن[1].

ئەگــەر مرۆڤایەتــی لــە شــاخ و چیــاکان لەدایــك بێــت، دەســەڵات و هێزەکــەی لــە دەشــت و دۆڵــە بەپیــت و بەرفراوانەکاندایــە کــە ئیمپراتۆریەتــەکان تێیــدا گەشــە دەکــەن و بەهێــز دەبــن. مێــژووی پــڕ مەینــەت و نەهامەتــی کوردســتان پەیوەســتە بــە جوگرافیاکەیــەوە: ســەرچاوەی مرۆیــی و کەرەســتەی خــاوو قەڵایــەك و بەربەســتێك کــە یەکــەم شــۆك هەڵدەمژێــت یــان کــە ئاڵوگــۆڕ دەکرێــت، ئەگــەر دوای شکســت بــە دەســتەوە نەدرابێــت یــان دوای ســەرکەوتن نەگیرابێــت. بــۆ ئــەو گرنگیپێدانــەی کــە بــۆ خــاك و خەڵــک نیشــان دەدرێــت، ســەدەی بیســتەم گرنگــی پێــدان بــە ســامانی ژێــرزەوی زیــاد دەکات: ئــەو دەوڵەمەندییــە بــێ وێنەیــەی کانــزا و نــەوت کــە نــوح پێــش ئــەوەی خــۆی وەك کاپتنێکــی بەدبەخــت لەســەر چیــای ئــارارات – کــە شــوێنێکی دیکــەی کوردســتانە - گیــری خــواردووە و کەشــتییەکەی لــە ســەری لەنگــەری گرتــووە یــان کــە لــە بڵێســەی ئاگــری ســیحراویدا دەربــاز دەبێــت کــە شــوێنکەوتوانی زەردەشــت دەیانپەرســت.

هەڵوەشــانەوە و ڕووخانــی ئیمپراتۆریەتــی عوسمانــی، مەیلــی شــەهیدبوونی گەلێــک پیــرۆز دەکات کــە بــۆ چەندیــن ســەدە بــە وزەیــەوە ڕەتیانکردووەتــەوە. مەبەســتمان ئــەوە نییــە مێــژوو بگێڕینــەوە، بەڵکــو دەمانــەوێ لاپەڕەکانــی مێــژوو هەڵبدەینــەوە و بەناویــدا گــوزەر بکەیــن بــۆ ئــەوەی ئاشــنابین لەگــەڵ کەســانێك کــە نــاوی کوالیتییەکیــان بــە میللەتــەوە نــاوە.

---

(١) ساموێل نوح کرامێر: مێژوو لە سۆمەرەوە دەست پێدەکات (ئاثۆد ساڵی١٩٥٧)

کوردستان، وڵاتی کوردان، یان کورد: وەك سیفەت لە زمانی فارسی یان سلاڤیدا (Gord)بەکارهاتووە بە واتای ئازا، بەهێز و سەربەرز و شانازی بەخۆکار.

کوردستان کە ناوچەی ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئاسیا و بڕبڕەی پشتی ئاسیایە، خاکێکی داگیرکردووە کە ڕووبەرەکەی کەمێك بچووکترە لە فەڕەنسا: ٥٠٠ هەزار کم[٢]. ناوی لەسەر نەخشەکان دەردەکەوێت، بەڵام گرنگی زۆرجار پەیوەستە بە نەتەوەی نەخشەکێشەکان[١]. ئینسایکلۆپیدیای بریتانیکا کەوانە شاخاوییە گەورەکەی زاگرۆس و تۆرۆسی پێدەبەخشێت، کە لە دەوروبەری کرماشان لە ڕۆژئاوای ئێرانەوە - واتا بەناو باکووری ڕۆژئاوای عێراقەوە تا یەریڤان لە کۆماری سۆسیالیستی ئەرمینیای سۆڤیەت لە باکوور درێژ دەبێتەوە - تا لە ڕۆژئاوا لە ئەرزروم و ئەرزینجان لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا کۆتایی پێبێت. چیاکانی تۆرۆس و زاگرۆس کە بەشێکن لە زنجیرە چیای گەورەی ئەلپۆ-هیمالایا، لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوورن لەگەڵ زەویەکانی عەرەب و بەفرەکەیان دەبنە سەرچاوەی ئاو بۆ دوو ڕووباری گەورە: دیجلە و فورات.

بەم پێیە هەلومەرجی تایبەتی کەشوهەوای کوردستان ئەگەرەکانی ئابوورییەکی کشتوکاڵی فرەچەشنی بۆ دەڕەخسێنێت: بەخێوکردنی ئاژەڵ و چاندنی برنج و گەنمەشامی وگەنم و شۆفان و بەرهەمی سەوزە و میوە و تووتن. ئەو دواکەوتنەی کە بۆ گەشەسەندنی وڵات هەیە - چ لە ئێران و چ لە تورکیا - نابێتە هۆی بەدەستهێنانی بەرهەمێکی وەها کە لەگەڵ چاوەڕوانییەکان بگونجێت. بۆ نموونە تووتن بە دەگمەن لە شوێنی کارەکەدا پرۆسێس دەکرێت، کە لە سلێمانی لە عێراق و سنە لە ئێران بەرهەم دەهێنرێت.

یەکێتی ئەم خاکە بێئەندازەیە کە ناسنامەی کەسایەتی بۆ یەکگرتوویی تاکەکانی بەزەحمەت لەبار بوو، بە تاکە هۆکارێکەوە بەندە ئەویش: ماددەکان بوو. ماددەکان ئەسڵ و ڕەچەڵەکی نەتەوەی گەلی کورد، کە بە دەستی

---

(١) بۆ نموونە لە ئێران، هەرێمی کوردستان تەنیا چارەکێك لە کوردستانی ئێران پێکدەهێنێت کە جگە لەو ناوچەیەی بە فەرمی ناسراوە، لورستانی گەورە و بچووك، پارێزگای کرماشان، بەشەکانی ڕۆژئاوا و باشووری پارێزگای ئازەربایجان لە خۆ دەگرێت کە تێیدا لە ساڵی ١٩٤٥ کۆماری کوردستان لە مەهاباد دروست بووە.

ئیمپڕاتـۆر کـوروش شکسـتیان خـوارد، بـە ئیمپراتۆریەتەکەیـان باجـی ئەوشکسـتەیان دەدەن. چانـس و دەرفەتێکـی زۆر بـاش بـوو بـۆ فارسـەکان، چونکـە بـۆ کـوردەکان سـەرەتایەك بـوو بـۆ دابەشـکردنی کوردسـتان بـۆ چـوار پارچـە.

"مـاددەکان، بـە بـەش لقاکانییـەوە لـە کیرتییـەکان و ئەماردییـەکان و زیکورتـوەکان و ماننـاکان و سـەکاکاکانی میدیـا، بـە کۆمـەڵ لەگـەڵ خەڵکـی ڕەسـەنی زاگـرۆس و ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیای بچـووك و گۆتییـەکان و کاسـییەکان(چیاییەکان) و نائیریـەکان و حوریـەکان تێکـەڵ دەبـن و بـە تێکەڵاوبوونـی زمانەکەیـان بـۆ ئـەو کۆمەڵانـە کـە بـەم شـێوەیە دروسـتبووەو، بوونەتـە گەلـی کـورد کـە ئێسـتا هەیـە."[١]

زمانـی کـوردی، زمانێکـی ئەوروپیـی گرووپـی ئێرانییـە، بـە تێپەڕبوونـی کات جێـی خـۆی دەگرێـت و دوو شـێوەزاری دیـار و ئاشـکرا لەخۆدەگرێـت ئەوانیـش: کرمانجـی و سـۆرانییە، کـە هەریەکەیـان لـە باکـوور و باشـووری کوردسـتان قسـەیان پێدەکرێـت.

---

(١) پارێز ڤانلی: نامەیەکی کراوە بۆ حکومەتی ئیمپراتۆری ئێران و چینی دەسەڵاتداری فارس، ١٩٥٩.

## لە لوتکەی گەشەسەندەنەوە

کوردســتان بــە تێپەڕبوونــی کات مێژوویەکــی دیــار و ســەرنجڕاکێش بەخۆیــەوە دەبینێـت کـە ڕەگوڕیشـەی بە قووڵـی لە خاکێکدا داکوتاوە کـە پێکهاتنـی ئیمپراتۆریەتەکان و لەدایکبـوون و لەناوچوونـی شارسـتانییەتە بەناوبانگەکانـی بەخۆیـەوە بینیـوە، لـە کاتێکدا ئەوروپـای دواکەوتـوو و نەخوێنـدەوار بـە شـەڕی خێڵەکانییـەوە دەیناڵانـد.

کوردســتان بەشــێك بــوو لــە هەمــوو شــکۆمەندی و هەمــوو شــەڕەکان و هەمــوو کۆمەڵکوژییەکانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت. لــە زیاتــر لــە جارێــك دەبێتــە پاڵــەوان: شـازادەیەکی کـورد، سـەلاحەدین- سـەلاحەدینی گـەورە- سـەرکەوتن بەسـەر خاچپەرستاندا تۆمـاردەکات و ئیـسلام ڕزگار دەکات، سـاڵی ١٢٥٧ سـەربازانی کـورد لـە بـەردەم قـەڵای هەولێـر ٢٠ هـەزار مەغـۆل دەسـتگیر دەکـەن. بـە هاوپەیمانـی لەگـەڵ تورکـەکان، بەسـەر دەسـەڵاتی تـازە دەرکەوتـووی شـیعەگەریدا زاڵ دەبـن. ئاغـا و سـەرکردەی خاکەکانیانـن، میـرە کـوردەکان دەیانزانـی چـۆن ئاشـتییەکی شارسـتانی لـەوێ بچێنـن، هونـەری ژیـان و سیاسـەتیان دروسـت بکـەن کـە لوتکـەی شارسـتانیەتێك دیـاری بـکات وەک میـر کامـەران بەدرخـان[1] بـە وردی باسـی دەکات و وەك نموونـە دەیگێڕێتـەوە چـۆن پـاشماوەی زبـڵ و خاشـاکی ماڵانیـان بـۆ گەرمکردنـی گەرمـاوە گشـتیەکان بەکاردەهـێنرا.

ترســی ئــەو پاشــا و ســەرکردانەی نیگەرانــن لــە ئاسایشــی ســنورەکانی ئیمپراتۆریەتەکانیــان - تــورك و فــارس - ئیلهامــی ســەیر و ســەمەرە پێــدەدات: کــورد دەوڵــەت و لەشــکر و ســنور پێکدەهێنێــت کــە یەکــەم شــۆکی داگیرکەرانــی دەبێــت. بــەرەو ئاڕاســتەی خوراســان لــە ئێــران - دژی ئۆزبەکــەکان - و وڵاتانــی قەوقــاز بــۆ بەرژەوەنــدی تورکیــا - لــە دژی ڕووســەکان دەڕۆن.

لـە ئێسـتاوە، بەڕاسـتی کاتـی دابەشـبوون و پارچـە پارچەکردنـی کوردسـتان دەبێـت: ئیمپراتۆریەتـەکان بـە بۆنـەی پەیماننامەکانـی سـاڵی (١٦٣٩) کـوردەکان دابـەش دەکـەن لـە نێـوان خۆیـان. شـانازی بـە خۆیانـەوە دەکـەن بـۆ ئـەوەی سـەرکەوتوو بـوون هێـز و دەســەڵاتەکەیان بــەرەو ڕکابەرییــان دەبــات، میــرە کوردەکانیــش بــە دابەشــکراوی

(١) لە کتێبێکدا کە لەلایەن خانەی چاپەکانی ماسپێرۆوە بڵاودەکرێتەوە.

دەمێننــەوە. بانگــەوازی یەکگرتوویــی و یەکبــوون شــاکاری کلاســیکی ئەدەبــی کــوردی دەبەخشــێتە مــەم و زینــی نووســینی ئەحمــەد خانــی[١].

دوای دوو ســـەدە، شـــیعر نەمـــا، تەنیـــا تووڕەیـــی بـــاڵ دەکێشـــێت بـــە ســـەر بارودۆخەکـــەدا: عوسمانییـــەکان چـــیتر تەحەمـــول بـــە ســـامانی ژێردەســـتەکانیان ناکـەن: کۆمەڵکـوژی و ڕاگـواستن و سـوتاندنی دارسـتانەکان، میرنشـینەکان وێـران دەکات. فارسـیش هەمـان شـت دەکات. کـورد ڕاپەڕیـن دەسـت پێـدەکات، بـۆ ئـەوەی نیشـتمان ئــازاد بــکات. پاشــان حکومەتــی ئەوکاتــی عوسمانییــەکان بانگــەوازی بــۆ "ڕاوێــژکارە" ئەڵمانییــەکان کــرد - لەنێویانــدا یەکێــك بــە نــاوی ڤــۆن مۆڵتــك. ســەرکوتکردنەکە ترسـناکی تێپەڕانـد. ئیسـتانبوڵ و تـاران، ٣١ی ئایـاری ١٨٤٧، پەیمانـی ئەرزرۆمیـان واژۆ کـرد: هاوپەیمانـی ئیمپراتۆریەتـەکان دژی کوردەکانـی ئـەو دوو وڵاتـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا گۆڤـاری کـوردی دەرکەوتـن و لـە قاهیـرە، ڕێکخـراوی نیشـتمانپەروەری دروسـت بـوو، گۆڤـاری هیـوا لـە سـاڵی ١٩١٠، لـە باکـووری عێـراق.

١٩١٤-١٩١٨: ئیمپراتۆریەتــی عوسمانــی بــە چوونــە پــاڵ ئیمپراتۆریەتەکانــی ناوەڕاســت، دوا بزمــاری لــە تابوتــی خۆیــدا. هاوپەیمانــان بەهــۆی دوورخســتنەوەی ناسـیۆنالیزمەکان لـە ئیمپڕاتۆریەتـی عوسمانـی بـە وەسوەسـە بـۆ دروسـت کردنیـان بـۆ ئــەوەی بــاشتر پــاشماوەی ئیمپڕاتۆریەتەکــە پارچــە پارچــە بــکات . کۆمیســەری بــاڵای بەریتانیـا لـە مـیسر، سـێر هـێنری مـاك ماهـۆن، سیاسـەتی بەڵێنـی نهێنـی و درۆیینـە پەیــڕەو دەکات. دیــوی شــاراوەی دۆزی ڕۆژهـــەڵات یــاری و قومارکردنــە: زلهێــزەکان ناوچـەی کاریگـەرو ژێـر ڕکێفیـان لـە نێـوان خۆیـان دابەشـکردووە، بـەڵام هێشـتا تەمـاح لــە غەنیمــەت و دەســکەوتەکانی بەرامبەرەکانیــان دەکــەن. ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت وەکـو گەنجینەیەکـی لـە بـن نەهاتـوو بـۆ شانشـینەکان دەردەکەوێـت کـە دەبێـت قوفڵەکــەی بــە شــەڕو جەنــگ بکرێتــەوە وەك: نــەوت، ڕێــگای هیندســتان...

لــە ٣٠ی تشرینــی یەکەمــی ١٩١٨دا، لــە ئەنجامــی ئاگربەســتی مودرۆســم، "پیــاوە پیــرە نەخۆشــەکە" کۆچــی دوایــی کــرد واتــا ئیمپڕاتۆریەتــی عوسمانــی لــە ناوچـوو. بـەڵام کوڕێکـی لـە دوای خـۆی جێهێشـت ئەویـش مسـتەفا کەمـال ئەتاتـورك

(١) جیرارد چالیاند: شیعری میللی تورک و کورد (فرانسوا ماسپێرۆ، ١٩٦١)

کەسـێکی پـڕ وزە و کۆڵنـەدەرە و هێزەکانـی کۆدەکاتـەوە و هەڵدەسـتێتەوە. بـە شـەڕی سـەربەخۆیی وەڵامـی هاوپەیمانـان دەداتـەوە. هاوپەیمانانیـش ڕایدەگەیەنـن: "ڕزگارکردنـی تـەواو و یەکجـاری ئـەو گەلانـەی ئـەو مـاوە دوور و درێـژە لەلایـەن تورکەکانـەوە چەوسـێنراونەتەوە و دامەزراندنـی حکومـەت و ئیـدارەی نیشـتمانی بـە وەرگرتنـی دەسـەڵاتی خۆیـان لـە دەستپێشـخەری و هەڵبژاردنـی ئـازادی دانیشـتوانی ڕەسـەن" تاکـە ئامانجـی ئێمەیـە ( ٨ی تشرینـی دووەمـی ١٩١٨) . بـەڵام لـە کاتێکـدا رائیـد نۆئێـل بـۆ ئەرکێـك ڕەوانـەی کوردسـتان کـرا، وڵاتـی فـارس دەنگـی هەڵنەبـڕی. کـەس ناوێرێـت دەسـت لـە کوردسـتانەکەی بـدات کـە دیوارەکانـی "لـە بەرزاییەکانیانـەوە زاڵـن بەسـەر پاڵاوگەکانـی ئابادانـی کۆمپانیـای ئەنگلـۆ ئێرانـی"[(١)].

بـە گەڕانـەوە بـۆ ڕێککەوتنەکانـی سـایکس-بیکۆ، فەرەنسـا لـە ئەیلوولـی ١٩١٩ دا وازیهێنـا و چـاوی لـە سـەر ویلایەتـی کـوردی لـە مووسـڵ هەڵگـرت کـە بـۆ ئینگلتـەرای بەجێهێشـت. لـە بەرامبـەردا فەرەنسـا ٢٥٪ی پشـکەکانی کۆمپانیـای T.P.C. (کۆمپانیـای نەوتـی تورکـی)، کـە لـە سـاڵی ١٩٢٨ بـوو بـە I.P.C. (کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق) وەردەگرێـت. بـەڵام لـە ١٠ی ئابـی ١٩٢٠ لـە شـاری سێڤرێس پەیماننامەیـەك واژۆ کـرا بـە نـاوی پەیماننامـەی سیڤەر کـە ڕێگـەی بـە پێکهێنانـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـوردی دا. (بەنـدی ١١١، مادەکانـی ٦٢-٦٤)[(٢)].

ئـەم پرۆژەیـە دەبێتـە مایـەی تـرس و نیگەرانـی بـۆ تـاران، لـە هەمـان کاتیشـدا دژایەتـی تەماحـی ئاتاتـورك دەکات (١٩٢٣)، لەندەنیش مشـتومڕ و کێبرکێی لەسـەر دەکات کـە لـە ٢٣ی ئابـی ١٩٢١ شـازادە فەیسـەڵی دەهێنێتـە سـەر تەختـی پاشـایی عێـراق[(٣)]. بـا ئـەوەش بڵێیـن ویلایەتـی مووسـڵ پـڕە لـە نـەوت. هەروەهـا جەژنـی کریسمسـی سـاڵی ١٩٢٢ بـۆ ئینگلتـەرا دەبێتـە دوو جـەژن: لـە ٢٤ی کانوونـی دووەم، حکومەتـی بەریتانیـا،

(١) پارێز ڤانلی: نامەیەکی کراوە بۆ حکومەتی ئیمپراتۆری ئێران و چینی دەسەڵاتداری فارس، ساڵی ١٩٥٩.
(٢) جیرارد چالیاند دۆزی کورد (فرانسوا ماسپێرۆ، ساڵی١٩٦١).
(٣) عێراقـی عەرەبـی : عێراقـی عەرەبـەکان، بـە پێچەوانـەی عێراقـی عەجەمـی فارسـییەوە، لـە ویلایەتـی بەغـدا و بـەسرە پێکهاتبـوو. لەسـەر نەخشـە عوسمانییـەکان، ویلایەتـی موسـڵ بـە "کوردسـتان" نووسرابـوو. لـە عێراقـی ئێسـتادا دابـەش بـووە بەسـەر لیـوا یـان پارێـزگا. بـە ژمـارە چـواردە پارێزگایـە، ئـەم لیوایانـە خۆیـان دابـەش دەکرێـن بەسـەر قـەزا، پاشـان بەسـەر ناحیـە، کـە لـە گونـدەکان پێکهاتـوون. لیـوای کۆنـی موسـڵ لیواکانـی موسـڵ و کەرکـووک و هەولێـر و سـلێمانیی دەگرێتـەوە.

لـە بەیاننامەیەکـی هاوبەشـدا لەگـەڵ حکومەتـی بەغـدا، بەیاننامەیـەك پێشـکەش بـە کۆمەڵـەی گـەلان دەکـەن، لـە بەیاننامەکـەدا ئـەوە دەخەنـەڕوو کـە ویلایەتـی مووسـڵ دەخرێتـە سـەر دەوڵەتـی نوێـی عێـراق. هـەر بەگوێـرەی ئـەم پلانـە، کـورد سـوودمەند دەبێـت لـە ئۆتۆنۆمـی لەنـاوەوەی سـنوورەکانی عێـراق، لـە هەمـان کاتـدا "پەیوەنـدی ئابـووری و سیاسـی لەگـەڵ حکومەتـی شـاهانەی بەریتانـی و حکومەتـی عێـراق" دەبێـت. دوای ماوەیەکـی کـەم، هێـزی ئاسمانـی شـاهانە کـە بـە دیـدی تۆمـاس ئێـدوارد لۆرێنسـەوە - کـە بـە لۆرەنسـی عەرەبسـتانیش نـاسراوە - کاریگەرتـر لـە هێـزی پیـادە دادەنـرا، ناوچـەی کـوردە یاخیبـووەکان بۆردومانکـرا. لـە ٢١ی تەمـووزی ١٩٢٣ ئەنجومەنی وەزیرانـی عێـراق بڕیارێـك بڵاودەکاتـەوە کـە تێیـدا دووپاتدەکاتـەوە لەسـەر داننـان بـە جۆرێـك لـە ئۆتۆنۆمـی بـۆ "ناوچـە کوردییـەکان". دوای سـاڵێك کونـت تێلێکـی لـە ئەرکێـك لـە کوردسـتان گەڕایـەوە و واقیـع و هێـزی ناسـیۆنالیزمی کـوردی بـە کۆمەڵـەی گـەلان ڕاگەیانـد. دەسـتبەجێ دوای ئەمـە کارناسـێکی شـارەزا لەلایـەن ئینگلیزەکانـەوە دەستنیشـانکرا: ژەنـەڕاڵ لایدۆنـەر کـە لـە ڕاپۆرتەکەیـدا ئامـۆژگاری لکاندنـی ویلایەتـی مووسـڵی بـە عێراقـەوە کـرد .ئـەم پرۆژەیـە لـە ١٦ی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٢٥، لـە میانـی دانیشـتنی ٣٧ی ئەنجومەنـی کۆمەڵـی گـەلان پەسـەند دەکرێـت، کـە بڕیـار دەدات ویلایەتـی مووسـڵ بـە عێراقـەوە ببەسترێتـەوە "بـۆ مـاوەی بیسـت و پێنـج سـاڵ لـە ژێـر ئینتیدابـی بەریتانیـا دەبێـت". لـە ٢١ی کانونـی دووەمـی ١٩٢٦ حکومەتـی عێـراق پێشـوازی لـە چارەسـەری کێشـەکە و پێکەوەژیانـی کـورد و عـەرەب کـرد و ڕایگەیانـد: "واجبـە لەسـەر ئێمـە دان بـە مافەکانـی گەلـی کـورددا بنێیـن".

پاشـان ناونانـی بزووتنـەوە یاخیبووەکانـی کـورد دەبێتـە شـتێکی بـێ مانـا: لـە کاتێکـدا ئینگلتـەرا پشـتگیری لـە هاتنـی عێـراق دەکات بـۆ نـاو کۆمەڵـەی گـەلان، هـاوکاری هێـزی ئاسمانـی شـاهانەی پێشـکەش دەکات و سـەربازەکانی بەشـداری خوولەکانـی دەکات بـۆ ئـەوەی سـوپای حکومـەت بەهێـز بکـەن.

لــە تورکیـا، کۆمەڵکوژییــەکان دوای ڕاگــواستن و دەرکــردن ڕوودەدەن. وەزیرەکانــی حکومەتــی ئەنقــەرە لێــدوان و بەیاننامــەی سەرســوڕهێنەر دەردەکــەن: "تــورك تاکــە ئاغــا و کاربەدەســتە، تاکــە فەرمانــڕەوای ئــەم وڵاتەیــە. ئەوانــەی بەڕەچەڵــەك تــورك

نیــن لــەم وڵاتــەدا تەنیــا یــەك مافیــان هەیــە: مافــی "خزمەتکاربــوون، مافــی کۆیلــە بــوون." (ئەیلوولــی ١٩٣٠، مەحمــود ئەســعەد، وەزیــری داد).

ئەفسەرێکی گەنجی فەرەنسی لە سوپای ڕۆژهەڵات (ڕۆژئاوای ئاسیا) - شارل دو گۆل – زۆر گرنگی بە دۆزی کورد دا و ڕاپۆرتێکی نهێنی لەو بارەیەوە بڵاوکردەوە.

لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمدا مستەفا بارزانی لە سلێمانییەوە عێراقی جێهێشت و چەکی خستە شانی. حکومەتی عێراق ناچار بە دانوستان دەکات. حکومەتی عێراقی خۆی دەدزێتەوە و مافەکانی پێشێل دەکات و بەڵێنەکانی ناباتەسەر. بارزانی شەڕ دەست پێدەکاتەوە و سەربازانی حکومەت دەردەکات. پاشان لە ڕووداوێکی کەم وێنە و نائاسایی یەکەمین کۆماری دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتە ئاراوە: کۆماری کوردیی مەهاباد ١٩٤٦. کۆماری مەهاباد پێشوازی لە بارزانی و پیاوەکانی دەکات. حکومەتی دیفاکتۆی مەهاباد لە ٢٢ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ خۆی بە کۆمار ڕادەگەیەنێت، لە ٢٣ی نیساندا سەرۆکی کۆماری کورد لە تەورێز پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری دوولایەنە لەگەڵ حکومەتی نوێی کۆماری ئازەربایجان واژۆ دەکات.

حکومەتی تاران بە پاڵپشتی هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا بڕیار دەدات کۆتایی بە کۆماری مەهاباد بهێنێت. سەربازانی حکومەت دەنێردرێتە باکوور، بە مەبەستی "پاراستنی ئازادییە تاکەکەسییەکان" لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا. جۆرج ئالێن، باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تاران، وەك ڕاوێژکاری تەکنیکی ژەنەڕاڵ ڕازمارە، سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێران، بە شەخسی دەچێتە شاری ڕەزایە. پاش ڕاوەدوونانی ژەنەڕاڵ بارزانی لە لایەن سوپاکانی هەر یەکە لە تورکیا و عێراق و ئێران، ژەنەڕاڵ بارزانی لەگەڵ سەربازەکانیدا سەرکەوتوو بوو لە دۆزینەوەی دەرچەیەك و چوونە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت و لەوێدا پەناهەندە بوو.

تا ساڵی ١٩٥٨ بێدەنگی باڵ دەکێشێت. بێدەنگییەك کە "هەڵمەتەکانی گرتن" و سەرکوتکردن هەر هەبوون. لەم نێوەندەدا عێراق و تورکیا و ئێران و پاکستان و ئینگلتەرا و ئەمریکا لە ٤ی نیسانی ١٩٥٥ پەیمانی بەغدایان واژۆ کرد، ئامانجی یەکەم بریتی بوو لە: ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری دەستدرێژی یەکێتی سۆڤیەت لە

ڕۆژهـەڵات. ئامانجـی دووەم بریتـی بـوو لـە: ڕووبەڕووبوونـەوەی مەترسییە ناوخۆییـەکان، لەوانـەش کـورد و یاخیبوونـی ناوخۆیـی.

ئـەوە بـوو لـە ١٤ی تەمـووزی سـاڵی ١٩٥٨ ژەنـەڕاڵ عەبدولکەریـم قاسـم تەختـی شـاهانەی هاشـمییەکانی لـە عێـراق ڕووخانـد.

پێـش ئـەوەی بـەدوادا چـوون و درێـژە بـە پەرەسـەندنی دۆزی کـورد لـە دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ بدەیـن، بـا ئامـاری ئێسـتای ئـەو دابەشـکارییە جۆراوجۆرانـە دابڕێژیـن کـە کوردسـتان لـە کاتـی پارچـە پارچـە بـوون و هەڵوەشـانەوەی ئیمپراتۆریەتـی عوسمانیـدا بەشـێك بـووە لێـی. چـوار وڵات سـودمەندن:

- تورکیا
- ئێران
- عێراق[١]
- سوریا

ئامارەکانـی پەیوەسـت بـە دانیشـتوانی کـورد، چ بـە هـۆکاری تەکنیکـی و چ بـە هـۆکاری سیاسـی، زۆر زەحمەتـە. هەندێـك حکومـەت تـا ئـەو ئاسـتە دەڕۆن کـە نکۆڵـی بوونـی پێکهاتەیەکـی کـوردی لەسـەر خاکەکەیـان بکـەن، بۆیـە دەبێـت پشـت بـە خەمڵاندنەکانـدا ببەسـتین[٢].

عیسمەت شەریف وانلی ژمارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەخاتەڕوو[٣]:

---

(١) کوردسـتانی عێـراق لـە دوو ناوچـەی جوگرافـی پێکدێـت کـە دوو ناوچـەی کولتـووری پەیوەندیدارن: بادینـان یـان باکووری کوردسـتانی عێـراق و سـۆران یـان باشـووری کوردسـتانی عێراق.

(٢) "ئەوانـەی سـتەم لـە کـورد دەکـەن بە هـەر نرخێک بێـت دەیانەوێت لـە گرنگی دۆزی کـەم بکەنەوە و ئـەو ژمارانـەی کـە دەیخەنـەڕوو زۆر لـە خـوار ژمـارەی ڕاسـەقینەوەن: سـێ یـان شـەش ملیۆنـن. کوردە حەماسـی و بـە جۆش و خرۆشـەکان خۆیـان بە نزیکەی هەژدە ملیۆن دەخەملێنـن. چاودێران لە ئەورووپی کـۆی گشـتی کـوردەکان لە نێـوان نۆ بۆ دە ملیـۆن دەخەملێنن. ئێمە پـێمان وایە ژمارەیان نزیکەی سـێزدە ملیۆنە" (عیسـمەت شـێریف ڤانلی: شۆڕشـی کوردسـتانی عێراق، نیسانی ١٩٦٥).

پێدەچێـت ئـەم دۆخـە بـۆ کۆمیتـەی ناوەندیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان خاڵـی بنبەسـت بێـت: "ڕژێمێکـی سـەربازی عێـراق بەڕێـوە دەبـات. ئـەوە ڕاسـتییەکەیە، بـەڵام ئایــا ئــەم ئەنجومەنــە ســەربازییە نوێنەرایەتــی هەمــوو وڵاتەکــە دەکات؟ بێگومــان نەخێـر: دەیـان سـەرکردەی سیاسـی بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـە بـە نـاوی ٧ ملیـۆن هاووڵاتیـەوە مامەڵـە دەکـەن، کـە نـە لـە نیگەرانییەکانیـان و نـە بارودۆخـی ئابوورییـان هاوبەشــی دەکــەن، کێشــەی کــورد تەنیــا لــە چوارچێــوەی عێراقێکــی ڕاســتەقینە، واتــە عێراقێکـی دیموکراسـی دەتوانرێـت سـەیر بکرێـت و مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێـت.

بـە سـەربازی کردنـی دامـودەزگا حکوومیـەکان بـە جۆرێکـە کـە ئەندامانـی لێژنـەی پەیوەندیـی عەرەب-کـورد هەردووکیـان لـە نێـو ئەفسـەرە بـاڵاکان هەڵبژێـردران، ئەوانیـش عەمیـد ئەحمـەد کەمـال مسـتەفا و عەبدوڵمونعیـم ئەلمشریـف بـوون.

ئـەوەی ڕووبـەڕووی ئەفسـەرەکان دەبێتـەوە، ئەوەیـە کـە قوربانـی سەرکەشـیەکی نەخـوازراون: بەبـێ ڕاهێنانـی سیاسـی و لـە ٦٨٪ نەخوێنـدەوارن.

لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەی: "ئایـا یاخیبوونـی سـەربازەکان بـە ئەگەرێکـی زۆر دەبینـن لــە حاڵەتــی دەســتپێکردنەوەی شــەڕ و پێکدادانــەکان بــە شــێوەیەکی بەرفــراوان؟"، ئەفسـەرێکی عێراقـی وەڵام دەداتـەوە: "لـەم دۆخـەی ئێسـتای ڕووداوەکان، نەخێـر. ئـەو

سـزایانەی لەلایـەن سـەرکردە باڵاکانـەوە گیراونەتەبـەر لەڕادەبـەدەر تونـدە. بێجگـە لـەوەش، پێگەیشـتنی سیاسـی پێویسـت لەبـارەی بڕیـاری ڕەتکردنـەوە بـۆ نـۆ لەسـەر دەی سـەربازەکان کەمیکـردووە. لەلایەکـی دیکـەوە، ڕێـژەی وازهێنـان و هەڵاتـن زیـادی کـردووە. لێـرەوە تـا پێنـج سـاڵی تـر بـە لەبەرچاوگرتنـی کاری پێکهێنانـی حزبـە سیاسـییەکان بەتایبەتـی لـە ڕادیـۆ، بـە شـێوەیەکی جیـاواز وەڵامـت دەدەمـەوە... "

لـە لایەکـی دیکـەوە، پێدەچێـت چینـی ئـەو خەڵکانـەی بەرهەمهێنـەری سـەربازی پلـە دوون زۆر کاریگەربـن، بەهـۆی ئـەو زیانـە بەرچاوانـەی لـە مـاوەی شـەش سـاڵی جەنگـدا بـەدی کرابـوون. وەك ئاماژەیـەك بـۆ ئەمـە نموونـەی سـووق ئەلشـیوخ وەردەگریـن کـە قەزایەکـی بچووکـە و دەکەوێتـە نزیـك شـاری ناسریـە، تەنیـا لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٦٦ لـە شـەڕی ڕەوانـدوزدا ٣٩ سـەربازی لەدەسـتدا.

## جاشەکان

"باشترین ڕاوچی و شەڕکەر پارتیزانەکانی ناسراو بە فێلاگا بۆ جاشەکانی F.S.N.A واتا فەرەنسییەکانی بە ڕەچەڵەك باکووری ئەفریقان. بۆیە F.S.N.A. تا ئەوپەڕی بەکاردەهێنرێن و پێیان دەوترێت بەکرێگیراو و خۆفرۆش و میلیشیا "

(ڕێنمایی ژمارە یەك لە ڕێکەوتی ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨ لە ژەنەڕاڵ چالێ هێزی ئاسمانی، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لە جەزائیر).

لەلایەن ئینگلیزەکانەوە ململانێی دەرەبەگایەتی بە چەکدارکردنی چەند سەرۆکێك بەکارهێنرا و لە نێوان هۆزەکاندا تۆڕێکی چاودێری دروستکرد. ئەم ئەرستۆکراتە نوێیانە بەهۆی خەزێنە و پارەدارکردنی شاهانەوە خزمەتکاری دڵسۆزی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان بوون.

کوردە ئازادیخواز و ئازاکان هەر زوو نازناوێکیان بۆ ئەم نۆکەرانە دۆزیەوە: ناویاننان جاش کە پیشەکەیان هەڵگرتنی باری قورسی ئەوانی ترە. بەم شێوەیە "جاش پۆلیس"یش هەبوو واتا - زانیاریدەر و هەواڵدەر و جاسووس - ئینجا "جاش عەسکەر" - واتا یاریدەدەرانی سوپا و حکومەت، هەروەها -جاش عەرەب –. لە وشەسازییەدا، "جاش" بە واتای شوێنکەوتووی دوژمن و بێگانە دێت، مرۆڤی کۆیلە و ڕیسوان.

بارزانی زۆر زیرەکانە درکی بەوە کرد بوو کە لە لایەن جاشەکانەوە دەوردراوە، جاشەکانی ناوچەی بادینان ماوەیەکی زۆرە لە ناکۆکی و ململانێ دان. ئەمانە هەڵپەرستن هەمیشە بە دوای تۆڵەسەندنەوە و کوشتن و بڕن. لەوێدا شەڕ و پێکدادانی خێڵەکان گەرم وگوڕ بوو. شۆڕش بە قوربانیدانی عەشیرەت و بەرژەوەندی تایبەت، نەیدەتوانی لەگەڵ ئەم سەرۆك جاش و دەرەبەگانە بگونجێت کە دەبوو تەنیا ملکەچی یەك کەسایەتی بن ئەویش: ژەنەڕاڵ بارزانی بوو. لە ڕاستیدا بنەمای هەبوونی یەك سەرکردەی پشت بەستوو بە ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو کە لە چوارچێوەی بنەمای دیموکراسیدا ببووە هۆی هەڕەشە بە فرە نەریت و دژبەرە بێشومارەکانی وڵات.

ئاغـا و شـێخەکانی ناوچەکانـی سـۆران زیاتـر کراوەتـر بـوون و بـەو هۆیـەوە لێهاتووتـر بـوون، پێیـان وابـوو هاوپەیمانـی لەگـەڵ حکومـەت لـە گۆڕانـکاری و چاکسـازی کشـتوکاڵی دەیانبەخشـێت. گـەورە پیـاوە ئایینییەکانیـش بـە ناڕەحەتیـەوە سـەیری ئـەو گۆڕانکاریانەیـان دەکـرد کـە لەلایـەن حزبـەوە لـە ئیمتیازەکانیانـدا دروسـت بـووە و لـە وازهێنانـی دڵسـۆزەکانیان لـە بەرژەوەنـدی خەباتێکـی ڕزگاریخوازانـە دەترسـان.

زۆرینەیـان ئەوانـەی نیگـەران بـوون لـە ئاینـدەی خۆیـان، پەیوەنـدی و نێوانـی خۆیـان لەگـەڵ بەغـدا ڕێکخسـت. سـەبارەت بـە جوتیـار و کرێـکارە بچـووك و ژێردەسـتەکان بـە هەمـوو جۆرەکانیـەوە، کـە پەیوەندییەکـی داپڵۆسـێنەر بـە خـاوەن کارەکانیانەوە وابەسـتەی کردبـوون، هەروەهـا نەبوونـی هۆشـیاری سیاسـی و بژێـوی ژیـان، هەمـوو ئەمانـە هـۆکار گەلێـك بـوون کـە بڕیاریـان دا جلوبەرگـی سـەربازی حکومـی هەڵبژێـرن.

جاشــە کۆنــەکان، بــە پێچەوانــەی جاشــەکانی ســاڵی ١٩٦٦ی جــەلال تاڵەبانــی، لــە کۆمەڵــە و دەســتەی بچووکــی پێنــج بــۆ شــەش هــەزار چەکــدار پێکدەهێنــن، کــە بــە شــێوەیەکی ســەرەکی لــە دەوروبــەری کەرکــووک و مووســڵ کۆبوونەتــەوە. ئەمانــە تاقــم و کەســانێکن کــە بــە دۆخــی دارایــی خۆیــان دڵخۆشــن، چونکــە حکومــەت پشــتگیریان دەکات و مانگانــە مووچــەی ١٤ دیناریــان پێــدەدات کــە دەکاتــە نزیکــەی داهاتــی ســاڵانەی جوتیارێکــی ئاســایی. ئــەم تاقــم و دەســتانە بــە چەندیــن بازرگانــی پەیوەسـت بـە ئامێـر و تەقەمەنـی فـرۆشراو بـە سـوپای شۆڕشـگێڕ و تاڵانکـردن و فیدیـە و ڕەشــبگیری کۆتایــی دێــت.

بــە تێپەڕبوونــی کات و شکســتەکانیان دەبنــە هــۆی تێکــدان لــە مۆڕاڵــی ئــەم بەکرێگیـراو جاشـانە کـە بـەردەوام دەچنـە ڕیزەکانـی سـوپای ڕزگاریخـوازی کـوردەوە. بـە دڵنیاییـەوە چوونـە ڕیـزی هانیشـتیمانیان شـتێکی ئاسـان نییـە: وەك هەمـوو خۆفـرۆش و جاشـەکان خۆیـان بـە تایبەتـی لـە بەرامبـەر هاونیشـتیمانەکانیان بێـزراو و قێزەونـن کـە پێـشتر بـێ شـەرمانە فشـاریان خسـتوونەتە سـەر و کۆمەڵکوژییـان کـردوون.

دیــاردەی جاشــایەتی کــە بەهــۆی خیانەتەکــەی تاڵەبانییــەوە تــۆخ بووەتــەوە، نیگەرانــی و وەسوەســەی بەهێــزی لــە نێــو دانیشــتواندا دروســت کــردووە. کاتێــك مـرۆڤ گفتوگۆیـەك لەگـەڵ هاووڵاتـی یـان پێشـمەرگەیەکدا دەکات، ئەمـە بـە ئاشـکرا

دەردەکەوێــت. جــاش هاوتــای "میلیشــیا"ی ســاڵانی چلــەکان، کەســایەتیەکی هیــچ و پــووچ و زیانبەخــش بــۆ دەوروبەرەکــەی بەرجەســتە دەکات، چونکــە لــە گرووپــە جــەلاد و خوێنڕێژەکانــەوە هاتــوون.

جـاش! دەبێتـە سـووکایەتی بـاڵا، هاوشـێوەی ڤێـت جیانـی ڤێتنامیـی[1]. بـەڵام خەڵـك "جاشـی کـۆن" کـە بـە نەریـت و بەرژەوەنـدی کۆیلایەتییـە لـە "جاشـی سـەردەم" کـە بـۆ خیانەتێکـی ڕاسـتەوخۆ ڕاهـێنراون لـە سـەرکردەکانیانەوە جیـا دەکەنـەوە.

دەســتەواژەی جــاش وەك کارتێکــی قومــاری بەنــرخ حکومــەت لەدەســتی خــۆی شـاردوویەتیەوە: " بـە نانیزامـی" دادەنرێـت، کـە لەلایـەن بنکـە سـەربازییەکانی عێراقـەوە پشـتیوانی دەکرێـت: لـە "کاتـی ئاشـتیدا" هێـرش کـردن دەگرێتـە ئەسـتۆ. ئـەوە ئـەو جاشـانەن کـە هێـرش دەکەنـە سـەر پێگـەی شۆڕشـگێڕەکان کاتێـك سـەربازە ئاسـاییەکان کـە بەهـۆی ئاگربەسـتەوە لـە بنکـە سـەربازیەکانن و ناتوانـن لـە ڕۆژێکـی ڕووناکـدا جموجۆڵــی ســەربازی ئەنجــام بــدەن. ئــەوە ئــەو جاشــانەن کــە بەغــدا نمایشــیان لــە گۆڤارەکانــدا دەکات کاتێــك بیــروڕای گشــتی بــاس لــە دۆزی کــورد دەکات:

— حکومەت بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت: کوردەکانم دڵسۆزن، سەیریان بکە !

لەکاتێکدا، زۆرترینیان ژمارەیان ٦٠٠٠ کەسن.

— ئەوانی تر تەنیا یاخیبووی پەرشوبڵاون:

مشتێکن !

لە ڕاستیدا،دوو ملیۆنن.

(١) "خائیـن لـە ڤێتنـام". ئـەم دەسـتەواژەیە بـۆ ئیدانەکردنـی ئـەو کەسـانە بەکاردێـت کـە لـە ڕێگـەی هەڵوێسـت یـان کردارەکانیانـەوە دژایەتـی سـەرکەوتنی شـەڕی شۆڕشـگێڕی ڤێتنـام دەکـەن.

## سەربازی ناچاری

بەتحا شارۆچکەیەکی بچووکە لە باشووری عێراق دەکەوێتە کەناری فورات کە ماسی و ئاو بۆ باخچە و زەویەکانی دەوروبەری دابین دەکات. لە کەشێکی ئارام دا، بە دەگمەن ڕووداوە ناخۆشەکان دەتوانن ئەو ئارامیەی لێ تێکبدەن.

مەولود کە سەربازێکی ئاسایی داماوە ناتوانێت بە ئارامی بخەوێت لە ژێر بەتانییە تەنکەکەی کە هەموو جەستەی بە شێوەیەکی تەواو لە فێنکایی شێداری شەوێکی کوردستان دانەپۆشیوە. ئەو بیر لە شارەکەی، بەتحا، دەکاتەوە. بیر لە دوکانە بچووکەکەی باوکی و بیر لە دارخورما گەورە و ئەستوورەکان و دایك و خوشکەکانی دەکاتەوە. جیهانی بچووکی ئەو ژیانی تایبەتی کە چیتر هی ئەو نابێت. چونکە بڕیارە بمرێت. ئەو باش دەزانێت دەمرێت. سەربازێکی ئاسایی پلە دووە و دەمرێت و تەرمەکەی لەسەر چیاکان بۆگەن دەبێت. دوور لە خاك و نیشتیمانە گەرمە بیابانییەکەی باشوور و ڕووباری گەورەی فورات دەمرێت.

مردن. بۆچی بمری؟ بۆ کێ ؟ چونکە سەربازە، سەربازێکی ئاسایی پلە دووە کە سریەکەیان پێگە و بارەگای خۆی لە ڕۆژهەڵاتی بەنداوی دوکان دامەزراندووە. هەر دەکوژرێت جا سبەی یان دوو ڕۆژی تر بێت. کاتێک ئەفسەرەکان ڕوویان وەرگێڕا هاوڕێکانی بە چرپە پێی دەیڵێن:

— ئێمە تیا چووین! چوونکە کوردەکان بەهێزترینن !

— چ سوودێکی دەبێت ؟ با بارزانی لە شاخ بمێنێتەوە! من ئەو کەسە نیم دەبێت لەوێ بژیم !

— دەمەوێت لەو شوێنەی لەدایک بووم هەر لەوێ بمرم! من خەڵکی دەشتەکانم، نەك ناوچە شاخاویەکان.

— کوردەکانت بینیوە؟ بچوووك و گەورە و گەنج و پیرەکان، ئێمە تەنانەت لێیشیان تێناگەین! ئەوان بە هەمان زمانی ئێمە قسە ناکەن.

لە نیوەی شەودا، مەولود هێشتا خەوی لێنەکەوتووە. دوای کاتژمێرێك، بەرپرسی ئێشکگری پاسەوانان بۆ گۆڕینی پاسەوانەکە مەولود لە خەو هەڵدەستێنێت. ئەویش

بە جل و زرێی سەربازی و خوودەوە باز دەداتە ناو کونێکەوە کە لە دۆشکەکەوە نزیکە. دەبێت بۆ ماوەی سێ کاتژمێر چاوەڕێ بکات بە مەبەستی پاسەوانی کە نیگەرانی و دەمارگیری و سەرسوڕمان بەهۆی کەمخەوی و ماندوێتی ڕۆژەکە هەموو فشاری بۆ دێنن و ئیتر چیتر نایەوێت بڕوات و بگەڕێتەوە زێدی خۆی.

— بە پێوە بوەستە! خاڵی چاودێری ژمارە ٤ نزیك دارە بچووکەکە. هیچ شتێکت تێبینی نەکردووە... چاو کراوە بە: خەڵکانێك لە سوچەکەوە هەن... کاتژمێرێکە شتەکان دەجووڵێن... بەڵام دڵنیا نیم.....

فەتاح، لەسەر دۆشکەکەیە و پێشتریش هەر لەوێی بووە.

— سڵاو!...

— سڵاو!...

فەتاح پیاوی ناوچەی زۆنگاوەکانە. ئامۆزاکانی لە بەلەمدا لە نێو مێشوولەکاندا دەژین. ئەوان وەحشی و بەربەرین: تەنانەت نوێژیش ناکەن، بە داو ماسی دەگرن و بە ڕوتی دەژین. ژنەکانیان بەبێ هۆکار خۆیان لەشفرۆش دەکەن بەرامبەر ١٠٠ فلس. تەنەنەت شەمەندەفەری ژەنەڕاڵ قاسمیش ئەوانی نەگۆڕی.

شەوەکە پڕ بوو لە دەنگی نائاسایی و سەیر. دەنگی وردە بەردەکان لە ژێر پێڵاوێکەوە دەبتسرێت. لە شوێنێکدا دەنگی تەقەیەکی دووریش دەبیسترێت.

— چی دەکەن لێرە؟

— من دەبێت ئەو پرسیارەت لێدەکەم...

لە کۆتاییدا، خاڵی پاسەوانی بە چۆڵی دەردەکەوێت. لە نێو گژوگیاکەدا سێبەری دوو کەس دەردەکەوێت کە وادەردەکەوێت چەکی کلاشینکۆفیان پێبێت، بە هێواشی دەڕۆن.

دوای بیست خولەك، پێشمەرگەیەك لەناکاو لەبەردەمیان وەستایەوە.

— سڵاو!...

— سڵاو!...

مولـود و فەتـاح بـەرەو لێـپسراوی بارەگاکـە بـران کـە دۆشـکە و کەلوپەلەکانیـان لێوەرگیرایـەوە و ئـەو دوو هەڵاتووەیـان نـاردەوە بـۆ پشـتەوە. لـەوێ ئەفسـەرێك لێپرسـینەوەی لەگـەڵ کـردوون.

– باشـە ئێسـتا ئێـوە بژاردەیەکتـان هەیـە: دەتوانیـن بتانێریـن بـۆ ماڵـەوە و بگەڕێنـەوە نێـو مـاڵ و خێزانـی خۆتـان، یـان دەتوانـن لێـرە بمێننـەوە، لـە کەتیبـەی نەقیـب کەمالـدا. ئێـوە تەنیـا نابـن!...

مەولـود کـە گوێـی لـە ڕادیـۆی کـوردی و پەخشـی بەرنامـەی عەرەبـی لـە ئەڵمانیـای ڕۆژهەڵاتـەوە بـوو، داوای مانـەوەی کـرد. فەتـاح دوای بڕینـی ڕێگایەکـی دوور و درێـژ کـە بـە دەسـتی قاچاخچییـەکان سـپێردرابوو، گەڕایـەوە گوندەکـەی خـۆی.

لـە سـاڵی ١٩٦٥، ١٥٠٠ سـەرباز ڕیزەکانـی سـوپای عێراقیـان بەجێهێشـت و هەڵاتـن. ١٥٠٠ هەڵاتـووی عـەرەب کـە لـە شـەودا هەڵهاتـن و گەیشـتنە بـارەگا سـەربازییە کوردییـەکان، کـە بیسـت خولـەك بـە پـێ دووربـوو! ٢٠٪یـان بڕیاریـان دا بمێننـەوە و لـە لیـوای عەرەبـی شۆڕشـدا بجەنگـن لـە سریەیـەك کـە نزیکـەی بیسـت ئەفسـەری عەرەبـدا هەبـوون. ئەوانـی تریـش لـە ڕێگـەی تـۆڕە نهێنییەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە ڕەوانـەی شـارو شـارۆچکەی خۆیـان دەکرێنـەوە.

## جەستە ڕووت و مردووەکان

"هەرچەندە زیاتر بیر لە جەنگ بکەمەوە، کەمتر دەوێرم ئاواتەخوازی کۆتایی هاتنی شەڕەکە بخوازم."

ئەمە وتەی نووسەری گەورەی فەڕەنسی ئاناتۆل فرانسە.

ناوەندە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکان بە توندی کاریگەری ئەو زیانانەی لەسەر بوو کە سوپای دەوڵەت تووشی بوو. بە درێژایی شەش ساڵە هەر هەڵمەت و هێرشێك بەغدا ئەنجامی دەدات بە شکستێکی خوێناوی کۆتایی دێت و سەرسوڕمان و پاشان نیگەرانی و ترس و تۆقین لای خێزانەکان دروست دەکات. گوندە بچووکەکان تا نزیکەی لە ٤٠٪ی دانیشتوانی لە ڕەگەزی نێرەکانیان لەدەستداوە.

لە ڕێوڕەسمی بە خاك سپاردنی ئەو سەربازانەی لە شەڕدا کوژراون، بێهیوایی و ئازار و نارەحەتی خزم و کەسوکاریان بەدی دەکرێت.

ئەمە ڕەفتارێکی تایبەتە کە وا دەکات بتوانرێت حساب بۆ ئەو گرنگییە بکرێت کە مردنی جەنگاوەر لە چاوی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییەدا هەیەتی، یان دەتوانێت جەنگاوەرە پاڵەوانەکانی گەورە بکات و مردنیان بە قوربانیدان و شەهیدی باڵا بزانێت، یان ئینکاری بەهاکەی بکات و بیکاتە جێی مشتومڕ و ناڕەزایی.

١٠٢ کیلۆمەتر لە باشووری بەغدا، کەربەلا کە شاری پیرۆزی شیعەکانە، بە شاری ئازار و گریان ناسراوە. لە کەربەلا خەڵك سەربازە کوژراوەکانیان دەشۆن و دەیانهێننە گۆڕستان بۆ بە خاك سپاردنیان. شەڕ کەربەلای کردووە بە شارێکی قەدەغەکراو بۆ بێگانەکان: هیچ شایەتحاڵێك نییە بتوانێت لە دوورەوە تەماشای ئەو دیمەنە جەرگبڕانە بکات و بەرگەبگرێت، کە هەموویان جلوبەرگیان یەکپۆش و خوێناوی و دڕاون، هات و هاوار لە تەنیشت ئەو حەوزانە بەرز دەبێتەوە کە ژنەکان شین و ماتەم دەگێڕن لە کاتی شۆردنی کوژراوەکان.

ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکانی سوپا کە لە جۆری زیلی سەربازی بوون، تەرخان کرابوون بە گوستنەوەی تەرم، مردووەکان دادەبەزێنرێن و دەخرێنە سەر زەوی و ڕوت دەکرێنەوە، پاشان لەلایەن خێزانەکانەوە دەبرێن بۆ مەراسیمەکە. خەڵکەکە لە

نێوان جەستە ئاوساوەکاندا دێن و دەڕۆن، کە تەرمەکان بەهۆی گەرما و گواستنەوەوە ناناسرێنەوە. بۆنی ئەو کۆمەڵە تەرمە بێشوماره دەچێتە کەلەی سەرەوە، بەڵام زوو لەبیر دەکرێت، نارەحەتی هەزاران بەم شێوەیەیە. ژنەکان هاوار دەکەن، قژیان دەڕنن و دەردەهێنن، جنێو دەدەن:

— ئەم حکومەتە پیسە نەفرەتیە تەنیا شیعە دەنێرێت بۆ شەڕکردن لە باکوور!

نەفرەتکردنەکە بە یەك دەنگ لەلایەن دایك و خوشك و ژنی کوژراوەکانەوە دووبارە دەکرێتەوە:

— ئەوان دەیانەوێت هەموو شیعەکان بکوژێن...

— ئەم حکومەتە ماڵ و منداڵی شیعە لەناودەبات...

کەرەستەی خاوی سوپا بەڕاستی سەربازە. سەربازیش واتا گەل و خەڵك. بەڵام گەلی عێراقیش لە بنەڕەتدا زۆرینە سەر بە مەزهەبی شیعەن.

لە ساڵی ١٩٦٥ موحسین ئەلحەکیم سەرکردەی شیعەکان چووە بەغدا بۆ دیداری مارشاڵ عەبدولسەلام عارف. ئەو ڕێوشوێنی خۆپارێزی توندی گرتبووەبەر کە لەلایەن جەماوەرێکی ئایینی شمشێر و تفەنگ یان دار بە دەست دەورەیان دابوو، کە زۆری نەخایاند ناوچەی کۆشکی سەرۆکایەتیان گەمارۆدا.

توندوتیژیی چاوپێکەوتنەکە دەگاتە لوتکەی بێ سەروبەری و شڵەژان.

موحسین ئەلحەکیم سەرەتا داوای ڕێزگرتن لەمافی یەکسانی کرد:

— من داوای یەکسانی دەکەم، وەك لە سەردەمی ژەنەڕاڵ قاسمدا، چونکە ئێوە شیعە زیاتر لەوانی تر دەنێرین بۆ باکوور!

عارف کە پێشوازی لە میوانەکەی کرد لە ژووری پێشوازی وەستابوو، وەڵامی دایەوە:

— ئەمە پەیوەندی بە تۆوە نییە !

— بێئەدەب!... من شێخم!

— گوو بخۆ!

— ئاژەڵ!... گەمژە!...

مارشاڵ عارف، کۆنترۆڵی لە دەستدا و زۆر تووڕە بوو، ڕووبەڕوو سوکایەتی پێکرد و جنێوی پێدا:

— تۆ ئێرانی! فڕێت دەدەمە دەرەوە... بڕۆن...خۆت و سەربازەکانت!

بەڵام لەو کاتەدا پاسەوانەکان بە ڕاکردن دەهاتن، شێخ بەپەنجەیەکی ئاماژەی بۆ پەنجەرەکان کرد:

— ئەگەر یەك کەس یەك پەنجەم لێبدات، هەزاران سەربازی من لەپشت دەرگاکان ئامادەن!

— تۆ بێگانەیت ئێرە وڵاتی تۆ نییە!

دوای مانگێك کوڕی شێخ ئەلحەکیم بە شێوەیەکی نهێنی تیرۆر کرا.

لە کەربەلا لە بەیانی زووەوە ناشتن و بە خاك سپاردن دەست پێدەکات. کاروانی ئۆتۆمبێلەکان یەك بەدوای یەك دا دەڕۆن، لە حەوشەی مزگەوتەوە دەردەچن بۆ گۆڕستان کە تەنیا لە کاتی خۆرئاوابوون دا دەوستێت.

لە نزیك دارەبازەی تەرمی کوڕەکەی، ژنێك دەگریا و دەنووزایەوە:

— خەتای بارزانییە! حکومەت دەبێت کاری زیاتر بکات و بیگرێت و پارچە پارچەی بکات!

ئەوکارمەندەی کە یارمەتی ئافرەتەکەی دەدات وەڵامی دایەوە و وتی:

— ئەی ئافرەت! ئەوە ئێمەین، وەکو حکومەت، کوڕەکانمان دەنێرین بۆ باکوور. کوردەکان، وەك میللەتێك، تەنیا بەرگری لە خۆیان دەکەن.

لە بەغدا، حکومەت دەیویست مردووەکان بە وریایی و بە نهێنییەوە بنێژرێن. چەندین جار داوای دەکرد شتەکان بە میانڕەوی و ئارامیی تێبپەڕن.

ئەوە هات و هاواری ئەو بڵندگۆ کانزاییانە بوو کە خێزانەکان بە کرێیان دەگرت و وەڵامیان پێ دەدایەوە. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکی تەواو، لە گەڕەکە پڕ دانیشتووەکانی کەناری دیجلە، ئەم سیستەمە دەنگییە گاڵتەجاڕ و خراپ ڕێکخراوانە کە هاوار و گریانی خەمخۆری ئەو نەفرەتانەیان دەگواستەوە بۆ دەروازەکانی کۆشکی کۆماریی.

خەڵکی ئاسایی وەك، کاسبکارانی بازاڕ و کارمەندانی میری، پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ بەکرێ وەرگرتنی مایکرۆفۆن و ئامێری بڵندگۆ.

ئایا هەر لەبەر ئەم هۆکارە بوو بۆئەوەی "میانڕەوی و ئارامی" بگەڕێتەوە، زۆرێك لەوانەی لە بەهاری ساڵی ١٩٦٦دا لە داستانی هێندرێن کوژران، تەرمەکانیان نەگەڕێندرانەوە بۆ خێزانەکانیان، بەڵکو لەلایەن یەکە خزمەتگوزارییەکانی سوپاوە نێژران؟

لە بەهاری ساڵی ١٩٦٦، فڕۆکەیەکی جەنگی ڕووسی لە جۆری ئیلووشین لەلایەن کوردەکانەوە خرایە خوارەوە. فڕۆکەکە لە ئەرکی بۆردومانکردن دەگەڕایەوە، بە مەبەستی بۆردومانکردنی بارەگای فەرماندەیی مەکتەب تەنفیزی (کۆمیتەی جێبەجێکاری ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕش) کە لە خوارەوەی دۆڵێکدا بوو، بەڵام نەیپێکا و بە هەڵە پیرە پیاوێکی کوشت کە لە گوندێك لە مزگەوت نوێژی دەکرد. بەهۆی تەقەی دۆشکە، کەوتە ناو لەوەڕگایەکی چۆڵەوە لەوێ گڕیگرت و سووتا. یەکێك لە تایەکانی بەناو چۆڵەوانییەکەدا دەڕۆیشت و لە ڕووبارێکدا کۆتایی بە ڕێڕەوی خۆی هێنا کە تا ئێستاش شوێنەواری لەوێ دەبینرێت.

تیمی فڕۆکەکە پێکهاتبوو لە ئەفسەرێك و دوو لە یاریدەدەرانی و دەستبەجێ گیانیان لە دەستدا و لەناو فڕۆکەکەدا سووتان. حکومەت داوای تەرمەکانی کرد. بەڵام فەرماندەیی کورد ڕەتی کردەوە. مامی ئەفسەرە گەنجەکە کە عەرەبێکی خەڵکی مووسڵ بوو خۆی بە بارەگاکانی شۆڕش ناساند. متمانەی ئەوانی بەدەستهێنا و ڕێگەی پێدرا تێپەڕێت بۆ ئەوەی بتوانێت پاشماوەی تەرمی سووتاوی برازاکەی وەربگرێتەوە.

لە میانەی ئەم ڕووداوە دوو پرەنسیپ کە لە هەردوو لاوە بەدی دەکرێت: لە لایەنی کوردییەوە ئەوەی بە حکومەت نادرێت، بە دانیشتوان دەدرێت، ئەمە ئەوە دەردەخات کە لەو بارودۆخەدا حکومەت ماف و خزمەتگوزاری و سەرچاوەی پێویستیان دابین نەکردووە، کۆمەڵگەی کوردی زۆرجار دەستپێشخەری کردووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە. ئەمە لەوانەیە دامەزراندنی سیستەمی حوکمڕانی خۆجێی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، یان پێکهاتەی پاڵپشتی کۆمەڵگە بگرێتەوە

بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو پێداویسـتییانەی حکومەتـی ناوەنـد جێبەجێـی نـاکات. لـە لایەنـی عەرەبیـەوە ئـەوەی حکومـەت ناتوانێـت بیـدات لەلایـەن شۆڕشـگێڕانەوە پێـی دەبەخشرێـت. ئەمـە ئامـاژە بـەوە دەکات کـە چـۆن لـە کاتـی قەیـران یـان نەبوونـی کاریگـەری حکومەتـدا، بزووتنـەوە شۆڕشـگێڕییەکان یـان گروپەکانـی ئۆپۆزسـیۆن دەتوانـن دەسـتێوەردان بکـەن بـۆ پێشکەشـکردنی چارەسـەر یـان بەدیـل بـۆ ئـەو کێشـانەی کـە حکومـەت لـە چارەسـەرکردندا شکسـت دەهێنێـت.

ئـەم ڕەفتارانـە گرنگـن. حکومـەت بـە شـێوەیەکی زۆر فەرمـی ڕێوڕەسـمی ئاهەنگـی مـردووەکان دەگێڕێـت، ئەمـەش هۆکارێکـی پێدەبەخشـێت بـۆ ئـەوەی پاسـاو بـۆ خـۆی بهێنێتـەوە. لـە لایەکـی تـرەوە ئـەو کەسـانەی موڵـك و ماڵیـان زەوت کـراوە و کەلوپەلەکانیـان لەدەسـت داوە، بێجگـە لـە تەرمـی ئازیزانیـان هیچـی تـر وەرناگرنـەوە. پرسـەکە بەکاردەهێنێـت بـۆ نیشـاندانی دۆزی ڕەوای کـورد.

## هەواڵی ناڕاست و پڕۆپاگەندە

شـەڕ کۆتایـی بـە پڕۆپاگەنـدەی خـۆی دێنێـت بـە دروسـتکردنی مۆزەخانەیەکـی ئەفسـانەیی کـە دوژمـن جێگـەی خـۆی تێدا دەگرێتـەوە. چونکـە گرنگـە "ئـەوی تـر" واتـا – دوژمـن – نەتوانێـت بـە هیـچ شـێوەیەك لـە مـن بچێـت. گرنگـە ئـەوی تـر لـە دۆخێکـدا کـورت بکرێتـەوە کـە مـن هیـچ هاوبەشـییەکم لەگەڵـدا نەبێـت، یـان هیـچ خاڵێکـی لێکچـووم لەگەڵـدا نەبێـت. ناتوانیـن لـە نێـوان پیاوەکانـدا شـەڕ بکەیـن. ئێمـە تەنیا لەگەڵ شـتەکاندا شـەڕ دەکەیـن. دوژمـن کـە خـۆی خسـتۆتە نـاو ئـەو جلـە مـردووەی پڕۆپاگەنـدە دەیپۆشـێت، چیـتر بەشـداری مرۆڤایەتـی نـاکات کـە دواتـر دەبێـت لێـی ڕزگاری بێـت.

لـە ئەنجامـدا ئـەو دەنگدانەوانـەی، کـە "هەواڵـە بـێ بنەمـاکان"ی سـوپای مەیدانـی و کەمپەکانـی زینـدان دەگوازێتـەوە زیاتـر ئاماژەیـە بـۆ عەقڵیەتێـك نـەك واقیعێـك، زیاتـر باسـی گواسـتەرەوە دەکات، نـەك لەبـارەی بابەتـی باسـوخواس. بۆیـە نوێنەرایەتـی مادەیەکـی هەڵبژێـردراو دەکـەن لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ هەلوێسـتەکاندا.

هەندێـک جـار، ئـەم "هەواڵـە دروسـتکراوانە" بەهـای دروشـمێکیان هەیـە: ئـەوان سـەرچاوەی دروسـتکردنی ڕاسـتەوخۆی پڕۆپاگەنـدەی فەرمیـن: جەمـاوەر پابەنـدە بـە ئەفسـانە دروسـکراوەکانی دەوڵەتـەوە کـە بـەم شـێوەیە دەتوانێـت پاسـاو بـۆ کارەکانـی خـۆی بهێنێتـەوە و دەتوانـێ ئاڕاسـتەی شـەڕانگێزی گروپێـك بـکات، هەروەهـا دەتوانێـت بەرپرسـیارێتی شکسـتەکانی خـۆی بخاتـە ئەسـتۆی ئـەم گـروپ و گروپـە کەمینـەکان.

وا ڕوودەدات مـەودای نێـوان پڕوپاگەندە فەرمی و پڕوپاگەندە باوەکان زۆرە، دووەمیان دژایەتـی یەکەمیـان دەکات وەك ئـەوەی ڕەتـی بکاتـەوە وەك داردەسـت و بووکەڵە سـەیر بکرێـت. خەیـاڵ دەبێتـە جۆرێـك لـە نارەزایەتـی خۆڕسـك، دەبێتـە هـۆی پچڕانـی دوو ئەفسـانە – جەمـاوەری و دەوڵـەت – ئەمـەش نیشـانەی زیندوویەتـی ویژدانەکانـە.

بـۆ خەڵکانێـك کـە پشـتیوانی کۆشـکی کۆمـاری بەغـدان، شۆڕشـگێڕانی کـورد تەنیـا ""پیـاوی بارزانـی"ن، یـان "مەلاییـان"[(١)] پێدەڵێـن. ئـەوان بـە " لـە یاسـا دەرچـوو"

---

(١) زۆر نهێنـی ژمـارە ٢٩٠ ق لـە ٣١ی ئـاب لـە فەرماندەیـی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی باکـوورەوە بـۆ لیواکانـی ناوچـەی قـەرەداغ.

دادەنرێـن واتـا – عصابـە بـە عەرەبـی – کـە لـە ڕووی چـەك و تفاقـەوە بارودۆخیـان خراپـە و بـە چەتـە و ڕێگـر و پیاوکـوژ سـەیر دەکرێـن. ئـەم لـە یاسـا دەرچووانـە بـە شـێوەیەکی سروشـتی لـە باندەکانـدا و هەندێکجـار نەیـار و ناحـەز[1] پێکدێـن. ئەوەنـدە نـاو و ناوتـۆرەی بـاو دژی شـۆڕش هەیـە تـا کۆتایـی زەمـان لەلایـەن نەوەکانـی فەرمانبەرانـی حکومییـەوە دەمێننـەوە.

بـەڵام ئـەم دەستەواژەی "لـە یاسـا دەرچـوو" بـە وەسـفە کۆنەکانـی تـری سـەبارەت بـە کـورد بەهێزتـر دەبێـت. باینـدەر لـە سـاڵی [2] ١٨٨٧دا نووسـیویەتی:کوردە ئەفسـانەییەکە "دڕندە"یـە و تاڵانچییەکـی پیشـەگەرە، "کـە مێگەلـە ئاژەڵەکـی تـەواو دەڕفێنێـت، هەرگیـز جارێکـی دیکـە چـاوت پێیناکەوێتـەوە[3]"، یـان خـوا کـوردی دروسـت کـردووە بـۆ پۆسـتی "پۆلیسـی و کرێـکاری[4]". بەغـدا هەوڵیـدا ئـەم کۆمەڵـە قسـە کۆنـە وتراوانـە دەربـارەی کـورد بـۆ پشـتیوانی لـە پڕۆپاگەندەکانـی کەڵـك وەربگرێـت. زۆر بەخێرایـی هەوڵەکانـی بـۆ بێبەهاکردنـی کـورد لەبارچـوون بێهـوودە بـوون.

سـاڵی ١٩٤٧ کۆمـاری کـوردی کوردسـتان لەمەهابـاد لەلایـەن هێـزە ئیمپراتۆرییەکانـی شـای ئێرانـەوە هەرەسـیهێنا. ژەنـەڕاڵ بارزانـی کـە لـە چنگـی هاوپەیمانـی تورکیا-عێـراق-ئێرانـدا گیـرۆدە ببـوو، ڕێگایـەك بـەرەو یەکێتـی سـۆڤیەت دەدۆزێتـەوە کـە دوانـزە سـاڵ لـەوێ پێشـوازی لێدەکرێـت. بـۆ ئـەم مەبەسـتە، بارزانـی بەیـاوەری نزیکـەی پێنـج سـەد سـەرباز لـە پـاشماوەی سـوپای کۆمارییـەکان بـەرەو باکـووری ڕۆژهـەڵات دەچێـت کـە ناوبانگیـان بـە باشـی بـۆ ئیلهامبەخشـین بـە تیـرۆر دەرکردبـوو:

— خەڵک لە بارەیانەوە دەڵێن: ئەوانە گۆشتی مرۆڤ دەخۆن.

تایبەتمەنـدی لـەم چشـنە و لـەم بارودۆخـەدا چەکێکـی هەڵبژێـردراوی بـۆ

(١) لێدوانـی وەزیـری بەرگـری، ژەنـەڕاڵ شـاکر مەحمـود شـوکری بـۆ ڕۆژنامـەی ئەلجومهوورییـەت، ئۆکتۆبـەری ١٩٦٦.

(٢) پێشتر روونکراوەتەوە.

(٣) ڕاپۆرتـی بازرگانـی لـە بریـکارە دیپلۆماسـی و کونسـوڵگەرییەکانی فەرەنسـا. پاشـکۆی مۆنیتـەری فەرمـی بازرگانـی، ١٢ی ئایـاری ١٨٩٢.

(٤) م.جینیـەر، کونسـوڵی فەرەنسـا لـە بەغـدا لـە سـاڵی ١٨٩١. لاپـەڕە ٥ی ڕاپۆرتەکـە: دۆخـی ئابـووری و بازرگانـی و پیشەسـازی و کشـتوکاڵی پارێـزگای بەغـدا، بەشـی: دانیشـتووان - پیشـەکان.

دەستەبەردەکردن کە ئەم پیاوە ڕاکردووانە دەیانزانی چۆن بەکاریبهێنن. ڕزگاربوویەك دەڵێت: خەڵك دەیانگوت ئێمە گۆشتی مرۆڤ دەخۆین. ئێمە دەمانزانی. هەروەها کاتێك قەرەباڵغی هاتوچۆ لەسەر ڕێگاکە هەبوو و ناچار بووین شەڕ بکەین بۆ ئەوەی تێیدا تێپەڕین، پێش ئەوەی هێرش بکەین، بە دەنگێکی بەرز هاوارمان دەکرد. سەربازە حکومییەکان دەترسان و پێیان باش بوو ڕابکەن یان ڕێگامان بۆ بکەنەوە. لە ئێران جەندرمەکان ڕایانکرد بۆ ئەو گوندانەی دەبوو ئێمە پێیدا تێپەڕین و خەڵکی گوندەکانیان ئاگادار کردەوە: " ئاگادار بن دڕندەی مرۆڤخۆر دێن! "، ئەو کاتە ئەوە بوو ئیتر دەبووە هەڵێ-هات. پیاو و ژن و منداڵ، هەمووان بەبێ ئەوەی یەك چرکەش لەدەست بدەن، برنج و چێشتەکەیان لەسەر ئاگرەکە بەجێ دەهێشت و وازیان لە پەلەوەرە و ئاژەڵەکانیان دەهێنا. بۆ ئێمە چ بەختێکی باش بوو! چونکە هیچ خۆراکێکمان لە جانتاکانماندا نەما بوو، ئیتر چۆڵی ئەم گوندانە دەرفەتی بەدەستهێنانی خواردنیان پێشکەش دەکردین. بیرمان نییە چەند مریشکی برژاومان لەسەر ئاگری دار خواردووە..."

ناوبانگی فۆرمێکی پەرەسەندووی درۆی کۆمەڵایەتییە، زۆرجار بەسوودە بۆ هەردوو لایەن: تاوانبار و قوربانی.

هەروەها ئەو دەنگۆیانەی لە بەغدا لە بارەی شۆڕشی کورد بڵاوبوونەتەوە، ئاماژەن بۆ زیاد نرخاندن لە بەهادان لە بەرژەوەندی ئەو شۆڕشە. ئەو شکستە بەردەوامانەی لەلایەن سەربازانی حکومەتەوە لە نێو خەڵکی ئاساییدا دەورووژێنرا، لێدوانی توندی سەربازانی پیادە بەرامبەر بە ئەفسەر و سیاسەتمەدارە ناسیۆنالیستەکان تا ئەو ئاستە دەڕۆیشتن کە بوێری و ئازایەتی و جەربەزەیی پێشمەرگە گەورەتر بکات.

لە کۆتایی مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٦٥، دوای شەڕی پێنجوین، سەربازێك بە جلوبەرگی سەربازیەوە سواری پاسێکی دوو قاتی ڕەنگ سووری گواستنەوەی گشتی شاری بەغدا بوو. تازە لە دۆزەخی شەڕ دەرچوو بوو، هەست و سۆزی خۆی دەردەبڕێت بە قسەکردن بە دەنگی بەرز بۆ سەرنشینەکان: "سوپاکەمان لەناوچووە !... زۆربەی هەڤاڵەکانم مردوون. من تەنیا یەکێکم لە ڕزگاربووەکان. بۆیە مۆڵەتیان

بـە مـن دا بگەڕێمـەوە. ئەفسـەرەکان درۆیـان کـرد کاتـێ وتیـان کـە تەنیـا شەسـت " بارزانـی" مـاوە. ئێمـە بـە هەمـوو شـتێکەوە هێـرش دەکەیـن: تانك و فڕۆکـە. دواتـر بینیمان هـەزاران بارزانـی هەبـوون. هاوەڵەکانـم کەوتـوون و مـردن. بارهەڵگرەکانمـان دەسـووتێن. بـەڵام ئەفسـەرەکەمان پێـی گوتیـن: شەسـت بـوون، ئێـوە چلتـان کوشـت، تەنیـا بیسـتیان مـاوە. بۆپێشـەوە هێـرش بـەرن ! بـەڵام بارزانییـەکان سـەدان کـەس بـوون! ". پیاوێـك لـە نـاو پاسـەکە دژی وەسـتایەوە و ستایشـی سـوپای کـرد و وتـی سـوپای ئێمـە هەرگیـز ناتوانرێـت شکسـتی پێبهێنرێـت. بـەڵام سـەربازە پیادەکـە وەڵامـی دایـەوە و گاڵتـەی بـە مەدەنییـە بوێرەکـە کـرد.

ئـەم دیالۆگـە بـاو و ئاساییانە لـە باخچـەی کافێـکان و لەسـەر شـەقام و لـە شـوێنە گشـتییەکان دەردەکەوێـت. ئـەم جـۆرە خۆپیشـاندانانە زۆر بـە دڵـی پۆلیـس و جەندرمەکان نیـن کـە دەسـتوەردان دەکـەن:

- ئێوە ئیرادەت و مۆڕاڵ دادەبەزێنن. ئەوەی باسی دەکەیت ڕاست نییە !
- پێـم بڵـێ! ئـەی بندیـوار! ئاشـکرایە کـە تـۆ بەشـداری شـەڕت نەکـردووە! کەواتـە بـڕۆ بـۆ بەرەکانـی پێشـەوە ئـەی تەمبـەڵ!

ئــەو کەســانەی زۆربــەی کات پێدەکەنــن لــە ڕیــزی ئــەم هــاوڕێ ســەربازە ئازایانـەن کـە ناوبەنـاو سـەربازن و کـەمتر و کـەمتر شـەرم لـە گێڕانـەوەی سـەرگەرمییە نەخوازراوەکانیــان دەکــەن.

ئەگـەر کـورد کـوشتن سـەخت بێـت، بەشـێکی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئازایەتییەکـەی، بـەڵام هەندێکیشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ هەندێـك مانـۆڕی شـەیتانی خۆیـەوە:

- مارگرێـت جـۆرج کـە سـەرۆکایەتی یەکەیـەك دەکات کـە لـە سـێ سـەد ژن پێکهاتـووە و دەجەنگێـت. بەڵـێ مـن ئەوانـم بـە چـاوی خـۆم بینـی کـە ڕۆژێـك لەلایـەن ئەوانـەوە هێرشـمان کرایە سـەر.

خاوەنـی پڕۆپاگەنـدەکان پەیوەندی بـە یارمەتییە دەرەکییەکانەوە هەیە. ئەم هەڵوێسـتە تایبـەت نییـە بـەو جەمـاوەرە کە بەم هۆیـەوە بە تـەواوی دڵی خۆیـان بـە خراپەکارییەکانی پڕۆپاگەنـدەی حکومەت یـان ئاماژەکانی چاپەمەنی نێودەوڵەتییەوە دەبەسـتنەوە.

ڕادیۆیـی عێراقـی لـە بڵاوکراوەیـەك ڕایدەگەێنێـت کـە ڕووداوەکانـی باکـوور بەهـۆی بریکارەکانـی ئیمپریالیسـتی و سـۆڤیەتی یـان ئەنگلۆساکسـۆنەوە هەیـە. کـورد لـە بەغـدا تەنیـا نییـە، ئـیتر ئـەوە دەنگـۆ و پڕۆپاگەنـدە نییـە، بەڵکـو ئـەوە واقیـع و ڕاسـتیە:

— بەڵێ، ئێمە زانیاری باوەڕپێکراو و پشتڕاسـتکراومان هەیە: ئەفسـەری ڕووسـی و ئینگلیزی و فەرەنسـی هـەن کە بۆ شۆڕشـی کورد کاردەکەن، ئیسرائیلیـش چەکیان بۆ دەنێرێت.

لـە نـاو ئـەو تۆمەتانـەدا بابەتـی تابـووری پێنجـەم دەبینینـەوە کـە تایبەتـە بـە بریـکارە بیانییـەکان و هێزێکـی بێئەنـدازەن کردەوەکانیـان دەبنـە بەرپرسـیار لە شکسـتەکە.

هەروەهـا شـیوعی بریتیـە لـە "بێگانە"یەکـی هەڵبـژاردە. دێوەزمـەی سـەردەمی مۆدێـرن، ئـەو پیشـەکەی خـۆی دەگرێتـە ئەسـتۆ: ناشریـن و ترسـناکە لـە ڕووخسـاری و مێشـکیدا، ئـەو سـزای ئـەو هەڵەیـە کـە لەلایـەن ئـەو گروپـەوە ئەنجامـدراوە کـە لـە کاتـی گونجـاودا بڕیـاری نـەداوە بڵاوبوونـەوەی بوەسـتێنێت. شـیوعی شـەیتانە: بەرجەسـتەکردنی نموونـەی خراپـە، ئـەو کەسـەی دێـت بـۆ سـزادانی ڕاسـت و دروسـتەکان.

گوندنشینێکی ناوچەی پارێزگای کەرکووک هاوار دەکات:

— چۆن دەتوانین ببین بە شیوعی؟

سـەرۆك عبـدورەحمان عـارف لـە یەکێـك لـە وتارەکانیـدا لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٦٦دا دووبـارەی کـردەوە:

— ئیمپریالیست و شیوعییەکان و زایۆنیستەکان دەیانەوێت عەرەب و کورد لێك جیابکەنەوە.

جاشێکی هەڵگەڕاوە کە دەگەڕێتەوە ناو شۆڕش ڕوونی دەکاتەوە:

— ئەفسـەرەکانمان لەبـارەی شـیعییەکان قسـەیان لەگـەڵ دەکردیـن. پێیـان گوتیـن بارزانـی هاوپەیمانـی شـیوعیەکانە، خـۆی کەسـێکی شـیوعییە، عەرەبـە شـیوعیەکانیش لەگـەڵ بارزانیـن. ڕۆژێکیـان ئەفسـەرە بەرپرسـەکەم ڕۆژنامەیەکـی پیشـاندام: پێـی وتـم: ئـەم وێنەیـە نموونـەی ئـەو کارەیـە کـە شـیوعییەکان دەیکـەن: ئـەو کەسـە لەگـەڵ خوشـکەکەی سـێکس دەکات. ڕاسـت بـوو، لـە وێنەکـەدا شـیوعییەکم بینـی کاری بـەد ڕەوشـتی لەگـەڵ خوشـکەکەی دەکـرد. بـە ڕوونـی بینیـم، دەتوانـم گەواهـی ئـەوە بـدەم: ئـەو کەسـە لـە بارودۆخێکـی... خوشکەکەشـی بـە ڕوتـی بـوو. شـیوعییەکان

هیـچ ئەخـلاق و مۆڕاڵێكیـان نییـە. ئـەوان باوەڕیـان بـە خـودا نییـە... باشـە، مـن وا بیـرم دەكـردەوە. ئێسـتا كـە شـیوعییەكان دەناسـم، دەزانـم ئەمـە هەمـووی درۆیـە.

لـە بەغـدا شـیوعی هاوتایـە لەگـەڵ پێناسـەی مەسـیح كـە فلۆبێـرت لـە فەرهەنگـی بیرۆكـە وەرگیراوەكانـدا كردوویەتـی: "ئـەو لـە هەمـوو شـوێنێكە". ئـەو پەخشـە ڕادیۆییانـەی لـە ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات لەلایـەن پەنابـەرە سیاسییە عێراقییەكانـەوە بەرهەم دەهێنرێـن یارمەتیـدەرن بـۆ بەهێزكردنـی ئـەم بۆچوونـە: بـە شـێوەیەكی سـەرنجڕاكێش و بـاش ئەنجامـدراون، زۆرجـار درێغـی ناكـەن لـە ئامادەكردنـی زنجیرەیـەك هەواڵـی ورد و دروسـت كـە بەهـای خزمەتگـوزاری ڕاگەیاندنـی پێشكەشـكراوی حزبـی شـیوعی عێراقـی نیشـان دەدەن. بچووكتریـن پێشـێلكاری شـیوعییەكان لەلایـەن ئـەم یـان ئـەو ئاغـا و ئـەم یـان ئـەو ئەفسـەری پۆلیسـەوە، بـە وردی تێبینـی دەكرێـت و لـە ڕێگـەی كەناڵـە نهێنییەكانـەوە دەگوازرێتـەوە:

— شیوعییەكان لە سەرانسەری وڵاتدا دزەیان كردووەو بڵاوبوونەتەوە.

خەیـاڵ و قسـەی خەڵـك پێشـمەرگە بـەرز دەكاتـەوە بـە گەورەكردنـی ئـەو فەزیلـەت و خراپەكاریانـەی بۆیـان دەگێڕێتـەوە، كـە بـە شـێوەیەك بەرزیـان دەكەنـەوە بـۆ پلـەی میتامرۆیـی واتـا فریشـتە یـان جنۆكـە. پرۆپاگەنـدەی حكومـەت نكۆڵـی لـە واقیعـی شۆڕشـگێڕانە دەكات و بەڵگەكانـی شكسـت ڕەتدەكاتـەوە.

چەندیـن جـار دەزگا فەرمییەكانـی عێـراق هەواڵـی كۆچـی دوایـی بارزانـی، یـان كوڕەكانییـان ڕاگەیانـد. لـە پاییـزی سـاڵی ١٩٦٦دا بـە گوێـی جیهانیـان دا چرپانـد كـە ژەنەڕاڵـی گـەورە و ڕابـەری كـورد تووشـی نەخۆشـی شـێرپەنجە بـووەوە و سـەرۆك عـارف تەلەفۆنـی بـۆ كـردووە و پزیشـكی تایبەتـی خـۆی بـۆ پێشـنیار كـردووە.

لەمیانــەی پێشــوازی لــە ڕۆژنامەنووســانی گۆڤــاری (Jeune Afrique) لــە ســاڵی ١٩٦٣عەبدولســەلام عــارف پێــی ڕاگەیانــدن كــە پرســی كــورد كۆتایــی هاتــووە و یاخیبــووان ڕاماڵــراون. لـە مانگـی ئابـی سـاڵی ١٩٦٦دا بەیاننامەیەكـی ڕۆژنامەوانـی لـە ڕۆژنامـەی تـاران جۆرناڵـدا بڵاوكرایـەوە: ئـیتر پرسـی كـورد نەمـا و بوونـی نییـە و ئەفســەرە هەڵاتــووەكان گەڕانــەوە ســەربازگە كۆنەكانیــان.

لـە سـاڵی ١٩٦٦دا، هەڵمەتـی بەهـار تەنیـا دوو مانگـی خایانـد: بەرەوپێشـچوونەکەی بەهـۆی شکسـتێکی خوێناوییـەوە وەسـتا. یـەك ڕۆژ بـەس بـوو بـۆ سـوپای شۆڕشـگێڕ بـۆ لەناوبردنـی لیـوای ٤ی دەسـتەبژێر کـە لە ١٢ی ئایـاردا زیاتر لە هەزار کوژراویان جێهێشـت. شکسـتی ئۆپەراسـیۆنەکان، کـە بەهـۆی ئاگربەسـتی ٢٩ی حوزەیرانـەوە سـزادرابوون، بـەس بـوو بـۆ ئـەوەی سـەرۆك عەبـدوڕەحمان عـارف پیرۆزبایـی لـە سـەربازەکان بـکات بەهـۆی کارە درەوشـاوەکان و سـەرکەوتنەکانیانەوە. لەمـەش زیاتـر، ژمارەیەکـی زۆر لـە ئەفسـەران و سـەربازەکان مەدالیـا وەردەگـرن.

ئـەم پرۆسـەی نکۆڵیکردنـە لـە پڕۆپاگەنـدە خـۆی دەبینێتـەوە، هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی ببێتـە هـۆی چەقبەسـتوویی لـە یەکلاکردنـەوەی ململانێکانـدا. هەڵوێسـتی نەرێنـی ڕێگـری لـە هەوڵیکـی چارەسـەرکردن دەکات، بـە پێچەوانـەوە دۆخێکـی شـەڕانگێزی بـەردەوام دەپارێزێـت، کـە توندوتیـژی تاکـە وەڵامـە.

لــە عێراقــدا، کاردانــەوەی جەمــاوەری و خەڵــك کــە زۆرجــار لــە ڕێگــەی چیرۆکــی هەڵبــەستراو یــان بیروبــاوەڕ ســەبارەت بــە شــەڕەوە دەردەبڕدرێــت، دژایەتــی پڕۆپاگەنـدەی فەرمـی دەکات. پێویسـتە چاوەڕێـی ئـەوە بکرێـت کـە ئـەم ئۆپۆزسـیۆنە فۆرمێکــی ڕێکخراوتــر وەربگرێــت بۆئــەوەی بگۆڕێــت بــۆ ململانێیەکــی ڕاســتەقینە و واقیعــی دژی حکومــەت.

دەســتپێکی هۆشــیاری سیاســی لــە گێڕانــەوە جەمــاوەری و باوەکانــدا دەســتی بــە دەرکەوتــن کــردووە، کــە ڕەنگدانــەوەی نیگەرانــی و گومانەکانــی دانیشــتووانە.

## لە دیوی کوردستانەوە ساڵی حەوتەمی شۆڕش

### ڕووخساری جەنگ

خەباتـی شۆڕشـگێڕی پرۆسـەکانی هۆشـیاری کۆمـەڵ خێراتـر دەکات و بەشـداری لـە دیـاری کردنـی پـڕۆژەکان دەکات. لـە ئەنجامـی زنجیرەیـەك ئەزمـوون و هەڵـە و ڕێکخسـتنی بـەردەوام ڕێگاکانـی بـەردەم کۆمەڵەکـە واڵا دەکات.

بـەم میکانیزمـە، پـڕۆژە سـەرەتاییەکە کـە هەندێـک جـار لـە لایەنـە دژبەیەکـەکان پێکهاتـووە، بـە فۆرمێکـی ڕەسـەن بـەدی دێـت کـە پێشـبینیکردنی ئەسـتەمە.

دوای حـەوت سـاڵ لـە یەکـەم شـەڕ و پێکدادانەکانـی پاییـزی ١٩٦١، شۆڕشـی کـورد دەتوانێـت بـە شـێوەیەکی شـەرعی بانگەشـەی پێگەیـشتن و ڕەوابوونـی خـۆی بـکات. بـە لەبـەر چاوگرتنـی ڕابـردوو و داهاتـووی شـۆڕش، دەتوانێـت شـوێنی خـۆی بکاتـەوە لـەو هەلومەرجـە نوێیـەی"ی سـاڵی ١٩٦٤ هاتۆتـە ئـاراوە - سـەردەمی شۆڕشـی ناوخۆیـی عێـراق – کـە توانـای لێـی دەرچوونـی بەبـێ مەترسـی و کێشـە نەبـوو.

بـەڵام پێـش ئـەوەی هـەوڵ بدەیـن لێکۆڵینـەوە لـەم گۆڕانکارییـە شۆڕشـگێڕییە بکەیـن کـە لـە دوو ململانێیـەوە لەدایـک بـووە، ئەوانیـش: شـەڕی ڕزگاریخـوازی و قەیرانـن، بـا ئـەو ڕواڵەتـە گشـتییە پێناسـە بکەیـن کـە تایبەتمەنـدی ڕووبەڕووبوونـەوەی چەکـداری بـووە. سـێ تایبەتمەنـدی سـەرەکی لـێ بەرجەسـتە دەکەیـن:

- زیادەڕەوی لە سەرکوتکردن و سەختی شەڕ.
- شل و شلۆقی و پاوانخوازی هەوڵەکانی سازان و ئاشتەوایی.
- ئـەو ئاسـتەنگە ئابووریانـەی لـە هـەردوو لایەنـەوە هەبـوو، بووەتـە هـۆی سازشـکردنی کاتـی لـە هـەردوولا.

## ئەی خودایە ! جەنگ چەندە جوانە!

حکومەت لە شەڕ کردن لەگەڵ لەشکری شۆڕش بێ توانایە، بۆیە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی شەڕەوە هەوڵی لە ناوبردنی ئیرادەی جەماوەری بۆ بەرخۆدان دا، ئەویش بە وێران کردن و تاڵان کردنی شار و شارۆچکە و ناوچە گوندنشینەکان. زیاتر لە هەزار گوند هێرشیان کرایە سەر و سووتێنران و تاڵان کران. هێزی ئاسمانی تا ئەو جێگایەی بۆردومانی ئەو شار و شارۆچکانەی کرد کە لە ژێر دەستی حکومەتدا بوون و ئاڵای عێراقیان تێدا هەڵکرابوو: ئەمە چارەنووسی شاری قەڵادزێ بوو.

١٥ هەزار هاووڵاتی مەدەنی دەستگیرکراون و ئەشکەنجە دراون و فڕێدراونە زینداکانەوە. ٨٠٠ کارمەندی کوردی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کارەکانیان دەرکران و دوورخرانەوە. ٣٠٠ گوندی ناوچە نەوتییەکان بە زۆر چۆڵکران: عەرەبە بەدەویەکان کە لە باشوورەوە هێنرابوون، جێگەی دانیشتوانە ڕەسەنە کوردەکەیان گرتەوە. ١٠٠ هەزار پەنابەری برسی و بێ ئیمکانیات و بێ ئومێد گەیشتنە سنووری ئێران.

لەناوچوونی ٪٢٠ی ئاژەڵەکان و سووتانی بەروبوومی کشتوکاڵی و گەمارۆی ئابووری و خراپی فرۆشتنی بەرهەمی برنج و تووتن بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان و چەق بەستوویی توانای کڕین، هەموو ئەمانە دۆخێکی ئابوری زۆر خراپیان دروستکرد. بەدخۆراکی یارمەتیدەرێکی باشی پەتا و نەخۆشیە درمەکان بوو کە بە هۆی ئەو ژینگە لەبارەی هەبوو بە ئاسانی گەشەیان کرد. خۆشبەختانە پەتای کۆلێرا لە هاوینی ١٩٦٦دا قوربانییەکی کەمی لێکەوتەوە.

ئاماری ئەنجامی جەنگەکە:

ئاوارەکان: ژمارەیان ٢٠٠ هەزار کەس بوو لە ساڵی ١٩٦٦، زۆرینەیان لە ناوچە نەوتییەکانی کەرکووک و خانەقین و عەین زالە بوون. ٪٧ بۆ ٨ لە ئێران، لەو دیوی خانەقین پێشوازی دەکرێن. ٪١٠ لە ژێر چادر و خێوەت دا دەژین. ئەوەی دەمێنێتەوە بەسەر گوندە ئازادکراوەکاندا دابەش بوون.

| | كوژراوەكان | كەمئەندامان | بریندارەكان | مردووان بە هۆی نەبوونی چارەسەری پزیشكی | حاڵەتە دەستنیشانكراوەكانی نەخۆشی سیل | ڕێژەی مردنی منداڵان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| قوربانی مەدەنی | ٣٠٠٠٠ | ٤٠٪ | ٤٢٠٠٠ | ١٠٪ | ٥٠٠٠ | ٦٠١٢٠ |
| قوربانی سەربازی | ٢٢٠٠ | ٤٢٪ | ٥٠٠٠ | ١٠٪ | | |

ئەمە بۆ دانیشتووانێكی یەك ملیۆن كەسی، كە هاوتایە لەگەڵ ئەو كەسانەی لە ناوچە ئازادكراوەكاندا دەژین.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕێژەی قوربانیانی مەدەنی بەراورد بە قوربانییە سەربازییەكان، دەبینین بۆ هەر پێشمەرگەیەك كە لە شەڕدا كوژراوە، لە بەرامبەردا ١٣ هاووڵاتی مەدەنی لە ژێر بۆمب و ناپاڵم و تۆپ هاوێژ و دۆشكەدا گیانیان لەدەستداوە.

لەم خشتەیەدا، بوون و نەبوونی ستاف و كەلوپەل و پێداویستە پزیشكیەكان ڕوون دەكەینەوە:

| | |
|---|---|
| پزیشكەكان...............٣<br>پزیشكی ڤێتێرنەری........١<br>پەرستاری ڕاهێنراو لە ئەركدا...٤٦ | نەخۆشخانە................................... نییە<br>تاقیگەی شیكاری نەخۆشیەكان .............. نییە<br>هۆڵی نەشتەرگەری............................ نییە<br>ئامێری تیشكی ئێكس رەی.................... نییە<br>ئۆتۆمبێلی فریاكەوتن ............................نییە<br>بەشی بوژانەوە ................................ نییە |

بۆیە كەسێكی بریندار چانسی مانەوەی كەمی هەیە. بە نەقالەیەكی كاتی یان لەسەر پشتی كەرێك دەگوازرێتەوە و دەگاتە ئەو ڕێگایە كە ئۆتۆمبێلێكی جۆری جێپ هەڵیدەگرێت. ئەگەر لە ڕێگادا نەمرێت، پەرستارێك یان یەكێك لە سێ پزیشكەكە برینەكانی بە دژە بەكتریا پاكی دەكاتەوە و گۆشتەكەی دەدورێتەوە، ئەگەر داوی تایبەت بە دروینەوەی برین هەبێت. دژە زیندەییەكان دەگمەنن. دەرمانی بوژانەوەی دڵ هەر دەستناكەوێت و دەرمانی خوێن شلكردنەوە مەگەر بە واسیتە دەست بكەوێت.

ئێـران تاکـە وڵاتـی جیهانـە کـە هـاوکاری قوربانییـەکان ڕەت نەکاتـەوە، ئەوقوربانیانـەی برینەکانیـان سـەختە و سـووتاون لـە نەخۆشـخانەکانی خـۆی قبـوڵ دەکات. تەنیـا یـەك حالـەت نەبێـت: حکومەتـی ئێـران ڕەتیکـردەوە برینـدارە شـیوعییەکان وەربگرێـت. بـەم شـێوەیە ئەفسـەرێکی عەرەبـی شـیوعی بـە نـاوی - ڕیـاز – گەنجێکـی قـژ کاڵ کـە هاوسـەرگیری لەگـەڵ کچـە کوردێـك کـردووە، ئـەو عەرەبـە لـە چیـای کـۆڕەك برینـدار بـووە کـە چاوێکـی لەدەسـتداوە، ناچـار بـووە بـە ڕێگایـەك لـە ڕێـگاکان لـە پاییـزی سـاڵی ١٩٦٥دا بگوازرێتـەوە بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت.

ترسـناکییەکانی جەنـگ پێویسـتیان بـە پێداچوونـەوەی ورد نییـە. تەنیـا چەنـد نموونەیـەك دەهێنینـەوە، هەڵبژاردنـی ئەسـتەمە لـە نێـوان کۆمەڵـە ترسـناکییەك کـە لـە سـاڵی ١٩٦٣دا گەیشـتە لوتکـە بـە دەستبەسـەرداگرتنی دەسـەڵات لەلایـەن بەعسـەکانەوە کـە ئەمریکییـەکان و چینییـەکان گرەویـان لەسـەر دەکـەن: یەکەمیـان بـۆ جەنـگان لـە دژی کۆمۆنیـزم و دووەمیـان بـۆ دژایەتیکردنـی یەکێتـی سـۆڤیەت.

لـە کاتژمێـر ٤ی بەرەبەیانـی ٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٣ شـاری سـلێمانی خەبـەری دەبێتـەوە بـە دەنگـی بڵندگۆکانـی ئۆتۆمبێلـەکان، کـە بـە هەمـوو ئاراسـتەکاندا بەنـاو شـارەکەدا دەڕۆیـشتن و ڕایانگەیانـد: هـەر کەسـێك لـە ماڵەکـەی دەربچێـت دەسـتبەجێ تەقـەی لێدەکرێـت". هـەر زوو دەنگـی تەقـەی چەکـی ئۆتۆماتیکـی و تەقـەی پچـڕ پچـڕ پشـتگیری لـەو ڕاگەیاندنـە کـرد. لەگـەڵ خۆرهەڵاتـن دا شـارەکە بـە تـەواوی گەمـارۆ درا و هەمـوو ڕێگاکانـی داخـرا. تانکـەکان لـە چوارڕێیانەکانـدا شـوێنی خۆیـان گرتبـوو و دەتوانـرا دۆشـکەچی سـەر تانکەکـە ببینرێـت کـە شریتـی گولەکانـی ڕێکدەخسـت.

عەبدولسـەلام عـارف و سـەرکردە بەعسییەکان بە پاڵپشـتی چەنـد ئەفسـەرێك، بڕیاریان دابـوو ئـەو شـوێنەی بـە ناوەندی یاخیبـوون وشۆڕشـی کوردیـان دەزانـی، لەناوبەن.

جێبەجێکردنـی ئەرکـە گـەورەکان بـە سـادق مسـتەفا و بەڕێوەبـەری ئاسـایش حەسـەن زەیـن عابدیـن و نەقیـب جاسـم و پزیشـکی سـەربازی دکتـۆر محەمـەد عەلـی حسـێن سـپێردرا. هەروەهـا یاریدەدەرێکـی سـەربازیش بـۆ تیمەکـە دانـرا کـە نـاوی: عەبـد عەلـوان بـوو. بەهـۆی بێـزاری و فەزیحەکانـەوە، بەشـێك لـە ئەندامانـی حکومـەت ناڕەزایەتیـان دەربـڕی و فەرماندەیەکـی ناوچەکـە ڕەتیکـردەوە گوێڕایەڵـی بـکات. لەلایـەن

دەزگاکانــی ئاسایشــی ســەربازییەوە " کــوژرا".

- بۆ چـی ؟ ئـەوە ئـەو پرسیارە بـوو خەڵکـی مەدەنـی لـە خۆیـان پرسـی، لـە کاتێکـدا سـەربازەکان دەسـتیان کـرد بـە گـەڕان بـە ماڵەکانـدا، دۆڵابەکانیـان بـە حەربـەی تفەنگ دەکـردەوە، دانیشـتووانەکەیان بەدڕندانەتریـن شـێوە ئـازار دەدا و لـە منـداڵ و ژنانیـان دەدا و ئـەو پیاوانەیـان دەسـتگیرکرد کـە توانـای هەڵگرتنی چەکیان هەبـوو. کاتێك ژنەکە جـوان بووایـە، لەبـەردەم مێردەکـەی دەسـتدرێژی دەکرایـە سـەر بـە زۆر دەیـان بـرد.

گـەڕان و پشـکنینەکە بـە شـێوەیەکی سیسـتماتیک بـوو. هـەر ماڵێـك یـان خانووێـك نیشـانەیەکی بـە بۆیـاخ لـە سـەر دەرگاکـە بـۆ دادەنـرا هـەر وەك جانتایـەك کـە لـە گومـرگ تێپەڕدەبێـت نیشـانە دەکرێـت. خەڵکـی خـاوەن ئیمکانیـات و زیـرەك لـە ڕێگـەی کونـی ئـاوەڕۆکان و زێرابـەکان هەڵهاتـن. پێنـج هـەزار کـەس بـردران و لـە گۆڕەپانـی سـەربازگەکەدا وەسـتێنرابوون. لـە نێوانیانـدا، ئێمـە کەسـایەتییە دیـارەکان و نوێنەرانـی کارگێـڕی حکومـەت و بەڕێوەبەرانـی تەندروسـتی و پـەروەردە و کارگـەی بێجگەرەمـان ناسـیەوە و گولـە بـاران کـران.

لەنـاو هـاوار و سـووکایەتی و جنێـو و دڕندەیـی، پیـاوە هەڵـواسراوەکان بـە دیـوارەوە لـە کەشـێکی زۆر ترسـناك کـوژرا بـوون. هەندێکیـان لـە سـەرەمەرگدا بـوون. برینـدارەکان دەیاننالاند یـان لەسـەر زەوی دەخشـین. سـەربازەکان تەرمـی مردووەکانیـان کۆکـردەوە و فڕێیاندایـە نـاو بارهەڵگرەکانـەوە کـە بڕیـار بـوو تەرمەکانیـان لـە چاڵێکـدا فـڕێ بـدەن کـە بـە بولـدۆزەر هەڵکەندرابـوون، چەنـد کیلۆمەترێـك لـە سـەنتەری شـار دوورە. ژمـارەی قوربانییـەکان نزیکـەی ٢٦٧ قوربانـی[١] دەبێـت.

ئـەم ڕۆژە بەبـێ کۆمەڵکـوژی لـە زینـدان کۆتایـی نەدەهـات. ٨٥ زیندانـی سیاسـی لـە زیندانەکانیـان گولەبـاران و لـە سـێدارە دراون بەبـێ دادگایـی کـردن.

لــە کۆرەجەیــن، ئــەوە ئاگــر بــوو گووندنشــین و جوتیارەکانــی بەئــاگا هێنایــەوە. گوندەکانــی دەوروبەریــش تووشــی هەمــان چارەنــووس بــوون. ئەوانــەی توانیــان لــە

(١) گـۆڕە بەکۆمەڵەکـە بووەتـە شـوێنی زیـارەت، ئێسـتا نـاوی "گۆڕسـتانی شـەهیدان" ((مەقبـەرە ئەشـوهەدا")ی پـێ دەڵێـن.

بڵێسـەی ئاگرەکـە ڕزگاریـان بێـت، بـەڵام لـە کاتـی ڕاکـردن کـە دەبـینران تەقەیـان لێکـرا و بـە گولـە کـوژران. کچێکـی تەمـەن دە ساڵان هەوڵیـدا هەڵبێـت. سـەربازەکان بـە ئاسـانی گرتیـان و بـە هـەردوو دەسـتی ڕایـان دەکێشـا و بـە پێیەکانـی بڵندیـان کـرد و فڕێیاندایـە نـاو ئاگرەکـەوە.

گونـدە دوورتـرەکان مەترسییان هەبـوو: پێشـمەرگە دەیتوانـی لـەوێ سـەنگەر بگرێـت و وەڵامـی هێرشـەکان بداتـەوە بەرگـری بکـەن. بۆیـە بـە بـاشتر دەزانـرا بـە هاوەنـی ١٢٠ ملـم هێـرش ئەنجـام بـدەن.

سـلێمانی بـۆ مـاوەی چەندیـن مانـگ تازیـە باربـوو، کـە بـە هیـچ شـێوەیەك ئەمـە لـە ڕووی هەسـت و سـۆزەوە کاریگـەری لـە سـەر دەسـەڵاتداران نەبـوو. لـە ٢٣ و ٢٤ی ئـاداری ١٩٦٦، لـە گەڕانـەوەی لـە دوو ئۆپەراسـیۆنی ناخـۆش لـە پێنجویـن، سـەربازەکان هێرشـیان کـردە سـەر شـارەکە، تەقەیـان لـە ڕێبـواران کـرد، شـەقام و کوچـە و کۆڵانەکانیـان دایـە بـەر دەسـترێژی گولـە. بـەم شـێوەیە ٣٠ هاووڵاتـی مەدەنـی کـوژران.

لـە شـاری کۆیـەش، هێزەکانـی حکومـەت هێرشـێکی هاوشـێوەیان بـۆ سـەر شـارەکە دەسـتپێکرد. لـەوێ خەڵکیـان بـە سـتوونی کارەبـاوە هەڵدەواسـی و بـە خۆشـحاڵییەوە دەسـتدرێژییان دەکـردە سـەریان. لەسـەر گـردی کۆیـەش سـێ شـوانی گەنـج، کـە بـرا بـوون، خەریکـی نـان خـواردن بـوون. سـەربازەکان بـە زیندوویـی گەیشـتنە سـەریان و کۆمەڵکوژیـان کـردن.

ئەفسـەرێك بـە پلـەی عەقیـد تاهیر ئەلشـەکرچی سـەرکردایەتی هـۆزە بەکرێگیـراوەکان "جاشـەکانی"ی کـرد بـۆ تاڵانکردنـی مـاڵ و سـەروەتی هاوئایـن و هاونیشـتیمانی خۆیـان. هـەر ئـەو ئەفسـەرە بـوو کـە فەرمانـی لـە سـێدارەدانی دوانـزە پێشـمەرگە و هاووڵاتـی مەدەنـی کـوردی دەرکـرد کـە تەرمەکانیـان لـە ژێـر دار و پـەردووی چایخانەیەکـی بچـووك لـە چنـارۆك دۆزرایـەوە. ئەفسـەرە چەپەڵەکـە: سـەد و بیسـت ئافرەتـی ناچـار کـرد جلەکانیـان دابکەنـن و بـە یـاوەری پیرەمێردێـك بـە نـاوی حاجـی عەزیـز ڕەوانـەی چیـای هەیبـەت سوڵتانیانی کـرد. لـە کاتێکـدا ئـەو کۆمەڵـە ژنـە ڕووتـە بەسـەر یەکـەم هـەورازی هەیبـەت سـوڵتاندا سـەردەکەون، سـەربازەکان بـە بیانـووی ئـەوەی بـاوك و برایـان لـە ڕیزەکانـی پێشـمەرگەن تەقەیـان لێکـردن.

هەر لەو دەڤەرە دا ٤٩ هەزار سەر ئاژەڵ کۆمەڵکوژ کران. زیاتر لە حەوت هەزار فەردە تووتن سووتا و هەوڵ و ڕەنجی یەک ساڵی کاری کشتوکاڵی و تاکە سەرچاوەی جوتیارانی ناوخۆیی ناوچەکەی لەناوبرد.

ئەم ڕاستیانە تەنیا دڵۆپکن لە دەریا، وردەکاریەکان کە هەموویان پێکەوە ڕاپۆرتێکی ماندووکەری گەورە پێکدەهێنن کە کورد سێ جار بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و ڤاتیکانی ناردووە.

ئەم بێدەنگیە هاوبەشەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڤاتیکان ڕێگەی بە حکومەتی عێراق دا ئەو کارە ئەنجام بدات کە کورد بە "کردەوەی نامرۆڤانەی نوێ" ناوی دەبرد. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٦ لە کاتێکدا سوپای حکومەت لەبەردەم چیای زۆزکدا چەقیبوو و نەیدەتوانی دەست بەسەر چیاکە دا بگرێت، زیلە بارهەڵگرە سەربازییەکان قەڵغانێکی سەیریان دانا بوو بۆ هێڵی پێشەوە. ئەمانە تەنیا بنەماڵەی عەقید عەبدوڕەحمان کاسی و ڕێپێدراو ئیبراهیم ئەفەندی بوون، کە هەردووکیان لە ڕیزەکانی سوپای شۆڕشگێڕدا خزمەتیان دەکرد، هەروەها کەسوکاری پێشمەرگەکان کە بە زۆر کۆکرابوونەوە و وەک قەڵغانێکی پارێزەر لەبەردەم ئۆتۆمبێل و کەسایەتیە حکومیەکان دانران بوون بۆئەوەی بیانپارێزێت لە هێرش و تەقەی کورد. لە نێو ئەو خەڵکە هەژارانەدا، ژنانی نەخۆش و دەیان منداڵ هەبوون کە بەشێکیان تەمەنیان لە دوو ساڵ کەمتر بوو.

دوو مانگ پێشتر و لە ٥ی ئاداری ١٩٦٦، هێزی ئاسمانی گازی ئیفلیجکەری کاتی دروستکراوی سویسرایان لە دژی گوندی ئەسراوی ڕۆژهەڵاتی پێنجوین بەکارهێنابوو: ٢٨ کەپسول لەسەر زەوی دۆزرایەوە. ئەو غازە کاریگەری لەسەر نزیکەی سەد کەس هەبوو کە ئەم نیشانانەیان هەبوو: ڕشانەوە و بێ هێزی لە ڕادەبەدەر و فرمێسك با چاو دا هاتن و خوران و ئاڵۆشی قورگ و بۆرییەکانی هەناسە. بەو هۆیەوە دوو منداڵ گیانیان لەدەستدا. لە ڕۆژانی ١٧ و ٢٥ی ئادار هەمان گازی ژەهراویەکان لە گوندەکانی پیری و بلۆ لە دەڤەری ئاکرێ بەکارهێنران کە ٥٠ کەپسول دەبوو و چوار کەسی کوشت.

لە درێژەدان بە نەریتی عوسمانی لە ڕاگواستنی دانیشتووان، حکومەت لاسایی پلانی بەناو "پشتێنەی عەرەبی"سوریای کردەوە و هەوڵیدا گوندنشینانی کورد لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی کێڵگەی نەوت وەدەربنێت. ڕۆژی ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣،

١٢ هــەزار کــورد فڕێدرانــە ســەر شــەقامەکانی شــاری کەرکــووک، هــاوکات بولــدۆزەری کەتیبــەی ئەندازیــاری ماڵەکانیــان ڕووخانــد و ژنــەکان هەوڵیانــدا هەندێــك کەلوپەلــی ناومــاڵ و جلوبــەرگ لەگــەڵ خۆیــان ببــەن، بــەڵام لەلایــەن ســەربازەکانەوە ڕێگرییــان لێکــرا و ئافرەتــە تــوڕەکان هەوڵیــان دا بــە زۆر بەربەســتەکان ببــڕن، بــەڵام کەوتنــە ژێــر ڕەحمەتــی گولــەی دۆشــکە. پێنــج منداڵ لــە ژێــر ئامێرەکانــی پاککردنــەوەدا گیانیــان لەدەســتدا. ڕزگاربــووان لەنــاو شەســت و پێنــج بارهەڵگــردا کۆکرابوونــەوە کــە بــەرەو ڕێــگای ســلێمانی دەڕۆیشــت. کاروانەکــە کەوتــە بۆســەیەك کــە لەلایــەن پێشــمەرگەی شۆڕشــگێڕەوە دانرابــوو. هێــزی ئاسمانــی دەســتوەردانی کــرد، بــەڵام زۆر درەنــگ بــوو، تەنیــا توانــی ئاگــر لــە ئۆتۆمبێلــە بەتاڵــەکان بەربــدات.

لــە مانگــی نیســانی ســاڵی ١٩٦٥ چەنــد خێزانێکــی کــورد لــە شــارۆچکەی زاخــۆ دەرکران. ســەربازەکان پێــشتر ماڵەکانیــان تــاڵان کردبــوو و جلوبەرگــی خەڵکــی بەدبەختیــان دڕانــد و دزی بــوو. لــە مانگــی ئابــی ســاڵی ١٩٦٥ گونــدەکان لــە دەشــتی ســیمیل، لــە بادینــان ســووتان و دانیشــتوانەکانیان ناچــار بــوون هەڵبێــن. لــە ١٢ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٦٥ نۆرەی ٧٤ گونــدی ناوچــەی تــوس بــوو. لــە ١٧ی تشرینــی یەکــەم تــا ٥ی تشرینــی دووەم ١٠ گونــدی زاخــۆ و بێخێــر و هەریــر ســووتان. ئیبراهیــم فەیســەڵ ئەلئەنســاری سەرپەرشــتی تاڵانکردنــی ناوچــەی ســورداش دەکات و پاشــان گوندنشــین و جوتیــارەکان ڕاوەدوو دەنرێــن بــۆ چیــای پیــرە مەگــرون. ئەمــڕۆ ٣١ی کانوونــی دووەمــی ١٩٦٥ە. گەرمیپێــو - ٢٠° پلــەی گەرمــی نیشــان دەدات لــە شــەودا.

لــە مووســڵ جــاش و کــوردە نیشــتمانپەروەرەکان وەکــو یــەك توشــی بەدبەختــی ماڵوێرانــی بوونــەوە. حکومــەت بڕیــاری دەرکردنــی کــوردی دەرکــرد چ دڵســۆزی بێــت یــان دوژمنــی. حکومەتــی خۆجێیــی ماڵــە کوردەکانــی بــە "کــوخ" ناســاند و وەك ڕێوشــوێنێك بــۆ تەندروســتی گشــتی بڕیــاری وێرانکردنیانــی دا. ئــەم نیگەرانییــە بــۆ پاکوخاوێنــی خــۆی لــە ڕووخاندنــی ماڵــە کــوردەکان بینییــەوە. لــە ١٦ی شــوباتی ســاڵی ١٩٦٦ کۆمەڵێــك ژن و منداڵــی جــل دڕاو و ڕووت گەیشــتنە بــەرەی پێشــەوەی شۆڕشــگێڕەکان. ســەرما بــردوو و بــێ جلوبــەرگ و بــێ خــواردن، دوور لــە مــاڵ و گونــد و کێڵگەکانیــان لــە بەفــری زســتاندا ون ببــوون.

ئەفسـەرەکان خـووی ئەوەیـان هەبـوو منداڵـە جـوان و گوێڕایەڵەکانـی ئـەم خێزانـە کـوردە "ڕاگوێزراوانـە" وەربگـرن بـۆ ئـەوەی وەك خزمەتـکار بەکاریـان بهێنـن.

لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٦٦، دوو هـەزار و ٨٠٠ بنەماڵـەی عەرەبـی بـەدەوی لـە باشـووری عێراقـەوە کـە سـەر بـە هـۆزی شـەمەڕ بـوون لـە ٣٠٠ گونـدی کـوردی لـە ناوچـەی کەرکـووک و شـوان نیشـتەجێ کـرا.

## ئەو منداڵانەی دەسوتێن[١]

شـەڕی دژە شـۆڕش لـە ئامانجەکانیـدا پاراسـتنی دانیشـتوانی مەدەنـی لەخۆدەگرێـت. پرسـیارێکە لـە هێـرش کـردن بـۆ سـەر دوژمـن لـە سـەربازە یەدەگەکانیـدا، کـە بـە بـێ ورە لـە ڕووی مـاددی و دەروونییـەوە لەناوچـوون، ڕەتیدەکەنـەوە بـەردەوام بـن لـە شـەڕەکە. ئـەم بنەمایـە بـە تـەواوی بـە بۆردومانـی سیسـتماتیکی کۆمـاری دیموکراتیکـی ڤێتنامـی باکـوور لەلایـەن فڕۆکەکانـی ئەمریـکاوە دەردەکەوێـت.

بـە تایبەتـی چینـە ناسـکەکانی ئـەو گـروپ و کۆمەڵگایـە منداڵانـن و دەبنـە قوربانـی یەکەمـی جەنگـەکان. جـا هێنـدەی تـر بەرکەوتـوو دەبـن، چونکـە پێکهاتەکانـی ئـەو کۆمەڵگایـە دواکەوتـوون کـە لێـی دەژیـن. لـە ئەگـەری نەبوونـی هەتیوخانـەی دەوڵـەت: ئـەو منداڵـەی دایـك و باوکـی نییـە لەلایـەن کەسـوکاری بـاوك یـان دایـك یـان خێزانێکـی گوندەکـەوە چاودێـری دەکرێـت.

**ئایاری ١٩٦٦.**

**سەروچاوە**

ئـاڵاکان لـە سـەروچاوە بـەو بایـە دەشـەکێنەوە کـە لەچیاکانـەوە دێـن. ئـاڵای مـردووەکان. ڕەنگـی سـەوز و سـپی و سـوور و زەردی زێڕیـن. تەپوتـۆزی دەشـتەکان و بـەردی وشـکی کێڵگەکانـی گەنـم لـە سـەر مردووەکانـی سـەروچاوە کۆکرابوونـەوە. گوندەکـەش چـۆڵ و وشـك و بیابـان ئاسـا: دانیشـتووانەکەی لـە ژێـر کێڵـی مردووەکانـدان.

دوای پەڕینـەوە لـە ڕووبارەکـە، کاتێـك ئۆتۆمبێلـەکان بـە هـۆی خراپـی ڕێگاکـە دەهەژێنـەوە، ئـەوە شـەکانەوەی ئـەو پارچـە قوماشـانەن کـە بـە دارێکـی درێـژەوە لەسـەر گـۆڕەکان چەقێنراون و لـە دوورەوە دەبینرێـن. پاشـان ئۆتۆمبێلـەکان بەجێدەهێڵیـن و بـە پـێ بـەرەو پێشـەوە دەڕۆیـن.

لـە سـەرەتای هەڵمەتـی بەهـاردا، کاتێـك سـەربازانی حکومـەت بەڕێکەوتـن، لـە یەکـەم

(١) ئـەم دەربڕینـە هـی کچێکـی بچووکـی ئەمریکییـە بـە نـاوی باربـارا بەیدلـەر تەمەنـی دوانـزە سـاڵ و خەڵکـی شـاری ڤێـرۆ بیـچ لـە ویلایەتـی فلۆریـدا. باربـارا بەیدلـەر هۆنراوەیەکـی لـە سـەر ئـازار و مەینەتیەکانـی منداڵانـی ڤێتنامیـی ئامـادە کـردووە کە لە گۆڤارێکی کاسـۆلیکی لە ئەمریـکادا بڵاوکرایەوە.

هەنگاوەکانیانـەوە زیانێکـی زۆر و قورسـیان بەرکـەوت. بـەڵام زرێپۆشـەکان لـە دەشـتەکاندا بـاش پێشـڕەوییان دەکـرد، ئەمـەش وایکـرد هەمـوو بەرگرییـەك لەسـەر زەوییەکـی تەخـت و دەشـتایی ئەسـتەم بێـت و پێشـمەرگەکانیش ناچـار بـوون پاشەکشـە بکـەن.

سـەروچاوە لـە سـەرکەپکان دوور نییـە کـە ڕێـگای قیـر پێـدا تێدەپەڕێـت. ئامێـری قورسـی سـەربازی بـە ڕێگاکـە دا دەڕۆیـشتن کـە بـە لیوایەکـی هێرشـبەر پشـتیوانی دەکـرا. لـە دەنگـی بزوێنەرەکانـەوە دانیشـتوانی سـەروچاوە زانییـان دوژمـن پێشـڕەوی دەکات. تەنیـا پیـاوە جوامێـر و بەتواناکان بـە بـێ چـەك لـە بەرگـری و خەبـات بـوون و بۆئـەوەی روحـی ئاشـتیخوازی خۆیـان نیشـان بـدەن.

— بـە پیـرە مەلاکەیـان گـوت خاوەنـی ڕیشـێکی سـپییە: ئەوانیـش وەك ئێمـە مووسـڵمانن و تـۆ بـە رەو پیریـان بـڕۆ بـۆ پێشـوازییان بـا قورئانێکـت بـە کراوەیـی لـە دەسـت بێـت، ژنـەکان و منداڵەکانیـش بـەدوای دا دەڕۆن.

حـەوت ژن منداڵـی بچووکیـان هەبـوو کـە سـینگ و مەمکیـان داپۆشـی بـوو و شـیریان بـە منداڵەکانیـان دەدا و لـە پشـت ئـەو پیـرە پیـاوە ڕۆیـشتن کـە کتێبـە پیرۆزەکـەی بـەرز کردبـۆوە بـۆ ئـەوەی ببینرێـت. پیـرە پیـاو و منـداڵ و ژن بـە گشـتی ٢٣ کـەس بـوون.

سـەربازەکان سـەریان دەرهێنـا و میللـی چەکەکانیـان هێنابوویـەوە و لـە دۆخـی تەقەکردنـدا بـوو، وەڵامـی قسـەکانی بەخێرهاتنـی مەلایـان دایـەوە بـە لولـەی تفەنگیـان بـە تەقـە کـردن لێـی. ژنـەکان هاواریـان دەکـرد بـە جلەکانیانـەوە کـە ئاڵۆزیـی بـۆ دروسـت کردبـوون بەسـەر زەوی بـە دوایانـدا دەخشـی، لـە لایەکـی تـر منداڵەکانیـان دەگریـان و خۆیـان بـە دایکیانـەوە نووسـاند بـوو. دەسـڕێژی تەقـەکان وای کـرد هەموویـان لەنـاو گژوگیـای بەهـاردا ڕاکشـێن.

سـەربازە جـل سـەوزەکان بـەردەوام بـوون و بـە حەرباکانیـان بـەدوای ئاژەڵەکانـدا دەگـەڕان وسـەریان دەبڕیـن و کۆمەڵکوژیـان دەکـردن. ئەفسـەرەکان ڕزگاربووانیـان لـە ماڵەکانـەوە دەردەهێنـا و کۆیاندەکردنـەوە:

— بـە هەمـوو شـێوەیەك قەدەغەیـە ناشـتنی تەرمـی مـردوو پێـش دوو ڕۆژ! سـزای لەسـێدارەدانە!

ئەحمەد لاجان خەریك بوو بمرێت، داوای ئاوی دەکرد. کچەکەی بە قاپێك ئاوی ساردەوە بەرەو باوکی چوو. سەربازێك هێرشی کردە سەری و کوشتی. مزگەوتەکە ئاگری لێ هەڵدەستا، برینەدارەکان هەموو فڕێدرانە ئەوێ. پیرە پیاوێك لە تەرمی کوڕەکەی نزیك بووەوە ویستی بینێژێت کە لەگەڵ ئەوانی تردا لەوێ کەوت بوو. بەڵام دەسڕێژی گولەیان لێکرد و کەوتە سەر زەوی.

ڕۆژی ٢٥ی ئایاری ١٩٦٦ بوو، سەربازەکان کە سەر بە لیوای٢٠ی کۆماری عێراق بوون. گامین مێسباك فەرماندەیی دەکرد[1].

دوای دوو ڕۆژ، کاتێك پێشمەرگە ئاگادارکرایەوە، گەیشتنە شوێنەکە و حەفتا و سێ تەرمییان دۆزیەوە کە شانزەیان ئافرەت بوو. دایکەکان هێشتا کۆرپەکانیان لە باوەشیان بوو و بە سنگی خۆیانیان لکاند بوو. منداڵێك وەك بڵێیت نەیدەویست بمرێت، لەسەر سنگی دایکی خەوتبوو.

ترسی گەورەی خەڵکی مەدەنی لە ئاسمانەوە بوو. کاتێك فڕۆکەکان جێگەی شەیتانییان گرتۆتەوە و وەك ئامێرێکی درەوشاوە لە کاتی فڕینیدا دەنگی ئاگادارکەرەوە دەنێرێت و بە توندی بۆمب و ئاگر وەك باران دەبارێنێتە سەر گوندەکان.

کاتێك داوایەك لە منداڵانی تەمەن ٧ بۆ ١٢ ساڵان دەکەیت: "شتێکم لەسەر ئەم پەڕە کاغەزە بۆ بکێشە کە شۆڕشم بۆ ڕوون بکاتەوە"، هەمان دیمەنم لە هەموو ئەو منداڵانە دەستکەوت و تێبینیم کرد کە لە ناوچەکانی دوور لە بەرەی پێشەوەی جەنگ دەژین و هیچ پەیوەندییەکی جەستەییان لەگەڵ سەربازانی حکومەت دا نەبووە:

— وێنەکە فڕۆکەیەکە بۆردومانی ماڵەکان دەکات.

بە لێهاتووییەکی کەم تا زۆر لە وێنە کێشان، هەندێکجار بەبێ هیچ لێکچوونێك فڕۆکەکە وەك ئامێرێك نیشان دەدرێت کە بەسەر ماڵانەکان دا دەفڕێت و بڵێسەی ئاگر و دووکەڵیان لێ بەرزدەبێتەوە. لە هەندێ نیگاری تردا فڕۆکەکە وا دەردەکەوێت

(١) لە هەمان ڕۆژدا حەفتا و سێ مەدەنی لە کەفەردۆغ هاجی و لۆدا و شەقڵاوە و میراوە و تیرشاوە و گردی تلێ لە هەلومەرجێکی هاوشێوەدا کۆمەڵکوژ کران.

کـە بۆردومـان دەکات: دوو لولـەی درێـژ لـە لوتیـەوە بـە ئاراسـتەی مرۆڤـەکان و ئاژەڵـەکان یـان ماڵـەکان دێنـە دەرەوە. هەندێـك جاریـش وێنـەی فڕۆکەکـە وا کێشراوە کـە ئاڕاسـتەی بـەرەو مرۆڤەکانـە، وەك ئـەوەی فیشـەکەکانیان توانـای ئەوەیـان هەبێـت تـا قووڵایـی پەناگـەی خۆیـان بەدوایانـدا بگەڕێـن و بیـان پێکێـن.

چەنـد کیلۆمەترێـک لـە باکـووری گونـدی قەمچوغـە بـوو کـە یاسـمینەی تەمـەن ١٤ سـاڵ لـە کاتـی بۆردومانێکـدا سـووتا.

یوسـفی بچـووك دەسـتی کـرد بـە هاوارکـردن. یاسـمینە ئەوکاتـەی زانـی جارێکـی تـر شـێوە ترسـناك و زەنگـی فڕۆکەکـە دەبینێتـەوە کـە لـە باشـوورەوە دێـت. یوسـفی بچـووك لەسـەر خـۆڵ و خاشـاکەکەی هەیوانەکـە دەخزێـت و هاوارەکانـی سـەرنجی دایکـی ڕاکێشـا کـە لـە دەرگای حەوشـەکە وەسـتا بـوو و سـەیری کوڕەکـەی نەکـرد، بەڵکـو یەکسـەر سـەیری ئاسمانـی کـرد بـە ئاڕاسـتەی کەرکـووک. هەروەهـا دایکەکـە دەیزانـی ئەمـە فڕۆکـەی جەنگـی مێگـە دیسـان دەرکەوتـەوە، کـە ڕاوچییەکـی ئـازاد بـە شـێوەیەکی هەڕەمەکـی ئامانجەکانـی هەڵدەبـژارد.

یوسـف لـە دوورەوە گوێـی لەدەنگـی بـەرزی لەرینـەوەی بزوێنەرەکانـی فڕۆکەکـە بـوو و بەرگـەی ئەوانـی نەگـرت و لـە ئەنجامـی تـرس و دڵەڕاوکێـی زۆرەوە توشـی وڕێنـە وسـەر لێشـێواوی ببـوو.

یاسـمینە براکـەی لـە بـاوەش گـرت، ١٤ سـاڵەکانی تەمەنـی جەسـتەیەکی گەنـج و باریکـی مێینـە و پێسـتێکی منداڵانـەی بـە یاسـەمین دەبەخشـێت. بـەڵام سـکی برسـی گۆشـت و نـان وشـیرینی و شـەکر بـوو، چونکـە تەنیـا لەزەماوەنـد و ئاهەنگەکانـی هاوسـەرگیریدا خواردنـی بـاش دەخورێـت، پاشـان بـۆ چەندیـن کاتژمێـر سـەما دەکرێـت و جەسـتەی هاوبەشـەکەت شانبەشـانی جەسـتەی خـۆت گـەرم دەبێتـەوە، دەسـت لـە نـاو دەسـتدا، پەنجەکانـت لـە پەنجەکانـی هاوسـەری داهاتـووت ئـاڵاون. یاسـمینە لـە تەمەنـی ١٤ سـاڵیدا خەونـی خواردنـی جـەژن و بۆنـە و خۆشەویسـتی دەبینێـت.

فڕۆکەکـە لـە ژێـر باڵەکانیـدا تانکـی سـووتەمەنی درێـژی هەیـە. موهەنـەد فڕۆکەوانێکە بـە پلـەی ملازمـی یـەك و کاتێـك بـە مەشـق و ڕاهێنـان لـە یەکێتـی سـۆڤیەت بـوو جووتێـك پـێڵاو و دەستکێشـی نەرمـی هێنابـوو لەگـەڵ خـۆی کـە بەهۆیـەوە هاوڕێکانـی

لـە بنکـەی سـەربازی مووسـڵ سەرسـام کـرد. ئـەو بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە بەبـێ ئـەم ئیکسسـواراتانە ناتوانێـت فڕۆکەوانـی بـکات و بفڕێـت. لـە دەفتەرێکـی بچووکـدا کـە هەمـوو کاتێـك لەگـەڵ خۆیـدا هەڵیدەگرێـت و هەمـوو بیرۆکـە و هەسـتەکانی خـۆی تۆمـار دەکات. ئـەو حـەز دەکات بـە تەنیـا فڕۆکەوانـی بـکات. فەرمانـدەی گشـتی یـەك بـە یـەك ڕاهێنـان بـە فڕۆکـەکان دەکات.

ملازم موهەنـەد لـە سـەر فڕۆکـەی جـۆری MB4 دانیشـتووە و بیردەکاتـەوە ئنجـا دەڵێـت: چـۆن مـرۆڤ شـیوعی بێـت. شـیوعی بـوون و ژیان لەگـەڵ ئەم کـوردە بێمێشـکانە کـە تەنیـا برنـج دەخـۆن وەك ڤیێتکۆنگـەکان[1]، چـای زۆر ڕەش خەسـت دەخۆنـەوە وەکـو مـەی ڕێوڕەسـمی مێـس کاثۆلیکـەکان! فڕۆکـەی MB4 زۆر بەهێـز و تونـد و تۆڵـە و تەنیـا تفەنگـی کۆنـی گوندنشـینەکانی تێدایـە.

ملازم موهەنـەد وەرزشـوانێکی کەشـخەیە: ناتوانێـت بـەم شـێوەیە بیربکاتـەوە کـە هێـرش بکرێتـە سـەر گوندێـك بـێ پلانـی پێـش وەختـە و خەمسـاردی: لـە بەرزایـی بـەرز و هەڵبژاردنـی هەڕەمەکـی و تووڕەیـی و شـێتانە. بـە پێچەوانـەوە واباشـە و پێویستیشـە پێشـوەختە ئامانجەکـە دیـاری بکرێـت و بەپێـی نەخشـەکە لـە بەرزاییـە نزمەکانـدا نیشـانە بکرێـت. ڕەنگـە ئەمـە قـورس بێـت. بـە دڵنیاییـەوە قورسـە. ئەمـە پرسـێکە جێـی شـانازی و ویژدانـی پیشـەگەراییە. لـە واقیعـدا کـەم فڕۆکـەوان هەیـە وەك ملازم موهەنـەد بێـت. لـەم بۆمبـاران کردنـە ڕۆتینیانـەی باکووردا مەترسـییەکی زۆر هەیـە کـە نابێـت بـە ئاسـانی وەربگیرێـن. هونـەر یـان پیشـە دەتوانێـت وەکـو نازێـك نـەرم بێـت کـە وەریدەگریـن بەبـێ ئـەوەی بیگەڕێنینـەوە بـۆ بەرامبـەر، لـە کاتێکـدا دەبێـت هـەوڵ و ماندووبوونێکـی زیاتـر بـۆ کامڵبـوون سـەرف بکەیـن بەرامبـەر سـوودەکانی ئـەو ئامێـرە سەرسـوڕهێنەرە کـە فڕۆکـەی جـۆری مێگـە.

ئـەو ڕاهێنـەرە بەریتانیانـەی ڕاهێنـان بـە دەسـتەی فڕۆکەوانـی فڕۆکـەی جـۆری هانتـەر هۆکـەر دەکـەن ڕێگـەی ئەوەمـان دەدەن چەنـد تێبینییـەك ئامـاژە پـێ بکەیـن.

(١) زاراوەی ڤیێتکۆنـگ بـە شـێوەیەکی سـووکایەتیپێکردن ئاماژەیـە بـۆ هێـزە چەکـدارە کۆمۆنیسـتەکانی بـەرەی نیشـتمانی بـۆ ڕزگارکردنـی ڤێتنامـی باشـوور، کـە لەلایـەن یەکێتـی سـۆڤیەت و چینەوە هـاوکاری دەکـران، لـە کاتـی جەنگـی ڤێتنامـدا دژی کۆمـاری ڤێتنـام و ئەمریـکا شـەڕیان کـردووە.

لـە گەڵاڵـە، ئەوەمـان بینـی فڕۆکەوانێـك حـەوت هەوڵـی خـۆ کۆنتـڕۆڵ کـردن دەدات پێـش ئـەوەی لـە سـەگێکی بەدبەختـی ترسـاو لەسـەر ڕێگاکـە بـدات!

— بیهێنە بەرچاوت موشەکەکانی زەوی- ئاسمان لەبەردەمتدایە!

بەریتانییەك بە چرپە بە گوێی ئەفسەرێکی باڵا گوتی:

— چاوەڕوانـی سـێ نـەوەی تـر بـن تـا فڕۆکەوانـی لێهاتـوو و بـاش هەبێـت. بابەتەکـە پرسـی ڕاهێنـان نییـە لـە سـەربازگەکان، بەڵکـو پرسـی ئـاوەڕۆی شـارەکانە.

بـە خێرایـی ٧٠٠ میـل لـە کاتژمێرێکـدا، ئێمـە بـە قسـە بیـر ناکەینـەوە، بەڵکـو بـە کـردەوە بیردەکەینـەوە. هەمـوو ئەمانـە ئەوەیـە کـە ملازم موهەنـەد هەسـتی پێـدەکات. لـە ئـەودا، وێنـەکان قسـە دەکـەن نـەك وشـەکان، لـە دروشـمی میکانیکیـدا یادگـە و بیرکردنـەوە قسـە دەکات: شـوێنی هێرشـەکە بـدۆزەرەوە و دیـاری بکـە... ئامانـج ١٥٠٠ مەتـر... ٧ چرکـە و تۆزێـك... لێـوار و لێژایـی و ڕووبـار و تووڕەیـی... ئـەو هێـواش هێـواش هـەردوو پەنجـەی گـەورەی لەسـەر دوگمـەکان دادەنێـت.

— ٧... ٦... ٥... ٤...

لـە ماڵەکـەی یوسـف دا، یوسـف خەریکـە دەخنکێـت چونکـە دایکـی دەسـتی لـە سـەر دەمـی دانـاوە. ژنـەکان ترسـیان لێنیشـتووە و دەقیژێنـن و چاوەکانیـان لـە ترسـان هەڵتۆقیـون، هـاواری خـوا و فریشـتەکان و پێغەمبـەران دەکـەن. یاسـمینە لـە شـوێنی خـۆی سـام گرتـی ببـوو و زۆر تـووڕە و لـە ترسـا هەڵدەلـەرزی. سـنگی ئـازاری پێگەیشـت بـوو، چونکـە زۆر بـە توندی خـۆی بـە دیوارەکـەوە نوسـاند بـوو بـۆ ئـەوەی خـۆی لـە لەرزیـن بپارێزێـت و دوبـارە هەناسـەی دایـەوە...

— تەواو کۆتایی هات، بگرە...

دەنگی بەرزی بزوێنەرەکانی فڕۆکەکە.

— موهەنـەد هـاوار دەکات: زۆر تـەواوە! پەنجەکانـی لەسـەر هـەر دوو دوگمـە ڕەشـە پلاسـتیکەکە توونـد دەگرێـت...

هـەر ئێسـتا فڕۆکەوانـە گەنجەکـە دەسـت دەکات بـە سـوڕانەوە و بـەرەو لای ڕاسـت لار دەبێتـەوە بـۆ ئـەوەی هەڵبێـت.

– دایە!... دایە!... بۆ خاتری خوا!...

وا دیـار بـوو یاسـمینە دەیویسـت بـەرەو دەرگای تەختـە تەنکەکـە ڕابـکات، وەك ئـەوەی بیـەوێ دەرگاکـە دابخـات و ئـەو کـون و کەلەبەرانـەی لـە دیـوار هەیـە بیانگرێـت بـۆ ئـەوەی لـە سـووتانی فڕۆکەکـە بیپارێزێـت. جەسـتەیەکی ناسـك، ڕووبەڕووی ئاگرەکـە دەبێتـەوە کـە لـە دەروازەکـەوە شـاڵاو دەهێنێـت، قۆڵێکـی بەسـەر دەموچاویـدا داداوە، دەسـتەکەی تـری بـەرەو بەربەسـتی دەرگاکـە درێژکـردووە بـۆ بەرپەرچدانـەوەی ئـەو بڵێسـە ئاگـرە سـوور و زەردانـەی کـە وەك مـار ئاڵقەکانـی بـەرەو پێیەکانـی کچەکـە هەڵـدەدەن و چڕنـووك لـە نێوچـاوان و ڕوومەتەکانـی دەدەن و چنـگ لـە قـژی دەدەن و دەریدەهێنــن، جلەکانــی لەبــەر دادەکەنــن و خۆڵەمێشــەکەی لەگــەڵ گۆشــتەکەیدا تێکـەڵ دەبێـت. بـەڵام ئـەو دەسـتەی بـە چاوەکانییـەوە بـوو پارێزگاریـان کـرد لـەوەی چاوەکانــی بســووتێت.

دکتـۆر حیکمـەت پلازمـای نییـە. خـوێ و شـەکر و ئـاوی کانیـاو، ئایـا ئـەم تێکەڵەیـە هەڵئاوسـاوی و برینـە تەقیـوەکان ڕزگار دەکـەن کـە ژیـان لێیـەوە دەڕژێـت. تەنیـا دوو چـاوی ڕەش و بریقـەدار هـەن کـە لـە ناڕەحەتیـدا هـاوار دەکـەن.

## ناتەبایی و دژایەتی

"ئیسـتفزازی نائارامـی و شکسـت و ئیسـتفزازی نـوێ و شکسـتی نـوێ، ئەمـەش تـا لەناچوونیـان، لۆژیکـی ئیمپریالیسـتەکان و هەمـوو کۆنەپەرسـتانی جیهـان سـەبارەت بـە دۆزی گـەل، بـەم شـێوەیە و هەرگیـز پێچەوانـەی ئـەم لۆژیکـە نـاڕۆن. ئەمـە یاسـایەکی مارکسیسـتە. کاتێـك دەڵێیـن: "ئیمپریالیـزم تونـد و تیـژە"، مەبەسـتمان ئەوەیـە سروشـتی ئـەو ناگۆڕێـت و ئیمپریالیسـتەکان هەرگیـز نایانەوێـت چەقـۆ قەسـابییەکەیان دابنێـن و هەرگیـز نابـن بـە بـودا، تـا لەناوچوونیـا. "

**ماو تسی-توونگ ١٤ی ئابی ١٩٤٩**

وەڵامـی بەردەوامـی دژە شۆڕشـگێڕەکان بریتیـە لـە ڕەتکردنـەوەی دانوسـتان لەگـەڵ پێویسـتی تاکتیکـی سازشـکردنی کاتـی و یـاری ئاگربەسـت تێکـەڵ بـووە و ناتوانرێـت خـراپ بەکاربهێنرێـت. بـۆ حکومەتـە یـەك لـە دوای یەکەکانـی بەغـدا هەرگیـز شۆڕشـی کـورد نەبـووە، بەڵکـو زۆرترینـی ڕاپەڕینێکـی پارێزگایەکـە بـە ئامانجـی جوداخوازانـە بـووە، کـە لەلایـەن دوژمنـی نەتەوەیـی سـێ لایەنـە پشـتیوانی و هانـدراوە ئەوانیـش: "ئیمپریالیـزم و زایۆنیـزم و ناڕەزایـی و کاردانـەوە".

- پاشان دانوستان سوودی دانپێدانانی دیفاکتۆ بە شۆڕش دەبەخشێت.
- دانوسـتانێك مەحاڵبوونـی سـەرکەوتن و زاڵبـوون بـە سـەر کێشەسـازەکان بـۆ ڕژێـم لەخۆدەگرێـت.
- لـە کۆتاییـدا گریمانـەی ڕێککەوتنێـك کـە لـە ئەگـەری لامەرکەزییـەوە بنیـات نرابێـت، پاشـان ئۆتۆنۆمـی بـۆ بەرژەوەنـدی کوردسـتانی عێـراق، دەبێتە هـۆی درزێکـی جوگرافی و سیاسـی و دەبێتـە ڕاگەیاندنـی لێکترازانـی دواتـری یـەك پارچەیـی قـەوارەی عێـراق. ئەمـەش مانـای ئەوەیـە ئـەو وێنەیـەی نوێنـەری کـورد لـە قاهیـرە بـەکاری دەهێنێـت: "بـۆ توونـدڕەوە ناسیۆنالیسـتەکان، عێـراق بەڵێنـی هاوسـەرگیرییەکی گـەورەی پێـدراوە کـە لەگـەڵ نەتـەوەی عەرەبـدا یەکیبخـات: کەواتـە عێـراق ناتوانێـت ڕێگـە بـە خـۆی بـدات بگاتـە مەراسیمەکە لـە کاتێکیـش بەشـێك لـە خـۆی ببڕدرێـت و لێـی جیابێتـەوە یـان نیـوەی مارەییەکـەی لـێ بسـەندرێتەوە".

بـۆ میللەتـی کـورد، هـەر دانوسـتانێك لـە دۆخـی ئێسـتای شـتەکاندا، تەنیا دەتوانێـت قۆناغێـك بێـت، بەهـۆی بارودۆخەکانـی وەك دۆخـی ئابـووری و دۆخـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵایەتی-سیاسـیی ناوخـۆ کـە ناچاریـان دەکات دەنوسـتانەکان دوابخـەن، ئەمـە وا دەکات پەنـا بـۆ یـاری ئاگربەسـت و وتوێـژو دانوسـتانی دوور و درێـژ بـەرن، ئەمـەش یارییەکـی مەترسـیداره دەبێتـە هـۆی ئـەو قەیرانـەی ژەنـەڕاڵ بارزانـی دژایەتـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـکات لـە سـاڵی ١٩٦٤.

بـۆ تێگەیـشتن لــە ورد و دروسـتی تاکتیـك و تەکنیکەکانـی، هێشـتا پێویسـتە ئـەم توانایـە بـۆ نەرمـی دەروونـی و دیپلۆماسـی لەبەرچـاو بگیرێت کـە یەکێکە لـە تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشـەکانی عەقڵیەتـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. ئـەم نەرمییـە بـە تایبەتـی کاتێـك مەترسـیدارە لــە نەبوونـی بەشـداریی بەکۆمەڵـی مەیدانەکـە و بـواردان بـە گروپێکـی بڕیـاردەری کەمینـەی دابـڕاو لـە گـەل و خەڵـك. ئـەم هۆکارانـە لـە نچینـەی قەیرانـی ناوخـۆی کـورد و ئیفلاسـی حکومەتەکانـی عێراقـدا دەزانیـن. ئـەوکات تێدەگەیـن بۆچـی پیاوێکـی وەك بارزانـی کـە بـە بنەچـەی خـۆی و مەشـق وعەقڵیەتـی خـۆی لـە خەڵـك و جەمـاوەری نزیـکترە و بـاشتر دەتوانێـت، وەك کاردانەوەیـەك ئاڵـۆزی ئـەم دژایەتییانـە ڕوون بکاتــەوە و چارەســەر بــکات.

چەندیـن نموونـە هـەن ئـەم هـەل و دەرفتـە دیپلۆماسـییانە دەردەخـەن. لـە نێـو نموونەگەلێکـدا یەکێـکمان لەبیـرە: کۆبوونـەوەی عارف-بـارزانی لـە تشرینـی دووەمـی ١٩٦٦، ئێمـە شـایەتحاڵی ئـەو چاوپێکەوتنـە بوویـن.

بەڵێنەکانـی بـەزاز وەك گژوگیاکانـی چیـای هندرێـن ڕۆیشـتوون و بـە باداچـوون: گەرمـای هاویـن هەردووکیانـی وشـک کردووەتـەوە و مـرۆڤ پرسـیاری ئـەوە دەکات، ئایـا ئـەو ئاشـتی و ئارامیـەی لەگـەڵ وەرزدا لەدایـك بـووە لەگەڵیـدا نامرێـت؟ شـەڕ و پێکدادانـەکان لـە بـەرەی باشـووری ڕۆژهـەڵات زیاتـر بـوون و بارزانـی لـەم بێنـە و بـەردە سـەیرەی ئاشـتی و شـەڕ بێـزار بـوو.

دانوسـتانکارەکانی بارزانـی پێکهاتبـوون لـە بەڕێـزان پارێـزەر کاك موحسـین دزەیـی و کاك نافیـز لیـوای پێشـووی سـوپای حکومـەت، کـە جۆشـکراو بـوون بـە کۆمەڵێـك یاداشـتی زۆر توونـد. عەمیـد ئەحمـەد کەمـال مسـتەفا یەکێـك بـوو لـە ئەندامانـی عێراقـی

لـە لیژنـەی پەیوەندییـەکان، لەلایـەن ئـەو ژەنەراڵـە کـوردە زۆر بـە توونـدی سەرزەنشـت کـرا کـە پێـی وت:

– چیتـان دەوێـت؟ شـەڕ؟ ئێمـە ئامادەیـن و شـەڕ دەکەیـن! ئاشـتی ؟ئـەوە ئێمەین ئاشـتی بنیـات دەنێیـن! بـەڵام ئێـوە هەڵبژاردنـی خۆتـان بکـەن خوازیاری کامـەن لـەم دووانە!...

شـەڕ؟ پێویسـت نـاکات لـەم سـاتە بیـر لـەم هەڵبژاردەیـە بکەنـەوە. سـوپای عێـراق لــە قۆناغــی دووبــارە خــۆ ڕێکخســتنەوەیە و زۆر دوورە لــەوەی بتوانێــت پێشــبینی دەسـتپێکردنی ئەنجامدانـی هـەر هێرشـێك بـکات. چـەك و ئامێـر و مەشـق و ڕاهێنانیـان کەمـە، هەروەهـا مـۆڕاڵ و ورەشـیان زۆر کەمـە. سـەربازەکان ماندووبـوون، سـوپاکە بـە گیــان و جەســتە زۆر مانــدووە و بگــرە ســەربازەکان ڕووحیــان زۆر ماندووتــرە وەك لــە جەســتەیان. تەنانــەت لــە ڕاپۆرتــەکان دا بــاس لــە هەڵاتنــی فڕۆکەوانیــش دەکرێــت، لەنێویانـدا بـاس لـە هەڵاتنـی دوو فڕۆکـەوان دەکرێـت لـە خزمـەت.

ئابـوری نیشـتمانی زیانێکـی زۆری بەرکەوتـووە و ئێسـتا عێـراق بیـر لـەوە دەکاتـەوە داوای قەرزێـك لـە کوێـت بـکات کـە بەشـێکی ئـەو کورتهێنانـە ٤٠ ملیـۆن پاوەنـدە دابیـن بـکات کـە بـە خێرایـی لـە گەنجینـەی وڵاتـدا دیـار نەمـاوە.

لـە کۆتایـی مانگـی ئابـدا، لـە کاتێکـدا بروسـکەی ناڕەزایـی بارزانـی بەپەلەتـرو ڕژدتـر دەبـوون، دانیشـتنە نائاسـاییەکانی کارکـردن سـەرۆک عـارف و ڕاوێژکارەکانـی و بەشـێك لـە هاوڕێکانـی کۆکـردەوە. ئـەم پیاوانـە زۆربەیـان ئـەو سـەربازانە بـوون کـە مەیلـی میانڕەویـان تێـدا بـوو، بڕیاریـان داوە هەوڵـی مانۆڕێکـی ئارامکردنـەوەی سیاسـی بـدەن کـە مەبەسـت لێـی بەدەسـتهێنانی کات بێـت. ئـەوان بێـزارن لـە بەکارهێنانـی هێـزی دڕندانـە و نیگەرانـن لـە کـردەوەی گروپـی فشـارەکان کـە بـە ئاشـکرا دوژمنایەتـی هـەر دانوسـتانێك لەگـەڵ شۆڕشـگێڕانی کـورد دەکـەن.

تـەواو ئاشـکرایە کـە بارزانـی بێـزارە لـەم سـەردانە ڕووکەشـانەی لەلایـەن کەسـایەتییە عێراقییەکانـەوە ئەنجـام دەدرێـن و لـەو ماوەیـەدا تەنیـا میهرەبانـی و دیـاری ئاڵوگـۆڕ دەکرێـن، ژەنەڕاڵـی مەزنـی کـورد لـە کاتـی ئـەم ئاڵوگۆڕیـە دیپلۆماسـیانەدا سـێ قورئـان وەردەگرێـت، لـە بەرامبەریـش دا بارزانـی دەمانچەیەکـی ٩ ملـم لـە جـۆری هێرسـتاڵ دەکاتـە دیـاری بـۆ وەزیـری بەرگـری!.

لەگەڵ زیادبوونی گرژییەکان، خواستەکانی حکومەت کەمدەبێتەوە و ئەنجوومەنی تایبەتی کەسی سەرۆك عارف دەگاتە سازشێکی کۆتایی: سەرۆك خۆی بە شێوەی شەخسی سەفەر دەکات و دەچێتە "باکوور" بۆ ئەوەی لەوێ چاوی بە بارزانی بکەوێت. لە ڕۆژانی یەکەمی مانگی ئەیلوولدا، وەزیری بەرگری کە هەڵگری قورئانی پیرۆزە بە مەبەستی پێشکەشکردنی بە بارزانی، بەرپرسیاریشە لە پێشکەشکردنی پڕۆژەکە بۆ بارەگای شۆڕش. کاردانەوە و پێشوازی ڕێبەری کورد لە پڕۆژەکە جۆش و خرۆشی پێوە دیار نەبوو:

— بارزانی زۆر بە کورتی و پوختی وەڵامی دایەوە: ئێمە بنەمای کۆبوونەوەیەك قبوڵ دەکەین، بەڵام نامانەوێت کۆبوونەوەکە تەنیا خۆی لە ئاڵوگۆڕێکی سادەی هاوڕێیەتی و هەواڵ پرسین ببینێتەوە.

لەمەش زیاتر، بارزانی لە بروسکەیەك دا دووپاتی دەکاتەوە:

— بۆ سەلامەتی و ئاسایشی ئێوە و منیش ئەم چاوپێکەوتنە لە چوارچێوەی سنوری هێزی کوردیدا ئەنجام دەدرێت.

بەغدا تەسلیمی داواکارییەکانی کورد دەبێت. تەنیا ئەوە دەمێنێتەوە وادە و ڕێکەوتنێك دیاری بکرێت: ڕەنگە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم بێت. ئەو کارە یان مانۆڕەی عارف هەوڵی بۆ داوە مەترسیدارە. ئایا ئەم هەنگاوە یان چوونی بۆ باکوور وەك دانپێدانان بە لاوازی عارف بەرامبەر بە کورد لێکنادرێتەوە؟ بۆ شۆڕشی کورد، پێشوازی کردنی سەرۆك عارف لەناو کوردستانی "ڕزگارکراو"دا بەڵگەی دەسەڵاتەکەی و وێناکردنی سەرکەوتنە سەربازییەکانی بەهاری ڕابردوو نیشان دەدات.

بەڵام ڕاوێژکاران و سەرۆك کۆمار وازیان لە هەموو هەوڵەکانی تاکتیك نەهێنا و بە لێهاتووییەوە مەرجەکانی چاوپێکەوتنەکەیان دانا، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك ڕێوشوێنیان گرتەبەر بۆ دروستکردنی کەشوهەوایەکی ئارام و لەبار بۆ گفتوگۆکان:

— بەشێك لە زیندانیانی سیاسی ئازاد دەکەین.

— ئەو ئەفسەرەی فەرماندەیی فەوجی حکومەت لە دوکان دەکات، بەڕێکەوت چاوی بە سەرکردەی سەربازی کوردی ناوچەکە دەکەوێت، بە نهێنی پێی ڕادەگەیەنێ کە بەغدا وردە وردە چەك لە "جاشەکان" دادەماڵێت.

- لـە ٢٠ی تشرینـی یەکـەم ڕادیـۆی بەغـدا ڕایگەیانـد: ئیمپریالیـزم ناتوانێـت عـەرەب و کـورد لێـك جیـا بکاتـەوە و دابەشـی بـکات.
- پارێزگاری سلێمانی بە کوردێك دەگۆڕدرێت بە ناوی: کاك بایز دزەیی.

**٢٦ی تشرینی یەکەم.**

سـێ کەسـایەتی کـورد لـە بەغـداوە پێـش سـەرۆکی حکومـەت دەکـەون کـە جۆرێـك لـە ئەنجوومەنـی دانایـان پێکدەهێنـن و مەیلـی میانـڕەوی و دۆسـتانەیان بەرامبـەر بـە شـۆڕش هەیـە. چارەنووسـی سـەیر و سـەمەرەی ئـەم بـۆرژوازە گەورانـە بـە ناسـیۆنالیزمەوە کـە وا دەکات بوونیـان لـە نێـوان وەزارەتێـك و زینداندا دابـەش بێـت یـان لانیکـەم توشـی بەدبەختـی و نەهامەتـی بـن. یەکێـك لـە دۆسـتەکانیان کـە شـێخێکی عەرەبـە یاوەرییـان دەکات، کەسـایەتییەکی دەم بەخەنـدە و ڕیشـێکی پـڕی هەیـە، ئـەم شـێخە دەبێتـە وێنـەی دۆسـتایەتی عـەرەب و کـورد کـە هیـچ ئیمپریالیزمێك ناتوانێـت بەدەستی بهێنێت.

ئەحمـەد کەمـال قـادر وەزیـری ئاوەدانکردنـەوەی باکـور کـە وەزیرێکـی بـێ ئـەرك و کار و ژەنـەڕاڵ فوئـاد عارفـی وەزیـری پێشـوو و هەڤاڵـی سـەرۆك عـارف کـە وای لێکـرد فـڕێ بدرێتـە زیندانـەوە، بابـە عەلـی شـێخ مەحمـود کـە پیاوێکـی بچووکـی زیـرەك و قژێکـی مـاش و برنـج هەیـە، لـە زانکـۆی ئەمەریکـی خوێندوویەتـی و سـێ جـار پۆسـتی وەزیـری هەبـووە، ئێسـتاش وەك ئەگەرێـك وەك جێگـری سـەرۆك زۆر باسـی دەکرێـت.

**٢٧ی تشرینی یەکەم.**

تاریکـی شـەوی بـێ مانـگ تیشـکی بـێ کەموکـوڕی دەخاتـە سـەر گڵۆپەکانـی پێشـەوە. پاسـەوانەکان کـە چـەك بەدەسـت و ئامادە وەسـتاون و سـەیری ئـەم شـێخە عەرەبە دەکەن کـە تـازە لەگـەڵ سـەرکردەکانی شۆڕشـدا گفتوگـۆی کـردووە بـەرەو ڕەوانـدوز دەڕوات بـە ئۆتۆمبێلـی جـۆری مێرسـیدس کە دەنگـی وردە بەردەکانـی ڕێگاکە لە ژێـر تایەکانیەوە دێت. دەنگوباسـی ڕادیـۆ ئارامـە هیـچ ئاگادارکردنـەوە نییـە. تـازە هەواڵهێنەرێـك لـە هەولێـرەوە هاتـووە: هیـچ جموجۆڵێکـی سـەربازەکان لـە ئـارادا نییـە. لـە مووسـڵ فڕۆکەکانیـش ئامـادە نەکـراون و تانکەکانـی ڕەواندوزیـش هـەر لـە شـوێنی خۆیـان ماونەتـەوە.

عەقیـد قـازی کـە چاودێـری سـەلامەتی بارزانـی و میوانەکانـی دەکات، گاڵتـە لەگـەڵ دکتـۆر مەحمـود دەکات.

**٢٨ی تشرینی یەکەم.**

چەنـد کیلۆمەترێك لـە باکووری ڕەوانـدوز، لەسـەر ڕێگای ستراتیـژی کـە بـەرەو وڵاتـی فـارس دەڕوات: جونديـان. گوندێکـی بچـووک و ئـارام کـە بازرگانـەکان لـەوێ وەسـتابوون بـۆ ئـەوەی پسـولەکانیان لەلایـەن ئەفسـەرانی شـەپقە لـە سـەری گومرگـەوە مـۆر بکرێـت. تاکـە شـوێنە کـە بۆردومـان نەکـراوە و تاکـە بینـای دروسـت کـراوی بـەرد و چیمەنتۆیـە، فەرمانگـەی گومـرگ تابلـۆی ڕەشـبوو بـە دوکەڵـی ناپاڵـم خـۆی پاراسـتووە کـە بـەم شـێوەیەی خـوارەوە نـووسرا بـوو:

**"گومرگ - فەرمانگەی باج و گومرگی - جندیان"**

خاوەنـی چایخانەیـەك هـەر لـەوێ نیشـتەجێ بـووە. بـەم بەیانییـە زووە خۆرهەتاویـە کـە بەهـۆی ڕووبارەکـەی نزیکـەوە کەشـەکەی فێنـك کـرد بـوو، پێشـمەرگەکان بـە ژمارەیەکـی زۆر زیاتـر لـە حالەتـی ئاسـایی هاتبـوون. بەشـێکیان لـە سـەر کەنـاری کەندەڵانەکـە دانیشـتبوون کـە ڕووی لـە فرۆشـگاکە بـوو. دەنگـی بـەرزی بزوێنـەرەکان ئـەو نـاوەی تەنـی بـوو، خـاوەن چایخانەکـە بـە سەرسـوڕمانەوە دەتوانێـت هەشـت ئۆتۆمبێـل ببینێـت کـە لـە جـۆری دۆج بـوون و بـە قـەد پاڵـی گردەکـەوە سـەردەکەون و ڕێگاکـە دادەخـەن و دۆشـەکەکانیان دادەنێـن. ئـەوە زۆرە بـۆ چـا خواردنەوەیـەك.

— ئەمە چیە ؟

— بارزانی گەیشت...

پانتایـی کورسـییە گـەورە دارەکان ڕەقییەکـەی نـەرم دەکات، بـە خێرایـی بـە فـەرش داپـۆشراون. لـە بارهەڵگرێکـەوە سـێ پێشـمەرگە کـە هـێما و نیشـانەی سـووری دەسـتەی بەڕێوەبـەری لەسـەر شـانیان هەیـە کورسـییەکانی ئۆفیسـەکان دەردەهێنـن.

زۆری پێناچێـت جێـب لاندرۆڤـەرە خۆڵەمێشـیەکانی ژەنـەڕاڵ بارزانـی و پاسـەوانە تایبەتیەکانـی دەگـەن. جێـپ ویلیسـی سـەوزی کۆمیتـەی بەڕێوەبـەردن بەدوایـدا دێـت، کـە حەبیـب سـکرتێری حـزب لێـی دەخوڕێـت. زۆری نەخایانـد "ئەنجومەنـی دانایـان" پەیوەندییـان پێـوە کـردن و گەیـشتن کـە بابـە عەلـی شـێخ مەحمـود سـەرۆکایەتی دەکـرد و لـە گەلاڵـە نیشـتەجێ بـوو.

ســەبارەت بــە شــاندەکەی حکومــەت واتــا باشــوورییەکان بــە شــاندێکی کــراوە گەیــشتن، بــەو پێیــەی پارێــزگاری هەولێــر و ئەفســەرە باڵاکانــی ناوچەکــە و بەرپرســی فیرقــەی یەکــەم هــەن.

پێشمەرگە چا و خواردنەوەی سۆدە پێشکەش دەکەن.

کات، کاتژمێر ١١ یە. پێدەچێت هەمووان لە کەشوهەوایەکی ئارام و ئاسودە بن.

بارزانــی لەســەر کورســییەکی تــاك بــە تەنیــا دانیشــتووە و تەنیــا بــە یەك وشــە بەشــداری گفتوگــۆکان دەکات، جددیەتــی ڕووخســاری بارزانــی ئەوەمــان پــێ دەڵێــت کــە وا دیــارە ئەمــە تەنیــا بەشــێکی دڵخۆشــکەرە لــە بانگەشــەی هەڵبژاردنــی ســەرۆکایەتیدا. گــەورە ڕابــەر و ژەنەڕاڵــی کــورد چەنــد هەفتەیەکــە تووشــی ئــازاری دەمــاری ســیاتیك بــووە و چاوەڕوانییەکــەی لــە ســەر کورســی بێــزاری دەکات.

کاتژمێــر ١٢یــە. عــارف دواکەوتــووە تــا ئێســتا نەگیشــتووە و بابــە عەلــی شێخ مەحمــود بــە پێکەنینــەوە حیکایــەت و چیــڕۆك دەگێڕێتــەوە و بڕیــار دەدات دیمەنەکــە تۆمــار بــکات و وێنــە بگرێــت. کامێراکــەی هەندێــك کێشــەی بــۆ دروســت دەکات، ئەمــەش ڕێگــە بــەم بەڕێزانــە دەدات بۆچــوون و ســەرنجی خۆیــان بــدەن و دەســتکاری کامێراکــە بکــەن. پێشــمەرگە تــرێ دەهێنــن.

– بفەرموون !...

ڤانێکــی ســپی ســەر بــە هەواڵگــری پێــش لیمۆزینێکــی درێــژی ئەمریکــی دەڕوات. ئــەو ئەفســەرەی لــە ئۆتۆمبێلەکــە دادەبەزێــت ســەرۆك نییــە، بەڵکــو وەزیــری بەرگرییەکەیەتــی.

– بەڵــێ ســەرۆک عــارف لــە ڕەوانــدوزە. دەکرێــت بــە دوای بچیــن و بیهێنیــن. بــە دڵنیاییــەوە ئــەو ئەمــە بەنیشــانەی ڕێــز و بــەرزی دەزانێــت.

بارزانــی ڕازی دەبێــت و شــۆفێرەکان ئۆتۆمبێلــەکان بــەرەو پێشــەوە دەبــەن. شــاندە کوردییــە کــە بــە خێرایــی دەردەچێــت بــە بــێ ئــەوەی چاوەڕێــی کــەس دیکــە بکــەن، جگــە لــەوەش پێنــج پێشــمەرگە بــە دۆشــکە و تفەنگــەوە ئامــادە بــوون.

کاتژمێــر یــەك و چــل و پێنــچ خولەکــی پاشــنیوەڕۆیە، جەنگاوەرێــك لــە لەشــکری شــۆڕش کــە تاکســییەکی کــۆن لــە جــۆری بویــك لێدەخوڕێــت. لەنــاکاو ســتۆپ دەگرێــت و

دەوەستێت، جامەکانی دەکاتەوە و هاوار دەکات:

– جەنەڕاڵ بارزانی لەوێ مایەوە. چووە ژێر ڕەشماڵێکی گەورەوە، لە دەوروبەریشدا سەربازانی حکومەت و جاشە چەکدارەکان لە خاڵە سەربازییەکاندا پێگەی خۆیان توونـد کـردووە.

ترس و نیگەرانییەکی کەم بڵابووەوە و فەرمان دەرکرا سەدان پیاو بە سێ ئۆتۆمبێل لە جۆری دۆجی دۆشکە لە سەرەوە بە پەلە بەرەو ڕەواندوز ڕۆیشتن.

– ئەفسەرێك دەڵێت: تەواو ! بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی دەچێت !

ستافە نێردراوەکەی کورد بە دووری سێ سەد مەتر لە زەوییەکی بەرفراوان کاروانەکەیان ڕاگرت کە دوو خێمەی گەورەی سوپای تێدا دانرابوو کە بە ئۆتۆمبێلی ڕادیۆیی و بارهەڵگرێکی تانکەری مۆلۆتۆڤ و چەند جیپێکی ڕووسی دەپارێزران.

**مێرگەسووری فەرمان دەکات:**

– ئۆتۆمبێلێکی جۆری دۆج D.C.A لە گۆڕستان دا لەژێر دارەکاندا، با ئەوانی تر لێرە بن. با پێشمەرگەکان بچنە ناو پێگە و خاڵە حکومییەکانەوە بۆ ئەوەی ئەگەر پێویست بوو بێنە دەست و پلانەکان پووچەڵ بکەنەوە.

دوو سەربازی عێراقی کە لەسەر تاشە بەردێك دانیشتوون بە سەرسوڕماوی سەیری مانۆڕەکە دەکەن. ئەوان لەم خاکە دا بێزار دەردەکەون و بە بینینی ئەو کوردانەی بە زەردەخەنە لەسەر لێو و تفەنگ بە دەستەوە بەرەو ڕوویان ڕادەکەن، دەستیان بەرز بکەنەوە.

لەوێ لەبەردەم کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسانی حکومی کە پەیامنێرانی میسر بەشداریان کردبوو لە کاتێك دا داوا لە بیانییەکان کرابوو خۆیان بەدوور بگرن لە بەشداری کردن، ژەنەڕاڵ عارف بە جلوبەرگی سەربازی ژەنەراڵێکەوە پێشوازی لە وەڵامدەرەوەکەی کرد و پێی گوت و ئاماژەی بە دامەزراوە گوندنشینەکان کرد:

– پێویست ناکات بێزارمان بکەن. لێرە زۆر باشین و دڵخۆش دەبین. بێجگە لەوەش نانی نیوەڕۆ پێشکەش دەکرێت...

بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ ژەمێکی سادە ئامادە کرا بوو. هەردوو ژەنەراڵەکە لە ژێر سێبەری چادرەکەدا دەنیشتن، لە کاتێکدا پەیامنێران سەرقاڵی وێنە گرتن بوون. بەشی یەکەمی چاوپێکەوتنەکە کە زیاتر لە دوو کاتژمێر دەخایەنێت، گشتییە، کە ڕێگە بە سەرۆك عارف دەدات بە دەنگێکی بەرز و ڕوون و ڕەوان بەیاننامەی بنەما بنیاتنەر ڕابگەیەنێت کە تەنیا بە دڵی کەسی بەرامبەر بێت:

– پیاو یەك جار هەڵەیەکی گەورە لە ژیانیدا دەکات. ئێمە دڵنیایی دەدەین کە ئەو هەڵەیە بەردەوامی پێنادەین.

بارزانی باس لە کێشەی جاشەکان دەکات:

– ئەویش لە وەڵامی بارزانی دا دەڵێت: من کۆیان دەکەمەوە و دەیانخەمە ژێر پێڵاوەکانتەوە.

پاشان هەردوو سەرکردە دەڕۆن بۆ ئەوەی وتووێژ بکەن.

بێدەنگی بارزانی هەمیشە جۆرێك لە دڵەڕاوکێ لەلای عارف درووست دەکات. بۆیە هەوڵدەدات دۆستانە دەربکەوێت. لای خۆیەوە بارزانی سەری سوڕماوە لە نەبوونی بەرەنگاری لەلای عارف کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

– سەرۆکە عێراقیەکە پێداگری دەکات: پێویستە ئەم شەڕە ڕابگرین.

– سەرۆکە کوردەکە وەڵامی دەداتەوە: بە مەرجی ڕێزگرتن لە بەرنامەی چاکسازی کە لەلایەن بەزازەوە ڕاگەیاندراوە.

– بەڵێ بەدڵنیاییەوە.

– پەیمان و بەڵێنەکان کەڵەکە دەبن.

– سەرۆك دووپاتی دەکاتەوە: هەموو هەوڵێکی خۆم دەخەمە گەڕ.

– تاڵەبانی دووربخەوە بۆ باشووری عێراق. ئەو کەسێکی نیاز خراپ و مەترسیدارە دەتوانێت دووبەرەکی و ئاژاوە بخاتە نێوانمان.

– بەڵێ.

– کورد دەبێت دەستی بگات بە بەرپرسیارێتییە حکومیەکان وەك پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار و پۆستی جێگری سەرۆکوەزیران...

– من ڕازیم و هاوڕاتم.

— پێویستە ژەنەراڵێکی کورد بۆ سەرۆکایەتی فیرقەی دوو دەست نیشان بکرێت.

— بە دڵنیاییەوە...

— پێوییستە جێبەجێکردنی بەرنامە پانزە خاڵییەکی بەزاز بە خێرایی ئەنجام بدرێت...

— هەر لە ئێستاوە دەست پێ دەکەین، بەڵام کێشەی نەبوونی پارە و ئاستەنگی داراییمان هەیە...

داواکارییەکانی حکومەت بە دڵنیاییەوە کەم و خۆ بە زلزانانەن.

— عارف داوا دەکات دەبێت دامەزراوە کارگێڕییەکان لە کوردستان دووبارە دابمەزرێنەوە.

— لیستی ئەو بەرپرس و کارمەندە کوردانەتان بۆ دەنێرین کە توانای ئەوەیان هەیە جارێکی تر ڕۆڵی خۆیان بەجێبهێنن.

— ئەو چەکە قورسانەی لە شەڕی بەهاری ڕابردوودا لەلایەن لەشکری شۆڕشەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، دەبێت بگەڕێندرێنەوە سوپای عێراق.

— تۆپهاوێژە قورسەکان بۆتان دەگەڕێنرێتەوە.

بە دڵنیاییەوە هەموو شتێك بەرەو باشترینە. کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆ، دوو سەرکردەکە دەردەکەونەوە و هەردووکیان ڕەزامەند دیارن. چەند هەنگاوێك لەسەر ڕێگاکە دەڕۆن. بارزانی ڕیکۆردێکی درێژی لەبەردابوو بە پێکەنینەوە وەڵامی ڕۆژنامەنووسانی میسری دەداتەوە کە بە بەکارهێنانی تۆمارکەرێکی بچووکی مارکەی فیلیپسی مینی کاسێت تۆماری دەکەن. عەقید قازی بە جلوبەرگی سەربازی ڕیزەکانی شۆڕشگێڕان، بەڵام بێ بەستنی پلەی سەربازی سەر شانەکانی، ناتوانێت خۆی لە گاڵتەکردن بە ژێردەستەکانی پێشووی بپارێزێت کە جلوبەرگی ڕەنگ خاکیان لەبەردایە. عەبدوڕەحمان عارف ئەو گەنجەی زۆر باش دەناسی لەو ژاوەژاوە زۆرە ڕزگاری بووە و پێشەنگی ئەو هێزە بچووکەی گرتۆتە ئەستۆ.

لە بەغدا، ناسیۆنالیستەکان تووڕە دەبن کە بێدەسەڵاتانە سەیری ئەم چاوپێکەوتنە بکەن لە تەلەفزیۆن، کە بوونی ئەو سەرکردەیەی کورد تێیدا زاڵە.

— ناسیۆنالیستەکان دەنووسن: هەرگیز ناتوانین لە عارف خۆشبین.

کاتی ماڵ ئاوایی کردنیش، کاتی ئاڵوگۆڕکردنی دیارییەکانە: بارزانی ئۆتۆمبێلێکی

جـۆری فـۆرد فالکۆنـی ڕەنـگ خۆڵەمێشـی شـین وەردەگرێـت، هـاوکات ئەویـش سـینییەکی زیویـی پێشـکەش دەکات کـە لەسـەری بـە نەخـش نـووسراوە: " برایەتـی کورد-عـەرەب".

لـە ڕێـگای گەڕانـەوەدا، کاتێـك لـە ناوچـەی قەدەغەکـراو تێپـەڕ دەبێـت، بارزانـی ئۆتۆمبێلەکـەی دەوەسـتێنێت و چەنـد وشـەیەك ئاراسـتەی ئەوخەڵکـەی یـاوەری دەکات.

– کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنەکە بە باشی بەڕێوەچوو...

هــەر لــە ئێــوارەی هەمــان ڕۆژ، ڕادیــۆی بەغــدا ڕایگەیانــد: لــە ســەردانەکەیدا کــە پێنــج ڕۆژی خایانــد بــۆ باکــور، ســەرۆك کۆمــار چــووە هەولێــر. لــە ناوچــەی نێــوان کەمپــی دیانــا و ڕەوانــدوز ســەرۆك کۆمــار پێشــوازی لــە مــەلا مســتەفا بارزانــی و کۆمەڵێــك ســەرۆك عەشــیرەتەکانی کــورد کــرد، کــە هاتبــوون سڵاوێــك لــە ســەرۆك کۆمـار بکـەن. لـە نیـوەڕۆ خوانێـك دا لەلایـەن فەرمانـدەی فیرقـەی یەکەمـەوە سـازکرا بــوو، بــە یەکــەوە نانیــان خــوارد...

ڕادیۆکـە ئامـاژەی بەوەشـکردووە "مـەلا مسـتەفا بارزانـی" سـینییەکی زیویـی پێشـکەش بـە سـەرۆك عـارف کـرد، کـە لەسـەری بـە نەخـش نـووسراوە: " برایەتـی کورد-عـەرەب".

دەبــوو لــە بڵاوکــراوەی هەواڵەکانــی نیوەشــەو ئــەوە ڕاســت بکرێتــەوە و باســی "چاوپێکەوتــن" بکرێــت.

ڕۆژنامـە عێراقییـەکان بـە تەنیـا جەختیـان لەسـەر خواسـتی سـەرۆك عـارف بـۆ ئاشـتی و ملکەچکردنـی بارزانـی، کۆبوونەوەکەیـان وەسـف کـردووە . ڕۆژنامەنووسـێکی مـیسری توانـی هەسـتی خوێنەرانـی خـۆی بجوڵێنێـت بـە ئاشـکراکردنی ئـەو مەترسـیانەی "لـە شــاخە سەرکەشــەکانەوە" ڕووبــەڕووی بووەتــەوە.

گرنگــی ڕاســتەقینەی ئــەم کۆبوونەوەیــە چییــە کــە هــەم لــە بەغــدا و هــەم لەناوخـۆی شۆڕشـی کـورد دا بـە گرنگتریـن چرکەسـاتی ئـەم دانوسـتانە درێژخایەنانـە هەژمــار دەکرێــت؟

ئایـا بارزانـی دەبـوو بڵێـت: "ئەگـەر نەیتوانـی لـە شـەڕەکە سـەربکەوێت، ئـەوە کات بـە دەسـت دەهێنێـت و کات دەکڕێـت. مەحاڵـە هەمـوو شـتێك لـە شـەوێکدا بگۆڕێـت دوای ڕووداوگەلێـك. تـا ئێسـتا هیـچ نەکـراوە. لـە داهاتـووش، هیـچ شـتێك ناکرێـت".

## مانۆڕی دیبلۆماسی

ئـەو ڕووداوەی پێـستر بـاسمان کـرد، زیاتـر هەڵدەگرێـت وەك لەوهـی حیکایەتێکـی سـادە بێـت و دەبێـت لـە چوارچێوەیەکـی گشـتیتردا دابنرێـت لـە داڕشـتنەوەی سیاسـەتی عێـراق.

دانوسـتانەکانی ئاگربەسـتی ئێسـتا بـە درێژتریـن دانوسـتان لـە مێـژووی شـۆڕش دادەنرێـت. هەروەهـا لـە سـاتێکی گرنگـدا ڕوودەدەن بـۆ ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـە بەهـۆی دوو قەیرانـەوە دەهەژێـت و لێکەوتـەی جددییـان دەبێـت: ململانـێ لەگـەڵ کۆمپانیـا نەوتییەکانـی ئەنگلۆساکسـۆن و بـە تایبەتـیتر گروپـی I.P.C واتـا کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق و شـەڕی عـەرەب و ئیسرائیـل.

دۆخـی ناسـەقامگیری حکومەتـی بەغـدا کاریگـەری لەسـەر دەبێـت. بـەڵام سـەرۆك عـارف، بـۆ دەربازبـوون لـە تەقینـەوەی ئـەو دۆخـە سیاسییەی لـە سـەرۆکایەتی دەوڵەتـدا هێشـتبوویەوە، توانـی قەیرانـی هاوینـی سـاڵی ١٩٦٧ بقۆزێتـەوە بـۆ دەسـتەبەرکردنی یەکگرتووییەکـی نـوێ بـۆ ڕژێمەکـەی و واژۆکردنـی ڕێککەوتنـی ئابـووری بەرهەمـدار لەگـەڵ فەڕەنسـا.

لیسـتی زنجیـرە ڕووداوەکان تیشـك دەخەنـە سـەر ئـەو بـەرزی و نزمیـە دیپلۆماسییەی هەیـە، بەدڵنیاییـەوە پێشـبینیکردنی ئەنجامـی کۆتایـی ئەسـتەمە.

زسـتانی ١٩٦٦-١٩٦٧ قەیرانـی نـەوت زاڵ بـوو. دکتـۆر مەحمـود عەلـی عـوسمان لـە ئەوروپـا، بـە ڕۆژنامەنووسـانی ڕاگەیانـد، کـورد داوای مافـە ڕەواکانـی خـۆی لـە حکومەتـی عێـراق دەکات پشـتیوانی لـە ململانێیەکـەی لەگـەڵ کۆمپانیـای نەوتـی عێراقـدا دەکات.

لـە نیویـۆرك، لـە بـارەگای نەتـەوە یەکگرتـووەکان، هـەر ئـەم دکتـۆر محمـود عوسمانـە لەلایـەن دیپلۆماتـکارە عێراقییەکانـەوە هێرشـی دەکرێتـە سـەر کـە ناڕەزایەتـی دەردەبـڕن لـە بـەردەم ئـەم شـاندە بیانییانـەی سـەردانیان دەکات.

لـە ١١ی ئایـاردا حکومەتێکـی نـوێ لـە بەغـدا لەلایـەن خـودی سـەرۆك عـارف سـەرۆك کۆمـاری عێراقـەوە پێکهێنرا کـە هـەر خـۆی سـەرۆکایەتی کـرد. "کەسـایەتییە کـوردەکان" دەچنـە نـاو کابینـەی حکومەتەکـەوە، لەوانـەش ژەنـەڕاڵ فـواد عـارف بەرزنجـی.

ڕۆژی ٢ی حوزەیـران، چـل و هەشـت سـەعات پێـش دەسـپێکی شـەڕی ئیسرائیـل، لیژنەیەکـی هاوبەشـی نێـوان وەزارەتـەکان بـۆ دیـدار لەگـەڵ بارزانـی چـووە کوردسـتان.

— ئێمـە دەمانەوێـت فەوجێکـی پێشـمەرگە ڕەوانـەی بـەرەی پێشـەوەی شـەڕ بکرێـت بـۆ ئـەوەی شانبەشـانی هێزەکانـی حکومـەت شـەڕ بکـەن.

— بارزانــی وەڵامــی دەداتــەوە: ئــەوە خۆکوشــتنە. ئیسرائیــل لەلایــەن زلهێزەکانــەوە پاڵپشــتی دەکرێــت. شــەڕی ئامێــر و کەرەســتەی ســەربازییە، شــەڕی تەکنەلۆژیــا دەبێـت. پیاوەکانـم هیـچ سـوودێکیان نابێـت. ئـەم ناردنـەش بـۆ مردنێکـی مسـۆگەر لـە پێنــاوی شــتێکی ناپێویســت.

بارزانـی ئاماژەیـەك بـۆ "کارەکانـی ئاوەدانکردنـەوە لـە باکـوور" دەکات کـە بەڵێنەکـەی ٢٩ی حوزەیـران ڕاسـت دەرنەچـوو و هەوڵدانێکـی بەفیـڕۆ و بـێ ئەنجـام بـوو.

شــەڕ و لەناوچوونــی هاوپەیمانــی عەرەبییــە. فەوجــە عێراقییــەکان لەســەر ڕێــگای ئـوردن لەناوچـوون. بەرنامـە و سـاتی بەڕێکەوتنیـان لـە دەزگای ڕاگەیانـدن لـە ڕێگـەی ڕادیـۆی دەوڵەتـەوە بڵاوکرابـووەوە. لـە شـاری حەبانییـە، لـە ڕۆژی یەکەمـدا ١٠ فڕۆکـە لەسـەر زەوی تێکشـکێندراون و ١١ فڕۆکـەش لـە ئـاسمان تەقێنرانـەوە و کەوتنـە خـوارەوە، کـە لەلایـەن فڕۆکـە جەنگیەکانـی ئیسرائیلـەوە لـە جـۆری میـراج مووشـەکیان ئاڕاسـتە کـرا. لـە لیسـتی هێـزی ئاسمانـی عێراقـدا: تەنیـا ٢ فڕۆکـە. هەروەهـا نزیکـەی چـل تانکیـش لەنـاو ئـەو گێـژاوەدا ون بـوون و دیـار نەمـان.

بارزانـی پەیامـی پشـتیوانی مەعنـەوی بـۆ سـەرکردەکانی عـەرەب ڕاگەیانـد. ئەمـەش ڕێگـە دەدات هەفتەنامەیەکـی فەڕەنسـی لـە بڵاوکـراوە تایبەتیەکەیـدا بـۆ خوێنـەران ڕابگەیەنێـت کـە سـەرۆکی "یاخیبووانـی کـورد" داوای هاودەنگیـی و یەکڕیـزی عەرەبـی-کـوردی کـردووە کـە دژی ئیسرائیـل[1] ڕێکبخرێـت.

لـە ١١ی تەمـووز، ڕووخانـی حکومـەت: ژەنـەڕاڵ تاهـر یەحیا، کـە دەوترێت لـە باشترین

(١) بابەتەکـە بـە ناونیشـانی: " گـۆڕان بـەرەو چـەپ بـوون". لـە ڕاسـتیدا کـورد لـە سـاڵی ١٩٤٨ەوە هەمیشـە بانگەشـە بـۆ تێکەڵکردنـی ئیسرائیـل لـە کۆمەڵگـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا کـردووە. نووسـەر لـە نێـو "کەسایەتییە پێشـکەوتنخوازەکاندا" ژەنـەڕاڵ تاهـر یەحیـا بـە نموونـە دەهێنێتـەوە: ئـەو ڕۆڵـەی ژەنـەڕاڵ لـە کاتـی دەستبەسـەرداگرتنی دەسـەڵات لەلایـەن بەعسـییەکانەوە لـە سـاڵی ١٩٦٣دا لەبیرمانە.

حاڵەتـدا لەگـەڵ کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق و ناسیۆنالیسـتە بەعسییەکاندایە، سـەرکردایەتی کابینەیـەك دەگرێتـە ئەسـتۆ کـە پۆسـتەکانی بەشـداریکردنی "کەسـایەتییە کـوردەکان" دوور دەخاتـەوە، ئەوانیـش جارێکـی تـر دەکشـێنەوە. لـە بەیاننامەیەکـی پەخشـکراودا، ژەنـەڕاڵ تاهـر یەحیـا بەڵێـن دەدات: حکومەتەکـەم ئامادەیـە دان بـە مافەکانـی گەلـی کـورد دا بنێـت. ئـەوەی جێـی تێبینـی و سـەرنجە: دەربڕینـی دەسـتەواژەی گەلـی کـورد بـە فەرمـی بەکارهـات.

ڕۆژنامـەی کـوردی لـە بەغـدا تأخـي " برایەتـی" لـە ژمـارە ٧١ی خۆیـدا لـە ١١ی تەمـووزی ١٩٦٧دا چاوپێکەوتنێکـی لەگـەڵ "ڕێبـەری بزووتنـەوەی گەلـی کـورد لـە عێـراق" بڵاوکـردەوە: ژەنـەڕاڵ بارزانـی بـە جـددی و دانایـی دەردەکەوێـت.

ڕۆژنامەکـە ئامـاژەی بەوەشـکردووە بارزانـی باسـی کێشـەکان دەکات: ئەزمـوون فێـری کردوویـن دەسـەڵاتێك کـە خەڵکـی ڕەسـەنی لـە میللەتـی تێـدا نەبێـت و لـە بارودۆخێکـی سروشـتیدا دروسـت نەبووبێـت، بەبـێ بەرنامـە و بەبـێ بەشـداریکردنی جەمـاوەر لـە سەرلێشـێواوی سـەرگەردانی تـەواودا دەمێنێتـەوە... بەهـۆی ئـەم هەمـوو تێبینـی و بەرچـاو ڕوونیانـە، ئێمـە نامانەوێـت بەشـداری لـە حکومەتـی تاهـر یەحیـادا بکەیـن، چونکـە پـێمان وایـە بێتوانایـە لـە جێبەجێکردنـی ئـەو ئەرکـەی پێـی سـپێردرایە لـە دابینکردنـی چارەسـەرێك بـۆ کێشـەی سیسـتمی سیاسـی... دەبێـت لێـرەدا ئامـاژە بـە بوونـی کەسـانێك لـەم حکومەتـەدا بکـەم کـە دەیانەوێـت و خوازیـارن کێشـەی دەسـتکرد دروسـت بکـەن بـۆ دەسـتپێکردنەوەی دۆخـی جەنـگ و بگەڕێینـەوە خاڵـی سـفر.

لـە کۆتایـی مانگـی تەممـوزدا شـەڕ لـە ناوچـەی سـلێمانی ڕوویـدا: هێـرش کرایە سـەری، کـورد دەسـتی بـاڵای هەبـوو و دەسـتی بەسـەر ژمارەیەکـی بەرچـاوی چـەك داگـرت.

حکومەتـی ناوەنـدی مووچـەی فەرمانبەرانـی مەدەنـی دەوڵـەت کەمدەکاتـەوە و هەوڵـی دروسـتکردنی ڕێکخـراو و کۆمەڵـە لـە بەرژەوەنـدی "قوربانیانـی ئـەو شـەڕ و دەسـتدرێژیانە دەدات کـە ئیسرائیـل ئەنجامـی دەدات" . خەڵـك گلەیـی دەکـەن و لـە بەغـدا کەسـایەتییە دیـارەکان بوێـری ئـەوە دەکـەن بڵێـن: تـا پیاوێکـی وەك ژەنـەڕاڵ تاهـر یەحیـا کـە بـە خـراپ بەکارهێنـان و گەندەڵـی لـە بابەتـە داراییەکانـدا نـاسراوە، لـە دەسـەڵاتدا بێـت، ئێمـە هیـچ نادەیـن.

شاندێکی سەربازی عێراقی دەچێتە یەکێتی سۆڤیەت: یەکێتی سۆڤیەت نزیکەی پەنجا تانك دەگەیەنێتە بەغدا. چەند مانگێک پێشتر لیژنەیەکی پسپۆڕ لە دەستەی فەرماندەیی گشتی ئەدای فڕۆکە جەنگییە بۆمبهاوێژەکانی فەڕەنسیەکانیان بە دڵ بوو.

سەرەڕای هەموو نائومێدیەك لە کۆنفرانسی خەرتوم، ژەنەڕاڵ بارزانی ڕاپۆرتێکی لەسەر دۆزی کورد بۆ هەموو حکومەتە عەرەبییەکان و بەتایبەتی بۆ سەرۆك جەمال عەبدول ناسر نارد: داوای کرد ئەم کێشە و پرسە گرنگەی گەلی کورد بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. هیچ بەدواداچوون و وەڵامێك بۆ ئەم ڕاپۆرتە نەبوو. لە لایەکی دیکەوە بەرپرسانی کورد و ناوەندە عەرەبییە پێشکەوتنخوازەکان بە توندی ڕەخنە لە چارەسەری کێشەی یەمەن دەگرن، بۆ ئەمەش وڵاتانی عەرەبی سەرەڕای بوونی ئەفسەرانی ئینگلیز و ئەمریکی لە نێو هێزە شاهانەییەکاندا، سازش و ڕێکەوتنی کاتی قبوڵ دەکەن.

دوای چەند هەفتەیەك، جەلال تاڵەبانی، کە بۆ ئەرکێك ڕەوانەی لای حکومەتی سوریا کرا، تاڵەبانی هەوڵ دەدات حکومەتی سوریا قەناعەت پێبکات لە هاریکاری هەواڵگری نێوان ئیسرائیل و شۆڕشی کورد. دوو کەتیبەی حکومی پەیوەندی بە سەربازگەی ڕەواندوزەوە دەکەن و لیوایەك لە سلێمانی جێگیر دەبێت. کۆنگرەی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا کە بڕیار بوو لە ١٧ تا ٢٢ی ئاب لە ڤیەننا بەڕێوە بچێت، لەلایەن دەسەڵاتدارانی نەمسا لە ژێر فشاری باڵیۆزخانەی عێراقدا قەدەغە کرا.

لە مانگی ئەیلوولدا لەشکری شۆڕشگێڕ لە حاڵەتی ئامادەباشیدا دەبێت و مۆڵەت وەرگرتن ڕادەگیرێت. پێگە بەرگرییەکان بەهێزتر دەکرێن. لە کۆتایی ئەم مانگەدا، ژەنەڕاڵ تاهر یەحیا، سەرۆکوەزیرانی حکومەتی عێراق لەگەڵ ژەنەڕاڵ بارزانی کۆدەبێتەوە. دوای ئاڵوگۆڕی نەریتی دیاری بەخشین بەیەکتر، گفتوگۆ لەژێر دروشمی دڵسۆزی و متمانەدا دەست پێدەکات. سەرۆك وەزیران داوای ئاشتەوایی گشتی لە نێوان کورد و حکومەت دەکات. بارزانی لە وەڵامدا دەڵێت، پرسەکە پەیوەندی بە ڕاگەیاندنی ئاشتەوایی نییە، بەڵکو پرسی دانان بە کەمترین شت کە لە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا پێشنیارکرابوو. لە ڕاستیدا ئەم دانپێدانانە فەرمییە دەبێتە ئاشتەوایی.

پاشان سەرۆك وەزیران پێشنیاری بەشداری پێکردنی کورد بە پێدانی جێگرێکی سەرۆکوەزیران و چوار وەزیری کورد لە حکومەتدا کە نوێنەرایەتی شۆڕش دەکەن، ژەنەراڵ بارزانی وەك بەبیرهێنانەوەیەك دەڵێت مەرج نییە پێشنیارێکی لەم جۆرە بە مانای دانانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورد بێت.

لێك تێگەیشتنێك وەك ڕێککەوتن پەسەند دەکرێت: شۆڕشی کورد ئەو وەزیرە داواکراوانە دابین دەکات و بە پێی بەیاننامەکانی ٢٩ی حوزەیران کابینەی نوێ کە پێکهات دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە ٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧ وەفدێکی عێراقی بە سەرۆکایەتی چوار وەزیر لە شاری هەولێر نیشتەجێ بوون بۆ دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی شۆڕشی کورد - نەك تەنیا لەگەڵ ژەنەراڵ بارزانی - سەبارەت بە دروست کردنی قەوارەی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستانی عێراق، بەبێ ئەوەی بە فەرمی قسەی لەسەر بکرێت یان ئەو شتە لەلایەن ڕۆژنامە و ڕادیۆکانەوە ئاشکرا بکرێت، بۆ خۆ بەدوورخستن لە ئەگەری کاردانەوەی توندڕەوانی عەرەبی[1].

ڕۆژی ٨ی تشرینی یەکەم، سەرۆك وەزیرانی عێراق چووە هەولێر و لەوێ بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك لەگەڵ شاندی کورد قسەی کرد.

لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧، گۆڕانی وەرزی لە بەغدا، پرۆسەی تێکچوونی دیپلۆماسییەکەی زیاتر کرد: گرژییەکە گەیشتە ئاستی ئاگاداری. لە کاتێکدا ژەنەراڵ بارزانی بەیاوەری دکتۆر عوسمان سەردانی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکووکی کرد، سوپای حکومەت هێرشی ناوخۆیی بۆ سەر پێگەکانی کورد دەستپێکرد. لەشکری شۆڕش، کە لە حاڵەتی ئامادەباشی هەمیشەییدایە، یەکەی کۆماندۆ بەخێرایی بەرپەرچ دەداتەوە بە دەستبەسەرداگرتنی چەند دیلێك کە ئەفسەرێك و پێنج سەرباز بوون دەبنە بەڵگەی زیندوو بۆ پێشێلکردنی ئاگربەست لەلایەن حکومەتی بەغدا.

زستانێکی سەختە و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی شۆڕش فشارێکی زۆری

---

(١) بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری کاردانەوەی عەرەبە توندڕەوەکان، دکتۆر بەزاز سێ برگەی بەرنامەی حوزەیرانی ١٩٦٦ی بە نهێنی هێشتبووەوە.

لەسـەرە، بـە شـێوەیەك ژمـارەی نەخـۆش لـە هـەر گوندێکـدا بـە سـی کـەس دەخەمڵێنـن، لـە هەمـان کاتیـش دا کێشـەی کەمـی دەرمانیـش هەیـە.

لـە ١٣ی کانونـی دووەمـی ١٩٦٨ شـەش وەزیـر دەستلەکارکێشـانەوەی خۆیان پێشـکەش بـە ژەنـەڕاڵ عـارف کـرد. لـە نێویانـدا عەبدولـڕەزاق محێدیـن، کـە وەزیـری دەوڵـەت بـوو، لـە شـوێنیدا ئەفسـەرێك دادەنرێـت بـە نـاوی: عەمیـد فەیسـەڵ شـورباڵ ئێـرس.

بـەر لـە کۆتایـی هەمـان مانـگ، لیژنەیەکـی هاوبەشـی چـەك لـە فەڕەنسـا چـووە بەغـدا. لـە فەڕەنسـا ڕۆژنامـەکان هاتنـی سـەرۆك کۆمـاری عێـراق بـۆ پاریـس ڕادەگەیەنـن کـە لـە وەڵامـی بانگێشـتنامەی فەرمـی بەڕێـز سـەرۆک کۆمـاردا لـە ٧ تـا ١٠ی شـوبات پێشـوازی لێدەکرێـت.

دکتـۆر مەلیـک دوحـان ئەلحەسـەن وەزیـری ڕێنمایـی و ڕۆشـنبیری لـە شـەوی یەکشـەممە ٦ی ئایـار ڕایگەیانـد "ڕژێمـی کاتـی" بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ درێـژ دەکرێتـەوە، کـە لـە ٢ی ئایـاری ١٩٦٤ دامـەزرا بـوو.

لـەم نێوەنـدەدا ژەنـەڕاڵ فەیسـەڵ ئەلئەنسـاری کـە بـە دوژمنایەتیـی لەگـەڵ هـەر دانوسـتانێك لەگـەڵ شۆڕشـگێڕانی کـورد نـاسراوە، پلـەی بەرزکرایـەوە بۆ سـەرۆکی دەسـتەی ئەرکانـی گشـتی.

## ئابووری شۆڕش

جەنــگ و شــۆڕش تەنانــەت لــە هاوســەنگی دەرچــوون، بەهــۆی بەکاربردنــەوە دەتوانێــت بگاتــە قورسـاییەکی بەرگــە نەگیـراو، لەسـەر حیسـابی بەرهەمهێنانێکـی لاواز، کــە توانــای گەڕاندنــەوەی هاوســەنگی نییــە و لــە ســنووری هاوســەنگبوون دەرچــووە.

بۆیـە شـۆڕش دەبێـت بـە تونـدی ڕەچـاوی ئابوورییەکـەی بـکات، بـۆ ئـەوەی وابەسـتەی کردەوەیــەك نەبێــت نەگونجێــت لەگــەڵ ســەرچاوەکانی داهاتــی دا. هەروەهــا دەبێــت ستراتیژییەکـی درێژخایـەن دابڕێژێـت، ڕێگـە بـە دەسـتپێکردنەوەی هەناسـەدانی ئابـووری کـورت و فـرە چەشـن بـدات. لـە ڕاسـتیدا ژەنـەڕاڵ بارزانـی هەرگیـز ئـەو ئاگربەسـتانەی پێشکەشـی کرابـوون ڕەت نەکـردەوە، تـا ئـەو ئاسـتە دەڕۆیشـت کـە دەستپێشـخەریی بـە سـەربازانی حکومـەت بـدات بـۆ شـکانی ئاگربەسـتەکە. ئاگربەسـتی ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ تەنیـا یەکێـك بـوو لـەم قۆناغـە تاکتیکیانـەی چاودێرانـی بیانـی زانیـاری ئەوتۆیـان نەبــوو، ئەمــەش وایکــرد بەلاڕێــدا ببرێــن.

بۆیــە فاکتــەرە ئابورییــە تونــدەکان بوونــە هــۆی ئــەوەی بزووتنــەوەی شۆڕشــگێڕی کـــورد بـــە هێواشـــی بـــەرەو پێـــش بچێـــت، کـــە کاریگـــەری ڕاســـتەوخۆی لەســـەر گەشەســـەندنی سیاســـی خـــۆی هەبـــوو: تێکەڵبوونـــی بەرفـــراوانتری ســـەرکردە سیاسـییەکان و جەمـاوەر و پـەروەردەی جوتیارانـی خانەخـوێ و بەسیاسـیکردنی سـوپا و پاکتاوکردنـــی چـــڕ لـــە چالاکوانـــان.

"پرســیاری پــارە ئازاربەخشــە" زیاتــر پرۆســەی هەڵوەشــانەوەی دەرەبەگایەتــی خێراتــر دەکات و دەبێتــە هــۆی: مایەپــووچ بــوون و خــاوەن ســەروەتە گــەورەکان خۆیـان لەگـەڵ هەمـوو هاووڵاتیانـدا یەکدەخـەن و ئیمتیازاتەکانیـان لەدەسـت دەدەن و زیاتـر بـە ئاسـانی گۆڕانـکاری دەروونـی قبـوڵ دەکـەن کـە "ترسـی دۆڕان و لـە دەسـت دانیــان" چــیتر نامێنێــت.

حکومــەت دەچێتــە نــاو شــەڕێکی کلاســیکەوە، بــەڵام چــەك و ئامــرازی مۆدێــرن و گرانبەهـا بەکاردەهێنێـت: سـاڵانە دەکاتـە١٤٠ ملیـۆن دینـار. بـەڵام ژێرخانـی ئابـووری وڵات توانـای هەڵگرتنـی ئـەو خەرجییانـەی نییـە. ئـەو چەکانـەی لـە دەرەوەی وڵات دەکڕدرێـن،

بـە گەمـەی دەسـتکردی داهاتەکانـی نـەوت، واتـە سـاڵانە ٤٠٠ ملیـۆن دۆلار پارەیـان بـۆ دابیـن دەکرێـت واتـا: ئـەو مریشـکەی هێلکـەی زێڕیـن دەکات لـە تەندروسـتیەکی خـراپ دایـە، بـە پێچەوانـەوە دەبێـت ڕێگـە بـە وەبەرهێنانـی ناوخۆیـی بدرێـت.

حکومــەت، حکومەتێکــی بەکاربــەرە و بــە دەســت کورتهێنانــەوە دەناڵێنێــت لــە ســاڵی ١٩٦٦دا بڕەکــەی ٤٠ ملیــۆن دینــارە ، لــەو بارودۆخــە دا ناچاردەبێــت قــەرز بــکات و ســەرچاوەکانی داهاتــووی میللــەت بــە ڕەهــن دابنێــت و بــەم شــێوەیە دەبێــت بیخاتــە ژێــر وابەســتەیی قەرزدەرەکانــەوە. لــە مانگــی کانوونــی یەکەمــی ساڵی ١٩٦٦دا، میرنشـینی کوێـت بـوو بـە قەرزدەرێکـی زۆر خۆشـحاڵ، جارێکـی دیکـە هــاوکاری بــە قــەرز دەدات بــە دراوســێکەی، لــە هەمــان کاتیشــدا ئامــۆژگاری کــرد هەندێــك تێگەیــشتن نیشــان بــدات ئەگــەر بیەوێــت قــەرز وەربگرێــت. بــەم شــێوەیە میرنشــینە بچووکەکــە فۆرمێکــی دیاریکــراوی ملکەچــی و پابەندبوونــی عێراقــی کــڕی و بــە شــێوەیەکی یەکلاکــەرەوە کێشــە ســنوورییەکانی لەگــەڵ چارەســەر کــرد. ئــەم دەســتکەوتە دڵخۆشــکردنی کۆمپانیــا نەوتییــەکان و ڕۆژئاواییــەکان بــەدوای خــۆی دادەهێنێــت، لــە ئەنجامــدا حکومەتــی نــوێ مانگــی ئایــاری ١٩٦٧ دروســت دەبێــت. هاوپەیمانــی قــەرزدەر و قەرزوەرگــر بەبــێ ناڕەزایەتــی ئۆپۆزســیۆنی ڕژێــم تێپەڕنابێــت و لــە هەمــان کاتــدا بەهێزبوونــی شۆڕشــی کــورد و پەیوەنــدی عەرەب-کــورد.

هەروەها پارە یەکێکە لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی بەرپرسانی کورد:

— ئێمــە دوو خاڵــی گرینگــمان هەیــە بــۆ هەڵوەســتە کــردن لەســەری: لــە ئاســتی دیپلۆماسـیدا دۆسـتی بیانمـان کەمـن، لـە ئاسـتی ئابووریشـدا پارەمـان کەمـە. پێموایـە دۆزینــەوەی پــارە گرنگــترە لــە دۆســتان: دۆســتەکان هەمیشــە کاتێــك دەســتوەردان دەکـەن سـەرکەوتن بەدەسـت هـات. بـەڵام بـۆ بردنـەوە پێویسـتت بـە پارەیـە...

پـارە. جـا چ لـە بازگەکانـی میحـوەرەکان یـان لـە گونـدەکان یـان شـارە گـەورەکان یـان لـە کاتـی دانیشـتنەکانی دەسـتەی کارگێـڕی ئەنجومەنـی فەرماندەیـی شـۆڕش یـان کۆبوونەوەکانــی شــانەکان، هەمیشــە پێشــمەرگەیەك یــان جوتیارێــك یــان ژنێــك یــان منداڵێـك هەیـە کەیسـەکەیان پێشـکەش دەکـەن و داوای یارمەتـی دەکـەن:

— هیـچ ئیمکانیاتـم نییـە و بـاری دارایـیم بـاش نییـە. کێڵگەکانـم سـووتاون و مـن داڵـدەی براکـەم دەدەم کـە برینـدار بـووە...

– پێویستمان بە پارەیە بۆ یارمەتیدانی خێزانەکانی شاری سلێمانی...

– پێویستە پارە پەیدابکەین بۆ بڵاوکردنەوەی نامیلکە و برۆشۆرەکان...

پارەکە لە کوێوە دێت؟

بودجـەی شـۆڕش بـە هـاوکاری و بەخشـینەکانی چالاکوانـان و پشـتیوانانی شـار و گونـد و هاوسـۆز و دۆسـتان دابیـن دەکرێـت. بـەڵام لـە کـۆی ئـەو دوو ملیـۆن کـوردەی لـە عێراقـدا دەژیـن، چەندیـان توانـای دابینکردنـی هاوکارییەکـی گەورەیـان بـۆ شـۆڕش هەیـە؟ نیوەیـان لـە کوردسـتانی ئازادکـراو واتـا ئـەو ناوچەیـەی لەژێـر دەسـەڵات و کۆنترۆڵـی هێـزە شۆڕشـگێڕەکانەوە بـە دروێنـە و دانەوێڵـەی لەناوچـوو و تووتنـی نەفرۆشراوەوە دانیشـتووانەکەی گیـرۆدە بـوون. مـاوەی حـەوت سـاڵە سـەروەت و سـامانی وردە وردە لـە ناودەچێـت، لەکاتێکـدا پێداویسـتییەکان زیادیـان کـردووە. سـەبارەت بـەو ملیۆنـەی لەژێـر چاودێـری حکومەتـدا ماونەتـەوە، ئەوانیـش کەمینەیەکیـان تێدایـە کـە دوژمنایەتـی شـۆڕش دەکـەن، بۆیـە ٨٠٠ کارمەنـد و تەکنیـکاری کۆمپانیـا نەوتییـەکان بـە "هـۆکاری ئەمنـی" لـە کارەکانیـان دەرکـران و دوورخرانـەوە، جوتیارانـی ٣٣٠ گونـدی ناوچەکانـی کەرکـووک و هەولێـر ڕاگوێـزران کـە بـۆ بەرژەوەنـدی بەدەوییـەکان لـە باشـوورەوە هـاوردە دەکـران، هەروەهـا ٣٠٣ گونـدی تریـش بـە تـەواوی ڕووخـێنران و لەگـەڵ زەوی تەخـت کـران کـە لـە بەرەکانـی شـەڕ نزیـك بـوون.

بۆیـە سـەرچاوەی داهـات تاڕادەیـەك کـەم دەردەکەوێـت: بیانییـەکان دەتوانن بەشـێکی کورتهێنانەکـە پڕبکەنـەوە. بـەڵام تـا ئێسـتا ئـەو کۆکردنـەوەی لـە ئەوروپـا و ئەمریـکا و وڵاتانـی سۆسیالیسـتیدا ئەنجـام دەدرێـن، تەنیـا بەشـێکی کـەم لـە پێداویسـتییەکان دابیـن دەکـەن. بـۆ ڕایەکـی گشـتی تاڕادەیـەك بێئـاگا بـووە و ئێسـتا وردە وردە زیاتـر هۆشـیار دەبێتـەوە، دەبێـت بگوترێـت دواکەوتنـی ئـەو لایەنانـەی دوودڵـن لـە مەترسـی تۆمەتبارکردنـی سیاسـەتی دژە عەرەبـی، چونکـە ئەمـەش دەبێتـە ترسـی ڕێکخـراوە خێرخوازییـە پیشـەییەکانی وەك ڕێکخـراوی خێرخـوازی کاسـۆلیك، کـە ترسـەکەی لـەوە دایـە لـە پێشخسـتنی شۆڕشـێك کـە سروشـتی شۆڕشـەکە ناناسـن و لـە گرنگـی نـەدان و بـێ بەرژەوەنـدی کۆمەڵگـەی ئاشـووری دەترسـن کـە پەنایـان بردۆتـە بـەر ئەمریـکا و سـەرەڕای فەرمانەکانـی کـوڕی ژەنـەڕاڵ ئاغا پترۆس، ئاشـووریەکان خواسـتە نەتەوەییەکانیان لـە خەونەکانـی کۆکتێـل خواردنـەوە دەبیننـەوە.

ئـەو لیژنانـەی پشـتیوانی لـە دانیشـتوانی کـورد دەکـەن و خاچـی سـووری نێودەوڵەتـی و ڕێکخـراوی فریاگـوزاری جەمـاوەری فەرەنسـی بـۆ ئـەوەی کارەکانیـان کاریگـەر بـن، لەگـەڵ ئـەوەش دا ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگی بێشـوماری ڕێـکارەکان دەبنـەوە وەك: تێپەڕاندنـی سـنوورەکان و تۆمەتبارکردنیـان بـە دەسـتوەردان لـە کێشـە نیشـتمانییەکان یـان بـە سیاسـیکردنی هاوکارییـەکان. لەڕاسـتیدا، بـۆ باسـکردنی تەنیـا یـەك نموونـە، ئـەو بوتڵـە دژە زینـدووەی لەلایـەن ڕێکخـراوی فریاگـوزاری جەمـاوەری فەرەنسـییەوە دابینکـراوە، لـە چـاوی هەندێـك لـە چاودێرانـدا، وەک نیشـانەیەك بـۆ تێوەگلانـی ڕوونـی حزبـی شـیوعی لـە شۆڕشـی کـورد دا دەردەکەوێـت.

بۆیـە شۆڕشـی کـورد بارگرانـی گەورەتـر لـە توانـا داراییەکانـی لـە ئەسـتۆ دەگرێـت. خەزنـەداری شـۆڕش دکتـۆر مەحمـود عەلـی عـوسمان نایشـارێتەوە:

– ساڵانە پێویستمان بـە ملیۆنێـك دینـار دەبێـت، نـەك بـۆ پێشـکەوتن، بەڵکـو بـۆ مانـەوە لـە ژیـان و گوزەراندنـی، بـەڵام ئێمـە زۆر زۆر لـەوە کەمترمـان هەیـە. حکومـەت ئـەم بارودۆخـە بەکاردێنێـت بـۆ خنکاندنـی تەواومـان بـە گەمـارۆی ئابـووری و وێرانکردنـی وڵات بـە تێبەردانـی ئاگـر لـە بەروبوومـە کشـتوکاڵیەکان و نەهێشـتن و دەرکردنـی کرێـکاران و فەرمانبەرانـی کـورد یـان مووچەخـۆران و ڕاکێشـانی کەسـە لاوازەکان بـە پـارە، بـەم جـۆرە کەڵـك لـەو بارودۆخـە وەردەگرێـت: سـەرکردەکانی هـۆزەکان پـارە و بەخشـینی بەرچاویـان پێشـکەش دەکرێـت، زۆرێکیـان قبووڵـی دەکـەن. جوتیـاران چیـتر ناتوانـن بەروبوومەکانیـان بفرۆشـن. لـە سـەرەتای شۆڕشـدا، پێشـمەرگەکان کۆمەڵێـك سـەرچاوەی دارایـی و سـامانی تایبەتـی خۆیـان هەبـوو. ئێسـتا هیچیـان نییـە. سـوپا لـە گەشـەکردندایە! ژمـارەی قوربانییـەکان لـە زیادبووندایـە! سـەرچاوەکانی داراییـمان بـەرەو کـەم بوونـەوە دەچـن.

ئەم نیگەرانییە وایکرد نەقیب کەمال فەرماندەی لیوای عەرەبی بڵێت:

– شۆڕشـی ئێمـە شۆڕشـی هەموو شۆڕشـگێڕانی سـەر ڕووی زەوییـە، بۆیە دەبێـت وریا بن، شـەڕی ئێمـە شـەڕی ئەوانـە. بـەڵام شۆڕشـگێڕانی ئەورووپـا زۆرجـار لـە ئاژاوەگێـڕ زیاتـر هیچـی تـر نیـن، کارەکەیـان لـە ئاسـتی ڕاگەیانـدن و قسـەکردن دایـە. بـۆ چالاکوانانـی ئەوروپـی، داوایـان لێدەکـەم هاوکارمـان بـن. (٢٣ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٦).

## پێویستییەکانی شۆڕش چین؟

ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕش ئۆرگانێکی حکومییە و بەرپرسە لە دانیشتووانێکی یەك ملیۆن کەس و لەشکرێکی شۆڕشگێڕ لە شەڕدا.

دانیشتوانی مەدەنی:

١٨ هەزار خێزان هیچ سەرچاوەیەکی داراییان نییە، ئەمانە دایك و باوك و ژن و منداڵی٢٥٠٠ پێشمەرگەن و ٣٠ هەزار هاووڵاتی مەدەنین کە لە کاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و بۆردومانەکاندا کوژراون. دانیشتوانی ٦٠٠ گوندی زیانلێکەوتوو ناچارن پەنا بۆ یارمەتی کاتی ببەن: بڕی ئەو دانەوێڵانەی لە کاتی ئاگرکەوتنەوەی دروێنەکردندا لە سوتان پارێزرابوون، ئەوە نیشان دەدەن کە بەشی دانیشتووان ناکات. لە کۆی ٢٠٠ هەزار گوندنشینی ئاوارە و لێقەوماو، ٪٩٢یان لە خاکی ئازادکراودا دەژین و٪١٠ لە ژێرچادرەکاندا و ئەوانی تر لە نێوان خێزانەکاندا دابەش بوون. ئەمانەش هەموویان خۆراکیان پێویستە بۆ مانەوە لە ژیان.

لە کاتێکدا ئاشتی بەرقەرار بێت و شەڕ نەبێت، بودجەی ساڵانەی خێزانێکی گوندنشین ٤٠ دینارە بۆ جوتیارانی سادە و ١٠٠ دینار بۆ بەرهەمهێنەرانی تووتن. کوردستانی عێراق زیاتر لە ٤ ملیۆن کیلۆ تووتنی نایاب بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش بەسە بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ و هەناردەکردنی. ٪٧٥ی کێڵگەکانی تووتن لە ناوچەی ئازادکراودا هەڵکەوتوون. بەرهەمی دروێنەی ساڵی ١٩٦٥ نەتوانرا بفرۆشرێت: شەڕەکە توندبوو و ئەو گەمارۆ ئابوورییەی حکومەت سەپاندبووی، هەر جۆرە مامەڵەیەکی بازرگانی لەگەڵ باکوور قەدەغە دەکرد. تەنیا چەند بازرگانێك و کاسبکارە لێهاتووەکانی عەرەب و قاچاخچیە عێراقی و تورکی و ئێرانییەکان توانیان بە گوێ درێژەکانیان سنوورەکان ببڕن و چەند سەد کیلۆیەك لە باشترین تووتن بە نرخێکی کەم بکڕن. ئێمە ئا لێرە لە بەرژەوەندی ئابووری ئاگربەستەکان تێدەگەین.

ئەو نرخانەی لە گوندێکی ئازادکراوی کوردی نمایشکراون چۆنن؟ بەپێی کاتدا دەگۆڕێن، نەبوونی پارە ڕێگە بە عەمبارکردن نادات و تێچووی ژیان و نرخ بەرزی کاڵاکان بەپێی بارودۆخی سەربازی دیاری دەکرێت.

| بەرهەم یان بەروبووم | بڕ | کاتی ئاشتی | کاتی جەنگ[1] |
|---|---|---|---|
| شەکر | ١ کگم | ٩٠ فلس | ٢٥٠ فلس |
| چا | ١ کگم | ١ دینار | ٢ دینار |
| گەنم | ١ کگم | ٥٠ فلس | ١٥٠ فلس |
| جۆ | ١ کگم | ٤٠ فلس | ١٠٠ بۆ ٢٠٠ فلس |
| برنج | ١ کگم | ٣٠٠ فلس | ٧٠٠ فلس |
| ڕۆن | ١ کگم | ٤٠٠ فلس | ٩٠٠ فلس |
| گۆشت | ١ کگم | ٤٠٠ فلس | ٨٠٠ فلس |
| نەوت | ٢٨ لیتر | ٢٥٠ فلس | ٢ دینار |
| بەنزین | ٢٨ لیتر | ١ دینار | ٤ بۆ ٥ دینار |
| تووتن* | ١ کگم | ٥٠٠ فلس | ----------- |
| سابون | یەك دانه | ٤٠ بۆ ٦٠ فلس | ١٢٠ فلس |
| پاتری ١،٥ ڤۆلت** | ------------- | ٣٠ بۆ ٤٠ فلس | ------------ |
| * ٪ ١ بـۆ ٣ی بەرهەمـی دروێنەکردنەکـە یەکڕاسـت بـۆ شۆڕشـە و بەسـەر پێشـمەرگەدا دابەشـی دەکات یـان دەیفرۆشـێت. ** ژمارەیەکـی کـەم لـە ئامێـری ڕادیـۆی لـە نێـو دانیشـتوانی گوندەکانـدا هەیـە. | | | |

هەروەهـا جلوبـەرگ لـە کاتـی شـەڕی ڕاگەیەنـدراودا زۆر گـرانترە. شـتێکی دەگمـەن و نامـۆ نییـە چـاوت بـە جوتیارێکـی کـورد بکەوێـت چاکەتێکـی زانکـۆی ئەمریکـی یـان یانەیەکـی بەیسـبۆڵی نیویۆرکـی لەبەردابێـت. بەڕاسـتی بەرهەمـی فرۆشـگاکانی دەسـتی دووی ئەمریکـی، کـە بـە کڕیـاران لـە سەرانسـەری جیهانـدا دەفرۆشرێـن لـە ڕێگـەی چەندیـن ناوەنـد و وێسـتگەیەکەوە دەگەنـە کوردسـتان. قاتێکـی کـوردی پیاوانـەی بـە دەسـت چنراو بـە ٣٠ دینـارە.

(١) نرخـەکان لـە گەڵاڵـە نمایـش کـران بـوون کـە شـارۆچکەیەکی بچووکـە و دەکەوێتـە باکـووری ڕەوانـدوز. فیلیـس بەشـی سـەدی دینـارە: ١٠٠ فیلیـس: ١ دینـاری عێراقـی. ١ دینـار: (نزیکـەی) ١٣.٢٥ فرانکـی فەرەنسـیە.

سوپا:

١٤ هـــەزار پێشـــمەرگە کـــە ٣ هەزاریـــان بـــێ چەکـــن لـــە یـــەدەگ و یەکـــە خزمەتگوزارییـــەکان کار دەکـــەن. ئـــەم ڕێـــژە بەرچـــاوەی پیاوانـــی بـــێ چـــەك دەتوانێـــت ببێتـە بەڵگـەی ڕوون و ئاشـکرای خراپـی بارودۆخـی ئابـووری. لـە ڕاسـتیدا ئـەو چەکانـە یـان لـە گۆڕەپانەکانـی جەنـگ دەسـتیان بەسـەردا دەگیرێـت یـان لـە دەرەوەی وڵات لـە بریـکار و بازرگانـەکان دەکڕدرێـن.

لـە مـاوەی دوو سـاڵدا تەنیـا چـوار جـار دەتوانـرا مووچـەی پێشـمەرگە بدرێـت کـە بـەم شـێوەیە بـوو: ٥ دینـار، ٥ دینـار، ٢.٥ دینـار، ٥ دینـار[١]. لـە بەرامبـەردا هـەر جاشـێك مانگانـە ١٤ دینـار وەردەگرێـت. "خانـەوادەی کـوژراوان" مووچـەی خانەنشـینی مانگانەیـان ١.٥ دینـارە ئەویـش کاتێـك دۆخەکـە بـاش بێـت.

تێچـووی خزمەتگـوزاری پێشـمەرگەی مامناوەنـد چەنـدە کـە دەبێـت جلوبـەرگ و خواردنـی بـۆ دابیـن بکرێـت؟

| | |
|---|---|
| جامانە | ١ دینار |
| قاتی پێشمەرگە | ٢.٥ دینار |
| پـێڵاو (پـێڵاوی پلاسـتیکی نەگونجـاو لـە بـەرزو نزمیـە شـاخاوییەکاندا) | ٠.٥ تا ١ دینار یان ٤ تا ٤.٥ دینار |
| ژەمە خواردن لە مانگێکدا | ١.٥ دینار |
| خەرجییە ئاساییەکان (شاقرتە، کاغەزی بێجگەرە) | ٠.٥ دینار |

بـۆ نموونـە هێـزی ڕزگاری کـە لەلایـەن ملازم ڕەشـید سـندی فەرماندەیـی دەکرێـت، خەرجـی خۆراکـی پێشـمەرگەکانی خـۆی دەکات - کـە بـۆ هـەر کەسـێك بـە ٢ دینـار مەزەنـدە دەکرێـت و بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی "پـارەی گیرفـان" ی کەمـە:

(١) دوا مووچە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦ وەرگیراوە.

| |
|---|
| ١٢٠٠ پێشمەرگە x ٢ = ٢٤٠٠ دینار |
| ١٥٠٠٠ پێشمەرگە = ٣٠٠٠٠ |
| ئەگەر ئەم ١٥ هەزار پێشمەرگەیە ساڵانە ٣ جار جلوبەرگ و پێڵاوەکانیان بگۆڕن: |
| ٤ دینار x ٣ x ١٥٠٠٠ = ١٨٠٠٠٠ دینار بۆ هەر ساڵێک (جل و بەرگ) |
| کە بۆ ئەوەش زیاد دەکەین: |
| ٣٠٠٠٠ دینار x ١٢ = ٣٦٠٠٠٠ دینار بۆ هەر ساڵێك (خواردن) |
| کۆی گشتی ٥٤٠٠٠٠ دینار لە ساڵێکدا |
| با گریمانە بکەین کە پێشمەرگەیەك وەک مووچە کە پێویستی بێت بۆ سەرپەرشتیکردنی خێزانەکەی خۆی ١٠ دینار لە ساڵێکدا وەردەگرێت: ١٠ دینار x ١٥٠٠٠= ١٥٠٠٠٠ دینار |
| بۆیە کۆی خەرجییەکانی خزمەتگوزاری سوپا دەگاتە: |
| ٥٤٠٠٠٠ + ١٥٠٠٠٠ = **٦٩٠٠٠٠ دینار لە ساڵێکدا** |

ئەم ژمارانە مانەوەی کادیرە هەمیشەییەکانی شۆڕش ناگرێتەوە کە پەنایان بۆ کوردستانی ئازادکراو هێناوە، دەستبەرداری هەموو چالاکییە پیشەییەکانی خۆیان بوون و دەبێت بەشێك بۆ بەخێکردنی بنەماڵەکانیان دابین بکەن کە لە شارە گەورەکاندا خۆیان حەشارداوە. بەڵام سەرچاوە و داهاتە داراییەکانی شۆڕش دەگاتە: ٣٠٠ هەزار دینار ساڵانە.

ئەگەر ئێستا باس لە کێشەی ئامێرەکان و چاککردنەوەیان و کڕینی بکەین، ئەوەمان لەبیر بێت - تەنیا بۆ زانیاری لەبەر ئەوەی ئەمانە هەموویان نهێنی سەربازین - کە ٢ ملیۆن فیشەك لە بەهاری ساڵی ١٩٦٥ تا حوزەیرانی ١٩٦٦ تەقێنراون. لەو ٢ ملیۆن فیشەکانە نیوەیان لە جاشەکان یان خودی سوپای عێراق کڕدرابوو، کە بە تێکڕا نرخی هەر دانەیەکی ٥٠ بۆ ١٠٠ فلس دەبێت.

ئەگەر ئەفسەرێکی پیادەی حکومی هاوەنی سریەکەیان بخاتەڕوو بۆ فرۆشتن بە نرخی ٤٠ دینار، ئەوا سەرکردەکانی بە پێچەوانەوە هەوڵی کڕینی دەدەن: چونکە بە بڕە پارەیەکی بەرچاو پێشنیار بۆ سەرۆك هۆزەکان دەکرێت کە خۆیان بە "سەربەخۆ" وەسف دەکەن، واتە هەڵپەرستن و ناهێڵن بە پلەی یەکەم بۆ شۆڕشگێڕان بێت. ئەمەش لێهاتوویی مامەڵەکردنی شۆڕش ڕوون دەکاتەوە، کە ناچارە بە هەمان چەك واتا پارە دژایەتی ئەو هەوڵانە بکات

کـە حکومـەت لەسـەر کەسـایەتی خـاوەن سـامانە گـەورەکان ئەنجامـی دەدات. کاتێـك بارزانــی ڕایدەگەیەنێــت:

— پێویسـتە بـە وردی و وریاییـەوە سیاسـەتی خۆمـان لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ هۆزەکانـدا جێبەجـێ بکەیـن.

مەبەسـتی لەوەدایـە خۆمـان لـە دروسـتکردنی بـەرەی دووەمـی شـەڕ و ئـاژاوە لـە نـاو خـودی کوردسـتاندا دوور بگریـن:

— ئێمــە لــە دژی حکومــەت شــەڕ دەکەیــن. ئێمــە ناتوانیــن لــە ڕووی ماددییــەوە هــەم دژی حکومـەت و هــەم دژی ئـەو سـەرۆك عەشـیرەتە گەورانـە شـەڕ بکەیـن کـە هێشـتا لـە کوردسـتان دەژیـن. چونکـە ئـەم پیاوانـە دەسـەڵاتدار و بەهێـزن: شـەڕکەر و پـارە و پشـتیوانیان هەیـە و هێشـتا دانیشـتوانی جوتیـار ئامـادە نیـن لـە دژی ئــەوان ڕاپــەڕن. ئێمــە بەرگــەی دابەشــبوونی ناوخۆیــی ناگریــن.

کەمتریــن شــت بتوانرێــت بگوتــرێ ئەوەیــە، دۆخــی دارایــی شــۆڕش کــە لــە زۆر بــەرەدا ســەریهەڵدا، جێگــەی نیگەرانییــە. کۆتایــی ئــەو ڕاپۆرتــە داراییــەی لــە کۆنگــرەی حەوتەمــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانی عێراقــدا بڵاوکرایــەوە، لــە تشرینــی دووەمــی ١٩٦٦، ســەرەتای هەڵویســتێکی تونــدڕەوی نوێــی ئاشــکرا کــرد: گۆشــەگیریی شــۆڕش دەبــێ لــە ڕێگــەی پڕۆپاگەنــدەی دەرەوەی وڵاتــەوە بشــکێنرێت.

— ئـەو بودجەیـەی ئێسـتا بـۆ شـۆڕش هەیـە، تەنیـا یـەك لەسـەر پێنجـی کەمتریـن بوجــەی پێویســتە کــە هەبێــت. بــەڵام دەتوانیــن هیوامــان هەبێــت: بەڕاســتی، بــۆ ئێســتا، ئێمــە لــە دەرەوە هیــچ ســەرچاوەیەکی داراییــمان نییــە. بۆیــە پێویسـتە دامەزراوەکانمـان پتەوتـر بکەیـن و چالاکییەکانمـان زیاتـر بکەیـن و هـەوڵ بــۆ باشــترکردنی بــاری داراییــمان بدەیــن. بــەڵام ئــەوەی لــە هەمــووی گرنگــترە، هەوڵدانــە بــۆ ئــەوەی هاوڕێــی زیاترمــان لــە جیهانــی دەرەوە، لــە نێــو خەڵــك و حکومەتەکانــدا هەبێــت. ئــەو ئاشــتیەی ئێســتا هەیــە دەرفەتمــان پێــدەدات ئــەم هەوڵــە بدەیــن: چونکــە تەنانــەت زۆرتریــن یارمەتــی ناوخۆییــش ناتوانێــت لــەم دۆخــە دەربازمانبهێنێــت. دەبێــت یارمەتــی دەرەکــی وەربگریــن.

## گۆڕانی شۆڕش

## ناڕوونی ناسیۆنالیستی

لە گۆشەی شەقامێك یان کۆڕ و کۆبوونەوەیەك، یان لە هۆڵی پەڕلەمان دێتە بەرگوێ، ناسیۆنالیزم سەرەتا تەنیا لە شێوەی قسە و باسی زارەکی دەردەکەوێت.

بەڕاستی ئەو زیادڕەویە بێ مۆڕاڵیە زارەکیانە، لە شێوەی گوتاری گشتیدا، وەك بڕبڕەی پشتی ڕەفتاری ناسیۆنالیزمی دەردەکەوێت. لەم کۆڕ و کۆبوونەوە و بزووتنەوانەدا هەستی بەکۆمەڵ دەگاتە حاڵەتێکی سەرلێشێواو توانای وروژاندنی کردەوەی ئاژاوەگێڕانە و توندوتیژی هەیە. ئەم دۆخە سەرەتاییە سەرسوڕهێنەرە بە باشی بۆ وروژاندنی چاودێر یان بەشداربوو لە ڕێگەی شەڕانگێزی و ترس و سەپاندن داڕێژراوە.

"زۆر قسە دەکەن... ئەمانە ڕەوشتی سەرۆکی دەوڵەت نین "، ئەم قسەیە ڕەخنەیەکە لەلایەن سەرکردە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان سەبارەت بە کوردەکانەوە دەردەبڕێت، تیشك دەخاتە سەر بێزارییان لەوەی وەك نەبوونی یەکدەنگی و لێپرسینەوە لە لایەن ئەو سەرکردانەوە هەستی پێدەکەن. بە بڕوای کورد، لێدوانی سەرکردە ناسیۆنالیستەکان زۆرجار دژ بەیەکن و بە سووکایەتییەوە بەستراوەتەوە، ئەمەش وایکردووە وەك سەرکردەی سیاسی بە جددی وەریبگرن. ئەم ڕەخنەیە گوزارشت لە سووکایەتیکردنە بە شێوازی بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی و هەروەها دەتوانێت وێناکردنی گرژییە نەتەوەیی یان سیاسییەکانی نێوان کورد و سەرکردەکانی عەرەب دەربخات. (دەستەی کارگێڕی).

دەستەواژەیەی قسە خۆشی و خۆشمەشرەبی کە لای ئەوان بە زۆربڵێیی دادەنرێت، برسێتی جەماوەر بۆ ئێستا لە خەیاڵەکانی داهاتوو هێور دەکاتەوە. بەناوی ناسیۆنالیزمەوە بودجە لە ئامادەکاری جەنگ و ڕێپێوانی سەربازی خوێناویدا قووت دەدرێت و دیار نامێنێت. بە ناوی ناسیۆنالیزمی چینایەتی بوو کە دژە شۆڕشی قاسم دەستی پێکرد و سەریهەڵدا، ئەمیش بووە هۆی سەرچاوە و ئیلهامی سەرەتای شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٦١، بەڵام هەر بە ناوی ناسیۆنالیزمیشەوە بوو کە ئەمەی دووەمیان واتا شۆڕشی کورد پەرەی سەند.

کەواتـە ئایـا نەخۆشـی ناسـیۆنالیزم هەیـە و لەگـەڵ چ قۆناغێکی گەشەسـەندنی کۆمەڵدا دەگونجێـت؟ سـەرهەڵدانەوەی هەڵوێسـتی تونـد و شـەڕانگێزی خێـڵ کـە ناسـیۆنالیزم بـۆ مانــەوە دەبێــت بەرەنگاریــی ببێتــەوە، کەواتــە ناســیۆنالیزم بەرزکردنــەوەی هەســتێکی کۆنـی بەهادانەوەیـە، کـە پێویسـتە بـۆ ئـەوەی کۆمـەڵ تواناکانـی خـۆی کـۆ بکاتـەوە و خـۆی لەگەڵیـدا بگونجێنێـت و ڕووبـەڕووی ببێتـەوە[(١)].

ناسـیۆنالیزمی نیوفاشیسـتی بـە بـژاردەی یەکلاکـەرەوە و فراوانخوازانـە جیـا دەکرێتـەوە لـە پرۆسـەی "نەتەوەسـازی یـان ناسـیۆنالیزمی"ی ئـەو وڵاتـە داگیرکراوانـە کـە خـۆی لەنـاو خۆیـدا دەدۆزێتـەوە وهۆشـیاری بـۆ ناسـنامەی خـۆی دەگەڕێنێتـەوە. بـە پێچەوانـەی ناسـیۆنالیزمی چینـی کـە تیشـك دەخاتـە سـەر گۆڕانکاریـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و سیاسـی ناوخۆیـی، ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی ڕەتیدەکاتـەوە چارەسـەرێکی ناوخۆیـی لەبەرچاو بگرێـت و دەڵێـت: دوژمـن لـە وڵاتـدا نییـە، بەڵکـو لـە دەرەوەیـە و چاکسـازییەکان ناتوانـن لـە نـاوەوە بێـن، بەڵکـو لـە فەتـح و ئـازاد کردنـەوە دێـن.

پـاش ئـەوەی ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی شـێوێنرا و یـاری پێکـرا، ڕێگـەی بـە زلهێـزەکان داوە چادرەکانیـان لـە وڵاتانـی تازەپێگەیشـتودا هەڵبـدەن کـە هاوکارییـان پێویسـتە. ناسـیۆنالیزم، لـەم داگیرکارییـەی ئیسـتیعماری نـوێ دا، پرۆژەیەکـی ڕاسـتەقینەیە بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئابــووری و سیاســی میللــەت. لــە ڕاســتیدا، پێدەچێــت جەمســەری نەخۆشیناســیی بــە نیشــتمانیکردنی عەقڵیەتــە کۆیلەکراوەکانــی زیادە-ناســیۆنالیزم بــە تــەواوی لەگــەڵ نیشـانەکانی نەخۆشـی دەمـاری هیستریـدا بگونجێـت.

کاتێـك چاودێرێـك ناتوانێـت سـەری سـوڕ نەمێنێـت لـەو لێدوانـە دژبەیەکانـەی لـە ناوەنــدە ناسیۆنالیســتیە عەرەبیــەکان دەردەچــن: بــە ئاســانی کاریگەرییــان لەســەرە و لــە ڕووی کەســایەتی لاوازن و پێدەچێــت بەهــۆی هــۆکارە دژبەیەکانــەوە تێکبچــن

(١) خێڵ، وەک گرووپێکی سەرەتایی تایبەتمەند، تەنیا لە دەوری چەمکی ژێردەستەیی و ناسنامە – شوناسی کارەکتەرەکانی هەمان گرووپی نەتەوەیی و هەمان گرووپ یەکگرتوویی خۆی بەدەست دەهێنێت. گروپی سەرەتایی و ڕەگەزی تەنیا لە ڕێگەی دارمانی تایبەتمەندی و تایبەتمەندی خۆیەوە و لە ڕێگەی تێکەڵبوون لەگەڵ گروپەکانی تر دەگاتە پێگەیشتن. لەوکاتەشدا یەکگرتوویەکەی سیاسی دەبێت. یەکگرتنی کۆمەڵگاکان یان پێکهاتەکان پێویستی بە نەمانی هەژموون و باڵادەستی پەیوەندییەکانە لەسەر یەکتر.
بـەم مانایـە دەتوانیـن بڵێیـن تاقمـە نەتەوەییـەکان هێشـتا لـە دۆخێکـی کۆنـدا دەژیـن جا لـە ئەوروپا بێـت یـان لـە ئەمریـکا.

و بشـڵەژێن کـە وایـان لێـدەکات بـە تونـدی جەخـت لەسـەر بابەتگەلێکـی نەسـازاو و نەگونجـاو بکەنـەوە. ئـەم ئاسـانی و نەرمیـە لەگـەڵ جـۆش و خـرۆش بـەردەوام لـە نوێبووەوەدایـە و خـۆی لەگـەڵ ئـەو سـاتەدا دەگونجێـت کـە تێیدایـە، ئینجـا چەنـد هەفتەیـەك دواتـر لـە ئیدانەکردنـی ئـەو شـتانەی بـە سـۆزەوە وتـراون دووبـارە دەردەکەوێتـەوە. بـەم شـێوەیە قاسـم ئاهەنگـی (١٩٥٨-١٩٥٩)ی برایەتـی عـەرەب-کـوردی گێـڕا، پاشـان سـەربازەکانی ڕەوانـەی کوردسـتان کـرد و ڕەخنـەی لـە کـورد گـرت بـە "یاخیبـوو و بانـد و ڕێگـر"ی وەسـف کـردن. عـارف کاتێـك بەڵێنـی ئاشـتی دەدات، خـۆی بـۆ شـەڕ ئامـادە دەکات و بـە گەرمـی بانگێشـتی دانوسـتانکارانی کـورد دەکات و لـە کۆتایـی سـەردانەکەیاندا دەیانخاتـە زیندانەکانـەوە.

لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵایەتـی ئەفسـانەکان لـە سـاختەکردنی پەیوەندییەکانـی نێـوان تاکـەکان بـەردەوام دەبـن: بیروبـاوەڕی ئایینـی لەگەڵ هێرشـەکاندا دەگۆڕدرێـن و بەڵێنەکان لەگـەڵ ئینکاریـدا پێکـەوە دەژیـن. ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی بـە گەورەکردنـی خـۆی، واقیـع دەگۆڕێـت بـە ڕووداوێکـی خەیاڵـی کـە بێجگـە لـە وەرگێڕانـی مێـژوو بـۆ بەکارهێنانێکـی نەرگـزی هیچـی تـر نییـە. ئـەم چیـرۆک گۆڕینە بـۆ حیکایەتێکـی دڵنیاکـەرەوە و پاسـاودەرە، لەگـەڵ سـەرکوتکردنی ڕاسـتەقینەی وردەکارییـە تۆمەتـدەر و ناخۆشـەکاندایە.

ئـەم دەرکەوتنـە زارەکیانـەی هەسـت و سـۆز لـە پرۆپاگەنـدەی کـردار جیـا دەکرێنـەوە، بۆیـە بـە خەیاڵـی هیستریـی دادەنرێـن. لـە سـاڵی ١٩٦٦ کاتێـك هێـزە دۆڕاوەکان دوای هەڵمەتـی بەهـاری خوێنـاوی گەڕانـەوە سـەربازگەکانیان، عەبدولـڕەحمان عـارف پاداشـتی "پاڵەوانـە سـەرکەوتووە ماندووەکانـی" کـرد. ناسیۆنالیسـتە عەرەبـەکان ناچـارن بەڵگـە بـۆ شکسـتەکانیان بخەنـەڕوو، بـە نیەتێکـی باشـەوە ئـەو کەسـانە دروسـت دەکـەن کـە بەرپرسـیارن لـە شکسـتەکەیان: بریـکاری بێگانـە... لـە دیـدی ناسـیۆنالیزمی ئەوانـدا ئیمپریالیزمـن.

بـەم شـێوەیە بوونـی گرووپـی نەتەوەیـی لـە دونیـای دەسـتکردی فەتحـی خەیاڵیـدا دەکرێتـەوە، کـە چوارچێـوەی ڕەسـەنی ژیانـی ڕۆژانـە ڕەتدەکاتـەوە و یـاری دسـتەواژەی زمانەوانیـان لـە پابەندبوونـە مادییـەکان بـە ئامێـر و گەشـەپێدان پـێ بـاشترە.

"شـانۆگەریی وجـودی هیـستری " هـەر شۆڕشـێکی ناوخۆیـی قەدەغـە دەکات:

سیاسـەتی هیستریـا کـە هەوڵـی هەڵهاتـن لـە نـاوەوە دەدات، هـەوڵ دەدات لـە دەرەوە بـە شـێوازێك بـژی و پـەرە بـە وڕێنـە و خەیاڵـی خـۆی دەدات تـا ئـەو ڕادەیـەی ژیانـی پـێ ببەخشـێت. لـەم سـاتەدا، خەیاڵکردنەکـە دەسـت بەسـەر وڕێنـە و خەیاڵـی بـاب و باپیرانـی پێـش خۆشـی دەگرێـت و زاڵ دەبێـت، پـاڵ بـەوەوە دەنێـت بـۆ دەرەوەی ویسـتی خـۆی لـە پرۆسـەییەکی بازنەیـی گـەورەدا تەنیـا دەتوانێـت ببێتـە هـۆی ئەنجامێکـی دراماتیـك و کارەسـاتبار.

پاسـاوی ئایینـی کـە هەمـوو شـتێك بـە تـاج و شـکۆی بەهـادار دادەپۆشـێت، تیشـك دەخاتـە سـەر ئـەو شـەپۆلی خەیـاڵ و وڕێنەیـە کـە توانـای پـێ دەدات[١]: خـودا بـە باشتریـن شـێوە گەرەنتـی قوربانیدانـی هاوبـەش و بەئـازارو سـەپێنراو و ناچاریـە[٢].

هـۆکاری دیـار و بەرچـاو لـە شۆڕشـی نەتەوەیـی کورد جیـاوازە لـەو هـۆکار و پاڵنەرانەی شـۆڕش کـە دەتوانیـن لە گەشەسـەندنی گەلانـدا ببینیـن، ناسـیۆنالیزمەکەیان لە سـەردەمی شـەڕەکانی ڕزگاری نیشـتمانیدا ساختە بـووە. لـە نێـو ئـەم گەلانـە، ستەمکاریی داگیرکـەر کاردانـەوەی وڵاتـە داگیرکـراوەکان لـە گـەڕان بـەدوای یەکگرتوویـی نیشـتمانیدا زیـاد دەکات[٣]. بـۆ کـورد، دابەشـکردنی دەسـکرد و نـاڕەوای کوردسـتان لەلایـەن زلهێزەکانـی ڕۆژئـاوا، خواسـتێك بـۆ پرسـیارکردن لـە بڕیارەکانـی داگیرکـەران [٤]دروسـت دەکات.

---

(١) نیشـتمان، کە ڕەگوڕیشـەی لە خێزاندا هەیە، بۆیە وەک میراتێک دەردەکەوێت کە هەم جەسـتەییە و هـەم ڕۆحییـە... کڵێسـاکان... کتێبـی پیرۆزی بەرد لە ڕیزی پێشـەوەن، بەسـتنەوەی نیشـتیمانی جەسـتەیی بـە ئاسمانـەوە کـە دەکاتـە میراتێکـی ڕۆحـی و پێکهاتووە لـە داب و نەریت و ئـەخلاق و نەریت و هونەر و زانسـت و شـکۆمەندی سـەربازی کـە بـەردی بناغـەی ئاییـن. فەرمانـدەکان (بڵاوکردنـەوەی ڕێکخـراوی سوپای نهێنـی تایبـەت بە ئەفسـەر و کارگێڕان، ژمـارە ٥، ٢٠ی تشرینـی یەکەمی ١٩٦١..

(٢) بـا ئامـاژە بـە نهێنـی "شـارە پیـرۆزەکان" و ئـەو شـەڕە سیاسی-ئاینیانە بدەیـن کـە بـۆ بەرگریکـردن یـان وەرگرتنەوەیـان ئەنجامـدراون. لـە خـاچ پەرستانەوە بـۆ ئیسرائیلـی ئایینـی، ڕێگاکـە تەسـکە. ئەمـەش دژایەتییەکـی ڕەهایـە لـە نێـوان بێکۆتایـی ناوەڕۆکـی چەمکـی خـودا، لەگـەڵ خۆجێیکردنـی هێمنانـەی پـەرستن کـە بازنـەی چەمکەکـە دەبڕێـت بەجۆرێـک تەنیا ڕێوڕەسـم و ئـەخلاق دەمێنێتـەوە. دەوڵەتـی ئایینـی خـۆی بـە پەرتشـی خودایـی دەڕازێنێتـەوە و لـە ڕێگەیـەوە خـۆی لـە سیاسـەت دەگرێـت بـە قازانجـی خـەواڵ و شـتی پـووچ و بـێ مانـا.

لـەم ڕووەوە کەسـایەتی سەرسـوڕەێنەری مسـتەفا کەمـال ئەتاتـورک بـەرز دەنرخێنیـن کـە بوێـری هێرشـکردنە سـەر پیرۆزیەکانـی کۆمەڵگایەکـی ئایینـی هەبـوو.

(٣) لەناو ئەو سنوورە نوێیانەی لەلایەن داگیرکەردا کێشراون.

(٤) بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو سنوورە نوێیانەی لەلایەن داگیرکەرەوە کێشراون.

پێدەچێت فۆرمی ئێستای ناسیۆنالیزمی کورد لە دەوری سێ تەوەرە دا بخولێتەوە: دووپاتکردنەوە و جیاکردنەوە و ناسینەوە: من کوردم!

کرێکارانی کورد کە دەگەڕێنەوە ماڵ و شاری خۆیان، گاڵتە بە هەندێك دابونەریتی سێکسی لە شارە عەرەبییەکان دەکەن:

— لە بەغدا هەموو کەسێك دۆستێکی هەیە، بە پەنجە بچووکەکان یەکتر دەگرن و پێکەوە دەخەون. گەنجانی کوردی سلێمانی چەواشە دەکەن.

ڕەفتارە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و بەها جەستەیی و ئەخلاقییەکان وەك خاڵەکانی بەراوردکردن بەکاردەهێنرێن. بەڵام ئەم جیاکارییە بە شێوەیەکی سووکایەتیپێکردن بەردەوام نابێت:

— ئێمە جیاوازین. من عەرەب نیم. ئەمە بەو مانایە نییە کە عەرەب خراپ بێت، نا هەرگیز بەم شێوەیە نییە: دۆستی عەرەبم زۆر هەیە، هەندێکیشیان لە شۆڕشدا شانبەشانی ئێمە دەجەنگن. ئێمە دوو کۆمەڵگەی جیاوازین بە سامان و مێژوومانەوە کە زۆرجار و لە زۆر ڕووەوە هاوبەشن. (وتەی پیاوێکی تەمەن ٣٤ ساڵ، ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان)

ململانێکە ناسیۆنالیزم(١) گەورەتر دەکات و تیشک دەخاتە سەر جیاوازی هەڵوێستەکان: مەگەر ژەنەڕاڵ بارزانی ڕاینەگەیاند:

— گەلەکەمان ناتوانێت قوربانیدان و ژێردەستەیی قبوڵ بکات و هاوبەشی چارەنووسی نەگبەتانەی عێراقییەکان بێت کە لەلایەن حکومەتێکی بوکەڵییەوە فریودراون.

لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزم دەستکەوتێکی کولتوورییە: نەخشەی هەڵوێستە ناسیۆنالیستیەکان لەم ڕووەوە گرنگە. ئەگەر بۆ گوندنشینێکی کەرکووک یان مووسڵ عەرەب وەك تاکێك و وەك حکومەتێك دەربکەوێت، بۆ ئەو کوردەی شوێنی نیشتەجێبوون و زێدی دابڕاو و لەوپەڕی سنووری تورکیادایە، ئەوا عەرەب - وەك

(١) باڵی ڕاسترەوی ناسیۆنالیزمی کوردی – کە بۆ کەمترین ئاست کەمکراوەتەوە –جەمال نەبەز نوێنەرایەتی دەکات، کوردناسێکی دانیشتووی میونشنە. نەبەز لە شۆڕشدا بەشدار نییە و تەنیا جەماوەرێکی زۆر کەمی هەیە.

تـاك - نەناسراوێکـە و دەبێتـە یەکێـك لـەو " تاکانـەی عـەرەب کـە دێـت بۆمبەکانـی فـڕێ بداتــە خــوارەوە".

— مـن هەرگیـز عەرەبێکـم نەبینیـوە. بـەڵام مـن فڕۆکـەکان دەبینـم: هەمـوو شـتێك دەسـوتێنن. (جوتیارێـك لـە باکـوورەوە، تەمەنـی ٦٥ سـاڵە وایگـوت.)

بـەم شـێوەیە هەڵسـوکەوتی نادروسـتی حکومـەت ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕەگـەزی دروسـت دەکات کـە ڕق و کینـە هەڵدەگرێـت.

لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەی "بۆچـی لـە کوردسـتان شـەڕ هەیـە؟" خەڵکەکـە بـە تیشـك خسـتنە سـەر چەمکـی کۆیلەکردنـی جەمـاوەر وەڵام دەدەنـەوە:

— ئێمە پێمان باشـتر بوو لەلایەن ئینگلیزەکانەوە یان بە تایبەتی لەلایەن فەرەنسـییەکانەوە داگیـر بکرێیـن: ئێسـتا سـەربەخۆ دەبوویـن! ئەگـەر شـەڕ هەبێـت ئـەوە لەبـەر ئەوەیـە حکومـەت ڕێـز لـە مافەکانمـان ناگرێـت. (پیاوێکی تەمـەن ٤٢ سـاڵ، وایگوت.)

— ئایـا ئێمـە مـرۆڤ نیـن: لەلایـەن حکومەتـی عەرەبیـەوە لـە ناودەبرێیـن. (موختـاری گوندێـك کـە تەمەنـی ٤٩ سـاڵە، وایگـوت.)

— بەهیـچ شـێوەیەك یەکسـانی ڕاسـتەقینە لـە نێـوان کـورد و عەرەبـدا نەبـووە: بۆچـی پۆسـتی پارێـزگاری پارێزگایەکـی کـورد بدرێـت بـە عەرەبێـك؟ بۆچـی مامۆسـتایەك یـان فەرمانبەرێکـی حکومـی بـە بیانـووی کـورد بوونییـەوە تووشـی دەربـەدەری ڕاگواسـتن بکرێـت بـۆ باشـوور ؟ (جێگـری پێشـووی پارێـزگای بەسـڕە، وایگـوت.)

شـۆڕش وەك فاکتەرێکـی سـەرەکی لـە گۆڕینـی ناسـیۆنالیزمدا دەسـتوەردان دەکات: ناسـیۆنالیزمی جوداخـواز جێگـەی هۆشـیاری نەتەوەیـی[1] و بەرپرسـیارێتی بەکۆمـەڵ دەگرێتـەوە. واقیعـی نەتـەوەی کـورد لـە بەرژەوەنـدی شۆڕشـگێڕەکاندایە، کـە بـە تەنیـا گرنگـی پێـدەدات، لـە کاتێکـدا زۆربـەی ئاغـاکان یـان هاوکارەکانـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی کۆنەپەرسـت لـە لایـەن نەتـەوەوە ڕەتکراونەتـەوە. خـودی چەمکـی کوردایەتـی لـە قازانجی

(١) ئەنـوار عەبدولمەلـەک، مـیسر، کۆمەڵگـەی سـەربازی: "هەوڵـی ناسیۆنالیسـتی وەک پرۆسـەیەکی بنیاتنانـی ئۆتۆنۆمـی و ڕەسـەن، هەروەهـا وەک کۆنتـڕۆڵ کردنـەوەی ڕاسـتەقینە و قووڵـی شـوناس تێـدەگات، کـە زۆر لـەوە زیاتـرە وەك ململانـێ سـەرەتاییەکان بـۆ سـەروەری یـان ناڕەزایـی بێـت.

چەمکی بەرفراوانتری کوردستان کاڵ دەبێتەوە ، واتە واقیعێکی جوگرافی و سیاسی کە چەندین پێکهاتە تێیدا کۆدەبنەوە. بەم شێوەیە پارتی دیموکراتی کورد کە لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا، لە ساڵی ١٩٥٢ بوو بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ میللەت ئەنجام دەدرێت نەك بۆ حزب: بارودۆخ و هەلومەرجی نەتەوەیی سیاسەتی پارتی ئاراستە دەکات کە تەنیا دەتوانێت لە سەر خواست و پێداویستییە نەتەوەییەکاندا بنیات بنرێت. لەسەر ئەم خاڵە دیاریکراوە بوو قەیرانی ناوخۆی ساڵی ١٩٦٤ دەستی پێکرد، کە بە خیانەتی جەلال تاڵەبانی کۆتایی هات.

نەتەوەی شۆڕشگێڕ ناسیۆنالیزمە ناوخۆییەکان هەڵدەمژێت کە لە دەوری ئاغاکان ڕێکخراون:

— پێشتر سەرکردەیەکی لۆکالی و ناوچەیی بوو کە فەرماندەیی ڕاپەڕینی دەکرد. ئێستا، هەمووی گەلی کورد و خەڵکی کوردستانە بە سیستەمێکی دیموکراتی. سەرکردەیەکی وەك شێخ مەحمود لە سلێمانی نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. گەل دەتوانێت سەربکەوێت. (پێشمەرگەیەکی تەمەن ٣٢ ساڵ، ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، وایگوت)

کاتێك پرسیار لە ناسنامەی کەسەکە دەکرێت یان لە وەڵامی پرسیارێکدا ئەو کێیە، کەسەکە خۆی وەک شۆڕشگێڕێك پێناسە دەکات: ئەکتەرێك کە بەشدارە لە گەشەپێدانی نەتەوەیەکی ڕزگارکراودا. تەنیا بە ڕێکەوت دەشڵێت: "من ئاشووریم" یان: "من مەسیحیم". بۆیە بەهاکانی یەکگرتن لە پێش بەهاکانی جیاکارییەوەن. دروستکردنی کارەکتەرەکان لە ڕێگەی شۆڕشەوە ڕوودەدات کە هاندەری ئاواتەکانن.

ئایا ئەو کاتە دەمارگیری شۆڕشگێڕانە بوونی هەیە کە تەنیا فۆڕمی عەقڵانی و ڕەوای دەمارگیری ناسیۆنالیستی بێت؟

بەشداری نەتەوە جیاوازەکان، بە تەنیا خەمی سیاسی خۆیان لە شۆڕشدا بەیەکەوە گرێدراوە، دەتوانێت ئەوەمان بۆ بیسەلمێنێت کە شۆڕشی نەتەوەیی کورد شۆڕشێکی ناسیۆنالیستی نییە بەو مانایەی ئێمە لە کاتی لێکۆڵینەوەی ئەم دەستەواژەدا لێی

تێگەیشتین. هەڵوێستی ئەو کەسانەی لە شەڕدا نوقم بوون، هانیان دەدات هەموو کۆنەپەرستییەك لە ڕەفتارەکانیان دوور بخەنەوە: ژیانی ڕۆژانە کە ئەرکە قورسەکانی خۆی بەسەر گەلێکی گۆشەگیردا دەسەپێنێت و لە بارودۆخی نەگبەتی ژیانی دا دەژیت، ئەمە دەبێتە هۆی تێکدانی وروژاندنی سەرەتای مەترسی ڕاپەڕین لە بەرژەوەندی گەڕانەوە بۆ خود و ناسیۆنالیزم.

- ئایا پێتان وایە حەوت ساڵ جەنگ ئەوەندە خۆش و وروژێنەرە، کاتێك پیشەکەت لەدەست دەچێت، سامانت نەما و دزرا، منداڵەکانت لە قاهیرە و هاوسەرەکەت لە بەغدا، لە ژێر ڕەحمەتی هەڵکوتانە سەرە لەلایەن پۆلیسەکان و تۆ بەبێ ئاسوودەیی دەژیت، دوور لە ئەوانەی... هاوڕێ یان خزم و کەسوکارتن؟ (بەڕێوەبەری پێشووی کارە گشتیەکانی عێراق، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، وایگوت.)

- با ڕاشکاوانە بڵێین: لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەگەر ببینین ڕۆشنبیران و تەکنیکاران و ئەندازیاران و پزیشکان و پارێزەران و ئەفسەرە باڵاکان بەرخودان دەکەن، لەکاتێکدا پێگەی کۆمەڵایەتییان لە وڵاتدا دەیانخاتە لوتکەوە، کەواتە هۆکارێکی جددی هەیە. دەتوانین هەژاران هان بدەین بە جۆش وخرۆشی ناسیۆنالیستی، دەتوانین بێدەسەڵات و ئاوارە و پەنابەران شەڕیان بۆ هەر شتێك پێ بکەین: ئەوان هیچیان نییە لەدەستی بدەن. ئێمە کە پێشتر دەوڵەمەند بووین، لە ڕووی ماددییەوە هەموو شتێکمان لەدەستداوە. (دکتۆرێکی تەمەن ٣٠ ساڵ، مەکتەبی سیاسی.)

نوکتە و گاڵتە و گەپ لەگەڵ دەمارگیری ناگونجێت کە بە پێچەوانەوە وا لە تاك دەکات لە چواچێوەیەکی وشك و داخراو بمێنێتەوە و قفڵ بێت. مەیلی کورد بۆ پێکەنین بە خودی خۆی و هاوشێوەکانی وای لێدەکات هێندەی ڕەخنە لەو ڕێوڕەسمە وردانە بگرێت "پراکتیزەکاری باش" وروژێنن، ئەوەندەش ڕەخنە لە شێتێتی و هۆکارە بزوێنەرەکانی جەماوەری ناسیۆنالیست بگرێت:

- پێشتر چەپڵەمان لێدەدا، لەگەڵ ئەوانی تردا زۆر هاوارمان دەکرد کاتێك دەبوو هەستەکان دەربڕین. وروژاندنێکی زۆر هەبوو. ئێستا لەگەڵ شۆڕش هەموو شتێک گۆڕا: ئیتر کەس چەپڵە لێنادات، ئێمە چیتر هاوار ناکەین. ئێمە

واقیعبینــتر بوویــن. هەمــووی لەخــۆڕا بــوو. ئەمانــە قســە و شــتی زارەکــی بــوون. (پیاوێکــی تەمەنــی ٣٠ ســاڵ، وایگــوت.)

شۆڕشـی نەتەوەیـی کـە لـە ماوەیەکـی دوور و درێـژدا لـە ڕێگـەی سـەبر و قوربانیدانـی بەکۆمەڵـەوە بنیـات دەنرێـت، ئـەو ڕەفتارە کۆنە ناسیۆنالیسـتییە دەشـکێنێت و دەسـڕێتەوە کـە لەسـەر سـەر نەریـت و داب و نەریتـی ڕابـردوو چەسـپاوە.

هەســتکردن بــە بەرپرســیارێتی کۆمەڵایەتــی و پێویســتی گۆڕینــی تــاك جێگــەی ناسیۆنالیستی دەگرێتـەوە. بـەڵام ئـەم گۆڕانکارییە لەگەڵ هەڵوێستی کۆنەپەرستانەدا نییە کـە شـەڕانگێزی و بـێ هیوایـی تێیـدا چەکـەرەی کـردووە: بەسیاسـیکردنی عەقڵیەتـەکان مرۆڤـەکان بـەرەو شـیکاری بابەتـی دەبـات، لـە کاتێکـدا مۆدێلـە ڕەتکراوەکانـی نەیـار - ناسیۆنالیسـت – بنچینـەی ڕەتکردنـەوەی کاردانەوەیەکـە بـۆ هـەر ڕەفتارێکـی هاوشـێوە.

## لە شەڕەوە بۆ شۆڕش

بۆ سڕینەوەی شەڕ، تەنیا یەك ڕێگا هەیە: بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ شەڕ لە دژی شەڕ، شەڕی شۆڕشگێڕانە لە دژی شەڕی دژە شۆڕش و شەڕی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی لە دژی شەڕی دژە شۆڕشی نەتەوەیی.....

**ماو تسێ-تونگ: شەڕی شۆڕش. پرسە ستراتیژییەکان.**

شۆڕشی کورد لە کاردانەوەی بەرگریکارانە لەدایك بوو و گۆڕا بۆ بزووتنەوەیەکی یاخیگەری و شۆڕشگێڕی جەماوەری کە هەر زوو ڕێکخستنەکەی لەلایەن حزبێکەوە سەرکردایەتی کرا، ئەویش: پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو. ئەم بزووتنەوە یاخیگەرییە لە سەرەتادا کاری کەمینەیەکی نەتەوەیی کورد بوو، کە هەوڵیان دەدا مافەکانیان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بناسرێت و دانی پێدا بنرێت. گوندنشینە چەکدارەکانی کوردستان بە سەرپەرشتی سەرکردە سیاسییەکان و نوخبەیەکی شارنشین کە خۆبەخشانە لە ناوەندە گەورەکان دوورخراونەتەوە و سوودی لێهاتوویی تەکنیکی و مەدەنی و سەربازی و فیکرییان هێنایە ناو شۆڕش و ڕێکخستنەکانەوە.

بەخێرایی سنوورە نەتەوەییەکان تێکشکان و بازنەی کورد بە پێکهاتەی کەمینە ئایینییەکان یان سیاسییەکان گەورە بوو.

ململانێکان لە نەژادیەوە بوو بە سیاسی و نەك تەنیا پرەنسیپی پێگەی تایبەت لەناو کۆمەڵگای عەرەبیدا، بەڵکو لە سەرووی هەمووشیانەوە خودی سروشتی ڕژێمێکی سەربازی خۆسەپێنی خستە ژێر پرسیارەوە.

ناوی جوگرافیای لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی ئاژاوەیەك کە بە پڕۆپاگەندەی سۆسیالیستە نەتەوەییە ڕاستڕەوەکانی عەرەب بەرز دەکرێتەوە: قسەکردن لەسەر ململانێی عەرەب-کورد بە مانای ڕەفتاری شەڕانگێزی دوو پێکهاتەی نەژادی و بەکارهێنانی بیانووی سۆزدارییە بۆ شاردنەوەی مایەپووچ بوونی سیاسی.

هەڵوێستی پارت و لایەنە شیوعییەکان لەم ڕووەوە دیار و بەرچاوە: هەستیاریان کەمە بەرامبەر بە ئارگیومێنتی نەتەوەیی، شیکاری دۆخەکە بە شێوەیەك ئەنجام

دەدەن کە توخمە قووڵەکانی بەرپرسیار لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێستا بدۆزنەوە. لە کۆتایی مانگی ئابی ١٩٦٦، زاهیر عەبدولسەمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی سوریا، لە وتارێکی بوێرانەیدا کە لە نضال الشعب(خەباتی گەل)ی ژمارە ٧ی ئۆرگانی ناوەندیی حزبی شیوعی سوریا بڵاوکردەوە[١]:

پرسی کورد لە باکوری عێراق تا ئێستا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، سەرەڕای ئەو شەڕە توندانەی حکومەتە جیاوازەکانی عێراق هەر لە سەردەمی نوری سەعیدەوە کردوویانە و تا ئێستاش بەردەوامە لە دژی ناسیۆنالیستە کوردەکان کە لە خەباتدان بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی لە چواچێوەی لە کۆماری عێراقدا...

هەروەها وتارەکە ئاماژە دەکات: شۆڕشی کورد لەلایەن بەشێك لە ناسیۆنالیستە عەرەبەکانەوە ڕووبەڕووی هەڵمەتی چەواشەکاری و توندوتیژی دەبێتەوە: ڕووبەڕووی تۆمەتی ئیستفزازی دەبێتەوە و دەڵێن ئەوە تەنیا ئیسرائیلی دووەمە یان ئەوەی کورد دەیکات کاری بزووتنەوەیەکی جوداخوازە. بارزانی بە بریکاری ئیمپریالیزم تۆمەتبار دەکرێت، لە پەیمانی C.E.N.T.O .[٢] و کۆمپانیا نەوتییەکان. ئەم لایەنە شۆڤێنیستە عەرەبانە دەیانەوێت پرسی کورد لەگەڵ ئەو وێنەیەدا بگونجێت کە بە پرۆپاگەندەکانیان کێشاویانە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتێکی شۆڤێنی و دوژمنکارانە کە ئەنجامەکەی ڕەتکردنەوەی چارەسەری دیموکراسییە...

کۆبوونەوەی لوتکەی پارتە شیوعییە عەرەبییەکان کە لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٧ بەڕێوەدەچێت، بەهەمان دەرەنجامەکان و دەنگدان لەسەر بڕیارنامەیەکی

---

(١) ئەمە هەڵوێستێکی بوێرانەیە لەلایەن حزبی شیوعی سوریاوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە دیمەشق تووشی گۆشەگیرییەکی زۆر ببوو لەلایەن حکومەتەوە. لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٦، پێکهێنانی حکومەت ڕێگەی دا بەیاننامەیەکی لەو شێوەیە بۆ حزبی شیوعی سوریا ترسناك نەبێت، کە بە وریاییەوە خۆی بەدوور گرت بە واژۆیەکی دەستەجەمعی ئەو مادەیە سزا نەدات. ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیزمی عەرەبی دەبێ هێزە ناسیۆنالیستییە بەهێزەکان بە تایبەتی لە سوریا، لانکەی پارتی نەهزەی عەرەبی و خاکی هەڵبژێردراوی جێنشینی محەمەد لەبەرچاو بگرێت.

(٢) پەیمانی ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە "پەیمانی بەغدا" ناسراوە، لە ٢٤ی شوباتی ساڵی ١٩٥٥ لە نێوان عێراق و تورکیا و پاکستان و ئێران و شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا دروست بووە، لە ساڵی ١٩٥٨ ئەمەریکا پەیوەندی پێوە کرد، ناوەکەی دەگۆڕدرێت بۆ "ڕێکخراوی پەیمانی ناوەندی یان CenTO، دوایی عێراق لە ٢٤ی ئاداری ١٩٥٩ کشایەوە.

دیاریکـــراو لەبارەی پرســـی کورد کاری لەســـەر دەکرێـــت. دەقی ئـــەم بەیاننامە گرنگە لـــە مانگی حوزەیرانی ســـاڵی ١٩٦٧ لـــە ژمـــارە ٨٦ی ئۆرگانی ناوەندی حزبی شـــیوعی ســـوریادا بڵاودەکرێتەوە:

لـــە بەیاننامەکـــە دا هاتـــووە: هەلومەرجـــەکان ئەوەمـــان نیشـــان دەدەن و ســـەلماندوویانە دۆزی کـــورد بەشـــێکە لـــە کێشـــەی دیموکراســـی لـــە عێـــراق... پـــارت و لایەنـــە شـــیوعیەکانی هەمـــوو وڵاتانـــی عەرەبـــی پشـــتیوانی خۆیـــان بـــۆ داواکارییـــە نەتەوەییـــە ڕەواکانـــی گەلـــی کـــورد دووپـــات دەکەنـــەوە کـــە ئامانجیـــان بەدەســـتهێنانی ئۆتۆنۆمییـــە لـــە چوارچێـــوەی کۆمـــاری عێراقـــدا، هەروەهـــا بانگێشـــتی هەمـــوو هێـــزە پێشـــکەوتنخواز و نیشـــتمانپەروەرەکانی جیهانـــی عەرەبـــی دەکـــەن بـــۆ پشـــتیوانی لـــەو هەوڵانـــەی بـــۆ گەیـــشتن بـــەم چارەســـەرە خـــوازراو و دادپـــەروەرە خراونەتـــەڕوو.

لـــە وشەســـازیی کوردیـــدا دەســـتەواژەی شـــەڕ بـــە واتـــای "جەنـــگ" یـــان "خەباتـــی چەکـــداری" دێـــت. زمانـــی ڕۆژانـــە کـــە هەڵوێســـتە ناڕاســـتەوخۆکان بـــە باشتریـــن شـــێوە دەگەیەنێـــت "شـــۆڕش"ی پـــێ بـــاشتر بـــووە بـــۆ تایبەتمەنـــدی ڕووداوەکانـــی ئێســـتا. لـــە وەڵامـــی پرسـیارێکدا سـەبارەت بـەوەی چـی ڕوودەدات، گوندنشـینێك تەنیا باسـی شـەڕ دەکات بـە مانـای " کـردەوەی شـەڕ" ی وەکـو بۆردومـان و شـەڕ و ئاگربەسـت. لـە لایەکـی دیکـەوە ئـەم دۆخەکـە لـە دیـدی خـۆی بـە " شۆڕشـگێڕانە " دادەنرێـت.

— لـە کاتـی شـەڕدا لـە بـەرەی پێشـەوە شـەڕ دەکەیـن. شـۆڕش بەردەوامـە: کاری زۆر مـاوە. (پیاوێکـی تەمـەن ٣٥ سـاڵ، وایگـوت.)

بەکارهێنانـــی ئـــەو دوو زاراوەیـــە پەیوەســـتە بـــە فێربوونـــی سیاســـی کەســـەکەوە: گوندنشـــینە بەتەمەنەکانـــی ناوچـــە شـــاخاوییە دوورەکان بـــە دەگمـــەن تایبەتمەنـــدی ململانێـــی ئێســـتا جیـــا دەکەنـــەوە.

— بارودۆخەکـە وەك سـەردەمی ئینگلیـزی وایـە. ئەمـە هەمـان شـتە. ئێمە خەبـات لەپێناو ئـازادی و سەربەسـتی خۆمـان دەکەیـن. (پیـرە پیاوێکـی تەمـەن ٧٦ سـاڵ، وا دەڵێ.)

بەراوردکردنـــی ئـــەم دوو بابەتـــە لەلایـــەن کەســـێکەوە تیشـــک دەخاتـــە ســـەر پاڵنـــەرە کۆمەڵایەتییـــەکان:

- شـەڕ لـە نێـوان دوو سـوپادایە. ئێمـە شـەڕ دەکەیـن بـۆ ئـەوەی ئـازاد بمێنینەوە. شـۆڕش ئەوەیـە هەمـوو ئەوانـە بگـۆڕیـن و وڵاتەکەمـان مۆدێـرن بکەیـن، بـۆ ئـەوەی هەمـوو کـورد دڵخـۆش بێـت و یەکسـانی هەبێـت، نـەك وەك جـاران. (جوتیارێکـی خەڵکـی دەڤـەری بـارزان، تەمەنـی ٤٣ سـاڵە، وا دەڵـێ.)
- ئێسـتا شۆڕشـە، چونکـە هەمووـمـان وەکـو میللەتـی کـورد یەکگرتوویـن. پێشـتر شـەڕ و ڕاپەڕیـن لێـرە و لـەوێ هەبـوو، وەك ئـەوەی لـە سـلێمانی هەبـوو. ئێسـتا چیـتر چیرۆکی عەشـیرەت و ئاغـاکان نەمـاوە: ئێمــە پێکــەوە خەبــات دەکەیــن بــۆ دیموکراســی. (پیاوێکـی تەمـەن ٤٥ سـاڵ، وا دەڵـێ.)

کەواتە خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی شۆڕشی کورد چین؟

پێویسـتە دوو بـواری هێـز جیـا بکرێتـەوە، یەکێکیـان جیۆپۆلەتیکی جیهانـی، دووەمیـان تایبەتمەنـدی ناوخۆیـی، کـە هـەم بـاس لـە ڕەسـەنایەتییەکەی، هـەم ئـەو ئاسـتەنگانە دەکـەن کـە ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە.

## بارودۆخە جیۆپۆلیتیکییەکان

عێراق وڵاتی خانەخوێی شۆڕشەکەیە، قەرزاری زلهێزەکانی ڕۆژئاوایە، بە تایبەتی ئینگلتەرا، کە لە چوارچێوەی فراوانترکردنی ئامانجەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەکاتی پارچەپارچە بوون و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بڕیاری دروستکردنی دا.

عێراق، وڵاتێکە پێشتر لە لایەن دەسەڵاتێکی بێگانە داگیر کراوە و لە قاڵب دراوە، هەروەها بەشێکە لە پێکهاتەی گەلانی دەوڵەتە عەرەبییەکان کە ناسیۆنالیزمیەکەیان هەم لەلایەن ئینگلیزەکانەوە قۆستراوەتەوە، هەم ئاراستەی دەکرێت بۆ ئەوەی بۆ بەرژەوەندی تاج و تەختی خۆی بەکاری بهێنێت.

بۆیە ئەو دوژمنەی شۆڕشی کورد بەرامبەری دەجەنگێت، بەهێزە و سنوورەکانی قەوارەی نەتەوەیی عێراق تێدەپەڕێنێت. تا ڕادەیەك ناسیۆنالیزمی عەرەبی نوێنەرایەتی توخمێکی مەترسیدار دەکات کە توانای ئیفلیجکردنی گەشەسەندنی کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی تازە ڕزگاربووی لە زەبر وزەنگ و جەوروستەم هەیە: بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەکە لە ئاستی ئەو حکومەتانەدایە کە ڕەوتی عەرەبی دژبەیەك تێیاندا زاڵە، نەك لەسەر ئاستی خودی گەلی عەرەب.

چەواشەکردن و ئیستیغلال کردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، چ لەلایەن هێزە کۆنەپەرستە نەتەوەییەکان و چ لە لایەن زلهێزە بەرژەوەندخوازەکانەوە بێت، وا دەکات شۆڕشی کورد بە تەنیا بێت و تەنانەت دابڕاو بێت لەو گروپ و حکومەتە سیاسییانە کە ئایدۆلۆژیایەکی[1] هاوبەش و پەیوەندیداریان لەگەڵ کورد هەیە. دابەشبوونی دانیشتوانی کورد لەناو چوار وڵاتدا کە هەندێك جار جیاوازییەکانیان دەگاتە دژایەتی

---

(١) ئینگلتەرا کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یاری بە کارتی عەرەبی دەکرد، ناسیۆنالیزمی کوردی لە بەرامبەر کەمالیزمی بەهێزدا خستە ڕوو کە دژی پارچەپارچەکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو. کاتێک ئامانجەکە هاتەدی، بەرپرسانی بەریتانیا ویلایەتی مووسڵی دەوڵەمەند بە نەوتیان بە شانشینی عێراقەوە گرێدا و فڕۆکەی هێزی ئاسمانی شاهانەیان لەسەر گوندە بچووکە کوردنشینەکان هەڵدا. لە ساڵی ١٩٦٣ کاتێک یەکێتی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵسایەوە لە بەرامبەر ئەوکارە دڕندانەی حکومەتی عێراق بەسەر دانیشتوانی کورددا ئەنجامی دەدات، پەکین هەوڵدەدات بە پشتیوانیکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، پچڕانی مۆسکۆ و بەغدا کۆتایی پێبهێنێت، یارمەتی ڕژێمی فاشیستی عێراق دەدات کە بە هاوکاری عەقید لەیکلاند لە سوپای ئەمریکا دانراوە.

و ناکۆکـی، پرۆسـەکانی خۆبەدەسـتەوەدان و دەسـتوەرنەدان خێراتـر دەکات، کـە لـە بەرامبـەر پرسـی گەورەتـری ناسـیۆنالیزمی عەرەبیـدا بـە لاوەکـی دادەنرێـت و شۆڕشـی کـورد لـە ئاسـتی هەڕەشـە و فشـار و ئاڵوگۆڕکردنـدا کـورت دەکرێتـەوە.

ئیـسلام ئـەو ژینگـە کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییـە تایبەتـە پێکدەهێنێـت کـە خەباتـی شۆڕشـگێڕانەی کـورد تێیـدا بەڕێوەدەچێـت. مەبەسـتمان لـە ئیـسلام ناوەڕۆکێکـی ئایدیۆلۆژیـی ئاڵـۆزی توندوتیـژ نییـە، بەڵکـو کۆمەڵێـك هەڵوێسـت و ڕەفتارێکـە کـە کۆمەڵـگا بەدەوریـدا کۆدەبێتـەوە: وەک مەسـیحییەتی ڕۆژئـاوا، داب و نەریتـە دەروونییـە ئاینییـەکان، گەڕانـی دینامیکییـان بـۆ بەرژەوەنـدی ئایینـی وەك یاریدەدەرێـك ڕەتکردووەتـەوە لـە بەرژەوەنـدی ڕەوشـتێکی نادیـار کـە لـە بنەڕەتـدا جێگیـرە[1].

ئەنـوەر عەبدولمەلیك لـە شـیکارییەکی سەرنجڕاکێشـدا بـۆ سۆسـیالیزم لـە جیهانـی عەرەبیـدا دەنووسـێت: ئـەم بەرخۆدانەی ئیـسلام دژایەتی دەکات، تەنانـەت کاتێك نەرمیش بێـت بەرامبـەر بـە داواکارییەکانـی کۆمەڵگـەی هاوچـەرخ، تایبەتـە بـە جیهانـی عەرەبی[2].

گروپـی ئیخـوان موسـلیمین بـە دڵسـۆزی نوێنەرایەتـی باڵـی کۆنەپەرسـتی تونـدڕەوی ئیسلامـی عـەرەب دەکات. بـەڵام بـۆ ئیخـوان موسـلمین شۆڕشـی کـورد بـە ململانێـی نێـوان پارێـزگاکان و ناوچەیـی پێناسـە دەکرێـت و بـە شـێوەیەکی مەترسـیدار بە سیاسـی کـراوە لە لایـەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە کـە لـە دیـدی ئـەم کۆمەڵەیـە پارتـی بـە پارتێکـی شـیوعی دادەنرێـت. لـە ٢٦ی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٦دا، بڵاوکراوەیـەك لەلایـەن ئـەم کۆمەڵەیـەوە دەرچـووە لـە بەغـدا وەك ناڕەزایەتییـەك بەرامبـەر بـەو کۆبوونەوەیـەی ماوەیەکـی کـەم لەمەوبـەر لـە کۆشـکی کۆمـاری بەڕێوەچـوو، کـە ژمارەیـەك کەسـایەتی دیـاری لـە دەوری سـەرۆك عـارف کۆکـردەوە. دەقـی ئـەم بانگـەوازە لـە نوکتـەی سـەیر

(١) لێکۆڵینەوەیەکی ماکسیم ڕۆدینسۆن: "کێشـەی لێکۆڵینـەوە لـە پەیوەندییەکانـی نێـوان ئیـسلام و شیوعیەت" (سـیمپۆزیۆمی کۆمەڵناسی ئیسلامی، برۆکسـل، لە١١ تا ١٤ی ئەیلوولی ١٩٦١، لاپەڕە١١٤)، کە دەتوانیـن بخوێنینـەوە: بۆیـە ئیـسلام نییە کـە وەک کەتەلۆگێکی مەزهەبـە جێگیرکراوەکان لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا هەژمـار بکرێـت کـە دەبێـت لەبەرچاوی بگریـن، بەڵکو جۆرێکە لـە ئایدۆلۆژیای ناڕاسـتەوخۆ کـە بەهۆی پێویسـتی و خواسـتەکانی دانیشـتوانی موسـڵمانی ئەمـڕۆوە دروسـت بووە ...

(٢) نووڤی ئارگۆمێنتی، ژمارە ٦١-٦٦، ئاداری ١٩٦٣-شوباتی ١٩٦٤، لاپەڕە ١٤١-١٨٣. لە گۆڤاری نێودەوڵەتی توێژینەوە و کۆکردنەوەی کۆمەڵناسی، **مرۆڤ و کۆمەڵگا**، ژمارە ٢، تشرینی یەکەم-تشرینی دووەم-کانوونی یەکەمی ١٩٦٦ لە ژێر ناونیشانی: "کێشەکانی سۆسیالیزم لە جیهانی عەرەبیدا، چاپکراوەتەوە.

وســەمەر بێبــەش نییــە:

بەناوی خودا!

کۆبوونەوەکەی کۆشکی حکومەت...

دۆزی کـورد: کـورد مووسـڵمانە، ئەگـەر حکومـەت وەك نەتەوەیـەك بیانناسـێت، ئەمـە واتــای دابەشــبوونی عێراقــە بــۆ دوو بــەش. کێشــەی باکــور دەبێــت بــە حکومەتێکــی مووســڵمان چارەســەر بکرێــت، چونکــە ئیــسلام ئاییــنی کــوردە.

ئێمــە چاوەڕوانــی وەڵامــی ئێوەیــن! دەتانەوێــت بــۆ ڕەزامەنــدی مۆســکۆ ببن بــە سۆسیالیســت، یــان بــۆ ئاغاکەتــان فیرعەونــی مــیسر؟ ئێمــە هێشــتا هــەوڵ دەدەیــن بــەردەوام بیــن لــە چالاکییەکەمــان دژی ئــەم سیاســەتە نــاڕوون و سەرلێشــێواویە.

مامەڵەکـردن لەگـەڵ دۆخەکـە، تاکـە چارەسـەری دۆخەکە ئیسلامـە. ٩٥٪ ی دانیشـتوانی عێـراق مووسـڵمانن. ئەگـەر حکومـەت ئـەم ڕێگایـە نەگرێتـە بـەر، دەڕوخێـت، چونکـە هیـچ کەسـێك لـە شـەڕی دژی ئیـسلام سـەرکەوتوو نابێـت.

عەبدوللە!

ئابـووری وڵات سـیمایەکی وابەسـتەیی نیمچـە کۆلۆنیالـی هەیـە، کـە بـە چەندیـن شـێوە و پەیوەنـدی بـە زلهێـزە بیانییەکانــەوە بەستراوەتــەوە، چ بــۆ بەرهەمهێنانــی نــەوت و چ لــە ڕێگــەی ئیمتیــازات و چ لــە ڕێگــەی وەبەرهێنــان و بــازاڕەوە بێــت. ئــەم وابەســتەییە لــە دوای شــەڕی کوردســتان کــە هاوســەنگی بودجــەی نیشــتمانی تاڕادەیەکــی زۆر لــە کورتهێنانــدا نقــوم کــرد، ئــەم وابەســتەییە زۆر هەســتیارترە، چونکــە ئــەو کورتهێنانــەی پێویســتی بــە قەرزکــردن هەیــە، بووەتــە هــۆی ئــەوەی داهاتــوو بــە بارمتــە بکرێــت: وەك داری ئــەو دارســتانانەی دەبــێ بچێنرێــن، پێــشتر فــرۆشراون.

شــەڕی بەکاربــەران پــڕۆژەکان لــە وڵاتێکــی تازەپێگەیشــتودا ســنووردار دەکات، بــە خــەرج کردنــی ئــەو ســەرچاوە و داهاتانــە لــە چــەك کــە لەلایــەن کۆمپانیاکانــی نەوتــەوە دەدرێــن.

پــارەی داهاتەکانــی کۆمپانیاکانــی نــەوت ٪ ٥٥.٨ی پارەدارکردنــی ئــەو پلانــەی قاسـم بڕیـاری لەسـەر داوە، واتـە ٣١٥,٨١٠,٠٠٠ دینـار دابینکـردووە، لەکاتێکـدا داهاتـی

کۆمپانیـا حکومییـەکان تەنیـا ٪ ٤ی گرتـەوە، واتـە ٢٢,٨٠٠,٠٠٠ دینـار، واتـە کـەمتر لـە سـێ ئەوەنـدەی قـەرزی دەرەکـی ٧٧,١٧٨,٥٧١ دینـار: ٪ ١٣.٦. . .

کۆمەڵـگای عێراقـی کـە بەسـەر دوو چینـی جیـاوازدا دابەشـبووە بەبـێ چینێکـی مامناوەنـد، بەسـەر دوو کوتلـەی سـەرەکی گـەورەدا، یەکێکیـان، زۆرینـەی گوندنشـینەکانن کـە خۆیـان نوێنەرایەتـی جەسـتەیەکی یەکگرتـوو ناکـەن، بێرنـارد ڤێرنییـر دەنووسـێت: دانیشـتووانی گوندنشـینەکان دوور لـە شـارەکان دەژیـن و پەرشـوبڵاون کـە نزیکـەی ٨٦٠٠ گونـدە و بەزەحمـەت لـە ٣٠٠٠ گوندیـان زیاتـر لـە ٢٠٠٠ دانیشـتوویان هەیـە، ٥٦٠٠ گوندەکـەی تـر، تەنانـەت ٢٠٠ کەسیشـیان نییـە، زۆرجـار زۆر لـەوەش کەمتر. چینـی دووەم، واتـا کوتلـەی باڵادەسـت کـە ژمارەیـان کـەمترە، بـە پێچەوانـەی یەکەمیـان بەزەحمـەت پەیوەندییـان پێـوە دەکرێـت، بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە بازرگانـەکان و گـەورە بازرگانـان و ئەفسـەرانی بـاڵا و خـاوەن زەوی و زاری زۆر پێکدێـت.

## تایبەتمەندییە ناوخۆییەکان

لـەو دژایەتیانـەی ئـەم دۆخـە و ئـەم هەلومەرجانـە دروسـتی دەکـەن، مۆدێلێکـی شۆڕشـــگێڕانەی ڕەســـەن ســـەرهەڵدەدات کـــە چەمـــك و پلانەکانـــی سۆســـیالیزمی ئەوروپـی شکسـت دەهێنـن. بێجگـە لـەوەش ئـەو قەیرانـەی لـە دەوروبـەری سـاڵی ١٩٦٤ شۆڕشـی کـوردی هەژانـد، ڕەگ و ڕیشـەی قووڵـی خـۆی لـە هەوڵـی ناتـەواوی سـەرکردەکانی پێشـووی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دۆزیـەوە کـە دەیەوێـت دۆخەکـە ناچـار بـکات بـە هەوڵـدان بـۆ جێبەجێکردنـی سـتاندارده تاکتیکـی و ستراتیژییەکانـــی سۆســـیالیزمی ســـۆڤیەت.

**مۆدێلی شۆڕشگێڕی کوردی لە دەوری ئەو خاڵە بنچینەییانە پێکهاتووە:**

- ئەمـە ئـەو ڕووداوەیـە کـە شۆڕشـەکەی ناچارکـرد: شۆڕشـی کـورد لـە عێراقـدا هەرگیـز بابەتـی پلانێکـی درێژخایـەن نەبـووە لەلایـەن سـەرکردەکانی ئێسـتایەوە. لـە ڕاسـتیدا هەرگیـز نەدەبـوو بتەقێتـەوە، لەدایـك بوونـی تەنیـا بـە لەباربردنـی شۆڕشـی سـاڵی ١٩٥٨ی عێـراق و دامەزراندنـی ڕژێمـە نوێیـە فاشیسـتەکانی دوای قاسـم بڕیـاری لێـدرا.
- شۆڕشـی کـورد لـە پاشـخانێکی ناسیۆنالیسـتییەوە پەرەیسـەند، ئەمـەش بـووە هـۆی دروســتبوونی بەرەیەکـی ڕزگاریخــوازی نەتەوەیــی کــە هەمــوو چیــن و توێــژە نیشــتمانپەروەرەکانی کۆکردۆتــەوە. یەکگرتوویـــی ســـەرکردایەتی و ئاراســـتەکەی لــە ئەســتۆی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانی عێراقــە، ئەمــەش لــە کۆمەڵێــك هەڵوێسـتی سیاسـی بەدەرنابێـت کـە بـە هـۆی پرسـی ململانـێ ناکۆکیەکانیانـەوە دروسـت دەبێـت.

بۆیـە شـۆڕش لـە پێنـاو ئـازادی ئەنجـام دەدرێـت: هەنـگاوی یەکەمـە ڕێگـە بـە کۆمەڵــگا دەدات لــە دەرەوەی فشــارەکانی داگیــرکاری ئــاگاداری ناســنامەکەی بێــت. کۆمەڵگایەکـی نەتەوەیـی ئـازاد دەیەوێـت هەریـەك لـە ئەندامەکانـی گەشـە بکـەن، ئەمــەش بریتییــە لــە گۆڕینــی پێکهاتــەی کۆلۆنیالیزمــە ناوخۆییــەکان، کــە زۆرجــار لەلایــەن خــودی داگیرکــەرەوە دادەنرێــت، گەشەســەندنی کۆمەڵگــەی نــوێ:

– ئـەو کـوردەی خەبـات بـۆ ڕزگارکردنــی وڵاتەکـەی دەکات، دەیەوێـت هەمــوو هاوخەباتکارەکانـی دڵخـۆش بـن و چیـتر ئـازار و جـەورو سـتەم نەچێـژن: بۆیە پێویسـتە بارودۆخـی ژیانـی جوتیـار و گوندنشـین باشـتر بکرێـت و دەسـەڵات و هێـزی ئاغـاکان لەنـاو ببرێـت. (جوتیارێکـی تەمـەن ٤١ سـاڵە، وا دەڵـێ.)

بـە وتـەی ئەنـوەر عەبدوملەلیـك، ئـەم خـەم و نیگەرانییـە گـەورە "ناسیۆنالیسـتییە" دان بـە بوونـی ئامانجـی فراوانخوازانـەدا نانێـت و بـە وردی لـە سـنووری خاکـی کوردسـتاندایە: مەسـەلەی بەرگریکردنـە لـە نیشـتمان و شـوێنی نیشـتەجێبوون و داگیرنەکردنـی خاکـی بێگانـە و ئەوانـی تـر. بـە پێچەوانـەی ناسـیونالیزمی عەرەبـی فراوانخـواز کـە خـۆی لـە خۆیـدا بەریەککەوتنـی هەیـە لەگـەڵ ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی ناوخۆیـی کـە بانگەشـەی فراوانبـوون نـاکات، ناسـیۆنالیزمی کـوردی دەیەوێـت ئامانجـی دیـاری کـراو بێـت بـە گەڕاندنـەوەی پێگەیەکـی نەتەوەیـی ڕەوای دوور لـە چاودێـری و وابەسـتەیی داگیرکـەر.

- پاڵنـەری سـەرەتایی ناسیۆنالیسـتی یارمەتیـدەر بـوو بـۆ قەتیسـکردنی شـۆڕش لـە ناوچەیەکـی جوگرافـی دیاریکراودا: کوردسـتانی عێراق. بەڵام هەلومەرجی تایبەتی شـەڕ و گرنگـی ئامـرازە مۆدێرنـەکان کە لەبەردەسـتی سـوپای حکومەتدا بوو ، بـەو مانایە بوو کـە ناوچـە ڕزگارکـراوەکان بـە تەنیـا لـە لایـەن هێـزە شۆڕشـگێڕەکانەوە کۆنتـڕۆڵ بوون، لـە شـارۆچکەی بچـووك و گونـد و ناوچـە گوندنشـینە فراوانـەکان پێکهاتبـوون. شـارە گـەورەکان، کـە دەکەونە سـنووری عێراقی عەرەبی باشـتر گەشەسـەندوو و بنکە و کارگە پیشەسـازییە دەگمەنەکانـی ناوچەکـەی تێدا هەڵکەتـوون، لەلایەن حکومەتـی بەغداوە داگیرکـراون کـە بـە زرێپۆشـەکانی و هێزی ئاسـمانی بەرگرییان لێ دەکات. بەم شـێوەیە شـارە کوردنشـینەکانی مووسـڵ و کەرکووک و سـلێمانی و خانەقین و ئەربیل و ڕەواندوز وەك قـەڵا دەردەکـەون کـە بـارەگا و هێـزی گەورەیـان تێدا جێگیـر کراون.

بە هیچ شێوەیەك گومانی تێدا نەبوو کە ئەرکانی گشتی شۆڕش ئازادیان دەکەنەوە.

لـە ڕووی گەشەسـەندنی ئابـووری و کولتوورییـەوە، بنکە شۆڕشـگێڕییەکان لە ناوچەکانی ژێـر دەسـەڵاتی حکوومەتـی بەغـدا کـەمترن. لـە بنەڕەتدا شۆڕشـەکە بە پلەی یەکەم لەسـەر جەمـاوەری گوندنشـین بنیـات نـرا، بـە بەشـداری نوخبـەی شـارەکان، وەك فەرمانبەرانـی حکومـی و سـەرباز و مامۆسـتا و ئەندازیـار و پارێـزەر و پزیشـك و پیشەسـاز و بازرگانانـی

بچووك و کرێکاران، کە شۆڕش لە دۆڵ و شاخەکاندا میوانداری و جێنشینیان دەکات.

• شیکردنەوەی دۆخەکە و هەلومەرجی خەبات و کاریگەرییەکانی قەیرانی ساڵی ١٩٦٤، شۆڕشی تیۆری کە ئامانجی چاکسازیی خێرای پێکهاتە و دامەزراوەکان بوو لەسەر مۆدێلە ڕۆژئاواییەکان بەسەرچوو و کاری لەپێشینەییان بووە پەرەپێدانی جۆرێکی نوێی مرۆڤ. دروستکردنی مرۆڤی شۆڕشگێر - گۆڕینی ڕاستەقینە- گرنگترە لە کرداری ڕاستەوخۆ لەسەر پێکهاتەکان: شۆڕش لە دوای کەسەکان لە ڕیزبەندی دووەمدایە، واتا کاری لەپێشینە لەسەر مرۆڤەکانە، کە لە بەرامبەردا بابەتی شۆڕش بە شێوەیەکی هەمیشەیی ڕێکدەخرێت، کاتێك تاکەکان گۆڕانکاری و گۆڕین لە هەڵوێست و ڕەفتارەکانی دەکات.


ئەمە هەڵبژاردنێکە بە کوالیتییەکی دیاریکراوی مرۆڤ دیاری کراوە: ئایا جەماوەری جوتیار و گوندنشین بە گشتی بەهێز بکەین و پێشەنگایەتی بکەین بۆ ئەوەی پێشەنگایەتی گەشەپێدانی خۆی بکات یان پێکهاتە و کەسی نوێی بەسەردا بسەپێنین، کە تەنیا سەرکردە بچووکە بۆرژوازیەکانی بە ڕەچەڵەك شارستانی بیری لێدەکەنەوە ؟

دەگەڕێینەوە سەر تایبەتمەندییەکانی ئاکار و ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە، کە لە ماوەیەکی دوور و درێژدا لە کاتی قەیران و شەڕەکاندا دروست بووە. ئێمە لێرەدا خۆمان لەبەردەم چەمکێکی ڕەسەنی کاتییدا دەبینینەوە کە بەهۆی هەلومەرج و بارودۆخەوە دروست کراوە: هەڵبژاردن، گۆڕانی مرۆڤی پێش کردار لەسەر دامەزراوە، خەملاندنێك بۆ کاتە شۆڕشگێڕییەکان دیاری دەکات:

— خەباتی ئێمە بیست ساڵ دەخایەنێت، ڕەنگە سەد ساڵ. ئەمە گرنگ نییە: ئەوەی گرنگە زانینی چاوەڕوانی و ڕێکخستنە. پێویستە بەردەوام بین لە ڕێکخستنی شۆڕش و پێداگری لەسەر ڕاهێنانی کادیران بەتایبەت کادرە گەنجەکان بکەین. کێشەی کەمی کادیرانمان لە چینی مامناوەندی کۆمەڵگا هەیە: لە لایەك سەرکردەی لێهاتوو هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە جەماوەرێك لە چینی گوندنشین و جوتیاران کە ئاستی خوێندەواریان باش نییە. بۆیە دەبێت لەم نێوەندە پردێك دروست بکەین. بۆ ئێمە کات لە بەرژەوەندی شۆڕشدایە، بەمەرجێك حکومەت هاوپەیمانی دەرەکی زیاتر نەدۆزێتەوە. ( دکتۆرێکی تەمەن ٣٠ ساڵە و ئەندامی دەستەی کارگێڕی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، وایگوت)

مرۆڤـی شۆڕشـگێر جەنـگاوەر نییـە: جەنـگاوەر - پێشـمەرگە – تەنیـا وەك ئامرازێکـی شـۆڕش سـەیر دەکرێـت هیچـی تـر، نابێـت ئـەم دوو شـتە تێکـەڵاوی یـەك بکەیـن. ڕیالیزمـی شۆڕشـگێڕی کـورد متمانـەی بە سـیحری "شـەڕی گـەریلا" نییـە. ئێمـە زۆر دوورین لـەو تابلـۆ فراوانـە ڕەنگاوڕەنـگ و درەوشـاوەی کـە هانـدەری یاخیبوونـن: ئـەو سـەربازە شۆڕشـگێڕەی کـە ئازایەتـی و قوربانیدانـە حاشـا هەڵنەگرەکـەی نکۆڵـی لێناکرێـت و ئـەوە هێزوبـازوی ئـەوە کـە شـۆڕش بـە زینـدووی دەهێڵێتـەوە. بـەڵام قەبـارەی ڕۆڵەکـەی بـە هیـچ شـێوەیەك نابێـت پێگـەی دیـاری بـکات:

- ئەندامێکـی دەسـتەی بەڕێوەبـردن، لـە تشرینی دووەمی سـاڵی ١٩٦٦، لـە کاتی کۆنگرەی حەوتەمـدا، نیگـەران دەبێـت لـە هەڵبژاردنـی سـێ ئەفسـەر بـۆ کۆمیتـەی ناوەنـدی حـزب، ڕایدەگەیێنێـت: ئێمـە دژی ڕژێـم و حکومەتـی سـەربازی دەجەنگیـن و ئێمـە ئـەو مەترسـییانە دەزانیـن چییـە سـەربازان و ئەفسـەران دروسـتی دەکـەن کـە لـە دسـەڵاتن: ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەگـەڵ سـوپادا دەخنکێـت و توشـی ئیفلیجـی بـووە.
- ئاسـانە جەمـاوەر بـە لێهاتوویـی و ئازایەتـی سـوپا فریوبـدرێ، بەتایبـەت لـە خەباتـی قارەمانانەمانـدا. پێویسـتە دڵنیابیـن لـەوەی سـوپا دەسـەڵات نەگرێتـە دەسـت.


U.R.S.S.
TURQUIE
GRAND
KURDISTAN
MER CASPIENNE
CHYPRE
MER MEDITERRANEE
LIBAN
SYRIE
ISRAEL
JORDANIE
IRAK
IRAN
ARABIE SEOUDITE
GOLFE PERSIQUE
MER ROUGE
TEHERAN
BAGHDAD
Implantation des populations Kurdes
Kurdistan d'Irak


Lac d'OURMIA
ZAKHO
AMADIYAH
DOHUK
AQRA
ROWANDUZ
RANIYA
QALA DIZA
MOSSOUL
ARBIL
HADHAR
KIRKUK
SULEMANIYEH
IRAN
SYRIE
KANAQIN
BA'QUBAH
BAGHDAD
RAMADI
KARBALA
Tigre
DIWANYIAH
AMARA
Euphrate
BASRAH
ARABIE SEOUDITE
KOWEIT
GOLFE PERSIQUE
zone neutre
Le Kurdistan libéré
Kurdistan tenu en grande partie par les gouvernementaux

## نوێترین تایبەتمەندییەکان

بەرامبەر بە دوژمن تیرۆر لە تاکتیکەکانی شۆڕشی کورد دا نییە. ئەو شۆڕشەی لە ناوخۆدا - کوردستان- ئەنجام دەدرێت لەدژی حکومەتێك کە لە لایەن تەواوی بەشەکانی تری وڵاتەوە پاڵپشتییەکی کەمی هەیە، بابەتەکە ئاژاوەگێڕی نییە، بەڵکو بابەتی کردەوەیە. ڕەتکردنەوەی تیرۆری بە بەرنامە و پلان بۆ داڕێژاو بەو پێیەی لەگەڵ بەرژەوەندی شۆڕش و گەلی عێراق ناگونجێت. ژەنەڕاڵ بارزانی خۆی چەند جارێك ئەمە دووبارە دەکاتەوە و لە میانی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی بیانیدا جەخت لەسەر ئەم لایەنە دەکاتەوە.

بۆیە پرۆسەی شۆڕشگێڕانە جێگیر و چەسپاو نییە: وەك داهێنانێکی داهێنەرانە لە نامۆبوونی دژایەتییەکان سەرهەڵدەدات، ملکەچی دۆخێکی فرە پێکهاتەیە، کە چەندین هۆکار پێکدەهێنێت و دەبێت لەبەرچاوی بگرێت.

بەم شێوەیە هێڵە فراوانەکانی مۆدێلێکی شۆڕشگێڕی ڕەسەن دەردەکەون، کە لە کات و شوێندا بوونیان هەیە و دیارن: وەڵامدانەوەی گونجاو و نەگونجاندن لەگەڵ بارودۆخەکان بۆ هەڵوێستێکی جێگیر.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە دەبێ ئاوەڵناوی شۆڕشگێڕمان لە ناوی شۆڕش پێ باشتر بێت.

## یەکگرتنی تایبەتمەندییەکان

بەکارهێنانی ناوی جوگرافیای کوردستانیان پێ باشترە لە پێناسەی نەتەوەی کوردی، ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری لە عەقڵیەتەکاندا. جوتیار و خەڵکەکە بە فڵچەیەکەوە لەسەر دیواری ماڵەکانیان دەنووسن: "یان کوردستان یان نەمان " و نەك: "یان کوردبوون یان مردن". لەدایکبوونی نەتەوەیەك بە یەکخستنی ئەو گروپانە دیاری دەکرێت کە بەسەر ناوچەیەکی دیاریکراودا دابەش دەکراون کە بناغەی یەکگرتوویی ڕێکدەخەن. لێرەوە بەکۆمەڵایەتیکردنی تاکەکان دەبێتە ئەرکی کۆمەڵگا.

بۆ شۆڕشی کورد، ئەم کردە کۆمەڵایەتیە پێکەوەییە ڕێك دەبێتە شۆڕش. هەرێم و نیشتیمانی هاوبەش کوردستان دەبێت کە زۆرینەی نمونەیی نەتەوەی کوردە. لێرەدا گروپەکان کە لە ژمارە نایەکسانن دەتوانرێت بە شەش کۆمەڵە هەژمار بکرێن:

- کوردی مووسڵمانی سوننە: ١٨٠٠٠٠٠ کەس.
- ئێزیدییەکان: ١٥ بۆ ٢٠ هەزار کەس.
- مەسیحییەکان: ئاشوورییەکانی نستۆری: ٢٠ هەزار کەس و ئاشووری-کلدانی: ٩٠ هەزار بۆ ١٠٠ هەزار کەس و یەعقوبیەکان و ئۆرتۆدۆکسەکان: ٣ هەزار کەس.
- تورکمانەکان: ٢٠ هەزار کەس.
- پەنابەرانی سیاسی عەرەب.
- کوردانی پارچەکانی تری کوردستان واتا بەرەگەزنامە تورك و سووری و ئێرانی.

پەرەسەندنی ئەم پێکهاتانە لەناو شۆڕشدا یەکسان نییە و هەمەچەشنی ماف و هەڵبژاردەکان دەخاتەڕوو کە هەندێکجار دەبێتە هۆی دابەشبوونی ناوخۆیی. بێجگە لەوەش، زۆرجار ئەندامێتیان لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕدا، مانەوە و وابەستەیی ئەوان بە شوێنی ڕەسەنی خۆیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە ڕەنگە تا پلەی ڕەتکردنەوەی ڕەچەڵەکی خۆیان بڕوات. دواتر ئەم توخمە بنەڕەتییەی دۆخی شۆڕشگێڕانە دەدۆزینەوە:

- شۆڕش نەتەوەی ڕاستەقینەی ئێمەیە. ئێمە کوردین، پاشان مەسیحی یان مووسڵمان. نەوەك مەسیحی یان مووسڵمانی کوردستانەوە، واتا نەتەوەی هەمووان کوردە. دەبێت هەموومان هەڵگری شۆڕش بین، هەر ئایدۆلۆژیایەکمان هەبێت. (کریستیانێك لە دەستەی بەڕێوەبەری شۆڕش، وا دەڵێ.)

## كوردە مووسڵمانەكان

پەندێكـی توركـی هەیـە دەڵێـت "كـورد تەنیـا بـەراورد بـە كافـر مووسـڵمانە". عەقڵیەتـی ئایینـی كـورد پێكهاتـەی دژبەیـەك كۆدەكاتـەوە، كـە كەسـایەتییە بەناوبانگـەكان بەرجەسـتەیان كـردووە بـە كوفـرو بـێ بـاوەڕی یـان ڕۆحـی پەیامبارانـە ئایینیـی هێرشـبەر: سـەلاحەدین، كـە ئیسلامـی ڕزگاركـرد. شكسـتی بـە خاچپەرسـتان هێنـا، بەركەوتنـی لەگـەڵ جەماوەرێكـی بێبـاك یـان كۆمەڵێـك جوتیـاری بچووكـی سـادە هەبـوو، بـەڵام ئەزموونـی شۆڕشـگێڕی دەبێتـە هـۆی تێكـدان و هەڵوەشـاندنەوەی داب و نەریتی ئایینی و سـەرلەنوێ ڕێكخسـتنەوەی هەڵوێسـتەكانی بـەدوادا دێـت.

— ئـەو سـەركوتكردنە لەلایـەن حكومەتێكـی ئیسـلامی كۆنەپەرسـتەوە فەرمانـی پێكـراوە و ئەنجامـدراوە.

— خراپ بەكارهێنانی ڕێوڕەسمی ئایینی بۆ بەرژەوەندی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی عەرەب.

— هەڵوێستی لایەنە باوەڕپێكراوەكانی ئایینی، وەك ئیخوان موسلمین بە نموونە.

— پێكەوەژیانی بەردەوام لەگەڵ كەسە ئایین جیاوازەكان یان بێدینەكان.

— هۆشیاری لەو پاشەكشە و چەقبەستوویە ترسناكە كە وڵاتانی ئیسلامی تووشی دەبن.

— مۆدێلی مەسیحی یان بێدینی بیانی.

— سـەروەریی و لەپێشـینەیی پاڵنـەرە شۆڕشـگێڕییەكان بەسـەر پاڵنـەرە لاوەكییـەكان و بـە سیاسـیكردنی خەبـات، هەمـوو ئـەو هۆكارانـەن كـە كەسـەكان بەرەوپێـش دەبـەن و هانیـان دەدەن:

* یـان بـە گشـتی ڕەتكردنـەوەی ئـەوەی پێیـان وایـە "ڕابـردوو" و هـێمای "بەدبەختـی ئێسـتایان" بێـت.

* یـان ڕەخنەیـەك لـە ڕەفتـاری پێشـوویان بگـرن و بـەدوای هەڵوێسـتێكی نوێـدا بگەڕێـن سـەبارەت بـە كێشـەی ئایینـی.

* یـان هەڵوێسـتێكی ئایینـی كـۆن و تەقلیـدی لەگـەڵ چەمكێكـی سیاسـی نوێـدا بخاتـە پـاڵ یـەكترەوە.

- ئیسلام ڕووخانی ئێمە بوو! بۆ ئەوەی وا بیربکەینەوە کە سەلاحەدین ئیسلامی ڕزگار کردووە! هەرگیز ناتوانم دڵنەوایی خۆم بدەم بۆ ئەوە. (پیاوێکی تەمەنی ٣٨ ساڵ.)
- من خودا ڕەت ناکەمەوە، بەڵام باوەڕم وایە ئیسلام بۆ ئێمە زۆر خراپ بووە. (پیاوێکی ٣٠ ساڵە، وایگوت).
- من باوەڕم بە خودا نییە: ئەم بیرۆکەیە لەسەر بنەمای هیچ شتێك نییە. لەگەڵ پەرەسەندنی مرۆڤدا نامێنێت. ئیسلام وەستێنەری شارستانیەت بووە: داب و نەریتی ئایینی تەنانەت ناتەندروست و دژی پاك خاوێنییە، لە گوندەکاندا بینیوتە: ئەوان پێیان وایە ئاوی کانیا و ڕووباری لەبەری دەڕوات هەمیشە پاکە، لەکاتێکدا دوو مەتر لە دوورتر کەسێك تف لە ئاوەکە دەکات و ئەوی دیکە دەخواتەوە. (پیاوێکی تەمەنی ٣٤ ساڵ، وایگوت.)

سەرکردە مەدەنی و سەربازییەکانی شۆڕش هەمیشە وریا بوون خۆیان بەدوور دەگرت کە هیچ ڕەخنەیەك لە ئیسلام دەرنەبڕن:

- دەرکەوتن وەك بێدین یان کافر سیاسەتێکی خراپ دەبێت: تەنیا دەبیت بە سووتەمەنی پڕۆپاگەندەی ناسیۆنالیستی عەرەبی. ژەنەڕاڵ بارزانی خودی خۆی زۆر ڕێز لە ئایدۆلۆژیا و ئایینەکان دەگرێت و نوێژە باوەکانی خۆی دەکات... (پیاوێکی تەمەن ٣٤ ساڵ، لە دەستەی کارگێڕی شۆڕش، وایگوت)

هەموو شتێك وەك ئەوە ڕوودەدات کە گەورەیی ئەو ئەرکە ماددییەی دەبێ بە ئەنجام بگات، بەرژەوەندی ئایینی کردبێتە لاوە، کە خۆی کاڵ دەبێتەوە، چونکە بەو پێیەی پێداویستە هەنوکەییەکان دابین ناکات. بەڵام نیگەرانییە پەروەردەییەکانی سەرکردەکان دەرکەوتنی ئاشکرای شەڕانگێزی بەرامبەر بەو هەڵوێستە ئایینیانەی هەستیان پێدەکرێت نامۆ بن قەدەغە دەکەن.

- لە دوای ئەم بزووتنەوەیە ئیتر هیچ بیرۆکەیەکی ئایینییان نییە، بەڵگەیەکی ئاشکرا دەبینیت، ئێستا دەڵێن: سەیری ئەم پیاوانە بکەن کە نوێژ دەکەن. بۆچی؟ ئایا ئەمە ڕزگاریان دەکات لەو بۆمبانەی مووسڵمانانی تر ئاڕاستەیان دەکەن؟ ئایا ئەمە شۆڕشەکەمان بەرەوپێش دەبات؟ (پیاوێکی تەمەن ٧٦ ساڵ، وایگوت.)

## ئێزیدییەکان[1]

مەزهەبێکی ئایینی سەیر و سەمەرە کە بە هەڵە دەوترێت "شەیتان دەپەرستن"، کوردە ئێزیدییەکان لە دۆڵی مووسڵ و لە بناری چیای شنگال کۆبوونەتەوە. ئەوان بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەسەنن و ئەمڕۆ عەقیدەکەیان لە چەند پراکتیزەیەکی زۆر تایبەتدا سنووردارە.

ناوی ڕاستەقینەیان لە بەرژەوەندی ئەو ناوە ئێزیدییەی[2] ئێستا دراوسێکانیان پێیان داوە کە داسنییە وونبووە.

"دامەزرێنەری گەورە و پیرۆزیان" کە ناوی شێخ هادییە، لە دۆڵێکی جواندا سەردانی مەزارە گرانبەهاکەی دەکەین و نازناوی بنەماڵەی خۆی پێبەخشیوە. ئەم پیرۆزگایە لەلایەن ڕاهیبەکانەوە بەڕێوەدەبرێت کە هەندێکجار ئەخلاقیان دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، هەموو تایبەتمەندییەکانی خانەقا ئاسوودەکانی کلدانی تێدایە. میوانخانەیەکی هەیە بۆ پێشوازی و دیدەنیکارانی مەزارەکە.

لە دەشتەکەدا، لە خوارەوە گوندی بچووکی باعەدرێ هەڵکەتووە. ناوە ئارامییەکەی بە واتای "شوێنی یارمەتی" دێت. لێرەدا[3] کە شوێنی نیشتەجێبوونی میر و پاپا و شازادەی تەریقەتەکە هەڵکەوتووە.

پێدەچێت ناوەڕۆکی عەقیدەکە هاوشێوەی ئایینی زەردەشتی بێت لە هاوشێوەی کۆکتێلێکی بە تامدا کە تێیدا شوێنەواری مانیچیزم و مەسیحییەت و ئیسلام ببێتەوە.

ئێزیدییەکان لە خودای چاکە ناترسن کە بە پیشەی خۆی ناتوانێت زیان بە کەس بگەیەنێت. لە لایەکی دیکەوە، ئەوان لە خودای خراپە پەنا دەگرن، کە لە شێوەی تاووسێکدا نوێنەرایەتی دەکرێت، کە ناتوانن ناوی بڵێنەوە لە ژێر

---

(١) ئێزیدییەکان، لە نووسینی ل. مێنانت (١٨٩٢)؛ شێخ عەبدی، گەورەی پیرۆزی ئێزدییەکان (١٩١١)؛ پەرستنی فریشتەی تاووس (١٩٢٨). دەقە پیرۆزەکانی ئێزیدی لە ساڵی ١٩١٨ لەلایەن ف. ناو لە ژێر ناونیشانی: کۆکردنەوەی دەق و بەڵگەنامەکان دەربارەی ئێزیدییەکان بڵاوکراوەتەوە.

(٢) ڕەنگە لە وشەی فارسی یەزدان وەرگیرابێت کە بە واتای خودا دێت.

(٣) ئەنجومەنی نێستۆری لە کۆتایی سەدەی پێنجەمدا بە سەرۆکایەتی قەشە نیسیبیا، بارسۆمان (کوڕی ڕۆژوو) بەڕێوەچوو، کە بە هاوکاری سوپای فارس نێستۆریزم بە ڕۆژهەڵات ناساند.

سـزای ئـەوەی لـە یـەک کاتـدا لێیـان بدرێـت. زیـاد لـەم قەدەغەکردنـە قەدەغەکردنـی بەکارهێنانـی وشـەکانە کـە بـە دەنگـی ش[١] دەسـت پێـدەکات و ناڕەزایـی و ڕق و قینـەی قووڵیـان بەرامبـەر بـە کاهـوو هەیـە:

ڕۆژێ لـە ڕۆژان عیسـا و محەمـەد و شـەیتان یـاری چاوشـارکێ و خۆشـاردنەوەیان دەکـرد. کاتێـك نـۆرەی شـەیتان هـات، خـۆی لـە ژێـر گـەڵا گەورەکانـی کاهوویەکـدا شـاردەوە، بـەڵام بەداخـەوە! ئـەم کاهـووە بەرزبـووەوە و خیانەتـی لـە شـەیتان کـرد، لەبەرچـاوی تـەواوی هاوبەشـەکانیدا دۆزیویەتیـەوە. لـەو کاتـەوە کاهـوو بووەتـە مایـەی سـووکایەتیکردن بـۆ ئێزیدییـەکان، کـە ڕقێکـی ڕاسـتەقینەیان بـۆی هەیـە. (باوکـە پـاوڵ بەیـدار، وایگـوت.)

ساڵانە شازادە موزایەدەیەکی سـەیر و سـەمەرە ڕێکدەخات، کـە گرەوەکـەی بریتییە لە خاوەندارێتـی کاتـی پەیکەرێکـی بچـووك کـە نـاسراوە بـەوەی لـە زێـڕی پـاك دروسـتکراوە، کـە نوێنەرایەتـی خوداوەنـدی مەلیـك تـاووس دەکات. بـڕە پارەیەکـی خەیاڵـی دەدەرێـت. لـە ڕاسـتیدا کڕیـار مافـی ئـەوەی دەبێـت لەگـەڵ خوداوەندەکەیـدا لـە گوندێکـەوە بـۆ گوندێکـی تـر بـە شـاعیر و سترانبێـژ دەورە دراوە و ماڵـەکان پیـرۆز دەکات لـە بەرامبـەر دیـاری و دینـار کـە دەتوانێـت سـێ هێنـدەی مەزادەکـە بێـت. تاوسـە سـەرگەردانەکە تـا ناوچـی قەفقـاز دەسـووڕێتەوە کـە کۆمەڵگایەکـی گـەورەی ئێزیـدی لێیـە.

بەیانیـان ئێـزدی خواپەرسـت یەکـەم تیشـکی خـۆر دەپەرسـتێت و خـۆی فڕێدەداتـە سـەر زەوی و بـە دڵسـۆزیەوە زەوی مـاچ دەکات. لەگـەڵ هەسـتانەوە، لـە باوەشـێکی خەیاڵـدا دەسـتەکانی بـەرەو ئەسـتێرە درێـژ دەکات. ئـەو سـەردەمە زۆر لەمەوبـەر نییـە کـە فێربوونـی خوێندنـەوە و نووسـین قەدەغـە بـوو: نەریـت و بنەمـاکان دەبـوو بـە شـێوەی زارەکـی بگوازرێنـەوە. زمانـی پیـرۆز کـوردی بـوو.

ئێزیدییـەکان مەیلیـان بـۆ شـەڕی ئایینـی نەبـووە و تەنیـا مامەڵەیەکـی خراپیـان لەئیـسلام و فتوحاتەکانـی پەیامبـەری بینیـوە. لـە لایەکـی دیکـەوە ژمارەیەکـی زۆر هاوڕێـی مەسـیحییان هەبـوو کـە لـە بۆنـە گونجاوەکانـدا خیانەتیـان لێکـردن. ناوبانگیـان جێگـەی ئیرەیـی نەبـوو:

---

(١) پیتی ش کە لە وشەی شەیتاندا دەیدۆزینەوە، یەکەم پیتی وشەکەیە.

— مرۆڤـی بـێ پرەنسـیپ و هیـچ وپـووچ، کـە یەکـتر فریـو دەدەن... تـا ڕادەی سەرخۆشـی مـەی دەخۆنـەوە... کاتێکـی خـۆش بەسـەر دەبـەن لـە تەقەکـردن لـە هێلکـە کـە لەسـەر سـەری کوڕەکانیـان دانـراون...

ئاهەنـگ و سـەمای بـە کۆمـەڵ بەڕێوەدەچـوو کـە هیـچ بیانییـەك ڕێگـەی پێنـەدەدرا بەشـداری تێـدا بـكات. ماوەیەکـی کـەم پێـش ڕێوڕەسـمەکە، بەشـداربووان بـە سـوجدە بـردن و بـەرد ماچکـردن و نوێژکـردن حەماسـەیتان زیاتـر دەکـرد. پاشـان ژن و پیـاو دەچوونـە ژوورێکـی فـراوان کـە پـڕ بـوو لـە خـواردن و دەفـری شـەرابی سـوور، بەئەسـتەم بـە چەنـد چرایەکـی دوکـەڵاوی ڕوونـاك دەکرایـەوە. کاتێـك میوانـەکان گەڕێنرانـەوە، سـەرگەرمی سێکسـی عیرفانیـی لەنێـو هـاوار و گۆرانـی و شـەڕ و پێکدادانەکانـدا گەیشـتە لوتکـە. بۆیـە گڵۆپەکانیـان کوژانـدەوە.

مەزهەبەکـە تایبەتـە. تـازە شـوێنکەوتوان یـان ئەوانـەی دەیانەوێـت بێنـە سـەر ئاینەکـە وەرناگیرێـن. بەهەشـت کـە زۆر تەسـکە، تەنیـا بـۆ ئەندامانـی پەرسـتگا تەرخـان کـراوە.

تایبەتمەنـدی لـە جلوبـەرگ و پێکهاتـە کۆمەڵایەتییەکانیشـدا ڕەنـگ دەداتـەوە. ڕەنگـی سـپی ئـەو ڕەنگەیـە کـە بـە خۆشـی لەبـەری دەکەیـن، بەتایبەتـی لای خانمـان. چینەکانـی کۆمەڵـگا ڕێگـە بـە جیاوازیکـردن لـە نێـوان باشـەکان و باشترینەکانـدا دەدەن: لـە نێـو ئەمـەی دووەمیانـدا، فەقیریـەکان کەمتریـن نیـن، کـە سەرپۆشـەکی ڕەش و عەبایەکـی ڕەش لەبـەر دەکـەن، جۆرێـك لـە "قوماشـی پیـرۆزە" کـە بـە ڕێـزەوە سـوێندی لەسـەر دەخـۆن.

بـەم شـێوەیە عەقڵیەتێـك پەرەیسـەند کـە بـە تونـدی دژایەتـی خواسـتەکانی گشـتی کۆمەڵەکـە بـوو: ناسـیۆنالیزمی ئێزیـدی تایبەتمەنـد بـوو و تەنیـا لـە بەرگریکـردن لـە کۆمەڵەکـە. کوردانـی ئێزیـدی کـە کارەکانیـان لـە بەرگریکـردن لـە ڕەسـەنایەتی ئایینـی خۆیانـدا سـنووردارە، پێدەچێـت هەڵپەرسـتی کۆنەپەرسـتانەی گەورەیـان نیشـاندرا بێـت.

— ئێمە تەنیا داوای یەك شت دەکەین ئەویش ئەوەیە وازمان لێبێنن.

ئـەم هـۆکارە، بێجگـە لـە فاکتـەرە جوگرافییـەکان کـە لـە شـەڕی گـەریلادا نەگونجـاون،

هـۆکاری هەڵوێسـتی دوژمنکارانـەی سـەرکردە ئێزیدییەکانـی شـەنگال بەرامبـەر شۆڕشـی کـورد نیشـان دەدات. ئـەوە ڕاسـتە میـر چەنـد جارێـك لەلایـەن حکومەتـەوە زیندانـی کرابـوو، هـەر ئێزیدییـەك بچێتـە ڕیزەکانـی شۆڕشـەوە، لـە مەزهـەب دەری دەکـرد و لـە سـاڵی ١٩٦٤دا براکـەی گەڕانـدەوە کـە لەگـەڵ پێشـمەرگەدا شـەڕی دەکـرد.

بــەڵام نیشــانەیەکی ڕوون و ئاشــکرای ڕووخــان و درز تێکەوتنــی کۆمەڵــگا کــە ئاغـا تێیـدا بـاڵا دەسـتە ئەوەیـە نزیکـەی ٦٠٠ ئێزیـدی ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردســتانن. هــەزاران هاوئاینیــان جلوبەرگــی پێشــمەرگەیان لەبەردایــە. بــۆ ئــەم کەســانە، پچڕانەکــە گەڕانــەوەی نییــە، چونکــە کۆمەڵــە ڕەســەنەکەیان تاکگەرایــی بــووە: کــردەوەی هاوبــەش و کاری پێکەوەیــی، پراکتیــزەی ئایینییــە ســەرکوتکراوەکان لەنــاو دەبــات و دڵەڕاوکێــی سیاســی، کــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بانگەشــەی بـۆ دەکات، جێگـەی داب و نەریتـی فیقهـی ڕابـردوو دەگرێتـەوە. دەسـەڵاتی کاتـی و دەسـەڵاتی ڕۆحـی کـە لـە ڕێگـەی داب و نەریتـی ئێزیدییـەوە بەیەکـەوە بەستراوەتـەوە، لـە یـەك کاتـدا بەهـۆی ئـەو ڕەخنـە ناڕاسـتەوخۆ و ئاشـکرایەی کەسـەکە ئاراسـتەیان دەکات، تێکدەچێــت.

## ئاشوورییەکانی نێستۆریەکان

ڕەنگـە مـرۆڤ وەسوەسـەی بـۆ دروسـت بێـت کـە بنووسـێت: ئاشـوورییەکان یـان کەوتنـی نەتەوەیـەك.

نـاوی ئاشـووری لـە کۆتایـی جەنگـی یەکەمـی جیهـان دەرکەوتـەوە، لـە کاتـی دوا هەنگاوەکانـی کۆتایـی ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی و یەکەم هەنگاوە فەرمییەکانـی بەریتانیای گـەورە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. ئاشـوورییەکان لـە وڵاتـی فـارس لـە دژی تورکـەکان بەکارهـێنران، لـە دەوری سـەرکردە بەناوبانگـەکان کـە متمانەیـان بەخۆیـان هەبـوو، ڕێکخرابـووەوە و هیوایـان دەخواسـت، ئەگـەر شـکۆمەندی ئیمپراتۆریەتێکـی لەناوچـووش بەدەسـت نەهێننـەوە، لانیکـەم خۆیـان لەسـەر ئـەو خاکانـە جێگیـر بکـەن کـە دەبتـە هـی ئـەوان. لـە کۆتاییـدا وەك یارمەتیـدەر و پاشـکۆ لـە سـوپای هاوپەیمانەکاندا وەرگیـران و زۆر بـاش شـەڕیان کـرد. دواتـر لەلایـەن سـەرکردەکانی پێشـوویانەوە جێهێڵـراون و لـە یەکێـك لـە کۆمەڵکوژییـە دڕندانەکانـی سـەردەمی نێـوان دوو جەنگەکانـدا کۆتایـی بـە چیـرۆك و سەرگوزشـیتەیان هـات. ڕزگاربـووان بـۆ تاراوگـە: هەندێکیـان بـەرەو ئەمریـکا و هەندێکیـان بـۆ فەرەنسـا و هەندێکیـان بـۆ ئینگلتـەرا چـوون. کۆمەڵگەیـان لە تـاران و بەغـدا و بەیروت دروسـت کـرد. گونـدە بچووکـەکان پـڕ بـوون لـە پیاوانـی ئایینـی پیـس و نەخوێنـدەوار.

ئاییـن[1] تەنیـا بیانوویەکـە بـۆ یەکگرتوویـی. لـە ڕاسـتیدا بەدرێژایـی سـاڵان نەریـت و مەزهـەب و تەریقەتـەکان کـورت دەکرێنەوە. سێ قەشـە، دوو قەشـە لە بەغـدا و یەکێکیان لـە کوردسـتان لـە گوندی دورە لە دەڤەری ئامێدیە، ئەو قەشـانەی لە ئاسـت چاکەی دڵسـۆز و باوەڕدارانینـان خەوتـوون و تەنیـا داوای نیعمەتـی بێسـوود و بـێ کەڵکیـان لـێ دەکەن.

پێگـەی پاتریـك بۆماوەییـە لـە مامـەوە بـۆ بـرازا. ئـەو منداڵـەی بڕیـارە بـۆ پۆسـتی پاتریـك ئامـادە بکرێـت کاتێـك زۆر بچووکـە هەڵدەبژێردرێـت، واتـا: لـە حاڵەتـی کۆرپەڵەیـی دا. دایکـی کـە هەڵیگرتـووە، بـۆی نییـە گۆشـت بخـوات و مـەی بخواتـەوە.

---

(١) کەنیسـەی نێسـتۆری بـە نادادپەروەرانـە نـاوی خـۆی لـە پاتریاکـی قوسـتەنتینیە وەرگرتـووە نێسـتۆریۆس، کـە لـە ئەنجومەنـی ئەفسـوس لـە سـاڵی ٤٣١دا ئیدانـە کـرا، کەنیسـەی نێسـتۆری یـان ڕۆژهەڵاتـی کـە بـە تیۆرییەکانـی تیـۆدۆر مۆپسوێسـت جیادەکرێتـەوە، لەگـەڵ ئیسلامـدا پێکـەوە ژیانیـان کـردووە، بـەڵام لـە کاتـی داگیرکارییـە بەربەرەکانیـدا جیا بووەتـەوە سـەدەی سـێزدە و چـواردە.

خاوەنـی نازناوەکـە - بەڕێـز شـەمعون - لـە تەمەنـی ١١ سـاڵیدا تاجـی لـە سـەر دانـرا. لـە لایـەن پوورێکیـەوە کـە نـاوی سـورمان ڕانـو بـوو پـەروەردە کـراوە، کـە ڕاهیبێکـی پەیوەندیـدارە بـە دەزگای هەواڵگـری و خوێندنـی بـە زمانـی ئینگلیـزی کـردووە و لـە زانکـۆی ئۆکسـفۆرد خوێندوویەتـی و لـە ئەمریـکا کاری کـردووە، کۆمەڵگەی ئاشـوورییەکان لـەوێ بەختەوەرتـرن. پاتریـك بانگێشـتی تـاران کـرا بـۆ ئەنجامدانـی ڕاوێژێکـی نهێنـی لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق. جارێکـی تـر سـواری فڕۆکەکـە بـووەوە و بەبـێ ئـەوەی هیـچ ئەنجامێکـی[1] دەسـت بکەوێـت.

بـە لەبەرچاوگرتنـی تـەواوی کۆمەڵـگای "ئاشـووری" دەتوانیـن سـێ گروپـی تـری لاوەکـی بـە ڕوونـی جیـا بکەینـەوە:

- گروپی نۆستالژیەکان کە لە ڕابردوو ماونەتەوە.
- گروپی ڕیالیستەکان.
- گروپی بێباکەکان.

گروپـی نۆسـتالژیك[2] کـە زۆربەیـان ئاشـوورییەکانی ڕەوەنـدی تاراوگـەن، یـان دانیشـتووی پایتەختـە گەورەکانـی ڕۆژهەڵاتـی نـاوەڕاستن و خـەون بـە ئیمپراتۆریەتـەوە دەبینـن. بـە تامەزرۆییـەوە بـۆ دووبـارە دۆزینـەوەی نەینـەوا و شـکۆمەندیەکانی ئەوەنـدە دەڕۆن کـە بانگەشـەی خاوەندارێتـی کوردسـتانی عێراقـش دەکـەن.

خەونـە نۆسـتالژییەکانی هەندێـك لـەو ئاشـووریانە ئەفسـانەیەکی قارەمانانەیـان دروسـتکرد، کاتێـک سـێمیرامیس[3]، ژنێکـی گەنجـی خەڵکـی هـەکاری لـە هاوسـەرەکەی

---

(١) لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٧ کەنیسەی ئاشووری لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا تاجی لەسەر قەشەیەکی نوێی دانا: بەڕێز یوسف سەرکیس. گۆڤاری میسی - ژمارە ٣٣٩ - باسی ڕێوڕەسمەکە دەکات: بەڕێز پێرین، نوێنەری پاپا و قەشەکانی ئەرمەنستان و گریگۆریەکان، هەروەها قەشەکانی کلدان و سریانی (کاسۆلیکی) لە ڕیزی پێشەوە بوون. لە پشتەوە ئاینییەکانی تر هاتبوون: قەشە عیساییەکان و کارمێلییەکان و ڕیدێمپتۆریستەکان و دۆمینیکانەکان. دواتر ئەنگلیکان و یۆنانی و پرێسبیتێریان دێن. ئاماژەی بەوەشکردووە: پێمان خۆشە ئەم کۆدەنگی و خەمخۆریەی مەسیحیەت لە لایەنەکانی ژیانی سیاسیشدا هەبێت.

(٢) "کۆمەڵەی نیشتمانی ئاشووری" نهێنی کە لە بەغدا و تاران و بەیروت کاردەکات.

(٣) سـێمیرامیس (٨٠٠ پێـش زاییـن)، شـازادەیەکی بەناوبانگـی ئاشـوورییە، دەوترێـت کچـی خوداوەندی ماسـی ئەتارگاتیسـە. کۆتـرەکان بـە هێنانـی خـواردن لـە مردن ڕزگاریان کرد، تا سـیماس شـوانی پاشـایەتی دۆزییـەوە و ئـاگاداری بـوو. ئەفسـانەی دیکـە لـە بارەیـەوە هەیـە کـە پەیوەندییان بـە سـۆز و لێهاتووییە سێکسـییە بەرگـە نەگیراوەکەیـەوە هەیـە. سـتوونێک کـە لە سـاڵی ١٩٠٩ دۆزرایـەوە، وەسـفی دەکات کە

جیابووەوە. ئەو جوانە بە ئازایەتییەکەیەوە، بەسۆزەوە سەرکردایەتی ئەو جەنگاوەرانەی شەڕی دەکرد کە لەبەردەستیدا دانرابوو، بەڵام بە گەلەکەی و حەماسەتی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە پیاهەڵدانی دریغییان نەدەکرد و بە "ژان دارك"ی کوردستانیان[١] دانا. زۆری نەخایاند بیەوێت لە سنوور دەربچێت و تەماحی سیاسی نیشان بدات. ئارەزووەکانی بە زیادەڕۆیی دادەنران. بەهۆی هۆکاری پڕۆپاگەندەییەوە تەحەمول دەکرێت، کارەکتەرەکە سەرنجی ڕۆژئاواییەکان ڕادەکێشێت و ئێستا ئەو ئەرکانەیان پێسپارد کە باشتر لەگەڵ تواناکانیدا بگونجێت. کاتێك پرسیاری لێکرا، وەڵامەکانی زیاتر پەیوەندییان بە پاڵەوانی ڕۆناڵد سیرلەوە هەیە، نەك وەك چالاکوانێکی ئافرەت کە هەندێك جار بە توندوتیژی و سەرنجڕاکێش بەرگری لە دۆزێکی سیاسی دەکات.

ڕەوەندە ڕیالیستیەکانی تاڕاوگە، دیمیتری پترۆس-ئێلۆف کوڕی ژەنەڕاڵ ئاغا پترۆس[٢]، دەیەوێت سەرنجی هاوئاینیەکانی بۆ ئەو شەڕە ڕابکێشێت کە کوردەکانی عێراق سەرکردایەتی دەکەن. لە بەیاننامەیەکی ٢٥ی ئابی ١٩٦٦دا: بێ وەستان داوای لە هەموو"ئاشوورییەکان" کرد بێ مەرج هاوکاری برا کوردەکانمان بکەن لەو شەڕەی بۆ ڕزگارکردنی ئەو خاکە دەیکەن کە بە هاوبەشی لەگەڵ کوردەکان هی ئێمەیە... (لە ڕێگەی ) هاوکاری... لە پیاو و پارەدا... لە داواکاریەکانیشتان زیادەڕۆیی مەکەن. لە کۆتاییدا دەڵێت: دوا چانسی مانەوەمان وەك نەتەوە سەرکەوتنی بارزانییە.

---

"ژنێکی کۆشکی سامسی-عەداد، پاشای جیهان، پاشای ئاشوور... پاشای سێ چارەکی جیهان".

(١) ستیرن لە ١٧ی کانونی دووەم ١٩٦٤ و کویک لە ٢٥ی نیسانی ١٩٦٥. مارگریت جۆرج تەمەن ٢٦ ساڵ، لە ئێستادا بابەتی پەرستشە لەلایەن ئاشوورییەکانی تاراوگە. ئەمە ڕێزلێنانێکە بۆ یەکێک لە وێنە فرەڕەنگەکانی کە بە شیعرێکی نیشتمانپەروەرانە نرخێنراوە. مارگریت کچێکی جوانە، باڵای مامناوەندە، قژی ڕەشی قەترانی و لێوی پڕە. نوێنەرایەتی هیچ بەرژەوەندییەکی تر ناکات، جگە لە شەڕی ئازایەتی و ڕاکێشانی سەرنجی گشتی بۆ خۆی. وەك بەرهەمێکی ڕێکلامە، دەبێت بە بەهای ڕاستەقینەی خۆی سەیری بکەین: نە ژان دارك و نە مێسالینە. ئەو نووسەرەی توانی چاوی پێی بکەوێت بە ژنێکی سەرنجڕاکێشی وەسف دەکات، توانای بەکارهێنانی چەکی زیاتری هەیە نەک بیرۆکە.

(٢) ژەنەڕاڵ ئاغا پترۆس لە ١ی نیسانی ساڵی ١٨٨٠ لە گوندی ئێزیدی تەفیا لە نزیک مووسڵ لەدایک بووە. بێ باوک بووە، لە قوتابخانەی پرێسبیتێری ئەمریکی لە باز، پاشان لە ئورمی خوێندوویەتی. وەك سەرکردەی جەنگ، بەرامبەر سەربازانی تورکیا وەستایەوە و لە هەلومەرجێکی بێ وێنەدا پەیوەندی بە ئینگلیزەکانەوە کرد. لە ٢ی شوباتی ١٩٣٢ بەهۆی گیرانی خوێبنەری مێشکەوە کۆچی دوایی کردووە. سەرچاوە :

Dunsterville : The adventures of Dunsterforce, et Mary Shedd : The measure of a man.

بێباکـەکان زۆرینـەی ڕەهـای ئاشـوریەکان پێکدەهێنـن: ڕەوەنـد و ئـاوارەکان، تەنیـا بـۆ خواردنـەوەی کوپێـك چـا یـان بـۆ ئاهەنگگێـڕان ئایینـی یـان خێزانـی منداڵێـك پێکـەوە کۆدەبنـەوە، پیرەژنێـك بـەدەم گۆرانـی وتـن بـۆ وڵات هـاوار دەکات و بازرگانێـك کـە تـازە ڕەگەزنامـەی وڵاتێکـی وەرگرتـووە چەکێـك بـۆ ڕۆژنامـەی ئاشـوری سـتار واژۆ دەکات، یـان تیپێـك لـە سـەماکار یـان کاسـبکارێکی هـەژار و و لێقەومـاو لـە تارانـەوە یـان پیشـەگەرێکی چـالاك لـە بەغـداوە، کـە وشـەی "ئاشـوور" بـۆ ئەمانـە کورتکراوەتـەوە بـۆ نووسـین و نەخشـاندنێکی مۆدێـرن بـە ڕەنگـی گەشـاوە. ئـەم بێباکـە جوگرافیـا جیاوازانـە، دوای دە سـاڵ، جوتیارانـی گونـدی نێسـتۆریەکان ژمـارەی بێبـاکان زیـاد دەکـەن، کـە لـە ڕۆحانییـە تەمبەڵـەکان بێـزارن و حزبیـان لـە کەنیسـە پـێ باشـترە.

## ئاشووری-کلدانییەکان[١]

کاسۆلیك بوون واتە سەر بە کەنیسەی ڕۆژئاوایی یان بەجۆرێك لە جۆرەکان واتا سەر بە خودی ڕۆژئاوا. کلدانەکان لە مەککە لە بەرژەوەندی پایتەختەکانی ئەوروپا دوورکەوتنەوە، هەروەها کلدانەکان قەشەکانیان بە میرات گرتووە کە لە ڕۆژئاوا لەلایەن مامۆستا تاڕادەیەك خوێندەوارەکانەوە ڕاهێنراون و بە هەستێکی ڕوونی کوالیتییەکی تایبەتی ڕۆمانی جیاکراونەتەوە: حیکمەت.

پاتریك قەشە شێخۆ لە بەغدا نیشتەجێیە. بە پەرۆشە بۆ پاراستنی پەیوەندی تەندروست لەگەڵ حکومەتدا، ئەو دوودڵ نەبوو لە نکۆڵیکردن لە هەندێك لە ڕاستییەکانی ئەو شەڕەی شۆڕشگێڕە کوردەکان دەیانویست سەرنجی ڤاتیکانی بۆ ڕابکێشن. هەروەها پێنج قەشە کلدانییەکەی ئاکرێ و ئامێدی و زاخۆ و ئەلقۆش و کەرکووک ڕێوشوێنی خۆپارێزی ژیرانە دەگرنەبەر بۆ دەستەبەرکردنی ئەو داهاتووە گەشەی ئاواتەخوازن هەیانبێت.

بەڵام کلدانەکان قارەمانیان هەیە، چ لادینی و چ پیاوانی ئایینی، یەکێك لە سەرسوڕهێنەرترینیان قەشەیەکە کە تەمەنی ٧٦ ساڵ بوو، بەڵام بۆ ماوەی چەند ساڵێك و لە کاتی داستانێکی مەترسیداردا بوێری ئەوەی هەبووە بگاتە ڕیزەکانی شۆڕشی کوردی. بە سواری گوێدرێژێکەوە لە سوریا هەڵهات و تێرمۆزێك ئاوی کانیاوی تێدابوو بەسەر شانیدا هەڵواسرابوو، کە چەند پاسەوانێکی کەمی لەگەڵ دابوو و لە ڕێگەی چەندین لادان و ڕێککەوتنەوە خاڵە سەربازیەکانی حکومەتی بڕی. تاکە جانتاکەی کە لای بوو پەرتوکەکان بوو کە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فەڕەنسی و ئینگلیزی و سریانی و هەروەها کەوایەکی ڕەنگ وەنەوشەیی تۆخی

---

(١) کاتێك شەمعونی حەوتەم بار مارنا لە ساڵی ١٥٥١دا کۆچی دوایی کرد، بەشێک لە "نەتەوە"ی نێستۆری ڕەتیانکردەوە ئەو برازایەی قبوڵ بکەن کە بڕیار بوو بچێتە سەر کورسییەکەی و شوێنی بگرێتەوە. کۆمەڵێک قەشە و باوەڕدارانی ناڕازی لە مووسڵ کۆبوونەوە، بە سەرۆکایەتی سێ قەشە کە لایەنگری یەکگرتن بوون لەگەڵ ڕۆما. دەنگەکان لە بەرژەوەندی خانەقای ڕەبن هۆرمیزد کۆتایی هات کە دەکەوێتە نزیک ئەلقۆش. بە پەیڕەوکردنی ئامۆژگارییەکانی پارێزەری خاکی پیرۆزی فرانسیسکان کە ئەوکاتە کۆمیساری کورسی پیرۆز بوو بۆ ڕۆژهەڵات، هەڵبژێردراوەکە چووە ڕۆما و لەوێ پەسەند کرا.

لەبەردابــوو لەســەر گوێدرێژەکــە دەلەریــەوە[١]. باوکــە پۆڵــس بەیــدەری، پــاوڵ بەیــدار کــە نــاوی ڕاســتەقینەی خۆیەتــی، ئەندامــی ئەنجومەنــی فەرماندەیــی شــۆڕش و دەســتەی کارگێڕییــە. هــەر ئەویــش بــوو ئێمــە داوامــان لێکــرد تێڕوانیــن و خشــتەیەکی زانیــاری گشــتی لەســەر کلدانەکانــی کوردســتان ئامادەبــکات.

مــن دەمەوێــت ئــەو کارە بکــەم کــە ســوودی بــۆ گەلەکەمــان و کۆمەڵگــەی مەســیحییەکان هەیــە. بــۆ نموونــە پاتریــکمان هەیــە کــە یەکێــك بــوو لــە قوتابیــە زیرەکانــم لــە مووســڵ. دەڵێــن پیاوێکــی پیــرۆزە، پیاوێکــە دەزانێــت چــۆن هەڵســوکەوت بــکات! هەمیشــە لەگــەڵ پیــاوە ئایینییــە ڕۆژئاواییــەکان و مژدەبــەر و خوشــکە ڕاهیبــە هتــد.. دایــە ، کــە بــە دڵنیاییــەوە پێشــنیاری دەکــەن بــۆ ڤاتیــکان. بەڕاســتی لــە دڵــەوە حــەزی دەکــرد... حــەزی لــە ســەرکەوتنی بزووتنــەوەی کــوردی بــوو، بــەو مانایــەی کــە مەســیحییەکان لــە داهاتــوودا ســوودمەند دەبــن. بــەڵام نایەوێــت هیــچ لــەو بارەیــەوە بڵێــت: زۆر دەترســێت. بۆیــە ! هــەر بەڕاســتی پیــاوی ئاینــی کڵێســایە، بــەڵام بــێ ئــەوەی خەمــی مرۆڤایەتــی لەبەربێــت. تەنیــا لــە پەرســتگاکەیدا: بەڕێوەبردنــی کاروبــاری ڕۆژانـــەی خەڵـــك. دانپێدانانـــەکان: دانپێدانانێکـــی زۆر و ئاهەنگـــی بـــە مەســـیحی کردنــی منــداڵان و زەماوەنــد و پرســە و بــە خاکســپاردن کــە ئەمانــە بــۆی بەرهەمێکــی باشــیان هەیــە. بــەڵام لــە لایەکــی تــرەوە چــوار پێنــج قەشــەمان هەیــە لــە کوردســتانەوە ڕاشــکاوانە دژی ئــەون. ناتوانــن لــە دژی ڕاپــەڕن، چونکــە ئــەو ســەرۆکی ئەوانــە. بــەڵام ڕاشــکاوانەش دژی ئــەون.

— پێتــان وا نییــە قەشــە و پیــاوە ئاینییە کاســۆلیکییەکان ترســیان لــەوە هەبێــت بزووتنەوەی کــورد پێشــکەوتنخواز یــان تەنانەت شــیوعی بێت؟

---

(١) باوکــە پــاوڵ بەیــدار مامۆســتای ئــەدەب و بەڕێوەبــەری قوتابخانــە و قەشــەی پەرســتگا بــوو. بــە زمانەکانــی کــوردی و عەرەبــی و ئارامــی و سریانــی و فەرەنســی بــە شــێوەیەکی زۆر بــاش قســە دەکات و دەتوانێــت بــە زمانــی ئینگلیــزی و ئیتاڵــی زۆر بــە جوانــی گفتوگــۆ بــکات. هەمــوو بەیانیــەک حــەزی لــە تێڕامانــە لــە بڕگەیەکــی ئینجیلــی کــە بــە زمانــی کوردی ســۆران نــووسراوە، کــە بە دەقــی کــوردی بادینانی بــەراوردی دەکات. یەکێــک لــە خولیاکانــی دەستنیشــانکردنی ئــەو هەڵانــەی ڕێزمانییــە کــە لەلایــەن قســەکەرەکانی ڕادیۆکانــی عەرەبییــەوە ئەنجــام دەدرێــن. ئــەو دژایەتییــە ناماســازییەی بەرامبــەر زمانــی عەرەبــی دەریدەبڕێــت، لــە بڵاوکردنــەوەی نامیلکەیەکــدا بەرجەســتە دەبێــت کــە ناونیشــانێکی گرنگــی هەیــە: بۆمبــی باوکــە بەیــدار (نزیکــەی دە ســاڵ لەمەوبــەر لــە بەیــروت بڵاوکرایــەوە).

- زۆرینــەی مەســیحییە کاســۆلیکەکانمان شــیوعین. ئێســتا، بــا بــۆ نموونــە دوو گونــد وەربگریــن: باشــترین و ئایینیتریــن گوندەکانــی کلدانــن: ئەلقــۆش و عەنــکاوەن کــە هەردووکیــان ٩٠٪ شــیوعین لــە پێــش شــۆڕش. چونکــە پێــش هەمــوو خەڵکەکــە دژە پیاوانــی ئایینــن، پاشــان لەبــەر ئــەوەی تــا ئێســتا لــە ڕوانگــەی پــەروەردەی ئایینیــەوە پشــتگوێ خــراون: جارێکــی تریــش بەداخــەوە پێتــان دەڵێــم ســەرکردەکانمان بــە ژیانێکی ڕۆتینــی و ژیانێکــی ئــارام و بــێ دەنــگ ڕازیــن.
- چۆن بێدەنگی ڕۆما ڕوون دەکەیتەوە؟
- لەوەتــەی ڕۆمــا تێکەڵــی سیاســەت بــووە (...) زیاتــر خەمــی پاراســتنی قوتابخانــەی مژدەبــەرە بیانییــەکان بــووە، یــان تەنیــا قســەی بــاش و خۆشــی کــردووە... بێســوود... بــۆ ئــەوەی حکومــەت نارەحــەت و تــوورە نــەکات.

هەڵوێســتێکی لــەو جــۆرە، کــە لــە بنەڕەتــدا جێگیــرە، ناتوانێــت لەگــەڵ ئــەو کەســانەدا بگونجێــت کــە پەیوەندییــان بــە بەشــداری چالاکانــە لــە بنیاتنانــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئابــووری وڵاتەکەیانــدا هەیــە. لــە ڕاســتیدا ئەگــەر یەکڕیزیــی مەســیحییەکان و مووســڵمانان لەنــاو شۆڕشــی کــورددا، خــۆی وەك دەســتکەوتێکی پەرەســەندوو لــە خەباتــدا پیشــان بــدات، ئــەوا لــە لایەکــی دیکــەوە دەکرێــت لــە نێــوان خــودی مەســیحییەکاندا، لــە نێــوان لایەنگرانــی شــۆڕش و هەڵپەرســت و کۆنەپەرســتەکان دابەشــبوونێك ڕووبــدات.

یاقوبییــەکان و ئۆرتۆدۆکســەکان کــە لــە شــارەکاندا نەمــاون لــە ڕووی ژمــارەوە زۆر کەمــن و ناتوانرێــت پرســیارێکی تایبــەت لەبارەیانــەوە بکــرێ.

ســەبارەت بــە تورکمانەکانــی مووســڵ و کەرکــووك، لــە دوای کۆمەڵکوژییەکــەی ســاڵی ١٩٥٩ کــە بارودۆخێکــی پــڕ لــە نهێنیــدا ڕوویــدا، ئەســتەمە ژمــارەی ئــەو کەســانە بزانرێــت کــە دڵســۆز و لایەنگیــری دۆزی کــوردن.

## پەنابەرانی سیاسی عەرەب

"ڕاوەدونانـی شـیوعیەکان" کـە بـە شـێوەیەکی بەرنامـە بۆدانـراو لەلایـەن هێـزە تایبەتەکانـی بەعسـەوە لـە سـاڵی ١٩٦٣دا ڕێکخرابـوو، هەڵوێسـتی حزبـی شـیوعی عێراقـی زۆر سـەلبی بـوو، ئـەو بـێ دەنـگ بوونـەی وەك ئابڕۆچوونێـك وابـوو بـۆ خەڵـك، ژمارەیەکـی دیاریکـراوی پێشـکەوتنخوازانی عەرەبـی کـە سۆسیالیسـتەکان و کۆمۆنیسـتەکان و دیموکراتـەکان هەڵوێسـتیان وەرگـرت بـۆ ئـەوەی بچنـە نـاو کوردسـتان و هێزەکانـی شۆڕشـی کـوردەوە.

زۆرتریـن ژمـارەی ئەوانـەی شانبەشـانی پێشـمەرگە چەکیـان هەڵگـرت، بێگومـان ئەفسـەرە شـیوعی و سـەربازە شـیوعیەکان بـوون کـە لەلایـەن ئاسایشـی سـەربازی حکومـەت داواکـراو بـوون، بۆیـە بڕیـاری شـەڕیان پـێ باشتر بـوو، دژی ڕژێمەکـە هاتنـە کوردسـتانەوە. ژەنـەڕاڵ بارزانـی هەوڵـی دا دابەشـیان نـەکات لـە نێـوان یەکـە کوردییەکاندا بـۆ ئـەوەی پـەرش و بڵاوەبـن و فەرمانـی دەرکـرد لیوایەکیـان بـۆ پێکبهێنـن و لـە ژێرفەرماندەیـی فەرماندەکانـی خۆیـان بـن. شـیوعیە کوردەکانیـش داوای بەشـداریکردنیان لـەو فەوجـە عەرەبیـەدا کـرد و ئەمـەش قبوڵکـرا.

هەروەهـا پزیشـکێکی عـەرەب بـە نـاوی دکتـۆر "حەسـەن" بەرپرسـیارێتی یەکێـك لـەو سـێ نەخۆشـخانەی شۆڕشـی گرتـە ئەسـتۆ. شـایەتحاڵییەکەی کـە لـە زمانـی ئینگلیزییـەوە وەرگێـڕدراوە، یەکێـك لـە بزووتنـەوە سـەرەکییە سروشـتیەکانی ژیانـی سیاسـی مۆدێرنـی عێراقـی دەردەخـات: بـۆ یەکەمجـار کـورد و عـەرەب شانبەشـانی یـەکتر دۆسـتایەتی قـووڵ لـە نێوانیـان هەیـە، خەریکـی خەباتێکـی هاوبەشـن و ئامانجیـان هـەم ئۆتۆنۆمـی کوردسـتانە و هەمیـش دووبـارە دامەزراندنـەوەی دیموکراسییە لـە عێـراق. بـەم شـێوەیە سـیما ڕاسـتەقینەکانی شۆڕشـی کـورد پێناسـە دەکرێـن کـە بـە پشـتبەستن بـە بنەمـا نەتەوەییـەکان بانگەشـەی ئەنجامدانـی کاری ناسۆنالیسـتی بۆخـۆی نـاکات و شۆڕشـی لەبارچـووی عێراقـی سـاڵی ١٩٥٨ تـەواو دەکات.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر حەسەن

— هەمیشە زوڵم و ستەم و سەرکوتکردن لەلایەن حکومەت لە عێراقدا بەرامبەر نەتەوەی کورد هەبووە، نەك تەنیا دژی نەتەوەی کورد، بەڵکو دژی گەلی عێراقیش. هەموو حکومەتەکانی عێراق وەك یەك بوون و سیستمی کۆمارییان ڕەتکردۆتەوە: پەرلەمان نییە و هەموو شتێك بە شێوازی دیکتاتۆریانە دەکرێت. هەروەها ئەم شەڕەی سەرکردایەتی کورد دەیکات، شەڕێکە لە بەرامبەر ئەم دیکتاتۆریەتە: هەمیشە ڕایانگەیاندووە: ئێمە دەماوێت بە ئاشتی بژین، دەمانەوێت بە دۆستایەتی لەگەڵ گەلی عەرەبدا بژین، بە لام حکوومەت مافەکانمان پێ نادات. هەروەها هەموو ئەمانە پێش بەدەستهێنانی مافەکان کۆتایی نایەت، چ بۆ کورد و چ بۆ عەرەب. چونکە ئێوە دەزانن، لەم شۆڕشەدا، عەرەبیش هەن کە دژی ئەم حکومەتە دەجەنگن.

— ئایا لەناو خودی شۆڕشدا جیاوازی یان ڕەگەزپەرستی لە نێوان کورد و عەرەب دا دەکرێت؟

— دوژمنێك هەیە ئەویش حکومەتە و دیوەکەی تریش هەیە، ئەویش: شۆڕشە، ئەگەر حکومەت هێرش بکاتە سەر کورد، هەمووان، هەموو ئەو خەڵکەی لێرە دەژین بە گشتی وەلامی دەدەینەوە. مۆدێلێك ئەویش بریتییە لە: شەڕکردن یان جەنگان دژی ئەم شەڕە. بەلام سروشتییە لە وردەکاریدا جیاوازی هەبێت، بەلام جیاکاری و ڕەگەزپەرستی نییە.

— چۆن هەڵوێستی دووفاقی یان ناڕوونی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە شۆڕش و دەستی یارمەتی بۆ حکومەتە عەرەبییەکان ڕوون دەکەیتەوە، ئایا ئەوان کۆنەپەرستانە دەبن؟

— سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت زۆر تایبەتە: ئارەزووی ئاشتی دەکات و دەیەوێت بیپارێزێت. هاوکات لایەنگیری شۆڕشی کوردە و لەگەڵ دانپێدانانە بە مافەکانی گەلی کورد. بەلام ئەوەی من تێدەگەم حکومەتی عێراق داوای چەکی لە یەکێتی سۆڤیەت کردووە و ئەویش ڕەتی کردەوە تا کاتێك کێشەی کورد

چارەسەر دەکرێت[١]. هەروەها کاتێك ئاگربەست ڕاگەیەندرا، ڕادیۆی سۆڤیەت کە من بیستم پێشوازی و پیرۆزبایی لەو کارە کرد و وتی، پاراستنی ئاشتی پێویستە و ئەمە دەستپێك و ئامادەکاری باشە بۆ دانپێدانانی مافە فەرمییە ڕەواکانی گەلی کورد. ڕادیۆی سۆڤیەت هەمیشە سەرکۆنەی ئەم شەڕەی کردووە و بە تاوانی نێوان براکان و براکوژی وەسفی کردووە: ئەگەر سەربازێکی کورد بکوژرێت، یان سەربازێکی عێراقی تەقەی لێبکرێت، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە دوو برا بە دەستی یەکتر کوژراون! دەزانی من زۆر سەربازانی لایەنی حکومەت دەناسم: ئەوان شەڕیان ناوێت و تەنیا بە زەبری هێز شەڕی دەکەن و تەنیا دەسەڵاتە باڵاکان، ئەوانەی لە شارە گەورەکاندا دەژین، شەڕیان دەوێت، بە زۆر بەسەر سەربازەکانی دادەسەپێنن و میللەت ئەو شەڕەی ناوێت.

– ئایا ئێوە پێتان وایە سەرۆك عارف سەرۆکی ئێستای وڵات لەم کاتەدا بتوانێت وردە وردە حکومەتەکەی دیموکراسی بکات؟

– ئەم حکومەتە دژە حزبە: دوژمنایەتی بیرۆکەی خودی حزب دەکات. حکومەت بەردەوام ڕایدەگەیەنێت: ئێمە حزبمان ناوێت. پێشبینی دەکەن ئەم حکومەتە چۆن کێشەکە چارەسەر بکات ؟ ئایا ئێوە لەوە تێدەگەن ؟ ئەمەش شتێکی زۆر گرنگ و چارەنووسسازە: لە ئێستادا حکومەت لەگەڵ کورد دانوستان دەکات. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو حزبەیە کە لە شۆڕش بەرپرسیارە. باشە لە هەمان کاتدا حکومەتیش دەڵێ دژی حزبەکانە ! ئەمە شتێکی بنەڕەتییە!

– ئەگەر بتوانن قسە لەگەڵ سەرکردەکانی حزبی شیوعی فەڕەنسی یان سۆسیال دیموکراتەکانی فەڕەنسا بکەن چییان پێ دەڵێن؟

– زۆر شت دەبوو بڵێین!... داوام لێدەکردن بە نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەوەی ڕوودەدات... لە خەباتی ئێمە... و گێڕانەوەی ڕاستییەکان هاوکاریمان بکەن! داوام

---

(١) یەکێتی سۆڤیەت بەردەوام چەک بۆ عێراق دابین دەکات، ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی میسرەوە. پێشکەوتنخوازە عەرەبەکان باوەڕ بەوە ناکەن کە هاوکاری و پەیوەندی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و حکومەتە عەرەبییە کۆنەپەرستەکان هەیە، چیرۆك و ئەفسانەی دڵنیاکەرەوە بۆ خۆیان دەگێڕنەوە: فڕۆکەیەکی پڕ لە چەك، یەکێتی سۆڤیەتی بەرەو کوردستان بەجێهێشت. لەلایەن ئێرانەوە ڕێگری لێکرا و دەستی بەسەردا گیرا. (پیاوێکی تەمەن ٣٢ ساڵ، وایگوت).

لێدەکردن بە دەرمان و بە پارە یان بە هەر شتێك هاوکاریمان بکەن کە سوودی بۆ شۆڕش هەبێت. ئەم شەڕە سەخت و دژوارە. من بە تایبەتی ڕووی قسەم ئاراستەی فەرەنسییەکان دەکەم، بە تایبەتی دیموکراتەکان. بۆ نموونە زانیم ڕۆژنامەی لوهومانیتی لە فەڕەنسا زۆر باش باسی ئەم شەڕە دەکات و قسەی ڕاست و دروستی کردووە. پێویستە باسی شۆڕشی کورد بکەن و دەرئەنجامی خەبات بڵاو بکەنەوە.

## کوردانی پارچەکانی تری کوردستان

خۆبەخشەکان یان پەنابەرە سیاسییەکان کە لەلایەن حکومەتەکانیانەوە دەردەکرێن و داواکراون، ئەو کوردانەی لە وڵاتانی دراوسێوە دێن، تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم پێکدەهێنن، بەپێی ویستی سەرکردەکانی شۆڕشی کورد. لەڕاستیدا هەلومەرجەکان سەرانی شۆڕش پابەندی وریاییەکی زۆر دەکەن لە بەرامبەر ئەو زلهێزانەی پەیمانێکیان واژۆ کرد کە هۆکارەکەی هەبوونی مەترسی بەردوامن بۆ هەوڵی ڕزگاری نەتەوەیی کورد. پەیمانی بەغدا تەنیا پەیمانی هاوکاری یەکتر بوو، مەبەست لێی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ "نائارامی ناوخۆیی" کە لە ناوچە کوردنشینەکانی وڵاتدا سەرهەڵدەدات. دیپلۆماسیەتی کوردی، بە حیکمەتی واقیعبینانە، ئەگەری نوێبوونەوەی هاوپەیمانییەکی لەو شێوەیە لەبەرچاو دەگرێت، هەوڵ دەدات بۆ هێورکردنەوەی ترس و نیگەرانییەکانی حکومەتەکان بە خۆجێیکردنی ململانێکان تا ئەوپەڕی سەپاندنی بێدەنگی بەسەر لایەنە غەیرە عێراقییەکانی کوردستانی گەورەدا.

لە بەرامبەردا ئەنقەرە و تاران شەڕێك بەکاردەهێنن کە پێدەچێت بێ مەترسی بێت و سوودێکی گەورەی هەیە و سەرنجی دراوسێیەکی شەڕانگێز قۆرخ دەکات.

لە ساڵی ١٩٦٣ سوپای سوریا پاڵپشتی خۆی بۆ عێراق دوپات کردەوە و بەشداری ئەو هەڵمەتە سەربازییانەی کرد کە لە کوردستان ئەنجامی دەدا. لە هاوینی ساڵی ١٩٦٦ پارێزەرێکی کوردی کوردستانی تورکیا لەلایەن ئەندامانی یەکەی تایبەتی هەواڵگرییەوە تیرۆرکرا، لەکاتێکدا خۆی و کوڕەکەی لە گەشتێکی بازرگانیدا بوون. کاتێك لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزی بۆ ئەوەی پارەی ئەو کرێکارەی بەنزیخانەکە بدات تانکی بەنزینەکەی پڕکردبوو، سەرنشینانی لیمۆزینێکی گەورەی ڕەنگ ڕەش لە دوورەوە تەقەیان لێکرد و هەڵهاتن. ئەم جۆرە ڕاستیانە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن و وریایی دەوێت.

فراوانکردنی بازنەی شۆڕش بۆ ئەوەی هەموو کوردستان بگرێتەوە، دەرئەنجامی دەستبەجێی جێگیرکردنی هێزەکانی پەیمانی بەغدای دەبێت بۆ هێزێکی سەرسەخت، کە سوودمەند دەبێت لە پاڵپشتی ئەمریکا و هێزە عەرەبییەکان لە سوریا و عێراقەوە.

پێشمەرگەکانی ئێران و تورکیا و سوریا، تەنیا بە ڕێژەیەکی زۆر کەم قبوڵ دەکرێن، لە کاتێك ڕاستەوخۆ لە وڵاتی ڕەسەنی خۆیاندا هەڕەشەی بوونیان لەسەر بێت. کەواتە شەڕکردن لەپێشترە وەك تەنیا لە بەشداریکردن: پێویستییە

سەربەخۆیی، وەك بنەمایەکی جۆرایەتی هەڵبژاردن و دژایەتی دەناسێت، بە ئارەزووی خۆی لە کۆمەڵگایەکی خۆبەڕێوەبەریدا کە لە کۆیلایەتی هەر دیکتاتۆریەتێك ڕزگاری بووە، کۆتایی دێت:

– ئەو ڕۆژەی دیموکراسی ڕاستەقینە لە عێراقدا هەبێت، ئەوکات کوردی مووسڵمان و مەسیحی و شیوعی لە تای تەرازوو یەکسان دەبن. هیچ جیاوازییەك نابێت. (پیاوێکی تەمەن ٦٤ ساڵ، وایگوت).

### ژن و منداڵ

ڕێبازی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی بە یاساکانی ڕەگەزییەوە هەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت و دیاریکراو هەیە، کە لەخستنەڕوو و داڕشتنی هەندێك تایبەتمەندیدا پانتاییەکە بەرتەسك دەبێتەوە .

پێدەچێت شۆڕشی کورد تەنیا پرسێك بێت پەیوەندی بە پیاوانەوە هەبێت. ژنان کەمن یان بەهیچ شێوەیەك لە مەیدانەکە نابینرێن. جارجارە ڕۆژنامەنووسێك وەسفی جوانێك دەخاتە ناو بابەتەکانی خۆیەوە. پڕۆپاگەندەی کوردی پێی وابوو پاڵەوانێك بە جلی شەڕەوە دەتوانێت ڕۆژئاوا بجوڵێنێت: مارگریت و سوارچاکەکانی نیشان دەدات. ئەمەش شکستێك بوو. سوپای شۆڕش خۆی ڕێژەیەکی زۆر زگوورتی هەیە. بەڵام پیاوی کورد ڕێز و خۆشەویستی سۆزداری و سێکسی بۆ ژنان تەرخان دەکات کە سوودمەندن لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی جیاواز بەراورد بە برا عەرەبەکان. ژنانی کورد سەرۆکی گوند بوون. پەندێك یان قسەیەك هەیە پیاو بێ ژن و بە تەنیا دۆخی تێك دەچێت و خراپ دەبێت. ئێمە خۆمان چاومان بە "دایکانی شۆڕش"

کەوت کە بەرەو پێشمەرگە پێشڕەوییان دەکرد و هانیان دەدان. پیاوان بەهای ئەو هەوڵانەیان بینی کە لە کاتی شۆڕشدا لە ژنەکانیان داواکراو بوو:

— خێزانم جێگەی ستایش و شانازیە ... کاتێك دەتوانم ببینم، ئەو کەسەیە کە هانم دەدات بەردەوام بم. (ئەفسەرێك)

— لە کاتی جەنگەکاندا ژنان دێن بۆ ئەوەی خۆراك بۆ ئەو و هاوسەراکانیان بهێنن کە شەڕ دەکەن. (پێشمەرگەیەك)

بەڵام هاوسەرگیری بۆ پێشمەرگەیەکی گەنج قورس و ئەستەمە، شەڕکردن و بوونی لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ و نەبوونی سەرچاوەی دارایی ئەو گەنجانەی دابڕاندووە کە کاتێکی کەمیان هەیە بۆ بەدەستهێنانی دڵی کچێك. دژوارە بۆ پێشمەرگەیەك تەنیا جار جارە چەند دینارێك وەردەگرێت بتوانێت گەرەنتی ژیانی خێزانەکەی بکات.

دەگوترێ ژنانی کورد لە ژنانی عەرەب ئازادترن: ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە، لە چوارچێوەی ئەو ئازادییە ڕێژەییەدا، بەشدار نین لە بەرزکردنەوەی بەهاکەیان – بە تایبەت کە جوگرافیای خەبات بەشداریکردن لە ژنانی پەرەسەندوو بەدەر دەکات، کە لە شارەکانەوە هاتوون و تا ئێستاش تێیدا دەژین. سەرکردە سیاسی بێت یان سەربازی یان تەکنیکار بێت یان ئەندازیار لە شارەوە بە تەنیا پەیوەندییان بە ڕیزەکانی شۆڕش دەکرد، منداڵەکانیان لە ژێر چاودێری ئەو ژنەدا بەجێدەهێشت کە ڕۆڵی سەرۆکی خێزانەکەی دەگرتە ئەستۆ. لە ئەنجامدا، ئەگەر هەماهەنگی و لێکتێگەیشتن لە نێوان کادیرانی شارنشین و گوندنشین بتوانێت ڕووبدات، ئەوا کۆبوونەوە یان لێك نزیکبووونەوەی ژنانی شارنشین و گوندنشین بە ئەنجام ناگات. ئەستەمە ئەگەر بە پێچەوانەوە مامەڵە بکرێت.

ئازادکردنی ژنان لە ژینگەیەکی ئیسلامیدا ناتوانێت دەرئەنجامی گۆڕینی یەکجارەکی بێت، بەڵکو پەیوەستە بە پەروەردەی پێشوەختەی پیاوانەوە و لە کۆتاییدا بە گەشەسەندنی گشتی چینەکانی کۆمەڵگا. ئازادی ژن دەبێ بکەوێتە چوارچێوەی بەرفراوانتری ڕزگاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گوندنشینەکانەوە.

ئەمـەش ئەوەیـە کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق پشـتگیری دەکات کـە لـە مـادەی ٢٠ی بەرنامەکەیـدا باسـی ئـەو ڕێوشـوێنە ئابوورییانـە دەکات کـە مەرجـی ڕێزگرتـن لـە مافـە سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکانـی ژنانـی کـوردە.

هـەر ئـەم پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە لـە ئێسـتاوە ١٥٪ ژن لـە نێـو چالاکوانەکانیـدا هەیـە. یەکێـك لەوانـە سـەرۆکی یەکێتـی ژنانـی کوردسـتان و ئەندامـی ئەنجومەنـی فەرماندەیـی شۆڕشـە.

ڕێـژەی بەشـداری حزبـی بـۆ ڕەگـەزی مـێ لـە نێـو دانیشـتووان لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکـی تـر دەگۆڕێـت. لـە سـلێمانی بـە ڕێـژەی ٢٥٪ دەگاتـە لوتکـە، ئەمـە ڕێژەیەکـی بـەرزە کـە نابێـت جێگـەی سەرسـوڕمان بێـت، چونکـە ڕەنگدانـەوەی ئاسـتی گەشەسـەندنە لـە ناوچەیەکـی شـاردا کـە بـە شـێوەیەکی نەریتـی لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگـی لـە پێشـەنگدایە، ئـەم ڕێژەیـە لـە مووسـڵ بـۆ تەنیـا ٥٪ دادەبەزێـت، لـە بادینانیـش لـە سـفر نزیـك دەبێتـەوە.

بـە پێـوەرە نەریتییەکانـی حوکمـدان کـەمتر هەسـتیارن، چینـی منـداڵان زۆرجـار بـە پێگەیشـتنێکی سەرنجڕاکێشـەوە بـە ڕووداوەکانـەوە پابەنـد دەبێـت. ئـەو ئازادییـەی لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ گروپەکـەدا چێـژی لـێ وەردەگرێـت و ئـەو کەشـوهەوای شۆڕشـگێڕانەی تێیـدا دەژی، هەندێکجـار لـە سـەرەتای لەدایکبوونیـەوە، ڕێگـەی پێـدەدات بەبـێ خۆگرتـن بەشـداری دروشـمە نوێیـەکان بـکات.

خەونـی کوڕەکـە ئەوەیـە ببێتـە پێشـمەرگە. منـداڵان لەگـەڵ سـەربازەکان قسـە دەکـەن و پرسـیاریان لـێ دەکـەن، پێدەچێـت بـە باشـی ئـاگادار بـن:

— ئێمـە شـەڕ لـە دژی عـەرەب ناکەیـن، بەڵکـو دژی حکومـەت شـەڕ دەکەیـن. حکومـەت کـورد سـەرکوت دەکات. کـورد لـە نێـوان وڵاتانـدا دابـەش بـووە: هەندێکیـان لـە ئێـران و تورکیـا و سـوریا و یەکێتـی سـۆڤیەت و بێجگـە لـەوەش لـە عێراقیـش هـەن. هەروەهـا لـە لوبنـان و کوێتـش هـەن.

— ئایا کوردەکانی کوەیت وەك ئەوانەی عێراقن؟

— نەخێـر، لـە کوێـت، ئـەوان کرێـکارن. لـەوێ کار دەکـەن. عێـراق وڵاتـی خۆیانـە. (کوڕێکـی تەمـەن ١٠ سـاڵی ناوچـەی گوندنشـین، وایگـوت)

پێشـمەرگەکان خۆیان گرنگی بە منداڵان دەدەن لە دیاردەی شۆڕشـگێڕیدا: کوڕانی بچووکی تەمـەن ٥ یـان ٦ سـاڵان جلوبەرگـی سـەربازی لەبـەر دەکـەن. هەندێکیـان پێیـان دەوترێـت بارزانـی و خەبـات و شـۆڕش و ئـازادی. هەندێکـی دیکـە لـە کەمپـەکان خۆیـان تەرخـان کرد و داوایـان کـرد بـۆ کارەکانـی نـاو کەمـپ سـود لـە تواناکانیـان وەربگـرن. بـۆ مـاوەی مانگێـك، لە پاییـزی سـاڵی ١٩٦٦دا، کوڕێکـی تەمـەن ١٤ سـاڵان بەرپرسـی چێشـتخانەی دەسـتەی کارگێـڕی بـوو، نزیکـەی سـەد کەسـی هەبـوو هەمـوو ڕۆژێـك بـۆ ئـەوەی خۆراکیان بـۆ ئامـادە بکات.

کـورد هەرگیـز ڕەتـی ناکاتـەوە بەرپرسـیارێتی بـە منـداڵان بسـپێردرێت: بەرپرسـیارێتی گونجـاو کـە لـە مەترسـی بیانپارێزێـت و لـە ڕێگـەی کـردارەوە فێریـان بـکات. هەندێـك جـار ڕەتیدەکەنـەوە شـوێنە مەترسـیدارەکان بەجێبهێڵـن.

بـەم شـێوەیە منداڵەکـە بەشـداری لـە دیـاردەی شۆڕشـگێڕانەدا دەکات کـە شـێوە و فۆڕمـی پـێ دەبەخشـێت. مـرۆڤ، خـۆی ئاژەڵێکـی سیاسـییە. بەهـۆی ئـەوەی لەلایـەن گروپێکـی دوژمنـەوە ڕەتکرایـەوە، تێبینـی ئـەوەی کـرد کـە سـەر بـە کۆمەڵگایەکـی نەتەوەییـە. بـە سـەرنجدان بـە هـەواڵ و شرۆڤـە و لێدوانـە ڕادیۆییـەکان و کۆبوونەوەکانـی پـەروەردەی سیاسـی، سروشـتی ئـەو خەباتـە هەسـت پێـدەکات کـە دەسـتی پێکـردووە. سـەرنجڕاکێش دەبێـت کـە ببینیـن نـەوە نوێیـەکان بـە تێپەڕبوونـی کات بڵاوبوونەتـەوە، لـە هەمـان مەیدانـی شـەڕدا ڕاهێنانیـان پێکـراوە.

بەهـای ئـەوەی بەدەسـت هاتـووە ڕێگـری نـاکات لـە حیسـاباتی هەڵـە بـۆ ئـەوەی پێویسـتە چ بەدەسـت بهێنـن. بـە دڵنیاییـەوە شۆڕشـی کـورد توانـی دژایەتییـە گەورەکانـی کـەم بکاتـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، توانیویەتـی لـە بەشـێکی کاریگـەری ئـەو کەموکوڕییـە سـەرەتاییانەی هەیـە، ڕزگاری ببێـت.

بەهـۆی پێویسـتییەکانی جەنگـەوە، کێشـەکانی پەرەپێدانـی کۆمەڵگایەکـی نـوێ هـەر ماون:کۆمەڵگەیەکـی بەرهەمهێنـەری نەتەوەیـی، کـە ڕزگارییەکـەی تەنیـا بـە سـەربەخۆیی نەتەوەیـی دیـاری نەکـراوە.

ئەگـەر ڕێـژەی بەشـداری لـە خەباتـی چەکداریـدا زۆر بـەرز بێـت – ١٠١٩ی دانیشـتوان - لـە لایەکـی تـرەوە ئـەوا ڕێـژەی بەشـداری کارا لـە بنیاتنانـی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی و سیاسـیدا زۆر نزمـە.

— ئێمە کێشەی کەمی کارگێڕمان هەیە.

— خەڵک وەك پێویست خوێندەوار نییە.

ئەمانــە ئــەم دوو هــۆکارە زەق و بەرچــاوەن کــە لــە هەمــوو قۆناغەکانــی ئــەم شــیکارییەدا تووشــی بوویــن.

کەمـی پـەروەردە لـە بوارەکانـی وەك سیاسـەت و کشـتوکاڵ و تەندروسـتی و بابەتـی کۆمەڵایەتـی، ئـەو سـەختیی و زەحمەتیانـەی ڕووبـەڕووی چاکسـازیی کشـتوکاڵی دەبنـەوە بـۆ ڕوون دەکاتـەوە کـە بۆچـی چاکسـازی لـە زەویـدا ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگ دەبێتـەوە. ئەمـەش وا دەکات جوتیارانـی بچـوك و خـاوەن زەوی و مەلا و بۆرژوازی و تەنانەت بەشـێك لـە لایەنگرانـی چاکسـازیش نادڵنیـا و دوودڵ بـن. هـەر لەبـەر ئەمەشـە سیاسـەتمەداران ناچـالاک دەردەکـەون و کاتەکانیـان بـە ڕاهێنانـی کادیـرە گـەورەکان بەسـەر دەبـەن، چونکـە ئەرکێکـی گەورەیـە.

ئامـاژە بـە داخرانـی ٣٠٠ قوتابخانـە دەکرێـت: واتـە هەمـوو قوتابخانەکانـی ناوچـە لادێییـەکان و گوندنشـینەکان و شـارۆچکە بچووکەکانـی "کوردسـتانی ئازادکـراو".

لیژنەیەکـی پـەروەردە پێکهێنراوە کـە دوو ئەندامـی دەسـتەی کارگێـڕی لەخۆدەگرێـت. پڕۆژەکـە: بـۆ دەسـتەبەرکردن و دڵنیابوونـە کـە لـە هـەر گوندێـک قوتابخانەیـەك بکرێتـەوە و لەلایـەن چالاکوانێکـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و پێشـمەرگەیەك یـان گوندنشـینێکی خوێنـدەوارەوە بەڕێوەبچێـت. سـەرکەوتنی هەڵمەتـی "سـوپای زانیـاری" کـە لـە لایـەن حکوومەتـی ئێرانـەوە لـە لادێـکان دەسـتی پێکـردووە، هانـدەری بەرپرسـانی کـوردە بـۆ پێشـخستن و برەودانـی ئـەو ناوەندانـەی مەشـق و ڕاهێنـان. بـەڵام ئەگـەر بەدیهێنانـی پلانەکـە تەنیـا پێویسـتی بـە کەرەسـتەیەکی کـەم و تێچوویەکـی کـەم بێـت لـە ڕووی ماددییـەوە، ئـەوا ڕووبـەڕووی چەندیـن بەربەسـت و ئاسـتەنگی دیکـەش دەبێتـەوە.

دانیشـتووان کـە ڕێژەی ناونووسـکردنیان زۆر کەمە بۆ دۆزینەوەی چارەسـەرێك هەسـت بـە بەپەلەیـی ناکـەن. بۆ ئەو دایك و باوکانـەی نیگەرانن لە داهاتـووی منداڵەکانیان، وەڵامی ئـەو کەسـانە دەدەنـەوە کە دەڵێن: "هەمیشـە بەم شـێوەیە بووە".

بێجگـە لـەوەش زۆرینـەی بەڕێوەبـەرە تەقلیدییەکانـی گونـدەکان کـە توانـای ئەوەیـان

هەیـە وەك مامۆسـتا مامەڵـە بکـەن، ڕەتیدەکەنـەوە ئـەو جۆرە کارانـە ئەنجام بـدەن. ئەمانە مەلاکانـن: فەرمانبـەرە خواپەرسـتەکانی مزگـەوت و پەرسـتگاکان و پیـاوە نیـوە ڕۆحانییـە ئایینییـەکان و کۆڵکـە مـەلاکان کـە پێشـنوێژەکان دەکـەن و ڕێوڕەسـمەکان بەڕێوەدەبـەن.

لـە کاتـی یەکێـك لـە ئاهەنگەکانـدا، لـە کاتـی خواردنـەوەی چـای لـە باڵکۆنەکـەدا، ئـەم گفتوگۆیەمـان لەگـەڵ یەکێـك لـەم مەلایانـە کـرد:

– منداڵەکان لە ڕۆژدا چی دەکەن؟

– ئەوان یاری دەکەن و لە کێڵگەکاندا کار دەکەن...

گوندنشینێك قسەکانی پێ بڕی:

– منداڵـەکان نازانـن چـی بکـەن. ئـەوان بـۆ کارکـردن زۆر بچووکـن. دەبێـت فێـری خوێندنـەوە و نووسـین بکرێـن.

– ئایا کەس نییە بتوانێت ئەمەیان فێر بکات؟

– بەڵێ، مەلا هەیە. بەڵام ئەو نایەوێت ئەو کارە بکات.


مەلا بەرگری لە خۆی کرد:


– من زۆر کار و ئەرکم لەسەرشانە ئەنجامی بدەم. بۆیە ناتوانم ئەو کارە بکەم.

– گوندنشینەکە وەڵامی دایەوە: ئەوە ڕاست نییە، تۆ هیچ کارێکت نییە.

– بەڵام من نە کتێبم هەیە، نە پێنووسم هەیە...

– زەوی و خۆڵت هەیە بۆلەسەر نوسین، ئەگەر بتەوێت. بەڵام تۆ ناتەوێت.



La guerre vue par un garçon Kurde de 9 ans

## بارزانی

سەبارەت بە ڕۆمانی J'abats mon jeu ی لویس ئەراگۆن، ئێوە نووسیوتانە زۆربەی دیموکراتە مەزنەکان، لە سانت-جیوست[١] ەوە بگرە بۆ لینین[٢]، ئەویندارى مەزن بوون. بۆچی؟

- چونکە تێگەیشتنێکی دروست و بەهێزی خۆشەویستی هەندێك تێڕوانینی تایبەت بە ڕێکخستن و سروشت و پێداویستییەکانی مرۆڤ لەخۆدەگرێت. خۆشەویستی بە بەدبەختی کەسانی تری لەگەڵ بێت، چیتر بۆ ئەوانی تر نابێتە خۆشەویستی.

### ژان ڕێنی هوگێنین، وێنەی ئەراگۆن لە ڕۆمانی: Une autre jeunesse.

پێناچێت شێخ ئەحمەد بارزانی، تۆماس مۆر و جەیمس هارینگتۆنی خوێندبێتەوە[٣]. بەڵام بارزان، کە یەکێکە لە ناوچە بچووکەکانی دەڤەری بادینان و لەگەڵ تورکیا هاوسنوورە، هەم دوورگەی یۆتۆپیایە و هەم خانەقای ئایینی دەوڵەتێکی عەلمانی. ئەو پیاوەی حوکمڕانی ئەو زەوییە دەکات بە هیچ شێوەیەك خاوەندارێتی نییە، پیرە پیاوێکی تەمەن ٧٨ ساڵە، ڕۆژانە دوو جار لەسەر کورسییەك دادەنیشێت و دادپەروەری بەسەر جوتیار و گوندنشینان دەکات کە لەسەر فەرشێك لە بەرامبەری دانیشتوون.

هەمیشە وا نەبووە، مانەوەی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە زیندانەکانی تورکیا یان عێراق و دابڕان خێزانەکەی لەناوبرد. لە ساڵی ١٩٤٦ کاتێك کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ژێر هێرشە یەکگرتووەکانی تورکیا و عێراق و ئێراندا دەڕووخێت، مەلا مستەفای برا بچووکی توانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بچێت، لە کاتێکدا برا گەورەکە بە ناوی شێخ ئەحمەد بەرەو عێراق بەڕێکەوت بۆ بەسەربردنی ماوەی زیندانییەکەی.

---

(١) لویس ئەنتوان لیۆن دی سانت جوست، لە ٢٥ی ئابی ١٧٦٧ لە شاری نیڤر لەدایکبووە و لە ٢٨ی تەمووزی ١٧٩٤ لە پاریس بە گیلۆتین کۆچی دوایی کردووە، شوێنی شۆڕش (پلاسی دی لا کۆنکۆردی ئێستا)، سیاسەتمەدارێکی فەرەنسییە لە شۆڕشی فەرەنسا. گەنجترین کەسە کە بۆ کۆنفرانسی نیشتمانی هەڵبژێردراوە.

(٢) لینین شۆڕشگێڕ و بیرمەند و دەوڵەتمەدارێکی کۆمۆنیستی ڕووسی بووە، لە ١٠ی نیسانی ١٨٧٠ لە شاری سیمبیرسک (ئێستا ئولیانۆڤسک) لەدایک بووە و لە ٢١ی کانونی دووەم ١٩٢٤ لە شاری ڤیشنی گۆرکی (ئێستا گۆرکی لینینسکی) کۆچی دوایی کردووە.

(٣) دەوڵەتی کۆماری ئایدیاڵ، یۆتۆپیای دوورگەی نوێ (لۆڤان، ١٥١٦)، لە نووسینی تۆماس مۆر. ئۆقیانووس (١٦٥٦)، لە نووسینی جەیمس هارینگتۆن.

لــە ســەردەمی دەربــەدەری بنەماڵــەی ســەرکردەکانی بــارزان لەلایــەن عەرەبێکــی پێشــکەوتنخوازەوە بەرهەمێکــی گرنــگ دەرکــەوت و بــاس لــە پرســی کــورد دەکات، بەناونیشــانی: ســەورەت بــارزان (شۆڕشــی بــارزان)، لــە ســاڵی ١٩٥٠ لەلایــەن عەزیــز شــەریفەوە[١] بڵاوکرایــەوە.

شۆڕشــی ســاڵی ١٩٥٨ی عێــراق ئــازادی بــۆ برایانــی بارزانــی گەڕانــدەوە. لەگــەڵ گەڕانەوەیـدا شـێخ ئەحمـەد جۆرێـك لـە سیسـتەمی سۆسیالیسـتی سـەرەتایی دامەزرانـد. زەویــەکان هاوبەشــی پێکــران، دەرەبــەگ و ئاغــاکان نەمــان. خراپــەکاران و دزەکان و بکــوژەکان تووشــی ســزای وا بــوون کــە نموونەکەیــان بــەس بــوو بــۆ کەمکردنــەوە و نەهێشــتنی ئــەو کەســانەی تــاوان دەکــەن. لــەم ناوچــە وشــک و تــا ڕادەیــەك ڕەق و دژوارە ژیـان هـەم سـەخت و هـەم ئـارام بـوو. دوو مـەلا، کـە بـۆ پێداویسـتییە ڕۆحییـەکان تەرخـان کرابـوون و ئاییـن پەیـڕەو دەکـەن و هاوکارەکانیـان لـە کارەکانیـان دوورخرانـەوە یـان ڕەوانـەی کێڵگـەکان دەکـران. هەروەهـا بڕیـاری قەدەغەکردنـی حـەج واتـا چـوون بـۆ مەککـەی لـە سـعودیەی دەرکـرد:

— شـێخ ئەحمـەد ڕایگەیانـد ئەمانـە تەنیـا خەرجـی ناپێویسـتن و پارەکـەت هیـچ سـوودی بۆپێغەبـەری ئیسـلام محەمـەد نابێـت، بەڵکـو زیاتـر سـوودی بـۆ شـا فەیسـەڵ دەبێـت. ئێـوە دەبێـت سـەروەت و سـامانی خۆتـان بـدەن بـە هەژارانـی بـارزان.

ئــەو دەوڵەمەندانــەی پێداگرییــان لەســەر جێبەجێکردنــی پەرستشــەکانیان دەکــرد، ٢٠٠ بـۆ ٣٠٠ دینـار باجیـان لەسـەر بـوو، بـۆ سـوود و بەرژەوەنـدی کەمدەرامەتـان.

سیستەمی مارەیی هەڵوەشایەوە:

— ئەگــەر یەکتریــان خۆشــدەوێت بــا زەواج بکــەن! ئــەو فەرمــان بــە کەســی پەیوەنــدار بــە بابەتەکــەوە دەکات، کــە بــە شــێوەیەکی شەخســیی بودجەیــەك تەرخــان بــکات بــۆ

(١) عەزیـز شـەریف لـە کۆمەڵکوژییەکانـی بەعسـییەکان لـە سـاڵی ١٩٦٣ دەبێـت، براکـەی کـە نـاوی عەبدوڕەحیـم شـەریف بـە هیـچ شـێوەیەك دڵخـۆش نەبـوو. ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی حزبـی شـیوعی عێراقـی بـووە، دەسـتگیرکراوە و ئەشـکەنجە درا. پێـش مردنـی داوادەکات بانگـی سـکرتێری مەکتەبـی سیاسـی بەعسـی بـۆ بکـەن کـە نـاوی عەلـی سـەلاح سـەعدی بـوو: - پرسـیاری لـە سـەعدی کـرد: ئایـا تـۆ سـکرتێری حزبێکـی پێشـکەوتنخوازیت؟. سـەعدی بـە بەڵـێ وەڵامـی دایـەوە، قوربانییەکـە واتـا عەبدوڕەحیـم سـێ جـار تفـی لـە دەموچـاوی علـی سـەلاح کـرد. ئیـتر لێیـان دا تـا مـرد.

دابیــن کردنــی جلوبــەرگ و پێداویســتی ئــەو تــازە بــووك و زاوایانــەی هاوســەرگیری دەکـەن و بـاری داراییـان بـاش نییـە.

ئـەو دانیشـتووانەی دڵـی ژان ژاك ڕۆسـۆ خـۆش دەکـەن، بـە کـردەوە نەخوێنـدەوارن. هەرکەسـێك بتوانێــت بخوێنێتــەوە و بنووســێت، ئــەوا تایبەتمەنــدی هەیــە و پێــی دەوترێـت مـەلا، وەك ژەنـەڕاڵ مستەفا بارزانـی کـە مـەلا واتـا پیـاوی ئایینیـە، وەك وەزیـر ناجـی تالیـب[1] تالیـب واتـا قوتابـی یـان جۆزێفیـن[2] بەیکـەر واتـا نانـەوا. گوندنشـین و جوتیـارەکان کـە بـە تـەواوی دڵسـۆزن بـۆ سـەرکردەکەیان واتـا شـێخ ئەحمـەد بارزانـی، ئـەوان حـەز لـە سیاسـەت ناکـەن، تەنیـا کەمێکیـان سـەر بـە حزبـی پارتیـن:

- دەڵێـن ئـەوە هیـچ سـوودێکی نییـە، ئێمـە شـێخ ئەحمـەد و مـەلا مسـتەفامان هەیـە بـۆ سیاسـەت. ئـەوەی پێـمان دەڵێـن دەیکەیـن.

ڕێزگرتـن لـە دانیشـتووان بـۆ سـەرکردەکەیان، متمانەیەکـی وای لەگەڵدایـە کـە خورافات بەزەحمـەت دەتوانێـت بەرەنگاریـی ببێتـەوە. دکتـۆر مەحمود عـوسمان ئەندامـی مەکتەبی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـەم شـێوەیە توانـی بـۆ مـاوەی دە مانـگ لـە کاتـی بەتاڵـی خۆیـدا لـەوێ پزیشـکی بـکات: گوندنشـینان بـە فەرمـان دەچـوون بـۆ سـەردان و ڕازی بـوون بـە فرێدانـی دەرمانـە دروسـتکراو و تەلیسـم بـۆ نـاو دۆڵـەکان .

بــارزان ئــەو ناوبانگــە ســەربازییەی هەیــە کــە هەرێمــی برۆتانــی فەڕەنســا لــە سـاڵی ١٩١٤دا هەیبـوو: تۆکمـە و بەهێـز و ڕێکوپێـك و هۆشـیار لـە خواردنـدا. لـە مێـژە دەسـتەیەکی بەهێـزی سـەربازی پاڵپشـتکاری بـۆ شـۆڕش دابیـن کـردووە.

بــەڵام بــارزان لــە دوای جەنگــی جیهانــی یەکەمــەوە یــازدە جــار ســووتاوە، دوای ماوەیەکــی کــەم لــە ســاڵی [3]١٩٦٤ ئاگربەسـتی لەگـەڵ حکومــەت واژۆ کـرد.

---

(١) تالێب، لە زمانی عەرەبیدا، بە واتای "قوتابی" دێت.

(٢) فرێـدا جۆزێفیـن ماکدۆناڵـد نـاسراو بـە جۆزێفیـن بەیکـەر، گۆرانیبێـژ و ئەکتـەر و ئەفسـەری هەواڵگری و خەباتکاری بەرخۆدانـی فەرەنسییە و بەڕەچەڵـەک ئەمریکییـە، لـە ٣ی حوزەیرانـی ١٩٠٦ لـە شـاری سـانت لویـس (میسـۆری ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا) لەدایـک بـووە و لـە ١٢ی نیسـانی ١٩٧٥ لـە پاریـس کۆچـی دوایـی کـردووە.

(٣) بـارزان لـە نێـوان سـاڵانی ١٩١٧ بـۆ ١٩٢٩ سـێ جـار سـوتێنراوە، پاشـان لـە سـاڵەکانی ١٩٣٠و ١٩٣١و ١٩٣٦و ١٩٤٣و ١٩٤٥و ١٩٤٦و ١٩٦١و ١٩٦٣ سوتێنراوە.

بـارزان ئـەو ژینگـە و نیشـتیمانە بـوو کـە مـەلا مسـتەفا بارزانـی تەمـەن ٦٦ سـاڵی ژەنەڕاڵـی چیـاکان و فەرمانـدەی گشـتی سـوپای شـۆڕش و سـەرۆکی ئەنجومەنـی فەرماندەیـی شۆڕشـی کـوردی عێـراق و سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێراقـی دروسـت کـرد.

ئـەوە زۆر سەرکێشـییە کـە لـە چەنـد دێڕێکـی کـورت دا وەسـفی پیاوێکـی گـەورە و خـاوەن کاریزمـای وەك بارزانـی بکەیـت، کـە پێگەیەکـی تایبەتـی هەیـە، بـە پێچەوانـەوە یـان کـەم هەژمـار دەکرێـت و زیـاد لـە پێویسـت خەمڵێنراوە و چونکـە وەسفەکان زیاتـر دەربـارەی نووسـەرەکانی دەدوێـن نـەك دەربـارەی بارزانـی.

## بارزانی سەرکردەیەکی جەماوەریی و کەسایەتییەکی مێژووییە.

گرنگـی سـەرکردە بەشـێوەیەکی ڕێژەیـی پێچەوانـە لەگـەڵ پێگەیشـتنی کۆمەڵگـە دەگۆڕێـت. قەیـران و تایبەتمەنـدی و جیـاوازی، بـەم پێیـەش خەباتـی چەکداریـش وا لـە کۆمەڵگەکـە دەکات هەسـت بـە پێویسـتی یەکێتـی و یەکبـوون بـکات کـە لەلایـەن کەسـی بەرپـرس و ڕابـەر و فریادڕەسـەوە بەرجەسـتە ببێـت. پاشـان سـەرکردە دەگۆڕێـت، واتـە دەبێـت بـە مانـای وشـە هەڵگری کارەکتـەر و کاریزمایـەك بێـت کـە خـۆی لەگەڵیـدا بگونجێـت. دەبێـت لـە هەمـان کاتـدا هـەم بەهێـز و هـەم پارێـزەری میللـەت بێـت هـەم نزیـك لـە خەڵـك و هـەم بەئاسـانی دەسـتت پێـی نـەگات و هـەم بێبەزەیـی و هـەم خێرخـواز بێـت. کەسـایەتییەکی ئاشـنا و نـاسراو بێـت کـە سـەقامگیری گەرەنتـی و بەردەوامیـدان لـە خەبـات بـۆ "پرسـەکە" مسـۆگەر بـکات. لـەوەش گرنـگتر، بـەو پێیـەی کۆمەڵگاکـە جیـاواز و ناپێگەیشـتووە، وردە وردە بـەرەو بەکۆمەڵگەرایـی پەرەدەسـتێنێت و کاتێـك قەیرانەکـە چارەسـەر دەکرێـت، لـە کۆتاییـدا سـەکردە تەنیـا وەك هـێما و سیمبوڵی هـەوڵ و تێکۆشـانی ڕابـردوو[1] دەمێنێتـەوە.

---

(١) جـاک بێـرك بـە وەبیرهێنانـەوەی "ئاڵوگۆڕکـردن یـان تێپەڕانـدن یـان گۆڕانکارییەکانـی نێـوان شـێواز و ئاسـتەکانی مەشـقی کۆمەڵایەتـی" کـە دەرئەنجامـی پەیوەسـتبوونی داگیرکـراوەکان لـە کۆیلایەتـی ڕزگار دەکات، سـەبارەت بـە سـەرکردە دەنووسـێت: کاتێـك یەکێـک لـەم سـەرکردانە لـە ڕێگـەی شـەڕی سـەربەخۆیی ڕۆڵێـک دەگرنـە ئەسـتۆ کـە هەمـوو کەسـێک، چ لایەنگـران و چ نەیـاران وەك یـەك بـە سـەرکردەی "مێژوویـی" دەیناسـن، بـە شـێوەیەکی سروشـتی یـان لـە ڕێگـەی کۆمەڵێـك بارودۆخـەوە، پێـی وایـە ئـەم ئاڵوگـۆڕە جۆراوجـۆر و فـرە چشـنانە گرنگییەکـی زۆریـان هەیـە و خاڵـە لاوازەکانـی

بـا لـە کـوردەکان بپرسـین، ئایـا ڕا و بۆچوونـی ئـەوان دەربـارەی بارزانـی چییـە. وەڵامـەکان بەپێـی سروشـتی ئـەو کەسـانە جیـاوازن کـە وەك نمونـەی وەرگیـراوە. ئەگـەر بارزانـی بـە واتـای شـۆڕش بێـت لـە ناوچـە دابـڕاو و دووره دەسـت و گوندنشـینەکان، ئـەوا بـۆ کەسـانێك کـە زیاتـر پەیـوەستن بـە خەبـات و سیاسـیەتەوە، بارزانـی دەبێتـە ئـەو کەسـەی یەکگرتوویـی و یەکـەی شۆڕشـگێڕی ڕێکدەخـات. بـەلای زۆرینـەی دانیشـتووانی شـار و شارنشـینان و ئەندامانـی حـزب، بارزانـی سـەرکردەی جەماوەرییـە بـە پلـەی نایـاب، هەڵقـوڵاوی میللەتـە و لـە گەلـەوە بـۆ گـەل:

- بارزانـی پیاوێکـە وڵات و خەڵکـی وڵاتەکـەی خۆشـدەوێت. لـە قۆناغـی ئێسـتا بەلایـەوە گەشەسـەندن و پێشـکەوتنی درێژخایەنـی کوردسـتان و کێشـە سیاسـییە ناوخۆییـەکان کەمـتر گرنگـن، بەڵکـو خەباتـی بـۆ ڕزگاری و ئـازادی کوردسـتانە. کاتێـك ئـەو ئامانجـەی بەدەسـتهێنا، شـوێن و جێگـەی خـۆی بـۆ تیمێکـی گەنجـتر بەجێدەهێڵێت.(کریسـتیانێکی تەمـەن ٥٠ سـاڵ، وایگـوت).
- بارزانـی پیاوێکـی تـا بڵێیـت زۆر زۆر باشـە. بەتایبەتـی کاتێـك بابەتەکـە پەیوەنـدی بـە بەرژەوەنـدی نەتـەوە و خـاك و نیشـتیمان هەیـە، پیـاوەکان بەکاردەهێنێـت و ماندوویـان دەکات، وەك چـۆن فشـار بخەیتـە سـەر لیمۆیـەك. (پیاوێکـی تەمـەن ٣٥سـاڵ، وایگـوت)
- بارزانـی توانـای هەیـە کەسـی بەرامبـەر بـۆ خـۆی ڕابکێشـێت. عـارف هاوتـای ئـەو نییـە: کاتێـك بینیـمان عـارف چـۆن لـە دەوری بارزانـی هەڵدەسـووڕێت و ئەویـش بـە ئارامـی و بـە کەرامەتـەوە ماوەتـەوە، ئینجـا تێگەیشـتین. ( ئەندامێکـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی تەمـەن ٤١ سـاڵ).
- بارزانـی متمانـەی بـە ڕۆشـنبیران هەیـە و حـەزی لێیـە خـۆی کۆیـان بکاتـەوە. خاوەنـی حیکمەتێکـی سیاسـی گـەورە و سەرنجڕاکێشـە. ئـەو وریایـە و هەرگیـز بـە کوێـرەوەری ناچێتـە نـاو هیـچ بابەتێـك. (ئەندازیارێکـی تەمەنـی ٣٢ سـاڵ، ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان).

---

بریتییە لە لاوازی دەرفەتەکانی.

— بارزانـــی ســێ پێگــە و ڕۆڵــی گــەورەی هەیــە: ســەرکردەی کــوردە، بەرجەســتەی ناســیۆنالیزمی کــوردە لــە عێــراق و دەرەوەی عێــراق، پاشــان ســەرۆکی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانی عێراقــە، لــە کۆتاییــدا ســەرۆکی لەشــکری شۆڕشــگێڕی کــوردە. هەرچەنــدە ئــەو ســەرکردەیە لــە هەڵبژاردنــە تەقلیدییەکانــدا هەڵنەبژێــردراوە، هەروەهــا میراتگــری ســەرۆك یــان هیــچ پاشــایەکیش نییــە و بــە کودەتــاش نەهاتووتــە ســەر دەســەڵات. هەروەهــا هیــچ خــوول و مەشــقێکی فیکریــی ئاســایی وەك ســەرۆکی دەوڵەتانــی تــر نەبینیــووە. لەنــاو خەڵــک ســەری هەڵــداوە و لەلایــەن خەڵکیشــەوە هەڵبژێــردراوە. لــە ڕێگــەی بیرکردنــەوە و پرەنســیپ و شــێوازی ژیانــی خۆیــەوە زۆر لــە گــەل و جەمــاوەرەوە نزیکــە. ئــەو بــە مانــا نەرێنییەکــەی سیاســەتوان نییــە، چونکــە حــەزی لــە وتــاردان یــان دەرکەوتنــی زۆر لــە بۆنــە گەورەکانــدا نییــە. لەبــەر هەمــوو ئــەم هۆکارانــە، ئــەوە کاری ئێمــەی ڕۆشــنبیرانە، هەوڵــی تێگەیشــتن و وەرگێڕانــی ڕەفتــار و بیرۆکەکانــی بدەیــن. (ئەندامــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، ســەرۆکی پێشــووی ئەندازیــاری کارە گشــتیەکان، وایگــوت).

ناتوانیــن بارزانــی بــە دەقــی نوســینەکانی هەڵســەنگێنین، چونکــە کــەم دەنووسـێت و تەنیـا بۆچوونەکانـی خـۆی لەگـەڵ حکومـەت، یـان دەزگا نێودەوڵەتییـەکان دەخاتــەڕوو. ئەگــەر نووســەریش نەبێــت، بــەڵام ڕاســتکەرەوەیەکی وردی زمانــە و ئــاگاداری بچووکتریــن وردەکارییــە: سەرنووســەرانی دەســتەی بەڕێوەبــردن لــەوە دەزانــن و ئــاگاداری ئەمــەن.

بارزانـی بـە هیـچ شـێوەیەك تیۆریـزان نییـە. لـە کاتـی دوورە وڵاتـی و ئاوارەیـی لـە یەکێتــی ســۆڤیەت، بانگێشــتنامەی ســتالینی بــۆ چوونــە زانکــۆ بەمەبەســتی فێربوونــی مارکســیزم-لینینیزم، ڕەتکــردەوە:

— زانکۆ بۆ من نییە. تیۆرییە مارکسیستییەکان خاڵی بەهێزی من نین.

کاتێــك چیرۆکەکــە باســی ئــەم پیــاوە کــوردە بەهێــزە چوارشــانەیە دەکات بــە ڕووخســارێکی گـران و سـەنگین و جیـاواز و خـاوەن برۆیەکـی ڕەشـی پـڕ، بـە خەیاڵتـدا دێـت وەك ئـەوەی ڕووبـەڕووی جۆرجییـەك وەسـتابێت. بـەڵام جۆرجییـەك زیاتر پەیوەسـتە بــە کوردســتانەوە تــا دەشــتی مۆســکۆ.

مەلا مستەفا لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا چەکی هەڵگرت وەك هەر گوندنشینێکی تر کە دەبێت هەڵیبگرێت بۆ بەرگریکردن لە خاکەکەی و گەلەکەی. بەرخۆدان و خەبات بۆی ببووە نەریتێکی بنەماڵەیی و شێخ ئەحمەدی برای سەرکردایەتی بزوتنەوەکەی دەکرد. برا بچووکەکە واتا ژەنەڕاڵ بارزانی لەم نێوەندەدا هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی زێباری دا دەکات و لە ساڵی ١٩٤٣ جێگەی برا گەورەکەی گرتەوە. دواتر بوو بە ژەنەڕاڵی گشتی سوپای کۆماری مەهاباد، بەڵام ئێستا لە یەکێتی سۆڤیەت هەم سوپاسگوزار و هەم ورییە بەرامبەر ئەم ڕووسانە کە جیاوازن لە ئینگلیزەکان و هەندێکجاریش ئەوەندە لە خۆی و پیاوەکانی دەچن. بێجگە لەوەش ئەو هەڤاڵانەی لە کاتی دەربەدەری و پەنابەری دا ژنیان هێناوە، هیچ کات پێویست ناکات پەشیمان بنەوە، چونکە: ژنانی ڕووس وەك ژنی کورد، سادە و بەهێز و ئیشکەرو ماندوونەناسن.

ئەو سەرکەشیە نائاسایی و گەورەی ژەنەڕاڵ بارزانی ئەنجامی دەدا ببووە پێگەیشتن و پەرەپێدانی حیکمەتی ژیرانە کە بڕیاری گەورە و کاریگەر دەربکات، ئەمەش وایکرد خەڵك لەبارەیەوە بڵێن:

— کاتێك بڕیار لەسەر شتێك دەدات، هیچ شتێکی تری لا گرنگ نییە. ئەگەر سوودی بۆ کوردستان هەبێت، کاتێک پێویست بکات کوڕەکانی خۆی و دایکیشی فڕێدەدایە ناو ئاگرەوە.

وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەو سەردەمە، کە لە یەکێتی سۆڤیەت بڵاوکراونەتەوە، وا دیارە چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەنگ کراوەی لەبەردایە و لەسەر کورسییەك دانیشتووە و دەستەکانی لەسەر قۆڵەکانی کورسیەکە بڵاوبوونەتەوە. ڕووخساری گەنج و پڕە و قاچەکانی لەسەر یەکتر داناوە کە کەشخەیی و جوانی بە جەستەی دەبەخشن و بەهێز دەردەکەوێت.

مەلا مستەفا شەوانە کار و چالاکیەکانی ئەنجام دەدات. سەعات چواری بەرەبەیان دەچێتە سەر جێگا، بەیانیان زوو لە خەوهەڵدەستێت، ڕۆژەکەی بە پێشوازی کردن لە هەموو ئەو کەسانە دەست پێدەکات کە دەیانەوێت ببینن: گوندنشین و جوتیار و پێشمەرگە و فەقیر و هەژار، تەنانەت سواڵکەریش دەبینێت. بریندارێك داوای

چەنـد دینارێکـی لێـدەکات:

— مــن توانــای کارکردنــم نییــە. دەبێــت شــتێك بکــەم بــۆ پەیــدا کردنــی بژێــوی و خــۆراك بــۆ خێزانەکــەم.

پـارە، هەمیشـە پارەیـە، جـا دینـار یـان فلـس یـان دۆلار یـان پاوەنـدی ئیسـتەرلینی بێت. بارزانـی هیـچ سـامانێکی شەخسـی نییـە، هیـچ کاتیـش درێغـی نـاکات لـە خەرجکردنـی سـەد دینـار بـۆ چارەسـەرکردنی پێشـمەرگەیەک لـە تـاران.

بارزانـی ڕۆژ بـە ڕۆژ دەژی، واتـا کار و چالاکیەکانـی ڕۆژانـە جێبەجـێ دەکات، خشـتەی کارەکانـی ئەوەنـدە سـنوردار نییـە. جارجـارە ئـەم یـان ئـەو بەڕێوەبـەرە، ئـەم یـان ئـەو ئەفســەرە بانــگ دەکات بــۆ بەدواداچــوون لــە کارەکانیــان. زیاتــر لــە ســاڵێکە پێداگــری لەسـەر ئـەوە دەکات کـە دەسـتەی کارگێـڕی بەشـێکی زۆر لـە بەرپرسـیارێتییەکانی خـۆی لـە ئەسـتۆ بگرێـت. گەنجانـی ڕۆشـنبیر لـە دەوری خـۆی کۆکردۆتەوە کـە تێکـڕای تەمەنیان لـە ٣٤ سـاڵ تێناپەڕێـت و نیـازی ئـەوەی هەیـە بەتەنیـا بارگرانـی دەسـەڵات هەڵنەگرێـت. ڕۆژێکیـان لەبـەر ڕێزگرتـن لـە بارزانـی، یەکێـك لـەم ئەندامـە گەنجانـەی کارگێـڕی دوودڵ بـوو لـە بڕیـاردان، بارزانـی هـاواری کـرد:

— تکایـە بەزەییتـان پێـم دا بێتـەوە. ئەگـەر شـایەنی هـەر شـتێکم، بمهێڵنـەوە بـۆ ئـەو کاتـەی پێویسـتتان پێـم دەبێـت. بـەڵام بەرپرسـیارێتی خۆتـان هەڵبگـرن.

لـە ڕاسـتیدا بارزانـی بـە دەگمـەن دەسـتوەردان دەکات، تەنیـا کاتێـك دەسـتوەردان دەکات کــە بڕیــاری گــەورە دەدرێــت. حــەزی بــە تەنیاییــە و دەچێتــە بیرکردنــەوەی قوڵـەوە، لـە کێڵگـە هاتوچـۆ دەکات و زۆر حـەز بـە پـێ ڕۆیـشتن دەکات، دەسـتەکانی لـە پشــتەوە دەگرێــت، ئەسپســوار و ســوارچاکێکی باشــە، هیــچ کاتێــك دوودڵ نەبــووە لــە چــوون بــۆ هێڵــی پێشــەوە و ئاڕاســتە کردنــی مانــۆڕەکان.

کاتێـك پێشـوازی لـە هاوڕێیەکـی دەکات، هەندێـك جـار پێدەکەنێـت و گاڵتـە دەکات. ئــەو زۆر حــەزی لــە گێڕانــەوەی چیرۆکــی درێــژ و بێکۆتایــە کــە گفتوگــۆکان زیاتــر لــەم تەوەرانـە خـۆی دەبینێتـەوە: یـادەوەری یـان ئەفسـانە و چیرۆکـی ئەخلاقیـن کـە پێغەمبـەر باسـی لێوەکـردوون. زمانـی قسـەکردنی ڕەنگاوڕەنگـە کـە زوو ئامانجـی خـۆی دەپێکێـت

لـە کاتـی قسـەکردن لەگـەڵ کەسـی بەرامبـەر. قسـەکانی کـورت و پوخـت و زینـدوون و زوو بڵاودەبنـەوە. سـەبارەت بـە حکومـەت دەڵێـت:

– عێـراق وەك ئۆردوگایەکـی سـەربازییە، حکومـەت سـەربازییە و سـوپا حکومـەت کۆنـترۆڵ دەکات.

ڕۆژێکی تر دەڵێت:

– ئەمانە منداڵەکانن کە ماڵەکانیان دەسوتێنن.

بە ئاماژەدان بەوەی کە کورد تا ڕادەیەك خۆپەرست و تەماحکارە:

– کەوچکەکەی دەردێنێت بۆ ئەوەی لە خوان و قاپی ئەوانی تر بخوات.

کاتێک داوایان لێدەکرد ئاگاداری خۆی بێت، بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

– خـودا منـی لەسـەر زەوی دروسـت کـردووە، منیـش لەسـەر زەویـم، لەسـەر زەوی دەخـەوم و لەسـەر زەویـش دەمـرم.

سەبارەت بە ڕێزلێنانەکان:

– ڕێزلێنـان و نازنـاوەکان نابێـت لەلایـەن ئێمـەوە بدرێـن، بەڵکـو لەلایـەن خەڵـك و میللەتـەوە بدرێـن. باشـترین نـاو وناونیشـانیش کارە.

لـە کاتـی کێشـە و قەیرانـی تاڵەبانیـدا کەسـێك پێشـنیاری کـرد کـە ئیبراهیـم ئەحمـەد بانـگ بکرێـت، ئەویـش وەڵامـی دایـەوە:

– ئێـوە داوام لێدەکـەن دوپشـکێك بخەمـە گیرفانـی خۆمـەوە. پاشـان بـەردەوام بـوو و وتـی: ڕێگـەم پێـدا لـە کوردسـتان بـژی. کاتێـك پێویسـتی بـە پـارە بـوو دێـت و منیـش ٢٠ یـان ٣٠ لیـرەی پێـدەدەم.

بارزانـی، پیاوێکـی بەهێـز و سـادەیە، گەلەکـەی بـە جۆرێـك لـە دەوری کۆبوونەتـەوە هاوشـێوەی ئـەوەی کـە ڕێوڕەسـمێك لـە ئـارا دابێـت. گوندنشـینێکە خوێندنـی فەرمـی زۆری نەکـردووە، هەرگیـز هەڵـەی تاکتیکـی نەکـردووە. شـەڕڤانێکی بوێـر و ئازایـە و ڕقـی لـە شـەڕە. کەسـێکی ڕیالیسـتە بەبـێ تەماحـی سیاسـی. وریـا و تونـد و بەهرەمەنـد و کەمـدوو و بـە ئەزمـوون و واقیعبینـە، حـەزی زۆر بـە وتـار و ناونیشـان و نازنـاو و چەپڵـە

لێدەر و کەسی ماستاوچی نییە. پیاوێکی تەواو و پڕاوپڕ لە تایبەتمەندێتیە، بارزانی، وریایە هەرگیز بەبێ شیکردنەوە و گەرەنتی پێشوەختە خۆی ناخاتە مەترسیەوە، ئەو کەسەی تاران و بەغدا و ئەنقەرە لێی دەترسن، بەهێزە وەك پۆڵا و هەمووان ترسیان لێی هەیە، چونکە مەحاڵە بکڕدرێت.

بارزانی بە پشتیوانی و هەبوونی گەلی کوردی گوندنشین لە شەڕدا، لە یەکەم هەنگاو دا خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوەیی دەهێنێتە پێشەوە، دواتر لە هەنگاوی دووەمدا ڕزگاری کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دوای خۆی دادەهێنێت.

بارزانی وەك خەڵکی گوندنشینی کوردستان ئاسەواری دەرەبەگایەتی هەڵگرتووە، ئەمە ڕاستییە، بەڵام ناتوانرێت تێکەڵ بکرێت. دەسەڵاتداریی و هەڵپەرستی کە دژە کۆمۆنیزمی ئەو بوو، بووە دەرکردنی هەمزە عەبدوڵڵا، پراگماتیزم و ڕیالیزم و وریایی و خۆڕاگری و بوێری، هەموو ئەمانە تەنیا وەرگێڕانی زاراوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو گوندنشینە کوردە نییە کە ٩٥٪ ی خەباتی شۆڕش پێکدەهێنن.

بەم مانایە گەشەسەندنی بارزانی دوای گەشەسەندنی خەڵکە و وردە وردە بە سیاسیکردنی کۆمەڵگەکە هاوتایە لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتێك کە لە خۆبەڕێبەریەوە دەگۆڕێت بۆ بەکۆمەڵگەرایی. جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان گەلی کوردی ساڵی ١٩٦١ و بەشداربووانی کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کورستان. جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان بارزانی ساڵی ١٩٦١ و بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشی ١٩٦٧، هەڵەی گەورە و تراژیدی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد، ئەوە بوو کە واقیعی بابەتیی گەل پشتگوێ بخەن و پەرەسەندنێك خێراتر بکەن کە ناتوانێت هیچ کام لەم دووانە بێت نە خێرا و نە پەرەسەندن.

چیتر ناتوانین بنووسین بارزانی چارەنووسی شۆڕشی کوردی لە ئەستۆ گرتووە. ڕێکخستنی ناوخۆی شۆڕش و کوالێتی تیمی لاوی کورد کە ئێستا بەرپرسیارێتی لە دەستەی جێبەجێکردن لە ئەستۆ دەگرێت، بزووتنەوەکە لە قەیرانێکی جێنشینی چارەسەرنەکراو[1] دەپارێزێت. دەکرا کێشەکە دوو ساڵ لەمەوبەر سەرهەڵبدات.

---

(١) دانوستانەکانی ئەیلولی ١٩٦٧ چیتر وەکو ساڵی ١٩٦٤ لە نێوان بارزانی و حکومەتدا نەکرا، بەڵکو لەنێوان دەستەی کارگێڕی – کە بارزانیشیان لەگەڵ بوو- و کابینەی حکومەتی عێراق بەڕێوەچوو.

ئێستا هیچ هۆکارێک بۆ بوونی ئەو نەماوە. بە دڵنیاییەوە بوونی بارزانی بەنرخە و خۆی گەوهەرێکە بۆ کورد، بەڵام خۆی دڵنیای ئەوەی کردووەتەوە کە بوونی ئەو پێویست نییە. بارزانی ئەو پیاوەیە کە توانی هێزە جیاواز و هەندێ جار پەرش وبڵاوەکان کۆبکاتەوە، ئەو هێزانەی بە خەباتی خوێناوی دەورە دراون، لەو هێزانەوە توانی شۆڕش بکات، ئەو دەیزانی چۆن کاری هاندان و چالاکی و ڕێکخستنی پارتی بەرەوپێش ببات. لە سایەی بارزانییەوە بوو لە چینی بورژوازی نیشتمانپەروەر و چینی جوتیار و گوندنشینان و خەڵکی شار و ڕۆشنبیران جەماوەرێکی هاوکار و هاوهەڵوێستی پێکهێنا کە لە ڕاپەڕین و یاخیبونێك و شۆڕشێکی ئەنجامدا.

لە کاتی دروستکردنی کۆمەڵ و کۆمەڵگا بوونی سەرکردەیەك شتێکی بنەڕەتیی و پێویستیە، هونەر و دەستکردی مێژووییە بۆ یەکگرتوویی و یەکڕیزی نیشتمانی.

هیچ نهێنییەك و شاراوەییەك لە بارزانی و دەستەواژەی بارزانی دا نییە. هیچ سەرۆکێکی جەنگیش لە ئارا دانییە، بەڵکو جوتیارێکە بەهۆی ململانێ و خەباتی سەخت و تاڵەوە دروست بووە، کە بە بێ ئەندازە بە خاك و نیشتیمان و میللەت و خەڵکەکەیەوە پەیوەستە.

## قەیرانی تاڵەبانی

"هەڵاتوو لە سەرووی هەموو شتێکەوە شۆڕشگێڕێکی بێ ئیرادە یان شۆڕشگێڕێکی ساختەیە، یان درۆزنە و ویستویەتی یاری بە شۆڕش بکات. "

وتاری فەرماندە فیدڵ کاسترۆ بۆ خەڵك، بە مەبەستی ڕاگەیاندنی مردنی فەرماندە ئێرنێستۆ چێ گیڤارا، لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧.

هەوڵ و تێکۆشان، تەحەدای پڕۆژەکە دەکات لە هەمان کاتدا شێوە و سەقامگیری پێدەدات. ڕەتکردنەوەی داگیرکاری و پلەبەندی خێڵەکی-دەرەبەگی و ناکۆکییەکانی نێوان گرووپەکان لە شەڕ و خەباتی سەربەخۆیی نەتەوەییدا بە ئاشکرا بەدیار دەکەوێت.

سێ ساڵ دوای یەکەم ئۆپەراسیۆنی سەربازی کە دەستپێکی شۆڕشی کورد بوو لە عێراق، ناکۆکییەکی توند و خوێناوی کە نیشانەی ئەو بازدان و گۆڕانکارییە قووڵە بوو لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕوویدا: قەیرانی هاوینی ١٩٦٤ کە بە قەیرانی "تاڵەبانی" ناسراوە.

سەرەتا با بە شێوەیەکی زۆر ڕاشکاوانە ڕاستییەك بخەینەڕوو: ئەو جیاوازی و ناکۆکییە تیۆریانەی لە ساڵی ١٩٦٤ی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی و گەورە ژەنەڕاڵی لەشکری شۆڕشگێڕ، هەر جێی پرسیار و شایەنی باس نین. تاڵەبانی بە جێهێشتنی بەرەی شەڕ بە چەك و تفاقەوە خیانەتی کرد و بە ئاشکرا پەیوەندی بە حکومەتی بەغداوە کرد و بەشداری ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی کرد کە دژی کوردستان ئەنجامدران. هەرهەمان کەس واتا تاڵەبانی پێشتر بە ئاشکرا هاوکاری بارزانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق ئیدانە کردبوو.

کەواتە چی ڕوویدا؟

بە بۆنەی دۆسیەی تاڵەبانییەوە، ئێمە شایەتی سەرکێشی مەکتەبی سیاسی حزبێکی خاوەن ئیلهامی مارکسی-لێنینینین کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە بورژوازی بچووکی بە ڕەچەڵەك خەڵکی شار پێکهاتووە، کە لە خەباتێك بۆ ئازادی نەتەوەییدا نوقم بووە، لە ناوچەیەکی لادێیی لەلایەن لەشکرێکی شۆڕشگێڕەوە کە بە زۆری لە جوتیاران و گوندنشینان پێکهاتووە سەرکردایەتی دەکرێت. بەهۆی

ئـەوەی ئـەم شۆڕشـگێڕانە لـە دەوری سـەرکردە نەریتییـەکان کۆکراونەتـەوە، کـە بـە هەڵـە هەڵسـەنگاندنیان بـۆ سروشـتی ئاڵـۆزی خەبـات دەکـرد، بۆیـە ئـەم مەکتەبـی سیاسـییە نەیتوانـی و نەیزانـی خـۆی لەگـەڵ شـێواز و نەخشـە تایبەتەکانـی شـۆڕش بگونجێنێـت.

لێـرەدا پرسـەکە بریتـی نییـە لـە پرسـی دژایەتیکردنـی نێـوان تیـۆری و کـردار یـان ئیدانەکردنـی تیۆریزانـەکان لـە بەرژەوەنـدی پراگماتیسـتی بـێ هەڵوێسـت. نەخێـر، بـا دووبـارەی بکەینـەوە: ئەمـە لێکدانەوەیەکـی هەڵـە و بێباکانـە و بەپەلـە بـوو بـۆ ئـەو دۆخـەی مەکتەبـی سیاسـی ئـەو سـەردەمەی بـەرەو ئۆپۆزسـیۆن بـرد و دواتـر هەندێـك لـە ئەندامانیشـی بـەرەو خیانـەت بـرد.

ئیبراهیـم ئەحمـەد کـە سـکرتێری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوو لـە سـاڵی ١٩٦٤ لەگـەڵ تاڵەبانـی ڕەتیانکردبـووەوە دان بـە ڕۆڵـی سـەرکردەیەکی جەمـاوەری وەك ژەنـەڕاڵ بارزانـی بنێـن، بارزانـی پاڵەوانـی مێژوویـی سـەربەخۆیی کـورد و سـەرکردەی ڕاسـتەقینەی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گـەل. ئەمـەش بـۆ بێبەشـکردنی بەشـداری هێـزە هاوئامانجـەکان لـە شـەڕ و خسـتنە ژێـر پرسـیاری یەکێتـی و یەکڕیـزی نەتـەوەی کـورد. ئـەم یەکگرتوویيـەش بەهـۆی خێڵەکـی بـوون و هۆزپەرسـتی و دەرەبەگایەتـی و ئابوورییـەك کـە بـە ئەنقەسـت لەلایـەن دەسـەڵاتی ناوەندییـەوە پشـتگوێ خـراوە، مەترسـی لەسـەر درووسـت بـووە، تەنیـا کۆبوونەوەیەکـی بەکۆمـەڵ لـە شـەڕدا دەتوانـی ئـەم دژایەتییـە دژبەیەکانـە کـەم بکاتـەوە: ئـەو کاتـەش پێویسـت بـوو، تەنیـا تاکـە سـەرکردەیەك، نوێنەرایەتـی کـۆی گشـتی ئـەم هێزانـە بێـت، هەماهەنگـی کردارەکـە بـکات و یەکگرتوویـی و یەکڕیـزی بەدەسـت بهێنێـت. بـۆ ئەمـەش: تەنیـا مـەلا مسـتەفا بارزانـی دەیتوانـی ئـەم سـەرکردەیە بێـت.

مێـژووی قەیرانێـك حەتمییەتـی قەیرانەکـە لەبەرچـاو ناگرێـت و ناونـان و کۆکردنـەوەی ڕاسـتییەکان، تەنیـا ئـەو مادەیـە دابیـن دەکـەن کـە بـۆ شـیکردنەوە دەمێنێتـەوە. لەگـەڵ ئـەم تێبینییانـە، بـا پێداچوونـەوە بـە ڕووداوەکـە بکەیـن.

یەکەم: کەسایەتییەکان

**ژەنەڕاڵ بارزانی:** ئێمە هەمووومان دەیناسین.

**جەلال تاڵەبانی:** لە ساڵی ١٩٦٤ تەمەنی ٣١ ساڵ بوو. پارێزەرە. لە شاری کۆیە لەدایك بووە، لە بەغدا یاسای خوێندووە و لە چەندین دادگا کاری پارێزەرایەتی کردووە. تاڵەبانی پیاوێکی بە جۆش و خرۆش و بەخشندە و زووهەڵچووە. بە قسە خۆشی ناوبانگی دەرکردووە و بە قسەکانی دڵی پێشمەرگەکان خۆش دەکات. کەسێکی زیرەك و بلیمەتە کە بارزانی هیوایەکی زۆری لەسەر بنیادناوە.

**ئیبراهیم ئەحمەد:** سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، کەسێکی زیرەك و پارێزەرێکی تیۆریزانە وەك لە پراکتیککار.

جەلال تاڵەبانی ڕەتی کردەوە سازش بۆ ژەنەڕاڵ بارزانی بکات، بۆ ڕزگاربوون لەوەی پێی وایە ڕابردووە. وریایی و هەڵپەرستی و بێمتمانەییەکەی بە هەموو تیۆریەك بێزار و تووڕەی دەکەن. شۆڕشی کورد پێویستی بە سەرکردەیەکی عەشیرەت نییە، ئەمەش وا دەکات زیاتر لە سەرهەڵدان و ڕاپەڕین بچێت وەك لە شۆڕشی کوبا. بارزانی پاڵەوانێکی کوردییە: شۆڕشگێڕێکی مۆدێرن نییە و لە ستراتیژی و تاکتیکی جەنگی شۆڕشگێڕانەدا ئەزموونی هەیە.

ململانێیکە یان پێکدادانی نێوان دوو بیرکردنەوە و دوو وەچەی جیاواز و دوو ژینگەی جیاوازە: بارزانی گوندنشینێکی خەڵکی باکوورە. تاڵەبانی خەڵکی باشوورە و دانیشتووی یەکێك لە شارە هەرە خوێندەوارەکانی کوردستانە.

لە دوورەوەجەلال تاڵەبانی، فریودراوی جۆرە شۆڕشێکی جوانکراوە، واتا وەك بەندکراوێکی مۆدێلی بیانییە لە ناوچەیەکی کولتووری و سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەوڵی ئەوە دەدات ئەم وێنە فێربووانە یان خەیاڵکراوانە بەکاربهێنێت بۆ بارودۆخێك کە ئەو بەتەواوی لە پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵگایە تێناگات.

یەکێك لە شۆڕشگێڕە کوردەکانی تەمەن ٣٢ ساڵی سەبارەت بە تاڵەبانی پێمان دەڵێت:

– ئەو شۆڕشگێڕ نەبوو، بەڵکو بۆرژوازییەك بوو دەیویست شۆڕشێك بکات.

بـەم شـێوەیە هەمـوو بەشـە کەڵەکەبووەکانـی قەیرانەکـە لـە ئاگربەسـتی شـوباتی ١٩٦٤دا ئاشـکرا بـوون. تاڵەبانـی لـە گەشـتێکی پڕۆپاگەندەیـی دوور و درێـژ گەڕایـەوە کـە لـە قاهیـرەوە بـۆ جەزائیـر، لـە بەیروتـەوە بـۆ ئەوروپـا ئەنجامـی دا. بارزانـی خـۆی لـێ بێبـەری کـرد و بـۆ باڵیۆزخانـەکان نووسـیویەتی:

– ئەم پیاوە نوێنەرایەتی من ناکات.

تاڵەبانی لە وەڵامدا وتی:

– من نوێنەرایەتی بارزانی ناکەم، بەڵکو نوێنەرایەتی پارتی دەکەم.

دوای ماوەیەکـی کـەم لـە ڕاگەیاندنـی فەرمـی ئاگربەسـتەکە، بارزانـی پێشـوازی لـە ڕۆژنامەنووسـانی بیانـی کـرد و دڵنیایـی دا لەبـارەی نیـازی ئاشـتیخوازانەی خـۆی. بارزانـی و شـوێنکەوتووانی بـاش دەزانـن کـە مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دوژمنایەتـی ئاگربەسـت و تەنانـەت خـودی پرەنسـیپەکانی دانوسـتان لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق دەکات. لـە مانگـی ئاداردا فەرمانـی بـە تاڵەبانـی و لایەنگرانـی کـرد لـەو ناوچانـە بکشـێنەوە کـە کۆنترۆڵیـان کردبـوو. ئـەوان ڕەتیدەکەنـەوە و سـەرپێچی فەرمانەکـەی دەکـەن. لەگـەڵ ئەوەشـدا، لـە مـاوەت کۆدەبنـەوە و بڕیاریـان داوە دۆسـیەکە لەگـەڵ مـەلا مستەفا یەکلایـی بکەنـەوە.

– خەڵـك لـە ئاگربەسـتەکە ناڕازیـن، پێویسـتە هێـرش بکەیـن و تۆڕێـك لـە بەرپرسـانی پارتـی دروسـت بکرێـت بتوانـن سـەرکردایەتی شـۆڕش بگرنـە ئەسـتۆ.

لـە کۆتایـی "کۆنفرانسـێك" دا کـە بـە کۆنفرانسـی مـاوەت نـاسراوە، گروپەکـە لە نیسـانی ١٩٦٤دا ڕاگەیاندراوێکیـان بڵاوکـردەوە، تیایـدا بارزانـی تۆمەتبـار دەکات بـە هـاوکاری کـردن و هاوپەیمانـی کـردن لەگـەڵ دوژمـن، بـۆ بەرژەوەنـدی تایبەتـی خـۆی و لەسـەر حسـابی ئـەو حزبـەی کـە دەیەوێـت دووری بخاتـەوە. پێویسـتە بارزانـی لەبـەردەم پارتیـدا ئامادەبێـت بـۆ ئـەوەی دادگایـی بکرێـت و لـە سـەرۆکایەتییەکەی لابـرا.

ڕێبـەری کـورد بە پەرۆشـەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی تۆڵەسـەندنەوە لەوەی بـە "ئیمپراتۆریەتی مـاوەت" نـاوی دەبـرد، بڕیاریـدا بەشـێوەیەکی کاتـی لەشـکر هەڵبوەشـێنێتەوە بـۆ ئـەوەی خەڵـك ناچـار بـکات بڵاببنـەوە. تەنیا یەك یەکـە لـە بارزانەوە چـەك بەدەسـت دەمێنێتەوە. بـەم شـێوەیە پێـی وابـوو دەتوانێـت بارودۆخـە نەخوازراوەکـە کۆنتـڕۆڵ بـکات، بەڕاسـتی

تاکتیکەکانی زیرەکانە بوون، چونکە بارزانی سەرۆکی بەتالیۆنەکانی لەشکر بانگێشت دەکات و ڕاستییەکانیان بۆ ڕوون دەکاتەوە و ڕەزامەندی ئەوان وەردەگرێت:

– ئێوە تاکە سەرکردەی ئێمەن. متمانەمان بە ئێوە هەیە. تەنیا ئێوە دەتوانن چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی لە خەباتێکی هاوبەشدا یەکبخەن. ئێمە سەرکێشیمان ناوێت.

لەم کاتەدا بە ڕاوێژ لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد، مەلا مستەفا بارزانی ئامادەیە لێ خۆش بوون بۆ یاخیبووان دەربکات، بەڵام تاڵەبانی هەر جۆرە ئاشتەوایی و ڕێککەوتنێك ڕەتدەکاتەوە، بۆیە شەڕ و ململانێکە بە کراوەیی مایەوە.

لە ١ تا ٧ی تەمووز کۆنگرەی شەشەمی حزب لە نێو دڵەڕاوکێ و دوودڵیدا بەڕێوەچوو. زۆرێك نازانن چۆن بیر لە هەڵوێستی ئەو یاخیبووانە بکەنەوە کە دوای دوورخستنەوەیان لە کۆبوونەوەکە بە نایاساییان زانی. بەڵام زۆرینە دڵسۆزی خۆی ڕادەگەیەنێت بۆ ئەو هێڵە گستیەی بارزانی پەیڕەوی لێکرد، هەر لە کۆنگرەکە بارزانی بە کۆی دەنگ دووبارە بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە. سکرتێری نوێی کۆمیتەی ناوەندی کە پارێزەرە بە ناوی حەبیب محەمەد کەریم، فەرمان بە "جوداخواز و یاخیبووان" دەدات خۆیان ڕادەست بکەن و بگەڕێنەوە، بەڵام ئەوان ڕەتیدەکەنەوە. بارزانی پێشمەرگە دەنێرێتە سەر "ئیمپراتۆریەت" و بە خێرایی دەکەوێت و تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد و هەزار کەس لە سنووری ئێران دەپەڕنەوە و کۆدی نهێنی و پارە و کەرەستەی زۆر لەگەڵ خۆیان دەبەن. لە هەمەدان نیشتەجێ بوون و نزیکەی دوو مانگ لەوێ مانەوە، دواتر گەڕانەوە کوردستانی عێراق بۆ شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە، شەڕەکان کورت و یەکلاکەرەوە دەبن. تاقمی تاڵەبانی بەرەو دەربەدەری ئاوارەیی ڕادەکەن کە بریکارەکانی حکومەتی ئێران چاوەڕێیان دەکەن، ئەوان ئامادەن دژایەتی و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی شۆڕشی کورد بە قازانجی خۆیان بەکاربهێنن. لە تاران ڤێلا و چێشتلێنەر و شۆفێریان دەخرێتە بەردەست. خواردن و خواردنەوەی نایاب و ناوازە بێزاری و تاڵیی شکست و دۆڕانەکەیان هێور دەکاتەوە.

بەڵام جەلال ڕایدەگەیەنێت ئەو ڕۆژەی بەغدا ئاگربەست دەشکێنێت، ئەو شانبەشانی بارزانی ئامادە دەبێت بۆ بەرگری لە کوردستان. سوپای عێراق لە کۆتایی

مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩٦٥ شـەڕی دەسـتپێکردەوە، تاڵەبانـی لـە مانگـی ئابـدا گەڕایـەوە کوردسـتانی عێـراق. داوای لێدەکرێـت دان بـەو هەڵەیـە دابنێـت کـە کردوویەتـی و سەرزەنشـتی ئـەو کارە بـکات، بـەڵام ڕەتیدەکاتـەوە. دوای چەنـد مانگێـك، لەکاتێکـدا شـەڕەکە بـەردەوام بـوو و توندبـوو، یەکێـك لـە ئەندامانـی "گرووپەکـە" دەچێتـە بەغـدا و پەیوەنـدی بـە حکومەتـەوە کـرد.

ئـیتر ئەمـە چـیتر ناکۆکـی و لێـك تێنەگەیـشتن نەبـوو، بەڵکـو خیانـەت بـوو. دوو ئەندازیـار کـە دوای ئیبراهیـم ئەحمـەد کەوتبـوون خۆیـان لـە تیمەکـە جیاکـردەوە و پەیوەندییـان بـە شۆڕشـەوە کـرد. بەغـدا پیرۆزبایـی لـە وەهـا کارێـك و لـەو جـۆرە کەسانە دەکات کـە دێنـە ڕیـزی حکومەتـەوە و تاڵەبانـی بەهـۆی ئـەو پلـە و پایـەی هەیبـوو ڕێزلێنـان و مووچـەی وەرگـرت، دەزگا تایبەتـەکان ئەویـان گرتەخـۆ و پێشـوازیان لێکـرد و ئۆفیسـێکیان پێـدا، لەگـەڵ ئەرکـی دۆزینـەوەی چەکـدار و لایەنگرانـی نهێنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان. پیاوەکانـی تاڵەبانـی چوونـە ڕیـزی سـوپای حکومـەت و لـەوێ یەکخـران. خیانەتەکـەی تاڵەبانـی هەڵـە تێگەیشـتنەکانی سـڕییەوە: بۆیـە ڕاسـتییەکان لـە خۆیـدا بـەس بـوون بـۆ سـەلماندنی خیانەتەکـە. هـاوکات ناکۆکـی لەسـەر بیانـوو و ئارگیومێنتـە تیۆرییـەکان مانـای ڕاسـتەقینەی خـۆی وەرگـرت.

جاشـە نوێیـەکان کـە بـە جاشـەکانی شێسـت و شـەش یـان جاشـی مۆدێـل ١٩٦٦ نـاسراو بـوون و لـە هەڵمەتـی بەهـاری ١٩٦٦دا بەشـدارییان کـرد کـە لـە سـەربازگەکانی شـاری سـلێمانی خۆیـان حەشـار دابـوو، بـە توندوتیژیـی و دڕندەیـی ناوبانگیـان دەرکـرد: زانیارییەکانیـان لەسـەر خەڵـك و شـوێنەکان وای لێکـردن بتوانـن بـە شـێوەیەکی کاریگـەر شـوێنپێی بەرپرسـانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و پێشـمەرگەکانی ڕێکخسـتنە نهێنییەکانـی نـاو شـار بزانـن و بیانکەنـە ئامانـج.

دکتـۆر عەبدولـڕەحمان بـەزازی سـەرۆك وەزیـران پڕۆژەیەکـی گـەورەی داڕشـت کـە بریتـی بـوو لـە بەکارهێنانـی تاڵەبانـی هـەم لـە ڕووی سـەربازی و هـەم لـە ڕووی سیاسـییەوە: جـەلال جۆرێـك لـە دڵسـۆزی و گوێڕایەڵـی تێـدا بـوو بەرامبـەر حکومـەت. بـەڵام لاوازی تاڵەبانـی و هەڵاتـن و وازهێنانـە زۆرەکانـی جاشـە نوێیـەکان و ناحاڵـی و تێنەگەیشـتنی بەرپرسـە سـەربازیەکان و سـوپا لـە دەسـەڵاتدا ڕێگـەی بـە سـەرۆك

وەزیـر نـەدا سـوود لـە بارودۆخەکـە وەربگرێـت.

لـە ئێسـتادا تاڵەبانـی ڕۆڵـی ئـەو خزمەتـکارە بـاش و دڵسـۆزە کـوردە دەگێڕێـت کـە لێدوانەکانـی لـە ڕۆژنامـە عەرەبیەکانـدا بڵاودەکرێنـەوە گەرەنتـی پڕۆپاگەنـدەی حکومـەت دەکـەن.

جـەلال سـەرکردایەتیی ئەندامێکـی پارتـی هێشـتەوە کـە ئۆرگانـە ناوەندییەکـەی نـاوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی هەڵگرتـووە: خەبـات. ئـەم حزبـە لـە ٢٨ی ئـاب تـا ٢ی ئەیلوولـی ١٩٦٦ لـە ژێـر پاراسـتنی فیرقـەی پێنجەمـی عێـراق کۆبوونەوەکانـی لـە گونـدی تـیمار ئەنجـام دەدا. لـەو کاتـەدا بڕیـاری گرنـگ و نیشـتمانی دران. کەمتریـن قسـە لەبارەیانـەوە بکرێـت ئـەم بڕیارانـە جێـی سەرسـوڕمانن. بـە زمانێکـی تونـد نـووسراوە کـە ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتی سـەرکۆنە دەکات و حزبـی شـیوعی و ژەنـەڕاڵ بارزانـی پشـتیوانی پارتیـان بـۆ حکومەتـی ناجـی تالیـب دوپاتکـردەوە و ڕێگـە بەخۆیـان دەدەن دان بـە پرەنسـیپی هـاوکاری لەگـەڵ حزبـی بەعسـدا بنێـن.

ڕۆژی دووشـەممە کـە دەکاتـە ١٠ی تەمـووزی ١٩٦٧، ژمـارە ٣٦٩، هەشـتەمین سـاڵی ڕۆژنامـەی ئەلحوریـە "ئـازادی" ی لایەنەگـری نـاسری لـە بەیـروت بڵاوکرایـەوە، کـە بـۆ شـکۆی عروبـە و خەباتـی دژ بـە زایۆنیـزم و ئیمپریالیـزم نووسرابـوو. وێنەیـەك لـە سـەرەوەی لاپەڕەکـە دوو جەنـگاوەری بەهێـز لـە تەنیشـت یەکـەوە نیشـان دەدات: کوردێـك و عەرەبێـك. ئـەم وتـارە لەلایـەن جـەلال تاڵەبانییـەوە نـووسراوە.

هەرچەنـدە بـە ئـازار و خوێنـاوی دەرکەوێـت، " بۆیـە هیـچ شـتێك سەرسوڕهێنەر نییـە و هیـچ شـتێکی نـوێ نییـە و هیـچ شـتێکی ترسـناك لـەم نەخۆشـییە منداڵانەیـەدا نییـە... ئـەم نەخۆشـییە بەبـێ مەترسـی تێدەپەڕێـت، دوای ئـەوەش جەسـتە بەهێزتـر دەبێـت[1]".

هەروەهـا ئامـاژەی بەوەشـکردووە: "ئـەم چەمکـە چەپگەراییانـەی بەڕواڵـەت شۆڕشـگێڕانەن، لـە شۆڕشـگەرایی بـێ ئەنـدازە تونـدڕەوی تایبـەت بـە ڕۆشـنبیرە بچووکـە بۆرژوازیـەکان و کۆنەپەرسـتیی جوتیارانـی وەك بەرهەمهێنـەری بچووکـەوە سـەرهەڵدەدەن. کاتێـك بیـر لـە هـەر پرسـیارێك دەکەنـەوە، تەنیـا بەشـێکی دەبینـن..."

(١) لینین: نەخۆشـی منداڵانـەی کۆمۆنیزم. نەخۆشـی منداڵانـەی کۆمۆنیـزم یـان "چەپگەرایـی" کتێبێکی لینینـە و لـە ١٢ی ئایـاری ١٩٢٠ بڵاوبۆتـەوە.

سـەبارەت بـە شۆڕشـی کـورد، قەیرانەکـە لـە سـەرچاوەی پاکتـاوی ناوخۆیـی و سـاتەوەختی خاڵێکـی وەرچەرخـان بـوو کـە دەسـتپێکی گۆڕانـکاری و بازدانێـك لـە ئاسـتی ئەخلاقیـدا نیشـان دەدا کـە کاریگـەری لەسـەر دوو ئاسـت هەبـوو: لەسـەر ئاسـتی هەڵوێسـتەکان و لەسـەر ئاسـتی دامەزراوەیـی.

## پێکهاتە و هەیکەلی شۆڕش

## پێکهاتە و هەیکەلی ڕێکخستن و بڕیاردان

لە هاوینی ١٩٦٤ قەیرانی تاڵەبانی بەتەواوی گەیشتە لوتکە. ترس و دڵەڕاوکێ بە تەواوی بڵاو ببۆوە. کەسایەتییە هەلپەرستەکان نازانن پشتگیری لە کێ بکەن. ئەوان لە بارزانی دەترسن، لە هەمان کاتدا دوودڵن لە گرەوکردن لەم بارودۆخە. حزب خۆی لە ناو وەسوەسە و گێژاوی نادڵنیایی ناتوانێت خۆی دەرباز بکات. ئایا شۆڕش لەناو دەچێت، لەکاتێکدا زۆر ناجێگیر و بەدەست کۆمەڵێك کێشە دەناڵێنێت و ئاستەنگ بەرۆکی گرتووە و زیانێکی زۆری پێگەیشتووە؟ پزیشکێکی گەنج دەڵێت:

— ڕێکخستن و بە دامەزراوەیی کردن بۆ شۆڕش زۆر گرنگ و پێوستییە هەر وەك سوپا گرنگە.

ئەو پزیشکە تاکە کەس نییە کە ئەم بۆچوونەی هەیە. شۆڕش لەناکاو و چاوەڕواننەکراو تەقیەوە و بوو بە توندوتیژی و هەمووانی بردە دەرەوە. بێجگە لە بارزانی. بە مشتێکی پۆڵایینەوە خۆی ڕێکخست و خۆی لە بارودۆخێکی ناهەموار دا و بە هەمان هەست و سۆزی شەڕەکانی یەکەمدا خۆی ڕێکخستەوە و کۆکردەوە. دەبوو لە ژیاندا بمێنین و بەردەوام بین. مانەوە پێویستی بە دەستێکی پۆڵایین هەیە.

ئەم نیمچە دیکتاتۆرییە ڕۆڵی ڕاگری لە باڵەخانەیەکی ئاڵۆز و هەندێکجاریش جیاوازدا گێڕا. پاشان شەڕیش هاتە ئاراوە و ئینجا هەڵمەت و پەلامارە کوشندەکان و شۆڕشیش بە تەمەن داچوو. ڕەوت و ئاڕاستەکان و هەڵوێستەکان بوونەتە جێگەی مشتومڕ و ململانێ و ناکۆکی. لە کۆتایی قەیرانەکەدا پێویست بوو کە ئەم ڕاگرە بە چوارچێوەیەك و بناغەیەکی یەکگرتوو بگۆڕدرێت.

پەرەپێدانی پێکهاتەکە بێ کێشە و گرفت نەبوو. گرنگ ئەوە بوو کە جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو هێزانەی کە چالاکن لە جەستەی شۆڕشدا، کە بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێن:

— نیشتمانپەروەرە بۆرژوازییەکان و خاوەن زەوی وجوتیار و گوندنشینان: پێکهاتە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی خەباتن، کە لە نێوانیاندا قەشەی نەخوێندەواری نێستۆری و ئاغای کۆنەپەرست هەیە.

- لەشـکری شۆڕشـگێر لـە خۆیـدا ئاوێتەیەکـی هەمـە چەشـن بـوو، چونکـە لـە ژێـر هەمـان جلوبەرگـی یەکپـۆش پێکهاتـووە لـە: لایەنگـران و پارتیزانـی کۆنـی ئەفسـانەی کۆمارییـەکان و گوندنشـینە گەنجـەکان و ئەندامانـی حزبـی پارتـی و ئـەو ئەفسـەرانەی لـە سـوپای حکومـەت ڕایـان کردبـوو.
- پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کــە هەوێــن و داینەمــۆ بەنرخەکــەی خەبــات و تێکۆشـانی گـەل بـوو، بەرپرسـیارێتی ئـەو حزبـە بـوو گەلـی کـورد بـەرەو ئـەو ئامانجانــە ببــات کــە زامنــی داهاتــووە.

بارزانـی بـە درککـردن بـە گرنگـی ڕێکخراوێکـی شۆڕشـگێڕی ڕاسـتەقینە، بڕیاریـدا "کۆنفرانسـی جەمـاوەری" لـە **خانیـا** سـازبکات. ئـەم کۆنگـرە شۆڕشـگێڕییە لـە ڕۆژانـی ٩ تـا ١٧ی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٤ بـە ئامادەبوونـی: " سـەرکردەکانی پارتـی و فەرمانـدە سـەربازیەکان و سـەرۆك عەشـیرەتە نیشـتمانپەروەرەکان و شـاندێك لـە مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی سـوریا و سـەرۆکی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا و سـکرتێری کۆمیتـەی پاراسـتنی گەلـی کـورد و دواجـار نوێنـەری بـرا مەسـیحییەکانمان لـە کوردسـتان و ژمارەیـەك میوانـی بەڕێـز کۆبوونەوەکانـی خـۆی بەڕێـوە بـرد کـە بەشـدارییان لـە شۆڕشـی کـورد[1] کـردووە".

دوای وتـاری پێشـەکی و کردنـەوەی کۆنگـرە، ئەندامانـی ئەنجومـەن بەسـەر پێنـج لیژنــەدا دابــەش دەکرێــن، "بەمەبەســتی دابینکردنــی یاســا و ڕێســای شۆڕشــگێڕانەی کوردســتانی عێــراق": لیژنــەی دەســتووری و لیژنــەی دادوەری و لیژنــەی ســەربازی و لیژنــەی کارگێــڕی و لیژنــەی دارایــی.

ئەمـە "قۆناغێکـی مێژوویـی نوێیـە لـە ژیانی شۆڕشـە شـکۆمەندەکەماندا". شۆڕشـی کورد بە هاتنـەدەرەوە لـە ناخۆشـیەکانی قۆناغەکانـی سـەرەتای تەمەنـی، لـە دانانـی بـەردی بناغـەی ئۆتۆنۆمـی کەسـی نزیـك دەبێتـەوە. شۆڕشـێکی تایبەتـی لـە جۆرێـك لـە شـیکردنەوەی خـود و ڕەخنەگرتـن لـە مۆدێلەکانـی پێشـوو ئەنجـام دەدات کـە ڕێگـەی پێـدەدات ڕەفتارەکانـی خـۆی ڕێکبخاتـەوە و پڕۆژەیەکـی یەکلاکەرەوە پەرەپێبدات کە لەگـەڵ بارودۆخی ناوخۆییدا بگونجێت.

---

(١) بەیاننامەیەکـی ڕۆژنامەوانـی لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێراقـەوە لـە ٢٥ی تشرینـی یەکەمــی ســاڵی ١٩٦٤.

لیژنــەکان لــە دانیشــتنە درێژخایەنەکانــی کارکردنیانــدا گەیشــتنە پێناســەیەك بــۆ دەســەڵات کــە هــەم لەگــەڵ نموونــەی دیموکراســی شــۆڕش و هــەم لەگــەڵ بارودۆخــی نائاســاییدا دەگونجێــت. بەڕاســتی پێویســت بــوو وەڵامــی پێویســتی نوێنەرایەتــی جەماوەری و هەروەهــا یــەك ڕەوتــی و یــەك ســەرکردایەتی بدرێتــەوە، کــە لــە ئەســتۆی بەتواناتریــن هێــزە شۆڕشــگێڕەکاندایە . بێجگــە لــەوەش، وێــڕای داننــان بــە ئەرکــە ئیمتیازییەکانــی پارتــی کــە بزوێنــەری سیاســی و پەروەردەییــە، کــە پێویســتیش بــوو لــە دامەزراندنــی "دیکتاتۆریەتــی حزبــی" دوور بخرێتــەوە کــە تەنیــا ململانێــی ئاراســتەکان گەورەتــر دەکات و "یەکێتــی نیشــتیمانی" لەنــاو دەبــات.

لەبــەر ئــەم هــۆکارە جیاوازانــە، دوو دەســتەی جیــاوازی بەیەکــەوە بــەستراو دروســتکران: ئەنجومەنــی فەرماندەیــی شــۆڕش، وەك جۆرێــك لــە پەرلەمــان کــە نوێنەرایەتــی دانیشــتوانی کوردســتان دەکات و دەســتەی کارگێــڕی کــە دەســەڵاتی ســنوورداره لەلایــەن لیژنــەی پێشــووەوە هەڵدەبژێردرێــت.

ئەنجوومەنــی فەرماندەیــی شــۆڕش لــە ئێســتادا لــە ٦٣ ئەنــدام پێکدێــت. ژمــارەی کورســییەکان ســنووردار نییــە. ئــەم ئەنجومەنــە پێــك دێــت لــە : ٢٧ ئەندامــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانی عێــراق، لەوانــەش کۆمیتــەی ناوەنــدی و نوێنــەری هــەر کەمینەیەك لەخــۆ دەگرێــت: باوکــە پــاول بایــدەر لــە مەســیحییە کلدانییــەکان و بەڕێــز ئانــدرێ، قەشــەی نێســتۆری و ســەرکردەی هێزەکانــی تــر کــە ژمارەیــان یــازدە کــەس بــوو. نوێنەرانــی جەنگاوەرانــی عــەرەب لــە ڕیزەکانــی شــۆڕش و کەســایەتییە ســەربەخۆکانی کــورد، چ مەدەنــی و چ ســەربازی بێــت و ســەرکردە خێڵەکیــە نیشــتمانپەروەر و نەتەوەییــەکان. ئــەو کەســانەی ســەر بــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتانن، ئــەوان زۆرینــەن.

ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش چــوار مانــگ جارێــك کۆدەبێتــەوە. شــەڕ و جەنــگ ئاســانکاری بــۆ کۆبوونــەوە گشــتییەکان نەدەکــرد. بۆیــە ئــەم ڕیتمــەی کۆبوونــەوەکان بــە شــێوەیەکی ڕێــك و ئاشــکرا ناتوانرێــت جــێ بەجێبکرێــت.

دەســتەی کارگێــڕی کــە بــە مەکتــەب تەنفیزیــش نــاسراوە لەلایــەن ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی شۆڕشــەوە هەڵدەبژێردرێــت، لــە ١٨ ئەنــدام پێکهاتــووە ١٢ کەســیان ســەر بــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتانن. ئــەم دەســتەیە چەقــی شۆڕشــە. کارکردنیــان

بەشـێوەیەکە کـە پەیوەندییەکـی زۆر نزیکیـان لەگـەڵ پارتـی و ژەنـەڕاڵ بارزانـی هەیـە، ئـەو کەسـەی بـۆ سـەرۆکایەتی ئەنجومەنـی فەرماندەیـی شـۆڕش هەڵدەژێردرێـت، نوێنەرایەتـی نوخبـەی سیاسـی و ئیداریـی ئەمـڕۆ، بـە دڵنیاییـەوە نوێنەرایەتـی داهاتـووش دەکات. سـکرتێری دەسـتەی کارگێـڕی، حەبیـب محەمـەد کەریـم، سـکرتێری پارتـی دیموکراتـی کوردستانیشـە. "گەنجـی کـورد" لـەوێ ئەرکـە سـەرەکیەکان دەگرنـە ئەسـتۆ، لەگـەڵ فێربوونـی حکومڕانـی و بەڕێوەبردنـی دەسـەڵات لەنـاو کۆمەڵگەیەکـی کادرانـدا کـە تێکـڕای تەمەنیـان کـەمترە لـە ٤٠ سـاڵ. پیشـەی پێشـووی گروپەکـە گرنگـن: ١ مامۆسـتای پێشـووی ئامادەیـی و ٢ پزیشـك ٤ ئەندازیـار و ١ خـاوەن موڵـك و زەویـوزاری زۆر و ١ قەشـەی کلدانـی و ١فەرمانبـەری پۆسـتە و تەلەگـراف و تەلەفـۆن و ٢ پارێـزەر و ٦ ئەفسـەری چـالاك.

دەسـتەی کارگێـڕی شـوێنی جێگیـر و دیاریکـراوە وەك کەمپێکـە کـە نزیکـەی سـەد کەسـی تێدایـە. ئـەم دەسـتەیە لەلایـەن بەرگـری دژە فڕۆکـە و سریەیەکـی پێشـمەرگەوە بەرگـری لێدەکرێـت، دەسـتەی کارگێـڕی ئامانجێکـی سـەرەکی هێرشـەکانی حکومەتـە. بۆیـە کەمپێکـی زیندانـی عەرەبـی لـەوێ زیـاد کـرا، ئەمـە وەکـو قەڵغانـی دووەم وایـە لـە دژی بۆردومانەکانـی حکومـەت، بـۆ پاراسـتنی هاووڵاتیانـی خۆیـان، ناچـارن خـۆ لـە بۆردومـان کـردن بەدووربگـرن.

ژیانـی ڕۆژانـەی دەسـتەکە لەژێـر نیشـانەی کاری سـەخت و ناڕەحەتـی ئابووریدایـە. لـە هاوینـدا لـە شـێوەی نمایـش ئاسـا هاتوچـۆی بەردەوامـی سـەرکردە سـەربازییەکان و جوتیـار و گونشـینان و داواکاران و بێوەژنـەکان و پەنابـەران و کەمدەرامەتـەکان بەڕێوەدەچێـت. ئـەو کێشـانەی دەبـێ چارەسـەر بکرێـن لـە چەندیـن گرفـت و کێشـە پێکهاتـووە. ئـەوان لـە کێشـە و گرفتـی تاپـۆوە دەسـت پێـدەکات تـا دەگاتـە خانەنشـینی کـە بـە کەسـوکاری قوربانیانـی شـەڕ دەدرێـت.

بێجگـە لـە بەڕێوەبـردن و ئیدارەدانـی مەدەنـی، پرسـە سـەربازیەکانیش تاووتـوێ دەکرێـن: دابینکردنـی هـاوەن بـۆ ناردنـی میحـوەر و بەرەکانـی شـەڕ و دابینکردنـی تەقەمەنـی و کڕینـی چـەك لـە دەرەوەی وڵات یـان لـە عێـراق و کڕینـی خـۆراك و پێداویسـتی ڕۆژانـە و قومـاش، یـان پـێڵاوی پلاسـتیکی.

ئەندامێکـی دەسـتەی کارگێـڕی ئەرکـی پێشـوازیکردنی ڕۆژنامەنووسـان و چاودێرانـی بیانـی هەیـە: ئەرکێکـی سـەخت و پـڕ لـە کێشـە و گرفـت و تەڵەیـە: شۆڕشـی کـورد توانـای هەڵگرتنـی هەڵەیەکـی سیاسـی یـان دیپلۆماسـی نییـە. ئەندامەکانـی دیکـە هەریەکەیـان بەرپرسـیارن لـە کاروبـاری دارایـی و دادپـەروەری و هەواڵگـری و تێکدانـی تۆڕەکانـی ڕادیـۆ و چاپەمەنـی.

ژیانـی هاوبەشـی ئـەم پیاوانـە کـە بەهـۆی ئـەو بارودۆخـەی هاتۆتـە پێـش بـێ خێـزان و زگورتیـن، ئەمـەش هەسـت و ڕوحیەتێکـی سـەربەخۆییان پـێ دەبەخشـێت. لـە کاتـی ئاشـتی و ئارامیـدا، ژنەکانیـان یـان کوڕێـك یـان دایـك و باوکیـان دەتوانـن سـەردانی کەمـپ و ئـۆردوگا سـەربازییەکانیان بکـەن، بـەڵام کات و مـاوەی مانەوەیـان هەمیشـە کـورت و خێـرا دەبێـت.

پێکـەوە خواردنـی ژەمـەکان و گفتوگـۆ و کۆبوونەوەکانـی کار لـە کەشـێکی شـەڕ و هەژاریـدا، وایکـردووە ئـەم پیاوانـە لـە کاری تیمـی و برایەتـی ڕاسـتەقینە ئەزمـوون پەیـدا بکـەن. هەمەجـۆری هەسـتەکان لـە چالاکییەکانـی کات بەسـەربردن و بچووکتریـن وردەکارییەکانـی ژیانـی ڕۆژانـەدا دەردەکـەون: عەقیدێـك لـە قـەد پاڵـی لێژایـی دۆڵەکـە چادرەکـەی دادەنێـت و پزیشـکێك بـە مێتـۆدی ئەسـیمیل[1] لـە مـاوەی دوو مانگـدا فێـری زمانـی فەڕەنسـی دەبێـت. هەواڵـەکان لـە ڕادیـۆ بیانـی و عەرەبـی و ئیسرائیلـی (تەواوتریـن) و ئینگلیـزی و فەڕەنسـی بـە وردی تۆمـار دەکرێـن و سـەرنج و کۆمێنتیـان لەسـەر دەدرێـت. ئەندازیارێـك پەرتووکـی (les mots)[2]ی ژان-پـۆل سـارتەر بـە وەرگێڕانـی ئینگلیـزی دەخوێنێتـەوە. زۆرێـك لـە پێشـمەرگەکان خەریکـی یـاری شـەترەنجن.

هەروەهـا دەسـتەی کارگێـڕی سەرپەرشـتی دوو دامـەزراوەی تـر دەکات کـە لـە بـاج و دادپـەروەری بەرپرسـن.

---

(١) ئەسـیمیل (بـە ئینگلیـزی: Assimil) چاپخانـە وخانـەی بڵاوکردنـەوەی فەڕەنسـییە بـۆ فێربوونـی زمانـەکان، لـە سـاڵی ١٩٢٩ لەلایـەن ئەلفۆنـس چێرێـل دامـەزراوە.

(٢) Les Mots : ناونیشـانی ژیاننامەیەکـە کـە لەلایـەن ژان-پـۆل سـارتەرەوە لـە سـاڵی ١٩٦٣ لـە گۆڤارێکـدا بڵاوکراوەتـەوە پاشـان لـە سـاڵی ١٩٦٤ بـە شـێوەی کتێـب لەلایـەن گالیماردەوە. دەقەکـە بـۆ یەکەمجـار لـە گۆڤارەکـەی Les Temps Modernes دەرکـەوت، لـە ژمـارە ٢٠٩ (تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٣) و ژمـارە ٢١٠ (تشرینـی دووەمـی ١٩٦٣).

بــاج و ســەپاندنەکە ڕەمــزی نییــە. بەشــداری چالاکانــە و مــاددی گوندنشــین و کرێکارانــی شــار، ڕێگــە بــە مانــەوەی شــۆڕش دەدات و بوونی کادری هەمیشــەیی مسۆگەر دەکات. بــڕی باجەکــە جێگیــرە کــە دەکاتــە: ٪ ٥ ی بەرهەمــی کۆکــراوە و دروێنــە. دەکرێــت ئــەم ڕێژەیــە لەلایــەن فەرمانگــەی باجــی دەڤەرەکــەوە پێداچوونــەوەی بــۆ بکرێــت کــە نوێنــەری شــۆڕش و ئەندامێکــی حــزب و کەســایەتییەکی ناوخۆیــی لەخۆدەگرێــت. لــە ڕاســتیدا بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەو بەخشــینانەی جوتیــاران دەیکــەن، زۆرجــار بەشــداریکردنیان هاوتایــە لەگــەڵ چارەکێکــی بەرهەمەکانیــان. باجەکــە یــان بــە شــێوەی مــاددی، واتــا بەرهەمــی سروشــتی وەك (برنــج و تووتــن وگەنــم و پەلــەوەر) دەدرێــت، یــان بــە دەگمــەنتر بــە شــێوەی پــارەی کاش (بــۆ نموونــە ئەمــەش کاتێــك دەتوانرێــت تووتــن بفرۆشرێــت). لەشــکری شۆڕشــگێڕ یــان خــودی کادیــرەکان مافــی داواکردنــی بەرهەمــی گوندنشــینانیان نییــە: هــەر کەلوپــەل و پێداویســتی کڕینێــك دەبێــت پــارەی بــۆ بدرێــت.

ڕێکخســتنی دادپــەروەری نموونــەی شۆڕشــگێڕانە بــۆ کــردار وەردەگیرێــت و ڕەنگدانــەوەی ئەخلاقــی نوێیــە لــە پێوەرەکانیــدا. نزیکــەی ٢٠ دادگای مەدەنــی لــە کوردســتان دەســەڵاتی دادوەرییــان هەیــە کــە لــە ســەرووی ئەوانــەوە دادوەرێکــی پێشــووی حکومــەت یــان کەســایەتییەکی پارتــی هەیــە کــە لەلایــەن دەســتەی کارگێڕیــەوە دیــاری دەکرێــت. تاوانبــارەکان بــە پێــی یاســای شارســتانی عێــراق دادگایــی دەکرێــن. ژێرخانــی دادوەری هــەر لــە یەکــەم کاتژمێرەکانــی شۆڕشــەوە دانــرا: لــە ڕاســتیدا خەباتــی چەکــداری دەتوانێــت هانــدەری تاوانــە "نیشــتمانپەروەرییەکان" بێــت کــە پاڵنەرێکــی قووڵیــان تەنیــا تۆڵەکردنــەوە یــان ڕکابەریــی و ململانێــی بنەماڵەیــی بــوو. هەمــوو ئــەو تاوانانــەی ســزاکەیان لــە ســزای ســێ ســاڵ زیاتــرە، بــە دادگای ســەربازی دادگایــی دەکرێــن. دادگای ســەربازیی شــۆڕش یــان دادگای بــاڵای شــۆڕش کــە لــە ســاڵێکی مێژوویــی دروســتکرا واتــا لــە ســاڵی ١٩٦٤ دامــەزراوە، تاکــە دەســەڵاتی دادوەرییــە بــۆ حکومــدان لەســەر ئــەو تــاوان و پێشــێلکاریانەی هەیــە کــە دژی شــۆڕش ئەنجامــدراون: تاوانــە سیاســییەکان و ســیخوڕی و تیرۆرکردنــی کەســایەتیە ســەربازیەکان و خیانــەت. دانیشــتنەکانی دادگای ســەربازی لــە مــاوەت بەڕێوەدەچێــت. تۆمەتبــار دەخرێتــە بــەردەم دادگا، بــە گوێگرتــن لــە شــایەتحاڵەکان و لێپرســینەوە لەگــەڵ تۆمەتبــار خــۆی

بــە هــاوکاری پارێزەرێــك کــە بــە دڵــی خــۆی هەڵیدەبژێرێــت، تۆمەتەکــە دیــاری دەکات، تەنانــەت ئەگــەر پارێزەرەکــە بیانیــش بێــت. دادگا دەبێــت دۆســیەی داواکاری گشــتی بســەلمێنێت. تۆمارەکانــی دانیشــتنەکانی دادگا ئەرشــیف دەکرێــن و دەتوانرێــت ڕاوێژیــان پــێ بکرێــت.

زۆربــەی پڕۆســە ئاســاییەکانی دادگای بــاڵا بریتییــە لــە دادگاییکردنــی ئــەو کەســانەی ســیخوڕی بــۆ حکومــەت دەکــەن. زۆرتریــن جــار بەپێــی یاســا ســەربازییە نێودەوڵەتییــەکان ســزای لەســێدارەدانیان بەســەردا ســەپێنراوە. "ســیخوڕە بچووکــەکان" بــەو کەســانە دەڵێــن کــە زانیاریــدەرن و زیاتــر لــە هەواڵــدەر دەچــن نــەك بریــکار، ئــەم جــۆرە کەیســانە کــەم تــا زۆر تووشــی ســزای درێژخایــەن دەبــن کــە ماوەکــەی لــە نێــوان: ٤ بــۆ ٢٠ ســاڵ زیندانیکردنــە. تەنیــا ئــەو کەســانەی بــۆ شــۆڕش بــە مەترســیدار دادەنــران، گولەبــاران دەکــران، بــە پلــەی یەکــەم ئــەو جاشــانەی دەســتدرێژی و ئەشــکەنجەدان و توندوتیــژی یــان تاڵانکردنیــان ئەنجامــدەدا.

شۆڕشــی کــورد هەرگیــز نەیویســتووە حکومەتێکــی کاتــی یــان هیــچ دژە حکومەتێــك پێکبهێنێــت. ئــەو دامودەزگایانــەی لــە کوردســتانی ڕزگارکــراو دایانمەزرانــدووە، تەنیــا ئامانجیــان ئەوەیــە شــۆڕش بکرێــت و خۆیــان بەدووربگــرن لــە ئاژاوەگێــڕی و بــێ ســەروبەری. ســەبارەت بــە شــۆڕش، بابەتەکــە پرســی دانانــی وەزیــر نییــە، بەڵکــو پرســی ســەرکەوتن و ڕێکخســتنە.

## لەشکری شۆڕش

"تا ئەو ئاستەی جەنگەکە درێژخایەن و سەخت بێت، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی مەفرەزە و باڵە پارتیزانییەکان هەست و بەهای پێویست بەدەستبهێنن و بەرە بەرە دەگۆڕدرێن بۆ یەکەی ئاسایی. لە ئەنجامدا، فۆرم و شێوەکانی شەڕ کە بەکاریان دەهێنن هەنگاو بە هەنگاو لە شێوەکانی شەڕی یەکە ئاساییەکان نزیك دەبنەوە، بەم شێوەیە جەنگی پارتیزانی گەشە دەکات و بەرەو پێش دەچێت و دەبێتە جەنگێکی مانۆڕ."

**ماو تسێ-تونگ**

**جەنگی شۆڕشگێڕانە**

بەدیهێنانی واقیعی شۆڕشگێڕانە، بەشێکی ئەو هێزەی ڕێگەی پێدا بمێنێتەوە، ئەوە هێزی پێشمەرگەیە کە تاکە ئامرازی فشار پێکدەهێنێت کە شۆڕش خاوەنییەتی.

پێشمەرگە: " پێش مردن یان پێش مەرگ ". پێشمەرگە بە هیچ شێوەیەك مانای خۆکوشتن یان کردەی خۆکوژی نییە، بەڵکو بە مانای: ئەگەری مردن وەک گریمانەیەکی ئازادانە بە ڕوونی قبوڵکراوە.

دەستەواژەی " پێشمەرگە" لەلایەن پارتییەوە دروستکراوە. لە ڕۆژانی سەرەتای مێژووی خوێناوی شۆڕشی ١٩٦١دا، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان پێش گرووپە پەڕاوێزخراوەکانی گوندنشینان یان پێکهاتەکانی تر کەوت کە بەرگریان لە خۆ دەکرد کە لە دەوری چەند خاوەن زەوییەك کۆکرابوونەوە و هەستیان بە پێویستی هەماهەنگی چالاکییەکە کرد. لە میانی دیدارێکی نائاساییدا ئەو بیرۆکەیە سەریهەڵدا:

— دەبێت ڕێگری بکەین لە گوندنشین و جوتیاران تەنیا بۆ ئاغاکان شەڕ بکەن!

— بە دڵنیاییەوە، بۆ ئەمەش پێویستە جەماوەر کۆبکەینەوە و یەکیبخەین.

پیاوێك تێبینی خۆی خستەڕوو و وتی:

— لە ئێستا جوتیارەکان تەنیا شەڕکەری ئەم ئاغا و یان ئەو ئاغان. دەبێت جۆرێکی نوێ جەنگاوەر دروست بکەین کە ببێتە سەرباز و جەنگاوەری شۆڕش.

— پێویستە ناوێکیان بۆ بدۆزینەوە!

بـەم شـێوەیە وشـەی پێشـمەرگە لەدایـك بـوو. خۆبەخشـەکان بـە خێرایـی ڕژانـە نـاو ناوەندەکانـی فەرماندەیـی بـۆ نـاو تۆمارکـردن قەرەباڵغییـان لـە و ناوەندانـە دروسـت کـرد کـە لـە سەرانسـەری وڵاتـدا بڵاوبیوونـەوە و بنکەیـان هەبـوو.

پاشـان کێشـەی چەکدارکـردن و چاودێـری و سەرپەرشـتی کردنـی ئـەم پێشـمەرگانە سـەریهەڵدا. لـە سـاڵی ١٩٦١دا چەکـەکان گەیشـتە نزیکـەی ٥٠٠ پارچـە تفەنگـی کـۆن. پێویسـت بـوو چاوەڕێـی یەکـەم شـەڕ بکرێـت بـۆ دروسـتکردنی جبەخانەیەکـی گەورەتـر لـەو چـەك و تەقەمەنییانـەی لـە مەیدانەکانـی شـەڕ بـە دەسـتهاتوون. تفەنگـی کلاشـینکۆف ورد و ئاسـانە بـۆ بەکارهێنـان کـە مەخزەنەکـەی لـە شـێوەی کەواندایـە و ١٠٠ گوللـەی تێدایـە، کلاشـینکۆڤ هاوشـانی تفەنگـە نیمچـە ئۆتۆماتیکیەکانـی سـێمێنۆڤی ڕوسـیەوە بـوون کـە لـە مـاوەی داگیرسـاندنی جگەرەیەکـدا بـۆ هەشـت پارچـە هەڵدەوەشـێنەوە، هەروەهـا تفەنگـی ئینگلیـزی ٣٠٣. بەشـدارییەکانی چەکـدارەکان بـووە هـۆی ئـەوەی بتوانرێـت ئـەو چەکانـە زیـاد بکرێـت کـە لـە دەرەوە کـڕدراون، لەوانـە چەکـی دۆشـکەی ئەڵمانـی MG 42 کـە لـە هەمـوو وڵاتێکـی جیهانـدا هەیـە و شـەش تۆپهاوێـژی دژە فڕۆکـەی ٢٠ ملـم. تۆپهاوێـژە دژە فڕۆکـە کـە مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٤٣. دواتـر چەنـد ئارپێچیـەك و هاوەنـی قـورس و هەندێـك پارچـە تـۆپ کـۆی شـتەکەیان تـەواو کـرد بەبـێ ئـەوەی چارەسـەری کۆتایـی کەموکوڕیـەکان بـکات. ئـەم چەکانـە تەقەمەنـی گرانبەهـا دەخـۆن. شـایەنی باسـە گولەیەکـی ئـەم ئارپێچییانـە یەکسـانە بـە خەرجـی سـاڵانەی پێشـمەرگەیەك.

ئـەو فیشـەکانە لـە دەرەوەی وڵات یـان لـە سـوپای حکومـەت[1] دەکڕدرێـن و نرخـی یـەك فیشـەك ١٠٠ فلسـە. لـە بارودۆخێکـی سـەختدا لەنـاو سـندوقدا دەگوازرێنـەوە بـۆ بەرەکانـی شـەڕ، ئـەم فیشـەکانە نوێنەرایەتـی سـامانێك دەکـەن کـە لـە دەرەوەی ڕێـژەی بەهـای ڕاستەقینەی خۆیـان پێویسـتی بـە قوربانیـدان هەیـە.

چاککردنــەوە و خاوێنکردنــەوەی چــەك هەرگیــز هیــچ کێشــە و گرفتێکــی دروســت

(١) نـاوی ئـەم ئەفسـەرە عێراقییـە ناهێنـم کـە هەوڵیـدا هاوەنـی فەسـیلەکەی بـە ٤٠ دینـار بفرۆشـێت، بەمەبەسـتی دانـەوەی قەرزێکـی قومارکـردن کـە گـرەوی لەگـەڵ هەڤاڵانـی سریەکەیـدا کردبـوو.

نەکـــردووە: پێشـــمەرگە تـــا ڕادەی دوودڵـــی وریایـــە و زۆربـــەی کاتـــە بەتاڵەکانـــی لـــە هەڵوەشـــاندنەوە و پاککردنـــەوەی چەکەکـــەی بەکاردەهێنێـــت. بـــە ســـوودوەرگرتن لـــە ئەزموونـــی کەســـیی و تایبەتـــی خۆیـــان، هـــەر یەکێکیـــان " فێڵێـــك یـــان بیرۆکەیەکیـــان " داهێنـــاوە بـــە ئامانجـــی ئاســـانکردن و تەواکردنـــی ئـــەم ئەرکـــە گرنـــگ و بنەڕەتییـــەی ماڵـــەوە بـــۆ هـــەر جەنگاوەرێـــك و تەنانـــەت زیاتریـــش بـــۆ هـــەر شـــەڕکەرێکی بەرخـــۆدان. جـــۆش و خـــرۆش و پەرۆشـــی پێشـــمەرگە دەبێتـــە هـــۆی دڵخۆشـــبوونی هـــەر ئەفســـەرێکی مەشـــق و ڕاهێنـــان کـــە لـــە ســـەربازگەیەکی ئەوروپیـــدا خزمـــەت دەکات، ئێســـتاش لـــە کوردســـتان بـــە کامێرامانێـــك پێدەکەنیـــن کـــە بـــۆ مەبەســـتی ســـیناریۆی خـــۆی داوای لـــە پێشـــمەرگەیەکی شۆڕشـــگێڕ کـــرد چەکەکـــەی لـــە بـــەر دەرگای ماڵەکەیـــدا جێبهێڵێـــت و فڕێبـــدات و بەپەلـــە ڕابـــکات بـــۆ ئـــەوەی هاوســـەرەکەی لـــە بـــاوەش بگرێـــت کـــە تـــازە پێـــی شـــاد ببـــووەوە:

— چـــەك هەرگیـــز وازی لێناهێنرێـــت و فڕێنادرێـــت!... تەنانـــەت بـــۆ ئـــەوەی بگـــەی بـــە ئافرەتێکیـــش.

پێشـــمەرگە بـــە لەشـــکرێکی ١٣ هـــەزار و ٤٠٠ کەســـی ڕێکخـــراوە، کـــە بڕیـــارە ببێـــت بـــە ســـوپای پیشـــەیی کوردســـتانی ســـەربەخۆی عێـــراق، بـــە یەکپۆشـــی لـــەو یەکانـــەدا کـــە بـــە شـــێوەیەکی زۆر بـــاش ڕێکخـــراون و شـــەڕ دەکـــەن، لـــە ناوچەیەکـــی جوگرافـــی ســـنووردار کـــە شـــەڕێکی چەکـــداری تێیـــدا ڕوودەدات بـــە ڕوونـــی بـــە بەرەیەکـــی ٦٠٠ میلـــەوە دیاریکـــراوە. ژمـــارەی ئـــەو پیاوانـــەی وەرگیـــراون بـــە هۆکارێکـــی مـــاددی دیـــاری دەکرێـــت کـــە بـــە شـــێوەیەکی لاواز دەردەکەوێـــت: بـــە گوێـــرەی ئـــەو چەکانـــەی لەبەردەســـتدان. ئەگـــەر بودجەکـــەی ڕێگـــەی پێبـــدات، شـــۆڕش ١٠٠ هـــەزار چەکـــداری دەبـــوو، لەکاتێکـــدا ئێســـتا ژمارەکـــەی بـــەرز بۆتـــەوە بـــۆ ١٥ هـــەزار کـــەس لـــەو ژمارەیـــەش نزیکـــەی ٢ هـــەزار پێشـــمەرگەی یەدەگـــی بەســـەر یەکـــە خزمەتگوزارییەکانـــدا دابەشـــکراوە، بـــەڵام لەبـــەر نەبوونـــی چـــەك چەکـــدار نەکـــراون.

ئـــەم ١٣ هـــەزار و ٤٠٠ پێشـــمەرگە چالاکـــە بەســـەر ١٠ فیرقـــە یـــان هێـــز و ١ بەتالیۆنـــی ســـەربەخۆ، کـــە بـــەم شـــێوەیە لـــە کوردســـتان دابـــەش بـــووە:

— هێزەکانـــی ناوچـــەی مووســـڵ (لـــە ٤ هێـــز پێکهاتـــووە: هێـــزی زاخـــۆ و هێـــزی دهـــۆك و هێـــزی ئامێـــدی و هێـــزی ئاکـــرێ). ئـــەم هێزانـــە دەخرێنـــە ژێـــر فەرماندەیـــی کەســـێکی

مەدەنی خەڵکی بارزان، کاك ئەسعەد خۆشەوی کە هاوەڵێکی لەمێژینەی بارزانییە، مەشقی جەنگاوەری لە مەیداندا بە تفەنگێکەوە ئەنجام دەدرا. ئەم چوار هێزە زیاتر لە چوار هەزار پێشمەرگەیان هەیە.

— هێزی ناوچەی باڵەك (لە ٢٠٠٠ پێشمەرگە پێکهاتووە) لەلایەن ئەفسەرێکی باڵای پێشووی تۆپخانە کە عەقید عەبدوڕەحمان قازی فەرماندەیی دەکرێت.

— هێزی سەفین (هەزار و ٩٠٠ پێشمەرگەی تێدایە) ئاسان نییە: شوێنی لە نێوان دوو خاڵی گەرم هەڵکەوتووە: هەولێر و کۆیە، قەڵای حکومەت. لەلایەن کەسێکەوە فەرماندەیی دەکرێت هەم ئەفسەر، هەم نووسەرە: عەقید عەزیز ئاکرەیی، نووسەری فەرهەنگێکی عەرەبی-کوردیە.

— هێزی کاوە (لە ٦٠٠ پێشمەرگە پێکهاتووە) ئەرکی بریتییە لە بەرگری کردن لە باشووری ڕۆژهەڵات کە میلیشیا و جاشەکانی حکومەت لە هاوینی ١٩٦٦، پاشان لە ساڵانی ١٩٦٧ و ١٩٦٨دا هەوڵیان دا بیشکێنن، بەڵام بێهودە بوو. ناچار بوو ڕووبەڕووی ٥٤ هێرشی هێزە تایبەتەکانی جاشەکان بێتەوە کە بە هاوەن و دۆشکە قورسەکان پشتگیری دەکران. فەرماندەکەی "مەدەنی"یە بە ناوی حەسۆ میرخان، کەسایەتییەکی هاوسۆز و ئیرادەیەکی پۆڵایینی هەیە.

— هێزی ڕزگاری (١٣٠٠ پێشمەرگەی هەیە) لە بەنداوی دوکانەوە درێژدەبێتەوە تا باکووری پایتەختی نەوت کە کەرکووکە و ئینجا سلێمانی کە ناوەندی سەربەخۆیی کوردە. ملازم ڕەشید سندی فەرماندەیی دەگرێتە ئەستۆ کە ئەفسەرێکی گەنج هاوکاری دەکات. ڕزگاری لە زمانی کوردیدا بە واتای ئازادی یان ڕزگارکردن دێت. ناو و شوێنی جوگرافیای هێزەکە زۆر شت لەبارەی گرنگییەکەیەوە دەڵێن.

— هێزی خەبات کە بە مانای "جەنگ و تێکۆشان" دێت لە (١٤٠٠ پێشمەرگە) پێکهاتووە لە باکووری ماوتەوە تا باشووری وێستگەی پەمپی خانەقین بە سنووری ئێرانەوە هاوسنوورە. بەشێك لە پێگە و بنکەکانی پێشەوە ١٢٠ کیلۆمەتر لە دەوروبەری بەغداوە دوورن. فەرماندەی ئەم هێزە نەقیبێکی پێشووی پۆلیسە بەناوی: وەهاب ئەتروشی. ئەم شوێنە ستراتیژییە تایبەتە سەختە بۆ بەرگریکردن، لە ساڵی ١٩٦٣دا لە کارەسات ڕزگاری بوو لە لایەن یەکە تایبەتەکانی کوردەوە

کە توانیـان پەیامێکـی نهێنـی شـیبکەنەوە کـە لـە بـارەگای سـەرەکی بەغـداوە هاتبـوو، فەرمانـی بـە هێزەکانـی حکومـەت کـرد مانۆڕێـك ئەنجـام بـدەن کـە ئامانـج لێـی شـکاندنی بەربەسـتی باشـووری سیسـتەمی شۆڕشـگێڕانە.

- هێـزی قـەرەداغ (١٠٠ پێشـمەرگەی هەیـە)، لـە ڕۆژئـاوای هێزەکـەی پێشـووە، لەلایـەن مـلازم تاهیـر والـی فەرماندەیـی دەکرێـت. بەرپرسـی باشـووری کەرکـووک و باشـووری سـلێمانییە. لـە قـەڵای دەربەندیخـان بەرپەرچـی فەوجێکـی سـوپای عێراقـی دەداتـەوە کـە بـە دڕندەیـی نـاسراو بـوو.
- لـە باشـووری ڕەوانـدوز، بەتالیۆنێکـی سـەربەخۆ ناوچـەی بێتواتـا دەگرێتـەوە و ٦٠٠ پێشـمەرگە پێکهاتـووە و گروپێکـی ئامادەبـاش پێکدەهێنـن مەبەسـت لێـی دڵنیابوونـە لـە پاراسـتنی ئـەو بنکـە فەرماندەییانـەی لـە نزیکیـەوە هەڵکەوتـوون.

بـۆ تەواوکردنـی سـەرژمێریەکە، بـا ئـەوەش زیـاد بکەیـن هـەر بەشـێکی حـزب نزیکـەی سـەد پێشـمەرگە لەخۆدەگرێـت کـە زۆربەیـان بـە نهێنـی دەژیـن و لـە یەکـەی گـەڕۆك پێکهاتـوون. ئەرکـی ئـەوان پەیوەندیکردنـە لەگـەڵ خاڵەکانـی پشـکنین و مامەڵەکـردن لەگـەڵ هـەر ئەگـەر و پێشـهاتێك: لـە شـارەکاندا، وەك قاچاغچـی عەرەبـە هەڵاتـووەکان و سـیخوڕەکان یـان تیرۆریسـتانەکان کاردەکـەن، لـە ئەگـەری تۆڵەسـەندنەوە کـە لەلایـەن بـارەگای سـەرەکیەوە فەرمانییـان پـێ دەدرێـت.

بێجگـە لـەوەش، هاوتـای هێـز سریەیەکـی بچـووك لـە بـارەگای ژەنـەڕاڵ بارزانـی و دەسـتەی کارگێـڕی لـە ئەرکدایـە.

**ڕێکخستنی گشتی یەکەکان بەم شێوەیە:**

هێـز (یـان فیرقـە) بـەم شـێوەیە دەبـەش دەبێـت بـۆ بەتالیـۆن (کەتیبـە): ٣ بـۆ ٩ لـق و ئینجـا لـق (سریـە): ١٠٠ بـۆ ١٥٠ پێشـمەرگە، دواتـر پـەل (فەسیلە): ٣٠ بـۆ ٥٠ پێشـمەرگە.

بەدواداچـوون بـۆ پلانـی بەرگـری کـورد، ناوچەیەکـی ڕۆشـنی بێلایەنـی سـەیر ئاشـکرا دەکات کـە لـە باکـوری کوردسـتانی عێراقـدا دیـارە، ئەویـش دەڤـەری بارزانـە. بـارزان، شـوێنی لـە دایکبوونـی ژەنـەڕاڵ بارزانـی و سـەرکردەی ئێسـتای شـێخ ئەحمـەدە کـە بـرای گـەورەی ژەنەڕاڵـی کـورد مسـتەفا بارزانییـە، بـارزان خـۆی بـە شـوێنێکی کـراوە دەناسـێنێت و کۆمەڵێـك جەنگاوەریشـی بـە جلوبەرگـی سـەوزەوە پاراسـتووە. لـە کوردسـتانی ئازادکـراودا، بـارزان دان بـەوەدا دەنێـت کـە خـۆی حکومەتێکـە و پارادۆکـس گەشـە پێـدەدات بـە دابینکردنـی هـەردوو یاخیبـوو و دانوسـاندکار بـۆ حکومەتـی عێـراق.

شـێخ ئەحمـەد بێـزار بـوو لـەوەی ببێتـە ئامانجـی هەڵبـژاردەی فڕۆکەوانـە ئینگلیـزەکان و دواتـر عێراقییـەکان، بڕیاریـدا هەوڵبـدات بـرا بچووکەکـەی بـەرەو بۆچوونەکانـی خـۆی ببـات. بـەڵام ئەمـەی دووەمیـان ڕەتیکـردەوە. بـەم شـێوەیە سـووتانی بـارزان وەسـتا، سـوودەکانی شـارێکی پشـوودانی پێشـکەش بـە پێشـمەرگە کـرد کـە ئارامییەکـەی لەلایـەن ئـەو پێشـمەرگانە مسـۆگەر دەکرێـت کـە لـە پێشـەوە شـەڕ دەکـەن. ڕێککەوتنـەکان ڕێگـە بـە هاتـن و ڕۆشـتنی هێلیکۆپتـەر لـە کاتـی "ئاشـتی فەرمـی" دا دەدەن. ناوبەنـاو شـێخ ئەحمـەد لـە نووسـینگەکەی بـۆ هەوڵـی دانوسـتانی مەحـاڵ[1] کەڵـك وەردەگرێـت.

---

(١) بـارزان لەمـەدا لـە شـارۆچکەی بـوژی دەچێـت کـە دەکەوێتـە کەنـار دەریـا سـپی ناوەڕاسـت کـە بـە گوتـەی ج. ڕۆی، لـە کاتـی جەنگـی جەزائیـردا وەک شـوێنی پشـوودان بـۆ بـەرەی ڕزگاری نیشـتمانی جەزائیـری سـوودی لـێ وەرگیـراوە.

**فەرماندەیی:**

ئەفسەرانی بێ پلە و پایە، سەرکردە سەربازییەکانی شۆڕش بەهۆی لێهاتوویی و دیسیپلینیانەوە هەڵبژێردران. ئەم بنەمایە دەبێتە هۆی ئەوەی ملازمێکی گەنج ببێتە سەرۆك و فەرماندەی فیرقە و عەقیدێکیش ببێتە سکرتێر. دەستەی ئەرکانی گشتی کەمتەرخەم نابێت لە بیرکردنەوە لە ئەنجامەکان: ماوەی زیاتر لە شەش ساڵە لەشکرێك لە گوندنشین و فەرمانبەرە بچووکەکان بە سەرۆکایەتی ئەفسەرە گەنجە هەڵاتووەکان و کەسە مەدەنییەکان کە ڕێگرن لە ئەفسەرە باڵاکان لەلایەن تەکنیکارانی بیانی ڕاهێنان و مەشقیان پێ کراوە و بێ هێز و بێ ورەیان دەکەن.

ئەفسەرە هەڵاتووەکان لە ڕیزی سوپای حکومەت زۆرن: ٣٦ ئەفسەری پیشەیی چوونەتە ڕیزەکانی شۆڕشی کورد: ٣ عەقید و ٤ موقەدەم و ٤ ڕائید و ٣ نەقیب و ٤ مولازمی یەکەم و ١٨ مولازمی دووەم. هەروەها ١٥ ئەفسەری پۆلیسیش هاتنە ڕیزی شۆڕشەوە (٣ نەقیب و ١٢ مولازمی یەکەم و مولازمی دووەم) لەگەڵ ٨ جێگری ئەفسەری پۆلیس.

لە دەوڵەتدا ئەفسەر ئەو پیاوە بەناوبانگ و کەشخەیە کە ویسکی دەخواتەوە و هەموو ڕۆژێك کراسەکەی دەگۆڕێت و دەتوانێت داوای پۆستی وەزیر بکات. یاسا و ڕێسا سەربازییەکان کێشەکانی فەرماندەیی چارەسەر دەکەن و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژێردەستەکانیدا بەڕێوەدەبەن. لە شۆڕشدا پێگەی کۆمەڵایەتی ئەفسەر لە بەرژەوەندی ئەو پێگە کەسییە دەستکردە دەڕووخێت کە هێزی مەچەك دروستی دەکات. تەنیا بەها و کاریگەری کەسەکە ڕۆڵی هەیە.

ناوی باوی پێشمەرگە کە چ بۆ "سەربازی ئاسایی" و چ بۆ "ئەفسەر" بەکاردێت، نموونەی ئەو شێوازە نوێیەی پەیوەندییە کە لە نێوان فەرماندە و سەربازەکاندا سەریهەڵدا. شۆڕش جێگای ڕێکخستن و ڕێسا و یاسای گرتووەتەوە و چیتر ناتوانرێت لەسەر بنەمای ئەم یاسا و ڕێسایانە فەرمان جێبەجێ بکرێت. سوپایەك کە تێکڕای تەمەن تێیدا ٣٠ ساڵە[١]، ئەزموونی شەڕە ترسناکەکانی هەیە

(١) شتێکی نامۆ نییە لە تەمەنی ١٧ یان ٦٠ ساڵیدا پێشمەرگە ببینیت. کەمترین تەمەنی داواکراو ١٧ ساڵە. نەبوونی یاسای باری شارستانی وا دەکات شکاندنی ئەم یاسایە ئاسان بێت.

کەتێیـدا پێشـمەرگە و تفەنگەکـەی خۆیـان لـە نوقمـی دونیایەکـی خەیاڵـی ناپاڵـم و ترشـی سـولفوریك و تۆپهاوێـژی قـورس دەبیننـەوە، لـە کاتێکـدا فڕۆکـە شـەڕکەرەکانی جـۆری مێگـی ڕووسـی و هۆکـەر هەنتـەری بەریتانـی شـەڕ دەکـەن و هێـرش دەکـەن بەبـێ ئـەوەی خەمـی تەواوبـوون و نەمانـی تەقەمەنیـان بێـت، هێزەکانـی شـۆڕش شـان بـە شـانی یـەکتر ڕیـز وەسـتاون دژی مەترسـیەکان بەبـێ هیـچ بەرژەوەنـدی و هەبوونـی تموحـی مەدالیـا و ناوبانـگ و دەستخۆشـی.

تاکـە نازنـاوی ڕێـز، نازنـاوی - کاکـە - یـە واتـا: بـرا گـەورە. ئـەو نازنـاوە ئێسـتا پێـش نـاوی یەکـەم و نـاوی دووەمـی کەسـەکە دێـت، هـەم پێشـمەرگە و هـەم ئەفسـەر و هەروەهـا جوتیـار و سیاسـەتمەداریش بـەکاری دەهێنـن. ئـەوان ناڵێیـن "عەقیدەکـەم"، بەڵکو دەڵێیـن "کاکـە نـووری". کاکـە هاوتایـە لەگـەڵ "هـاوڕێ"ی حزبـی شـیوعی و لەگەڵ "بـرا"ی شۆڕشـی جەزائیـر یـان کەنیسـەی مەسـیحی: ڕەتکردنـەوەی نەریتـی جیاکارییـە کـە لـە یەکـەم پرسـیارەوە پلەبەندییـەك لـە نێـوان کەسـەکان دادەمەزرێنێـت و بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ پەیوەندییەکـە تێکـدەدات. بارزانـی خـۆی تـووڕە بـوو کاتێـك یەکێـك لـە سـەردانکەرەکانی بـە نازنـاوی ژەنـەڕاڵ بانگـی کـرد:

— بە مستەفا بانگم بکە! وەڵامی گەنجێکی کورد دەداتەوە کە لە سویسراوە هاتبوو.

لەشـکری شـۆڕش بـە دەسـت خراپـی خـۆراك و بـێ مووچـەی جێگیـر و پـێڵاوی خـراپ و هـەژاری تـا ئەوپـەڕی دەناڵێنێـت، بـەڵام هەرگیـز سـیمای سـەربازێکی ناڕێکوپێکـی جەنـگاوەری ڕیـش نەتـاشراو و جەنجـاڵ و بـێ سـەروبەری نەبـووە. یەکپۆشـی جلوبـەرگ کـە لـە زسـتانی سـاڵانی ١٩٦٦-١٩٦٧ بـە جلوبەرگـی خاکـی هاوشـێوەی مۆدێلـی سـاڵی ١٩٤٦ی سـوپای فەرەنسـا بـوو، پێشـمەرگەکان پابەنـد دەکات کـە دڵنیابـن لـە پاراسـتنی.

نەوتـی چراکـە دوکـەڵ دەکات. کواڵێتیەکـەی خراپـە. لـە یەکێـك لـەو فرۆشـیارانە کـرِدراوە کـە بـە گوێدرێژێکـەوە لـە لادێـکان دەسـوڕێنەوە وکەلوپـەل و کاری دەسـتی دەفرۆشـن لەشـێوەی فرۆشـگایەکن ئەوانیـش پێداویسـتییەکانی خۆیـان لـە بارهەڵگـرە گەوەرەکانـەوە وەردەگـرن.

---

بـۆ دامەزراندنـی پێشـمەرگە، پێویسـتە کەسـەکە تەندروسـتی بـاش بێـت و بابەتـی سـزای دادوەری نەبووبێـت و گەرەنتـی ئەخلاقـی و دەروونـی بخاتـەڕوو.

بێدەنگـی شـوێنەکە وا دەکات زیاتـر هەسـت بـە بۆنـەکان بکەیـت. دیـوارە کۆنەکانـی ئـەو خاڵـە سـەربازییە ئەسـتوورە کـە لـە بـەردی قـورس دروسـتکرابوو. لەگـەڵ بۆنـی تەویلـەی گوێدرێـژ و ئەسـپ و لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە ئـەو نەوتـە نیـوە سـووتاوەی کـە لـووت و قـوڕگ دەخورێنێـت و دەکزێنێتـەوە.

پاسەوانەکە چەکەکەی لە دەرگای چوونە ژوورەوە نیشان نادات.

کاکە ڕەشید سندی، فەرماندەی هێزی ڕزگاری، بە پێکەنینەوە دەڵێت:

— جۆنی گیتار!... ئەمە وەزارەتی بەرگرییە.

سـێبەرەکە بـە شـێوەیەك دەموچـاوی خانەدانـی لەسـەر تابلۆیەکـی نامـۆ دەردەکەوێـت: تابلۆیەکـی ڕەنـگ گـۆڕاو کـە کەعبـەی مەککـە دەنوێنێـت و بـە شـەش بزمـار لـە دیوارەکـەدا جێگیـر کـراوە.

— دوێنـێ، لـە قـەرەداغ... (١٣ی تشرینـی دووەم) پێکـدادان ڕوویـدا، ئێمـە یـەك کـوژراو و دوو بریندارمـان هەبـوو. جاشـەکان تەرمـی حـەوت کوژراویـان بەجێهێشـت و دوو کەسـی دیکەشـیان لـێ دەسـتگیرکران و دوو کەسـیان هەڵاتـن...

— چیمان بەدەستهێنا ؟

— ٤ تفەنگ و ١ دەمانچە...

کاکە ڕەشید لەناکاو سەری بەرز دەکاتەوە:

— کاکـە جـۆن، ڕات چییـە لەسـەر ئـەو شـەڕەی حکومـەت بەڕێـوەی دەبـات؟ ئایـا لـە جەزائیـر لەگـەڵ فەرەنسـییەکان هەمـان شـت بـوو؟

عەقیـد عەبدولـڕەحمان قـازی، پیاوێکـی خـاوەن کەسـایەتی، بـە سـەرنج و بایەخـەوە سـەیری هاوەڵەکانـی دەکات. لەکاتـی بیرکردنـەوەدا دەسـت لـە سـمێڵی دەدات. ڕوو لـە هاوڕێکانـی دەکات: عەقیـد نـوری، پیاوێکـی گـەورە کـە لـە شـەترەنجدا سـەرکەوتووە و موقـەدەم عەزیـز عەقـراوی، پیاوێـك کـە سـەربەخۆیی بەرجەسـتە دەکات و نەقیـب یوسـف میـران، پیاوێکـی ئـارام و وریـا، شـارەزا لـە تێکدانـی تۆڕەکانـی پەیوەنـدی. لـە دەوروبەریـان بـە دەیـان ملازم و ئەفسـەری تـر هـەن، کـە بـە وزە و لێهاتوویـی خۆیـان گروپەکـە تـەواو دەکـەن.

دەرگاکـە دەکرێتـەوە. پێشـمەرگەیەك دێتـە ژوورەوە، سـینییەکی فافۆنـی لـە دەسـتە کـە کۆمەڵـێ کـوپ و پەرداخـی چـای لەسـەر ڕیـز کـراوە.

– سوپاس برا...

چا ناخورێتەوە. دەتوانرێت چێژی لێ وەربگیرێت.

– نەقیب کەمال لێرە نییە؟

– نا هێشتا نەهاتووە...

نەقیـب کەمـال نـوعمان فەرماندەیـی لیـوای عەرەبـی شۆڕشـی کـورد دەکات. لـە تەمەنـی ٣٨ سـاڵیدا، لـەم پێگانـە پۆسـتی هەبـووە: ئەفسـەری تۆپخانـە و دادوەرە لـە دادگای گـەل کـە لـە دوای شۆڕشـی ٥٨ لەلایـەن عەبدولکەریـم قاسـمەوە پێکهـێنرا و شـارەزای سـەربازییە لـە باڵیۆزخانـەی عێـراق لـە مۆسـکۆ.

– بڕیارە سبەی نەقیب کەمال لە کۆنگرە قسە بکات.

– دەبێ وتارەکەی ئامادە کردبێت... ئەم تۆپچیانە هەمیشە لە قسە کردن وردبینن.

فەرماندەیـەك کـە سـەردەمانێك ئەندامـی حزبـی شـیوعی عێـراق بـووە کەوچکەکـەی ئاراسـتەی جـۆن دەکات:

– بـە هەرحـاڵ، ئـەو ترسـنۆك نییـە: ئـەو کەسـە بـوو کـە لـە مانگـی ئایـاری ڕابـردوو بـە ١٥٠ پێشـمەرگەی عـەرەب و کـوردەوە هێرشـیان کـردە سـەر لیـوای ٤ لەسـەر چیـای هندرێـن... بەڵـێ، بەڵـێ... ئـەوە ئـەو بـوو...

– ئایا دەزانی کۆمۆنیستە؟... بەڵام بەڕاستی بە مانای وشە کوردیشە ...

ڕەشـید سـندی دێتـە وەڵام و دەڵێـت: لـە هەمـوو حاڵەتێکـدا، ئێمـە کەسـی سـەربازین و مرۆڤـی ئازادیـن: ئێمـە زیاتـر لەوانـی تـر سیاسـەت پراکتیـزە ناکەیـن، بـەڵام دەتوانیـن سـەر بـەو حزبـە بیـن کـە بـە دڵـی خۆمـان بێـت.

چـا پێشـکەش دەکرێـت و دووبـارە دەکرێتـەوە، ئـەو پێشـمەرگەیەی لەئەرکدایـە لـە گۆشـەیەکی ژوورەکـەدا دادەنیشـێت، ئەمـەش پێچەوانـەی ڕێسـاکانی یانـەی ئەفسـەرانە. پاکەتـی جگـەرە لـەو سـەر بـۆ ئەوسـەر دەسـوڕێتەوە: تووتنـی کـوردی لـە کوردسـتان لـە

کارگەکانی سلێمانی پرۆسێس دەکرێت. پاکەتێك کە ٢٠ جگەرەی تێدایە بە ٥٠ فلسە. لە ڕیزەکانی شۆڕش ئەو منداڵەی جگەرە دەفرۆشێت بە ٦٠ فلس دەیفرۆشێت، هەندێکجاریش بە ٧٠ فلس.

نەقیب کەمال هاتە ژوورەوە و سڵاو دەکات و لەسەر دۆشەکێك دانیشت:

- من پرسیار دەکەم ئایا دەستەی ئەرکانی گشتی عێراق ڕوون و ئاشکرایە؟ خەریکی وەسوەسەی شەڕەکانی خۆیەتی لەگەڵ دوژمن و نەیارەکانی.

- کاتێک پێم وایە پلانی هەڵمەتی پێشوومان لە جانتاکەی فەرماندەی لیوای چواردەدا دۆزیەوە! ئەوان زۆر ساویلکەن. ئەوان لە بنەمایەکی دروستەوە دەستیان پێکرد: بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە نزمەکان، دەبێت سەرەتا کۆنترۆڵی بەرزییەکان بکەیت. بۆیە، بۆ بەرەو پێشچوون و تێپەڕین لەسەر ڕێگای ستراتیجی ڕەواندوز، دەبێت سەرەتا ئەو لوتکانە بگرین کە دەوروبەری ئەم ڕێگایەن. بەڵام پلانەکەیان سادە و ئامادە نەبوو: ئەوان خەیاڵیان بۆ پێشکەوتنێکی ڕاستەوخۆ دەکرد، بەبێ ئەوەی خەمی پەیوەندی و لۆجستیك بن. ئەوان پلانی هێرشێکیان داڕشتبوو لە هێڵی ڕاستدا، دەیانگوت: ئەمڕۆ چیای زۆزك دەگرین، ڕۆژێکی تر چیای هێندرێن دەگرین، پاشان لێرە پێشڕەوی دەکەین، پاشان لەوێ... هەموو ئەمانە بەبێ هیچ ڕەچاوکردنێکی کرداری. ئەوە گەمژەییەکی تەواوە، وەك ئەوەی منداڵانی تەمبەڵ ئەم ستراتیجییانەیان پەرەپێدابێت!

عقید نووری بە دەنگێکی گڕ قسەکانی پێ بڕی:

- شێوازی هیندنبێرگ[1] !... عێراقییەکان سوپای خۆیان لە هێزێکی گەورەدا ڕێکدەخەن کە لەلایەن چەند بەشێکەوە پشتگیری دەکرێن و بە شێوەیەکی سەرەکی ڕۆڵی یەدەگ دەگێڕن. مارشال پاول ڤۆن هیندنبێرگ حەزی لەم شتە بوو... سەیر لەوەدایە، وەك ئەوەی بە کردەوەیەکی بە ئەنقەست، ئەڵمانییەکان ئیلهامبەخش بن بۆ زۆر کەس لە ڕاوەدونان و سەرکوت کردنی کورد: ڤۆن مۆڵتکە

---

(١) پاوڵ ڤۆن هیندنبێرگ سەرباز و دەوڵەتمەدارێکی ئەڵمانییە، لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٨٤٧ لە شاری پۆزن لەدایکبووە و لە ٢ی ئابی ١٩٣٤ لە کۆشکی نیودێک کۆچی دوایی کردووە. بەهۆی شکۆمەندی و تەمەن درێژییەکەیەوە، ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژووی ئەڵمانیادا هەبووە.

لـە تورکیـا و هیندنبێـرگ لـە عێـراق...

— ئـەی!... ئینگلیـزەکان لەبیـر مەکـە کاکـە نـوری. تەنانـەت سـوپای عێـراق لـە ئینگلتـەرا مەشـق و ڕاهێنـان دەکات... لـە نێـو ئێمـەدا دەرچـووی پێشـووی ئەکادیمیـای شـاهانەی ئەندازیـاری یـان پیـادە هەیـە. یوسـف پێـتروس، ئـەو کەسـەی وەرشـە و وۆرکشـۆپی تەقەمەنـی بەڕێوەدەبـات، لـە لوتکـەی پۆلەکـەی خـۆی دەرچـووە و دەبێـت بچێتـە لای و ئـەو کاری بـاش دەکات.

لـە دوورەوە دەنگـی بزوێنـەری ئۆتۆمبێلێـك دێـت. جیپێـك بەسـەر هـەورازە سـەختەکە سـەردەکەوت. لـە دەرگای چوونـە ژوورەوە وەسـتا. پێشـمەرگەکە کـە گوێـی لـێ بـوو بازێکـی دا و چـوو بزانێـت هـەواڵ چییـە. دوای ماوەیەکـی کـەم گەڕایـەوە و لە ئەفسـەرێك نزیـك بـووەوە و شـتێکی بـە گوێیـدا چرپانـد.

— ئـاه! زۆر باشـە!... دەڕۆم بـۆ ئـەوێ... بازگەیەکـی پشـکنین تـازە سـیخوڕێکی گرتـووە!... باشـە وا دیـارە سـیخوڕێکە.

لـە پشـتەوەی جێپەکـە لـە نێـوان دوو پاسـەواندا، پیاوێـك چاوەڕێـی دەکـرد، کـە کڵاوێکـی سـپی لەسـەر بـوو، دیـار نەبـوو بترسێت. بـە وردی سـەیری ئـەو ئەفسـەرەی کـرد کـە لـە تاریکیـدا نزیـك دەبـووەوە.

— ئایا تۆ بە کوردی قسە دەکەیت؟

— بەڵێ.

— خەڵکی کوێیت؟

— من لە بەغداوە هاتووم، بەدوای براکەمدا دەگەڕێم، دیار نەماوە...

— ئایا مۆڵەتت هەیە؟

— نەخێر...

— بۆچی لە پێشمەرگە داوات نەکردووە؟

— ...

— باشـە! ئەمـە سـەرخەن لەگـەڵ خـۆم دەیبـەم، سـبەی ڕوونـتر دەبێتـەوە... ئەمشـەو لێـرە دەخەویـت. دوای ئـەوەی لێکۆڵینـەوە لەناسـنامەکەت دەکەیـن و پشتڕاسـتی دەکەینـەوە. پێویسـت بـە تـرس و دڵەڕاوکـێ نـاکات.

جێپەکـە بـەرەو خاڵـی پشـکنینەکە سوڕایەوە. پیاوێـک بـەرەو شـەوێکی نیگەرانـی یـان لەسـێدارەدان دەڕۆیشـت، بـەڵام بەپێـی ئەنجامـی لێکۆڵینـەوەکان چارەنووسـی دەگۆڕێـت. سـیخوڕی تاکـە تاوانـە کـە سـزای لە سـێدارەدانی هەیـە. پشـکنین و دەورییە بێشـومارەکانی ڕێگاوبـان بـە خێرایـی کۆتایـی بـەم جیهانـە بچووکـەی هێنـا کـە نیشـاندەری ناکارامەیـی ئـەم پیـاوە بـووە. بـە دەسـتگیرکردنی بـە وردی لێپرسـینەوەی لەگـەڵ دەکرێـت و ئـەوان ئەشـکەنجەی نـادەن: ئـەوە قەدەغەیـە و کـەس بیـری لێناکاتـەوە، پاشـان دەنێردرێـت بـۆ مـاوەت کـە دادگای سـەربازی لـەوێ دادەنیشـێت. زیندانەکـە لـەوێ ئاسـوودەیە و تۆمەتبـار هەمـان خـواردن و خواردنـەوە ئاسـاییەکانی وەك پێشـمەرگەکان وەردەگرێـت. ئـەو کەسـە بەدبەختـە کـە وەك سـیخوڕ ناسـێندرا، سـەد مەتـر لـە گوندەکـەوە بردیـان و بـە قـەدی دارێکـەوە بەسـتایان و لەلایـەن کۆمەڵێـك پێشـمەرگەوە تەقـەی لێکـرا. ئەمـە فەرمیـە و لـە سـەرەتای شۆڕشـەوە نزیکـەی بیسـت سـیخوڕ گولەبـاران کـراون.

— بـەو پێیـەی ئێمـە باسـی چیرۆکـی سـیخوڕ و دژە سـیخوڕی دەکەیـن، بـا باشـترینیانت بـۆ بگێڕمـەوە: وەك دەزانـن لـە وڵاتانـی ئیسـلامیدا، دامەزراندنـی سـیخوڕی بەشـی ئافـرەت زۆر قورسـە، هیـچ کچێکـی گەنـج لـە خێزانێکـی بـاش یـان پەروەردەیەکـی باشـەوە بێـت ئـەو جـۆرە کارانـە قبـوڵ نـاکات کـە پێویسـتی بـە هەندێـك ئـازادی هەیـە لـە ئەخلاقـی نەریتـی و بەتایبەتـی ئازادییـە سێکسـییەکان. بەجۆرێـك حکومـەت تەنیـا چەنـد لەشفرۆشـێکی بـێ مێشـك بەکاردەهێنێـت، بەقـەد ئـەوەی ناشیرینیشـن، گەمـژەن. بـەڵام هـەر دوای ئاگربەسـت، یەکێکیـان گەیشـتە بـارەگای دەسـتەی کارگێڕی، کـە گوایـە بـۆ ئەنجامدانـی لێکۆڵینـەوە و بەدواداچـوون بـۆ یەکێـك لـە ئەندامانـی خێزانەکـەی: ئامۆزایەکـی ونبـووی یـان مامێکـی ونبـوی کـە دەبـوو بدۆزرێتـەوە ...ئـاە! کچـەی دامـاو! زۆربـەی ئـەو پێشـمەرگانەی پێـش شـۆڕش لـە بەغـدا مابوونـەوە، لـەوێ لەگەڵـی ڕایـان بواردبـوو. کـە بینییـان دێـت هەموویـان پێکەنیـن. بەدوایـدا ڕۆیشـتن و هاواریـان دەکـرد: سـڵاو عایشـە، منـت لەبیـرە؟ بـە قسـەی قێـزەون و بریندارکـەر

پێـی پێدەکەنیـن. شـتێك کـە شـایانی بـاس بێـت: ئـەم ئافرەتـە سـاڵۆنێکی لـە بەغـدا بەڕێـوە دەبـرد!... ناچـار بـوو ڕاسـتەوخۆ لـە نێـو ئـەو گاڵتەجاڕی و سـوکایەتی پێکردنانـەی ئـەو کەسـانەی چـاوی پێـی کەوتبـوو بـڕوات. پێویسـت نـاکات ئاژەڵێکـی لـەو شـێوەیە گولەبـاران بکرێـت... سـەبارەت بـە زانیاریدەرەکانمـان: بـا ئەمـە نهێنـی بێـت و بڵێیـن ژمارەیـان زۆرە و لـە شـوێنی زۆر باشـیش دانـراون.

ئەفسـەرێك لـە فێرگـەی تۆپخانەکـەدا مەوعیدێکـی بـە کاکـە جـۆن دابـوو: گوندێکـی دوورە دەسـت و دابـڕاو، کـە تەنیـا دوای سـێ کاتژمێـر بـە پـێ ڕێ کـردن لـە هـەوراز و نشـێویەکان دەتوانرێـت بگـەی بـەو شـوێنە. فێرگەکـە لەلایـەن دوو مولازمـی گەنجـەوە بەڕێوەدەبـرا: نـەوزاد خۆشـناو و تاریـق محێدیـن. ئەفسـەرە گەنجـەکان کـە تـازە لـە فێرگـەی مەشـقی حکومـەت تـەواو ببـوون، خۆیـان بـە ڕاهـێنراوی پێویسـت زانـی بـوو، پەیوەندییـان بـە شۆڕشـەوە کردبـوو.

مەیدانـی تەقەکـردن و ڕاهێنانەکـە لـە باکـووری گوندەکـە بـوو. تیمێکـی فێرخـوازان مەشـقی بەکارهێنانـی هاوەنـی ١٢٠ ملمیـان دەکـرد، ڕاهێنەرەکـە بـە خێرایـی زیاتـر شـوێن و زانیـاری ئامانجەکانـی دەدا و پاشـان دڵنیابوونـەوە و دووبـارە گۆڕانـکاری لـە شـوێن زانیـاری ئامانجـەکان دەکـرد بـە مەبەسـتی مەشـق کـردن. تیمەکـە دەسـتیان پێکـردەوە و ئامێـرە زەبەلاحەکەیـان هەڵوەشـاندەوە و بـە ڕاکردنێـك ڕۆیـشتن، ئامێرەکانـی ئامانـج گرتنیـان ڕێکخسـت. هاوێـشتن. ئامانجێکـی تـر. هاوێـشتن. هەڵوەشـاندنەوەی هاوەنەکـە. ڕاکـردن. لێـك بەسـتانەوەی هاوەنەکـە، بـەم شـێوەیە مەشـقەکان بەڕێوەدەچـوون.

خولـەکان بیسـت ڕۆژ دەخایەنـن کـە خـۆی لـە ڕاهێنانـی تیـۆری و پراکتیکـی چـڕ دەبینێتـەوە. فێرخـوازان ژمارەیـان ١٦ کەسـە لـە هـەر خولێکـدا، کـە تێیـدا فێـری بەکارهێنانـی هـاوەن و ئارپێچـی و تۆپهاوێـژی ١٠٥ ملیمـی دەبـن، ئەوانـە پێشـمەرگەن و لەلایـەن یەکەکانیانـەوە دەنێردرێـن: گەنـج و پیـر و قوتابیانـی ئامادەیـی و گوندنشـین و کارمەندانـی حکومـی، لـەم دەرفەتـەدا پێکـەوە کۆدەبنـەوە بـۆ فێربـوون کـە پێویسـتی بـە وردبینـی زۆر و خۆکۆنترۆڵکردنـی گـەورە هەیـە.

— دەبێـت بزانیـت چـۆن چەکەکـەت ئاراسـتە بکەیـت، تەنانـەت کاتێـك کەسـانی تـر تەقەشـت لێدەکـەن. پاشـان، هیـچ بوارێـك بـۆ تـرس و دڵەڕاوکـێ نییـە: ئێمـە

تیمێکیـــن، ئەگــەر یەکێکــمان تووشـــی تــرس و شــڵەژان بێــت، ئــەوا هەمووـمــان شکســـت دەهێنیـــن و تیادەچیـــن.

پێشـمەرگەیەك بـە ڕووخسـاری تاریـك و دوکـەڵاوی و سـمێڵی خۆڵەمێشـی قیتـەوە لـە "وریـا بن-پشـوودەن" ێکـی پەلـەدا دەردەچێـت. لـە کاتـی فەرماندەییـدا تیمەکـەی ڕیـزەکان بەجێدەهێڵـن و خۆیـان لـە دووری پێنـج مەتـر لـە هاوەنەکـەوە جێگیـر دەکـەن.

— وریـا بـن ! پشـوو دەن ! وریـا بـن ! پشـوو بـدەن!... وریـا بـن ! یـەك یـەك! جیـا ببنەوە!...دەسـت بـۆ سـەرەوە! دەسـت لـە سـەر چـەك...

هــەر هاوەنێــك لێــك هەڵدەوەشــێتەوە و پلێتــی بنەڕەتــی بــە هــەر دوو قۆڵــی بەهێــزەوە هەڵدەگیرێــت. بەخێرایــی ســەربازەکان پارچــەکان دەبــەن. جارێکــی تــر پێکیـــان دەبەســـتنەوە.

پاسەوانێك هاوار دەکات:

— فڕۆکە لە کاتژمێر ٣!

دەنگـی فڕۆکەیـەك لـە نزیـك مووسـڵ دێـت. فەرمانـدەی فەرماندەییەکـە فەرمانێـك دەردەکات. یەکـەی فێرخـوازان لێـك جیـا دەبنـەوە و دابـەش دەبـن. فێرخـوازەکان بـۆ خۆحەشـاردان قوماشــی تــۆڕ و گــەڵا وشــکەکان بەکاردێنــن و ون دەبــن و چەکیــان بەدەستەوەیە. فڕۆکـەی هانتـەر هاوکـەر دەسـوڕێتەوە و هیچـی نەبینـی و ڕێـڕەوی خـۆی دەگۆڕێــت و دەگەڕێتــەوە شــوێنی خــۆی.

ملازم یوســف پەتــرۆس کارگەیەکــی ســەیر بەڕێوەدەبــات کــە ئامێــری وردی وەك کرۆنۆمێتـەر یـان تایمـەر و ئامێـرە بەهێزەکانـی وەک تانکـی تێـدا کۆدەکرێنـەوە. بەرمیلێکی ٢٠٠ لـیتری کـە جۆرێـك لـە خۆڵـی زەرد لەخۆدەگرێـت بـە تامێکـی تـاڵ: T.N.T. یـان تۆلیـت بەشـێوەیەك لەسـەرخۆ لـە کورەیـەك دا بـە هەڵمـی ئـاو لـە پلـەی گەرمـی ٨٠ پلـەدا دەتوێننـەوە و دواتـر دەیکەنـە نـاو سـندوقی پـۆڵا یـان دەفـری پلاسـتیکی کـە لـە بـازاڕی کەرکـووک کـڕدراون. سـندوقە پـۆڵاکان لـە ڕاسـتیدا تەنیـا بەشـەکانی بۆریـن کـە بـە ئامێـری تراشـین چوارگۆشـە کـراون. کەڤەرێـك لـە شـوێنی چوونـە ژوورەوە و کەڤەرێکیـش لـە شـوێنی دەرچـوون و لـە ناوەڕاسـتدا شـوێنێکی تایبـەت هەیـە کـە بـۆ جێگیرکردنـی

ئامێـری تەقێنـەر یـان کەپسـولەکە دیـاری کـراوە. ئەمـە بـۆ دروسـتکردنی نارنجۆکەکانـە.

لـە لایەکـی تـرەوە، قاپـە پلاسـتیکییەکان توخمـە بنەڕەتییەکانـی مینـی دژە تانکـن کـە بـە ئامێـری ئاشـکرا کـردن نادۆزرێنـەوە. دۆزەرەوە موگناتیسـییەکان، کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی لەبـەر شـێوەکەیان بـە "تـاوەی سـورکردنەوە" نـاسراون، هەسـتیارن بـۆ بارسـتەی کانـزاکان و ئاسـانکاری دەکـەن بـۆ دۆزینـەوەی مینـەکان کـە لـە دەفـری ئاسـن دان. بـەم شـێوەیە چەنـد ئۆتۆمبێلێکـی زرێپـۆش و تانکـی هێزەکانـی ڕەوانـدوز بەسـەر قاپێکـی سـەیری ٢٠٠ فلسـی تەقیونەتـەوە و پارچـە پارچـە بـوون و بـە ئـاسمان داچـوون.

لـەوەش سەرسـوڕهێنەرتر گەراجـی ئۆتۆمبێلەکانـی لەشـکری شـۆڕش هەڵبژاردەیەکـی تاڕادەیـەك جیـاواز پێشـکەش دەکـەن، چونکـە ئۆتۆمبێلـەکان بـە پارچـەی جیـاواز و هەمەجـۆر، بـەڵام بـە وردی لەلایـەن ئـەو کەسانەی چاکیـان دەکەنـەوە و بـە پابەندبـوون دەبـێ باشترینـی خۆیـان پێشـکەش بکـەن.

کێشـەکانی بـەردەم وەسـتا و میکانیکـی کـوردی زۆرن: پڕکردنـەوەی سـووتەمەنی بـە بەنزیـن، ئەمـە کارێکـی لۆجسـتییە، دوکانـەکان و وەرشـەکانی چاککردنـەوە پێویسـتیان بـە ئامێـر و کـەل و پەلـی گرانبەهـا هەیـە: پارچـەی یـەدەگ تەنیـا لـە دەرەوەی وڵاتـەوە دێـت لەناوخـۆ نییـە. لـە کوردسـتاندا پیـاوەکان و کەرەسـتەکان دەبـێ خۆڕاگـر بـن و بـەردەوام بـن و بۆخۆیـان چارەسـەری خۆیـان بدۆزنـەوە و داهێنـان بکـەن و پلان دابڕێـژن.

پێکهاتـەی جوگرافیـای شـوێنەکە وایکـرد وەسـتا میکانیکـەکان کاری ڕاسـتەقینە ئەنجـام بـدەن. دەتوانرێـت جیپێـك وەك دەمانچـە هەڵبوەشـێنرێتەوە، بـەڵام کارەکـە تەنیـا قـورسترە و لەسـەر پشـتی گوێدرێژێـك باربکرێـت. بـەم شـێوەیە دەتوانیـن لـە ناوەڕاسـتی سروشـتدا، لـە دۆڵێکـی فراوانـدا یـان لـە سـەر زەویەکـی تەخـت دا ڕووبـەڕووی ئۆتۆمبێلێـك ببینـەوە کـە ڕەنگـە پـێمان وابێـت لەلایـەن شـەیتانەوە هـێنراوە.

سروشـتی پێشـمەرگە بـە مانـای ئەندامبـوون لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان نییـە. پێشـمەرگە یـان سـەربازە شۆڕشـگێڕەکە دەتوانێـت داواکاری پێشـکەش بـکات بـۆ ئـەوەی بچێتـە نـاو پارتیـەوە، کـە حزبیـش کاندیدبوونـی بـە شـێوەیەکی لەبـار دەزانێـت، بـەڵام حـزب ناتوانێـت خـۆی داوای بـکات بـۆ ئـەوەی ببێتـە ئەنـدام.

هیـچ کاتێـك نوێنـەری سیاسـی لەنـاو سـوپادا نەبـووە. لـە لایەکی دیکـەوە پێشـمەرگەی پارتـی هـەر وەك چالاکانـی مەدەنـی بـە شـانە ڕێکخـراوە.

جەنگێـك - تەنانـەت ئەگـەر جەنگـی ئازادیـش بێـت – بـە بیانـوی ئاسـان شـێتیی جەنـگ دروسـت دەکات. زۆرجـار شۆڕشـەکان بـە دیکتاتۆرییـە نیمچـە سـەربازییەکان کۆتایـی دێـت. جەنـگاوەری گـەریلا جارێکـی دیکـە بـوو بـە بـۆرژوازی و پێگەکـەی وەك ڕازاندنـەوە و ئامـاژەی مەدالیـای فەخـری خزمەتـی دەکـرد.

پرسـیارێك کـە دەبێت بکرێت، بەتایبەتی کاتێك بیر لە وێنـە تەقلیدییەکەی کورد دەکەینەوە، کـە لـە بەشـی یەکەمـی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بـاسمان کـرد: کاریگـەری شـەڕی زۆر لەسـەرە و مەیلـی بـە لای شـەڕدایە، ئایـا پێشـمەرگە دەتوانێـت پشـتیوانی ئاشـتی و بنیاتنـان بکات؟

بارودۆخـەکان وەڵامەکـە دەدەنـەوە و ڕاسـتیەك دەخەنـە ڕوو، چونکـە لـە واقیعـدا تەنیـا ١٢ هـەزار پێشـمەرگە لـە کـۆی دانیشـتووانی دوو ملیـۆن کـەس سـوپایەك پێکدەهێنـن کـە لـە شۆڕشـگێڕییەوە دەبێتـە حکوومـی، کاتێـك کوردسـتان ئۆتۆنۆمـی و سـەربەخۆیی خـۆی وەرگرتـەوە.

سـەرکردایەتی و پێکهاتەکانـی لەشـکری شۆڕشـی کـورد پێکهێنانـی گروپـی بانـد و چەتـە و دەسـتەی نایاسـایی یـان کۆمیتـەی چاودێـری ناوخۆیـی قەدەغـە دەکات. دیسـپلین و بەسیاسـیکردنی ململانـێ بەشـدارە لـە بەهێزکردنـی پێگـەی ئاشـتیانەی لەشـکری شـۆڕش کـە دەسـەڵات و کەسـایەتیە سـەربازیەکان تەنیـا وەك تەکنیـکاری شـەڕ دەسـتوەردانی تێـدا دەکـەن.

بـە دڵنیاییـەوە نـاوی پێشـمەرگە لـە ڕێوڕەسـمە باوەکانـدا بـەرز دەنرخێندرێـت. منداڵانـی ٦ سـاڵان دەیانەوێـت جلـی پێشـمەرگە لەبـەر بکـەن، دایـك و بـاوك جلوبەرگـی ئاسـایی خۆیـان لـە قوماشـی ڕەنـگ خاکـی دەدوورن. گوندنشـینە گەنجـەکان تەنیـا خـەون بـە چوونـە شـەڕ و بەرەکانـی جەنگـەوە دەبینـن: بـەڵام ئـەم شـەڕە لـە شـێوەی فسـفۆر و ناپاڵمـدا دێتـە سـەریان و کەمـی چـەك هەیە،ئەمـەش ڕێگـرە بتوانـن خۆیـان لـە ڕیزەکانـی شـۆڕش تۆمـار بکـەن. منداڵـە تـازە لەدایکبـووەکان نـاوە پیـرۆزە نوێیـەکان هەڵدەگـرن وەك: ئـازادی و ڕزگاری و بارزانـی و جەنـگ و شـۆڕش و تەنانـەت ژان جـاك ڕۆسـۆش. ئـەم ئاهەنگگێڕانـە بـۆ شـەڕکردن تەنیـا دانپێدانانێکـی دادپەروەرانەیـە بـۆ پێکـەوە بـوون و یەکگرتوویـی.

## پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتـی شۆڕشـگێڕ واتـا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، تەنیـا شـوێنێك یـان ئۆفیسـێك نییــە بــۆ بیرکردنــەوەی تیــۆری، بەڵکــو چیــرۆك و مێژووەکــەی هــێمای چیرۆکــی شۆڕشــە کــە بریتییــە لــە: هەوڵــدان و گــەڕان بــەدوای یەکڕیزیــدا لــە خزمــەت و بەرژەوەنــدی گەلــی کــورددا.

پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــە ١٦ی ئابــی ســاڵی ١٩٤٦ لــە ســەردەمی گەشەســەندنی کۆمــاری مەهابــاد لەدایــك بــووە. پێــشتر لــە سـلێمانی لقێکـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران کـە سـەرۆکەکەی ئیبراهیـم ئەحمـەد بـوو لەگـەڵ دوو گروپـی سیاسـی بچـووك هەبـوو ئەوانیـش: "ڕزگاری" و "شـۆڕش" بـوون. یەکەمیـن کۆنگـرەی پارتـی، لـە مانگـی ئابـی ١٩٤٦ لـە بەغـدا بـەسترا، نـاوی خـۆی جێگیـر کـرد و ڕایگەیانـد: پارتـی دیموکراتـی کـورد. لقـی سـلێمانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لـە سـاڵی ١٩٤٧ پەیوەنـدی بـە پارتـی دیموکراتـی کـوردەوە کـرد و دوو گروپەکـەی تریــش بڕیاریــان دا خۆیــان هەڵبوەشــێننەوە.

لـە سـاڵی ١٩٥٢ پارتـی دیموکراتـی کـورد بـوو بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق. لـە ڕووی سیاسـیەوە کوالێتـی نەتەوەیـی لـە بەرژەوەنـدی نیگەرانییـە سیاسـییەکان نەمـا. بەڕاسـتی ژمارەیەکـی زۆر لـە ئەرمەنـی و ئاشـووری و تـورك و تەنانـەت عەرەبیـش کـە لـە کوردسـتان دەژیـن، دەیانویسـت بچنـە نـاو حزبێکـەوە کـە بەرگـری لـە بەرژەوەندییەکانـی ناوچەکەیـان بـکات.

ئەمــەش بەشــێك لــە ناسیۆنالیســتەکانی بــە ڕێبەرایەتــی هەمــزە عەبــدوڵڵا، کــە ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی ئـەو کات بـوو نارەحـەت کـرد و بەڕێـژەی یـەك لەسـەر پێنـج لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق جیابوونـەوە.

گەڕانــەوەی نارەزەییــەکان و یاخیبــووەکان لــە ســاڵی ١٩٥٦دا ڕوویــدا، دواتــر هاتنــی هەندێـك کەسـایەتیی کـورد و ژمارەیەکـی دیاریکـراو لـە هاووڵاتییـان کـە لـە حزبـی شـیوعی عێراقـدا[1] ناویـان تۆمارکردبـوو بـە دوای خۆیداهێنـا.

---

(١) ئـەو ژمـارە زۆرەی کوردانـی بەرپـرس لە حزبی شـیوعی عێراق و ئەو پەیوەندیانەی هەمیشـە لە نێوان

پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کــە دواتــر بــوو بــە پارتــی دیموکراتــی یەکگرتــووی کوردستــانی عێــراق و خاوەنــی مەکتــەب سیاســیەکی بەهێــز کــە نوێنەرایەتــی ســێ لایەنــی دەکــرد بــە نهێنــی چالاکیەکانییــان دەکــرد، بڕیــار بــوو شــۆڕش ســاڵی ١٩٤٨ ســەرهەڵبدات. بــەڵام بــە شۆڕشــی ســاڵی ١٩٦١ خــۆی ئاشــکرای کــرد.

پێگــەی ژەنــەڕاڵ بارزانــی بــە بەردەوامــی وایدەکــرد بــە ســەرۆکایەتی پارتــی هەڵبژێردرێتــەوە، ئاماژەیــە بــۆ ئــەو یەکگرتووییــە قووڵــەی کــە پێکهاتــە جۆراوجۆرەکانــی شــۆڕش پشــتیوانی و هەماهەنگــی دەکــەن. ئــەم ســەرۆکایەتییە لــە ســەرووی هەمــوو شــتێکەوە شــەرەفمەندیە: ژەنــەڕاڵ بارزانــی پاڵەوانــی شــۆڕش، هەرگیــز خــۆی وەك تیــۆرزان نیشــان نــەداوە. ئــەو خەباتــی ڕاســتەقینە و مەیدانــی بەرجەســتە و بــە ناوەنــدی دەکات. بارزانــی وەك ســەرکردەیەکی جەمــاوەری ســەرکەوتوو بــوو لــە دروســت کردنــی پردێــك لــە نێــوان پارتــی و جەمــاوەری هێشــتا بەسیاســی نەکــراو.

شــۆڕش لــە ڕاســتیدا کاری پارتییــە، کــە باڵــی ســەربازی چەکــدار دەکات و مانایەکــی کاریگــەر بــە کردارەکــەی دەبەخشــێت. بەبــێ پارتــی، شۆڕشــی کــورد بێجگــە لــە ســەرهەڵدان یــان یاخیبــوون زیاتــر هیچــی تــر نەدەبــوو. لــە هەلومەرجێکــی جیــاوازدا شۆڕشــەکەش لــە بەرامبــەردا کاریگــەری لەســەر پارتــی هەبــوو، کــە ژمــارەی ئەندامانــی لــە ٥ هــەزار ئەندامــەوە لــە ســاڵی ١٩٦١ بــۆ ٢٥ هــەزار ئەنــدام لــە ســاڵی ١٩٦٦ بەرزبــووەوە[1].

ئــەم ٢٥ هــەزار ئەنــدام و چالاکوانــە زۆربەیــان دانیشــتووانی گوندەکانــن (٤٥ بــۆ ٥٠٪)، پاشــان بــازرگان و کاســبکاران و فەرمانبــەر و فەرمانبــەری پلــە نزنــی حکومــی و کرێــکاران و قوتابیــان ژمارەیەکــی کەمیــان لــە نێــو ئــەم چینانــە پێکدێنــن، بــەڵام چالاکترینــن: ئەوانــەن کــە لــە داهاتــوودا کادیــرەکان دابیــن دەکــەن. ئــەوان شــەونخونی دەکــەن لــە کاتــی خوێندنــدا (بەرپرســانی کــورد ڕایدەگەیەنــن: "ئێمــە

پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و حزبــی شــیوعی عێــراق دا هەبــووە . ئەمانــە وایــان کرد بڕوا بــە گریمانەی دڵســۆزی بارزانــی بــۆ مۆســکۆ پشتڕاســت بکاتــەوە : "مــەلای ســوور". ئــەم هەڵوێســتە زیاتــر پەیوەســتە بــە ترســێکی وەسوەســەیی "مەترســی ســوور"ەوە نــەك بــە شــیکارییەکی بابەتیانــە بــۆ دۆخەکــە. ڕەنگــە واقیعبینانەتــر بێــت کــە بــاس لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بکرێــت وەك "مەترســی ســەوز" نــەك "مەترســی ســوور". شــیکارییە سیاســییە ڕەنگاوڕەنگــەکان زیاتــر دڵخۆشــکەرن بــۆ چــاو نــەك بــۆ زیرەکــی.

(١) شۆڕشــی عەبدولکەریــم قاســم (١٩٥٨-١٩٦١) تەنیــا نوێنەرایەتــی ئــەم قۆناغــەی ٥٨ تــا ٦١ دەکــرد کــە زۆر کــورت بــوو بۆئــەوەی ببێتــە هــۆی پێگەیشــتنی سیاســی ڕاســتەقینەی خەڵــك و جەمــاوەر.

گەنجـی ئاژاوەگێڕمـان ناوێـت، بەڵکـو گەنجـی تەکنیـکار و خوێندەوارمـان دەوێـت")، کـە زۆر بـە خێرایـی بـۆ پۆسـتە متمانەپێکـراوەکان لـە دوای ماوەیەکـی دیاریکـراو لـە تاقیکردنـەوە و چاودێریکـردن دادەمەزرێـن.

پێکهاتـە و هەیکەلـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هاوشـێوەی حزبـی شـیوعی دەبێـت: کۆمیتـەی ناوەنـدی کـە لەلایـەن کۆنگـرەوە هەڵدەبژێردرێـت، لـە نێـوان حەڤـدە ئەندامەکەیـدا ئـەو کەسـانە هەڵدەبژێرێـت کـە مەکتەبـی سیاسـی پێکدەهێنـن. شـەش لقـی سـەرەکی لـە سەرتاسـەری وڵات هەیـە، ئەوانیـش دابـەش دەبـن بەسـەر لیژنـە ناوچەییـەکان و یەکـەی بنەڕەتـی حـزب ڕێخـراوە کـە لـە: ٥ بـۆ ٦ ئەنـدام پێـك دێـت.

لقەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئەوانـەن: مووسـڵ (٦ کۆمیتـە) هەولێـر (٧ کۆمیتـە) و کەرکـووک (٨ کۆمیتـە) و سـلێمانی (٧ کۆمیتـە) و بەغـدا (کۆمیتەیـەك بـۆ شـار و کۆمیتەیەکیـش بـۆ ناوچـە عەرەبییـەکان و باشـووری عێـراق) و کۆمیتـەی لەشـکری شۆڕشـگێڕ. کۆمیتـە پـەرش و بڵاوەکانـی لێـرە و لـەوێ گرنگـی بـەو کەسـانە دەدەن کـە لـە قاهیـرە و ئەوروپـا و ئەمریـکا[١] نیشـتەجێن.

نوێنەرێکـی ناوخۆیـی حـزب بەرپرسیارە لـە ١٠ گونـد. نوێنـەری ناوخۆیـی کـە لەلایـەن کۆمیتـەی ناوەندییـەوە هەڵدەبژێردرێـت، زۆرجـار لەسـەر ڕاسـپاردە و پێشـنیاری گوندێـك و لەلایـەن حزبـەوە دیـاری دەکرێت کە ئەرکێکی پەروەردەیی و ڕاوێژکاری لە ئەسـتۆ دەگرێت.

داواکارییەکانـی شـۆڕش و ئامانـج و پرەنسـیپەکانی پارتـی بـۆ گوندنشـینان ڕوون دەکاتـەوە. فێـری بنەماکانـی ئەلفوبـێ و ژمێریاریـان دەکات، بـە تایبەتـی لـە نـاو سـوپادا. ئـەو ناکۆکییـە ناوخۆییـەکان یەکلایـی دەکاتـەوە، هەرچەنـدە پێگـەی ئـەو زۆر جیـاوازە لـە پێگـەی دادوەرەکان، بـەڵام دەتوانێـت بـە شـێوەیەکی کاریگـەر دەسـتوەردان بـکات لـەو کێشـە و گرفتانـەی بەشـێکن لـە ژیانـی گونـدەکان وەك: شـەڕی جوتیـاران و دابەشـکردن و هاوبەشـی کردنـی زەویـەکان و کێشـەی میـرات.

شـیکاری دەقـەکان بـە تایبەتـی تیشـك دەخاتـە سـەر تایبەتمەندییـە بنەڕەتییەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان. دوو بڵاوکـراوە هـەن کـە ڕەنگدانـەوەی ئـەخلاق و ستراتیـژی حزبـن، ئەوانیـش بریتیـن لـە: پەیـڕەو و پڕۆگرامـی پارتـی.

---

(١) کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە قوتابیانەوە هەیە.

دوو مـادەی یەکەمـی پەیـڕەوی ناوخـۆ بەیاننامـەی پرەنسـیپی بەرنامەکـە دووبـارە دەکەنـەوە، لـە مـادەی یەکەمـدا هاتـووە دەبێـت خەبـات لەسـەر بنەمـای "خـۆ قوربانـی کـردن" ئەنجـام بدرێـت. مـادەی دووەم شـایەنی ئەوەیـە بـە تـەواوی وەکـو خـۆی وەری بگریـن: " بەکورتـی داواکارییەکانمـان ئۆتۆنۆمـی کوردسـتانە لـە چوارچێـوەی خاکـی کۆمـاری عێـراق و خەبـات دەکەیـن بـۆ بەدەسـتهێنانی ئازادییـە ئابـووری و سیاسـییەکان لـە عێـراق، زامنـی مافـی کەمینـە نەتەوەیـی و ئایینییەکانـی کوردسـتان. هەروەهـا دەبـێ هـەوڵ بدەیـن تـا ئـەو جێگایـەی دەتوانیـن ئاسـتی سیاسـی و فەرهەنگـی حـزب بـەرز بکەینـەوە بـە دامەزراندنـی کادیـری بێشـومار، هەروەهـا دەبێـت پـەروەردەی ئەندامانـی حزبیـش جێبەجـێ بکەیـن، برایەتـی کورد-عـەرەب وەك بنەمایـەك وەربگریـن. "

حـەوت مـەرج هەیـە بـۆ چوونـە نـاو ڕیزەکانـی پارتـی: ١. داواکار دەبێـت ڕازی بێـت باشترینـی خـۆی پێشـکەش بـکات، ٢. دەبێـت ئەنـدام بێـت لـە ڕێخراوێـك، ٣. ئەگـەر ئیمکانیاتـە داراییەکانـی ڕێگـەی پێبـدەن واتـا ئەگـەر بـاری دارایـی بـاش بێـت، دەبێـت مانگانـە ئابوونـە بـدات، ٤. دەبێـت تەمەنـی لانیکـەم ١٨ سـاڵ بێـت، ٥. ئاسـتی فەرهەنگـی و سیاسـی تاڕادەیـەك بـاش بێـت، ٦. ڕەفتـار و ئـاکاری دوور بێـت لـە تـاوان و نابێـت هیـچ سـزایەکی یاسـای گشـتی هەبووبێـت، ٧. کەسـێك دژ و مەترسـی بێـت بـۆ" ئاشـتی جیهانـی و دۆزی کـورد " قبـوڵ ناکرێـت.

قبوڵکـردن و وەرگرتـن دەسـتبەجێ نییـە: حـزب بـۆ زۆری ژمـارە بـەدوای ئەندامـی نوێـدا ناگەڕێـت:

- ئەگـەر ڕێگەبدەیـن ئـەوە ڕووبـدات، حـزب ٧٠٠ هـەزار ئەندامـی یـان زیاتـری دەبـوو. ئـەو کاتـە تەنیـا جەماوەرێکـی بەخشـندە و نەزانمـان دەبـوو. ئەمـە ناپاکـی دەبێـت هـەم بـۆ ئێمـە و هـەم بـۆ ئـەوان.

پێـش بەدەسـتهێنانی نازنـاوی ئەنـدام، ئـەو کەسـەی لەلایـەن دوو کەسـی تۆمارکـراو لـە حـزب پێشکەشـی دەکرێـت، بـە پشـتیوانی بـۆ حـزب دادەنرێـت. بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ وەك کانديـد دەمێنێتـەوە و ئینجـا ئەگـەر بـە گونجـاو زانـرا، هەنـگاوی کۆتایـی دەنێـت و کاندیدەکـە "پاڵێوێـراو" دەبێتـە ئەنـدام.

لـە کـۆی هەشـت هـۆکاری دەرکـردن لـە حـزب کـە ئاماژەیـان پێکـراوە، یەکێکیـان بـاس

دەکەین: "هەر کەسێك هەوڵی ئیستغلالکردنی حزب بدات لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیدا، لە ڕیزەکانی حزب دوور دەخرێتەوە. "

ئەو سیفەتانەی بۆ هەڵبژاردن بۆ کۆمیتەی ناوەندی حزب داواکراو و پێویستن، شوێنەواری ئەو ناخۆشییانەی تووشی بووە هەڵدەگرن: کاندید دەبێت بتوانێت بەرەنگاری ئەشکەنجە بێتەوە (مادەی چوارەم)، ئەگەر زیندانی بکرێت، وەك ئەندامێکی شەرعی کۆمیتەی ناوەندی دەمێنێتەوە (مادەی پێنجەم).

بۆ شیکردنەوەی بەرنامەی حزب بڕگە بە بڕگە کاتێکی زۆری دەویست. بێجگە لە ڕاگەیاندنە تیۆری و ئایدیۆلۆژیەکان بە ڕوونی، وا دیارە پلانێکی ڕاستەقینە بێت بۆ پێشکەوتن و گەشەپێدانی کوردستان، چاکسازی کۆمەڵایەتی پێویست بۆ دیموکراتیزەکردنی وڵات دیاری دەکات و پێداگری لەسەر پێویستی بەپەلەی پەروەردەی جەماوەری دەکات کە ڕێگە بە جوتیاران و گوندنشینان بدات دەستیان بە ئازادی ڕاستەقینەی ئابووری و فەرهەنگی و سیاسی بگات.

مادەی پێنجەم بە پەڵەی زامێك نیشانە کراوە، ئەویش زامی قەیرانی ساڵی ١٩٦٤. لە کاتێکدا ڕایگەیاندبوو پارتی "لە ژێر ڕۆشنایی مارکسیزم-لینینیزمدا خۆی ڕۆشن دەکاتەوە"، بەڵام لە کاتی کۆنگرەی شەشەمدا دووبارە داڕێژرایەوە: "حزب لە چوارچێوەی خەباتی سیاسی خۆی، لە هەموو تیۆرییە پێشکەوتنخوازەکان دەکۆڵێتەوە. پرەنسیپە دروستەکان پەیڕەو دەکات لە هەلومەرجی تایبەت بە کوردستان و عێراق دەکۆڵێتەوە. هەروەها قەناعەتی بەوە هەیە نابێت پرەنسیپێك بە توندی لەسەر جێبەجێ بکرێت، بەڵکو پێویستە لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا بگونجێت ".

ئەم چەند ڕستەیە وەك سزایەك ئەو ململانێیە کورت دەکەنەوە کە دژایەتی تیۆریزانە "چەپڕەوە سەرکێشەکان" بەرامبەر بە ڕیالیستەکانی ناو بارودۆخەکە[1] ڕوون دەکاتەوە.

ئۆرگانی "خەبات"ی پارتی دیموکراتی کوردستان، بووەتە بڵاوکراوە و ڕۆژنامەی فەرمی شۆڕشی کورد. مێژووی ڕۆژنامەکە لە ڕاستیدا مێژوو و زمانحاڵی پارتییە.

---

(١) ئامانج لێی هێورکردنەوەی ترسی "دراوسێکان" و ئەوانە بوو کە تەنها شۆڕشی کوردی وەك "بنکەی پێشکەوتووی ئیمپریالیزمی سۆڤیەت" دەبینن.

لـە سـەردەمی ڕژێمـی نـوری سـەعید بـە نهێنـی بـوو، لـە لایـەن عەبدولکەریـم قاسـمەوە ڕێگـەی پێدرابـوو، کـە داوای لابردنـی نـاوی کوردسـتانی دەکـرد لـە ناونیشـانەکە.

خەباتـی کوردسـتانی، ئێسـتا بـووە بـە خەبـات، ڕۆژنامەیەکـی ڕۆژانەیـە لـە بەغـدا دەردەچێـت، تووشـی کاریگـەری نادڵنیایـی سیاسـی زەعیـم بـووەوە: دەسـت بەسـەر شـوێن و بینـا و کەلوپەلەکانیـدا گیـرا و تەنگیـان بـە نوسـەرەکانی هەڵچنـی بـوو. بۆیـە خەبـات کۆچـی کـرد بـۆ شـاخ و تەنیـا دوو هەفتـە جارێـك بـە زمانـی عەرەبـی و کـوردی دەردەچـوو. پەسـتانی میکانیکـی پلێـت کـە بـە پێـداڵ کاردەکات جێگـەی ئـەو پەسـتانە سـوڕاوانەی گرتـەوە کـە نەمابـوون.

ڕۆژنامــە بــە توخمێکــی بنەڕەتــی و جەوهــەری لــە پــەروەردەی شۆڕشــگێڕانە و پڕۆپاگەنـدە دادەنرێـت. خەبـات خوێندنـەوە و سـەرنجی لەسـەر کـراوە چ لـە کوردسـتان و چ لـە بەغـدا، ئامرازێکـی جیـاوازە بـۆ دروشـم و ڕەنگدانـەوەی تیـۆری. بۆیـە نووسـینەکەی کەوتۆتـە ژێـر چاودێرییەکـی تایبەتـەوە.

سـامی، سەرنووسـەری ڕۆژنامەکـە، لەلایـەن نووسـینگەیەکەوە هـاوکاری دەکرێـت کـە ئەندامەکانـی هەموویـان سـەر بـە پارتیـن و زۆربەیـان سـەر بـە دەسـتەی کارگێڕیـن. بابەتـەکان بـە پـەروەردە و میانڕەوییـان تایبەتمەنـدن. جارێکیـان قەشـەیەکی کلدانـی پێشـنیاری بابەتێکـی تونـد و زبـری نووسـی کـە گاڵتـە بـە هەڵوێسـتی هەندێـك لـە عەرەبـەکان بەرامبـەر ئیسرائیـل دەکـرد. بابەتەکـە بـە شـێوەیەکی سروشـتی ڕەتکرایـەوە: بـە نادروسـت و قێـزەون و تونـد ئـاژۆ دادەنـرا. هەروەهـا بڵاوکردنـەوەی تۆمەتـی کەسـیش تێیـدا قەدەغەیـە: ئەفسـەرێکی پێشـووی سـوپا ناچـار بـوو دەسـتکاری و گۆڕانـکاری دەسـتەواژە و چەمکەکانـی یەکێـك لـە وتارەکانـی بـکات کـە تێیـدا وەزیـری بەرگـری لیـوا عەبدولعەزیـز ئەلعەقیلـی تۆمەتبـار کـرد بـەوەی دەیەوێـت بـە مردنـی هەمـوو ڕۆڵەکانـی عێـراق تۆڵـەی بێتوانایـی زاوزێـی خـۆی بکاتـەوە.

دوو گۆڤـاری دیکـەش لەلایـەن ئۆرگانـی خەباتـەوە دەردەچـن. هـەواڵ لـە کوردسـتانەوە: هەواڵنامەیەکـی سـەربازییە هەمـوو دوو مانـگ جارێـك بـە دوو هـەزار دانـە بـە زمانـی کـوردی و دوو هـەزاری دیکـە بـە زمانـی عەرەبـی دەردەچێـت، بـەڵام لـە کاتـی ئاگربەسـتەکاندا دەرناچێـت. دەنگـی پێشـمەرگە تایبەتـە بـە لەشـکری

شۆڕشـگێڕ. گۆڤارەکـە بەرهەمـە ئەدەبییەکانـی پێشـمەرگە بڵاودەکاتـەوە و هەواڵەکانیـان بڵاودەکاتــەوە و هەوڵەکانیــان بــەرز دەنرخێنێــت و وره و مۆڕاڵیــان بــەرز دەکاتــەوە.

ڕێـژەی زۆری نەخوێنـدەواران وا لـە خوێنەرانـی ئـەم بڵاوکراوانـە دەکات کۆبوونـەوەی خوێندنــەوەی بەکۆمــەڵ وگــروپ ڕێکبخــەن، کۆبوونــەوە و ئاڵوگــۆڕی ســەرنجەکانی لێدەکەوێتـەوە، بـەم شـێوەیە گروپـەکان لـە دەوری ڕۆژنامـەی کۆمەڵایەتـی کۆدەبنـەوە کـە سـەکۆیەك بـۆ بیرکردنـەوەی سیاســی پێکدەهێنێــت.

## کۆنگرەی حەوتەم

"کۆنگـرە باڵاتریـن ئۆرگانـی پارتییـە... تەنیـا ئـەو دەتوانێـت گۆڕانـکاری لـە بەرنامـەی حزبـدا بـکات".

بەشێك لە پەیڕەوی ناخۆی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.

کۆنگرەی پارتی لە کاتی شەڕدا.

کۆنگرەی حزبێکی قەدەغە کراو و ڕاکردوو بەرەو چیاکانی کوردستان.

کۆنگـرەی حەوتەمـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق چەنـد مانگێـك بـوو ئامادەکرابـوو و بـە تامەزرۆیـی و پەرۆشـییەوە چاوەڕوانـی قۆناغـی دوای قەیـران دەکـرا و لـە ١٥ تـا ٢٠ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٦ لـە گەلاڵـە بەڕێـوە دەچـوو، کـە تێیـدا ٤٢٥ نوێنـەر کـە هەریەکەیـان نوێنەرایەتـی ٧٥ ئەنـدام دەکات و هەروەهـا نێردراوانـی " حزبەکانـی دەسـتە خوشـکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان[1] و ژمارەیەکـی زۆر میـوان " بەشـداری کۆنگرەکـە دەکـەن، ئەمـەش بـە مانـای ڕۆژانـی سـەفەری سـەخت و بەزاندنـی سـنوورەکان لەژێـر چاودێـری پۆلیـس و سـوپا و ڕێکخسـتنی ورد دێـت.

چـادر و ڕەشماڵـەکان هەڵدەدرێـن و سـەربازگەکان ڕێکخـراون. کـۆی گشـتی تێچـووی ئامادەکارییـەکان لـە ئەسـتۆی پارتییـە کـە ٨ هـەزار دینـار بـوو: بـڕە پارەیەکـی زۆرە. بەڕاسـتی ئـەو نوێنەرانـەی هەندێـك جـار لـە گونـد و شـارۆچکە دوورە دەسـتەکانی کوردسـتانەوە دێـن، زۆرجـار بـە یاوەرێکـی تاقمێـك پێشـمەرگە بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئاسایشـیان یـاوەری دەکرێـن.

لیژنـەی ئامـادەکاری کۆنگـرە بەرنامـەی ئـەو پرسـانە دادەڕێژێـت کـە دەبێـت بخرێنـە بەربـاس و چارەسـەر بکرێـن. تیمـی تەکنیکـی دەنگـی کوردسـتان سـەرقاڵی دانانـی سیسـتەمی دەنـگ و ڕووناکـی هۆڵـی کۆنگرەیـە: پانـزە ڕەشماڵ کـە لـە مـووی بـزن چنراوە و لێکـدراون لـەم سـەر بـۆ ئـەو سـەر دانـراون، لـە نێـوان دوو باڵـی قوتابخانـە کۆنەکـەدا درێژکراونەتـەوە و دارسـتانێك لـە دار ئەسـپینداری تەمـەن مامناوەنـد دەوردراون.

---

(١) پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی سـوریا و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی تورکیـا.

چاپخانـەی خەبـات پەیـڕەوی کۆنگـرە بڵاودەکاتـەوە. وتارێکـی سەرنوسـەر لـە ئۆرگانـی ناوەنـدی پارتیـدا بڵاودەبێتـەوە بـە ناونیشـانی: "چـی لەبـەردەم نوێنەراندایـە؟" سەرنوسـەر بەشـێوەیەکی زۆر دیالێکتیکـدا پێکهاتەکانـی کۆنگـرەی حەوتـەم شـی دەکاتـەوە:

١. ئـەم کۆنگرەیـە هەرچەنـدە لـەڕووی یاسـاییەوە ڕێگەپێـدراو نییـە، بـەڵام بـە ئاشـکرا بەڕێوەدەچێـت، کـە ڕێگـە بـە ژمارەیەکـی زۆر لـە نوێنـەران دەدات بەشـداری تێـدا بکـەن و سـیما جەماوەرییەکـەی پێدەبەخشـێت...

٢. ئـەم کۆنگرەیـە دوای ڕووداوە گـەورەکان بەڕێوەدەچێـت کـە گەلەکەمـان ئەزموونـی کـردووە و تـا ئێسـتاش شـایەتحاڵی بەشـێکی ڕووداوەکانین[١]. ئـەو نوێنەرانـەی لە ناوچە ئازادکراوەکان و ناوچەکانی دیکەوە دێن شۆڕشـگێڕن و هەریەکەیان لەسـەر ڕووداوەکان و چۆنیەتـی مامەڵەکردنـدا لەگەڵیانـدا هەڵبـژاردە ڕاو و بۆچوونـی خۆیـان هەیـە...

٣. ئـەم کۆنگرەیـە کۆنگرەیەکـی ڕۆتینـی نییـە: دوای کۆنگـرەی شەشـەم ڕوودەدات کـە لـە ناوەڕاسـتی قەیرانـی سـەرکردایەتیدا بەڕێوەچـوو... پارتـی وەك جەسـتەیەکی تەندروسـت دەردەکەوێـت کـە لـە نەخۆشـییەك چـاك بۆتـەوە و ماوەیـەك بـوو لاوازی کردبـوو... کۆنگـرە هیـوادارە ئەندامانـی کۆنگـرە ڕاشـکاو بـن، جـا سـەر بـە زۆرینـە بێـت یـان کەمینـە...

**١٥ی تشرینی دووەم.**

١٤ لافیتـە کێشراون: ٥ دانەیـان لە نزیـك خاڵە سـەرەکی و سـتڕاتیژیەکان هەڵواسرابوون: لـە جوندیـان، لەسـەر ڕێـگای ڕەواندوز لەسـەر سـنووری کوردسـتانی ڕزگارکـراو، ڕووبەڕووی سـوپای حکومـەت لـە گەڵاڵـە. لەوێ لەسـەر لافیتـەکان نـوسراوە:

"بـژی برایەتـی کـورد و عـەرەب." و "یەکگرتوویـی هێـزە سیاسـی و نیشـتمانییەکانی عێـراق پێویسـتە بـۆ بەدیهێنانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی بەهێـزی عێـراق". و "بـژی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، ڕابـەری سیاسـی گەلـی تێکۆشـەری کـورد". و " داوا لـە حکومـەت دەکەیـن ئـەو بەڵێنانـەی بـە گەلـی کـوردی داوە جێبەجێـی بـکات، بەتایبەتـی پـڕۆژەی ٢٩ی حوزەیـران."

---

(١) ئاماژەیە بە قەیرانی جەلال تاڵەبانی.

چـوار لافیتـەی نـاو هۆڵـی کۆنگـرە جیاوازییەکـی کەمیـان هەیـە. لەبـەردەم سـەکۆی وتـاردەران: "بـژی سـەرۆکی پارتـی، ڕابـەر و سـەرکردەی شـۆڕش، مسـتەفا بارزانـی". لـە گۆڕەپانەکـە: "شـکۆمەندی و نەمـری یـادی شـەهیدانی شـۆڕش بـۆ هەمیشـە لـە هزرماندایـە ". لـە ناوەڕاسـتدا: " دەبێـت کۆبوونـەوەی کۆنگـرەی حەوتـەم بکەینـە ئامرازێك بـۆ پتەوکردنـی یەکڕیـزی و ڕێبـاز و ڕێکخسـتنی پارتـی". لـە باخچەکـەدا: "داوا دەکەیـن کۆتایـی بـە ڕژێمـی سـەربازیی عێـراق بهێنرێـت، هەروەهـا سیسـتەمێکی پەرلەمانـی ڕاسـتەقینە دابمەزرێـت".

ئەندامانـی کۆنگـرە پێـشتر لـە شـارۆچکە بچووکەکـە بڵاوبوونـەوە، شـارۆچکەکەش بـە وریایـی و بـە نهێنـی بـە چەندیـن پارچـە چەکـی دژە فڕۆکـە پارێـزراوە. ئۆتۆمبێلـەکان ئەندامــە درەنگەکەتــووەکان دەهێنــن. لــە پەیــڕەوی ناوخــۆی کۆنگــرەدا هاتــووە، هەمـوو کەسـێك تەنیـا دوای دانانـی چەکـی شەخسـی خـۆی دەبێـت بچێتـە نـاو هۆڵـی کۆنگــرەوە. لــە دەروازەکانــی چوونــە ژوورەوەدا، پێشــمەرگە ناســنامە و مۆڵەتەکانــی بەشــداری کــردن دەپشــکنێت، هەروەهــا لــە ڕێگــەی پشــکنینی نهێنیشــەوە دڵنیــای دەدات کــە ڕێنماییــەکان جێبەجــێ دەکرێــن: ئــەم هەنــگاوەی کــە بڕیــاری لــێ دراوە وەك بەڵگەیەکـە بـۆ ئـەو ڕۆحـی ئاشـتیخوازانە حـزب کـە پارتـی زیاتـر دەباتـە پێشـەوە. هەمـووان جامانـە لەسـەر دەکـەن، بـە "گەنجـی کـورد"ی دەسـتەی کارگێڕیشـەوە. بـە پێکەنینـەوە یەکێـك لـەوان دەڵێـت:

— چـەك لـە ژووری جلگۆڕیـن هەنگاوێکـی گەورەیـە. جامانـەش لـە ژووری جلگۆڕینیشـدا هەنگاوێکـی دیکـە دەبێـت!

چاودێــران و میوانــان لــە شــوێنی خۆیــان دادەنیشــن، ئــەوان دەتوانــن بەشــداری دانیشـتنی یەکـەم بکـەن. زەکـی خەیـری لـە دوورەوە دەناسرێتـەوە بـە سـمێڵێکی ڕەنـگ خۆڵەمێشــی و باڵایەکــی بــەرزەوە، زەکــی ئەندامــی مەکتەبــی سیاســی حزبــی شــیوعی عێراقــە، تاکــە لایەنــە کــە وەڵامــی ئــەو بانگهێشــتنامەی دایــەوە کــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان ناردبــووی.

پێشکەشــکارێکی دەنگــی کوردســتان ســەردەکەوێتە ســەر ســەکۆکەدا کــە بــە قوماشــێکی زەردەوە داپــۆشراوە:

– كۆنگرەی حەوتەم دەستی پێكرد. خولەكێك بێ دەنگی بۆ یادی شەهیدانی شۆڕش.

حەبیب محمد كەریم، سكرتێری پارتی و دەستەی كارگێڕی، لە ڕێگەی مایكەوە پەیامێكی كورتی بارزانی دەخوێنێتەوە كە ماوەی دوو هەفتەیە تووشی نەخۆشی دەماری سیاتیك بووە و داوای لێبوردن دەكات نەیتوانیوە ئامادەبێت. لە ڕاستیدا بارزانی پێی باشترە خۆی نەسەپێنێت. ئەو پێگەی شەخسی خۆی بە قورس دەبینێت كە كاری دەستەجەمعی كۆنگرە تێك نەدات و نەیشێوێنێت. لە كۆتایی نامەكەیدا دەستلەكاركێشانەوەی خۆی پێشكەش دەكات:

– كاتی من تەواو بوو، ئەوە كاری كەسانی ترە كە جێگەی من بگرنەوە.

ئەم دەستلەكاركێشانەوەیە، دەتوانرێت بڵێین پەروەردەییە، بە كۆی دەنگ ڕەتكرایەوە. كەسێك بە دەنگێكی بەرز هاوار دەكات و دەڵێت سڵاو لە بارزانی.

پاشان قسە و وتاری میوانانی كۆمەڵە یان حزبە بیانییەكان یەك بەدوای یەك دێن:

نوێنەری سوریای پارتی دیموكراتی كوردستان بە شێوەیەكی بەرفراوان باس لەو چەوساندنەوە دڕندانە و باوەڕپێنەكراوە دەكات كە لەلایەن حكومەتی دیمەشقەوە ئەنجامدراوە: پلانی پشتێنەی عەرەبی و لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی سوری لە چەند هەزار جوتیار و گوندنشینی كورد و زیندانییەكان و ئەشكەنجەدان. كە هەڤاڵێكی لەگەڵدایە، هاوكات ئەویش كوردێكی سوریایە، لە ترسی ئەوەی لەلایەن سیخوڕێك بناسرێتەوە، دەموچاوی بە دەمامكێك دادەپۆشێت و داوا دەكات وێنەی نەگیرێت.

زەكی خەیری بەناوی حزبی شیوعی عێراقەوە قسە دەكات. ئەو ڕەخنە دەگرێت و سەركۆنەی دەستە و كوتلە و تاقمەكەی جەلال تاڵەبانی دەكات كە هاوپەیمانی حكومەتێكی دیكتاتۆرە. وتارەكەی ڕوون و ئاشكرا و وردە، خاڵییە لە بەكاهێنانی هیچ دەستەواژە و لێداونی كرچ و كاڵ و درێژدادڕی لە قسەكردن.

نۆرەی نوێنەری كۆمەڵەی مامۆستایانی كوردە، پاشان لەلایەن عیسمەت شەریف وانلی كە بە شێوازێكی ناخهەژێن باسی ئازار و مەینەتییەكانی پێشمەرگە و هەژارییان دەكات، ئینجا نۆرەی عەقید نوریە كە نوێنەرایەتی كۆمیتەی كارگێڕی دەكات و پاشان نوێنەرانی كۆمەڵەی قوتابیانی كورد و لاوانی كورد هەن.

لـە کۆتاییـدا نەقیـب کەمـال، ئەفسـەری فەرمانـدەی لیـوای عەرەبـی و ئەندامـی ئەنجومەنـی فەرماندەیـی شـۆڕش، نوێنەرایەتـی خواسـتی ئـەو عەرەبانـە دەکات کـە لەنـاو شۆڕشـی کـورددا خەبـات دەکـەن و دەجەنگـن. دووپاتـی چۆنییەتـی تـەواوی پشـتیوانی و ڕێککەوتـن و بەشـداری تەواویـان دەکاتـەوە.

دوا میوان کە قسە دەکات نوێنەری قوتابیانی کوردە لە میسر.

بێژەرەکەی دەنگی کوردستان کۆمەڵێك بروسکە و نامەی ئەوروپا و ئێران دەخوێنێتەوە.

دوای وچانێکی کورت، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردسـتان بۆ پێشکەشـکردنی ڕاپۆرتی سیاسـی هاتە سـەر سـەکۆی قسـەکردن. ئێمە هەندێك بیرۆکەی سـەرەکی باس دەکەین:

- شـیکاریی "سەرلێشـێواوی سیاسـی کـە لەلایەن دەسـەڵاتێکی سـەربازییەوە دروسـتکراوە کـە لەلایـەن خەڵکـەوە هەڵنەبژێـردراوە. "
- یەکڕیزی نیشتیمانی و پرسی کورد. بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە تەنیا دوو چارەسەر هەیە:

بـۆ گەیـشتن بـە یەکڕیـزی نیشـتیمانی، دەبێـت زۆرینـە دان بـە مافـە نەتەوەییەکانـی کەمینـەدا بنێـت. زۆربــەی پارتــە عەرەبییــەکان بێجگــە لــە حزبــی شــیوعی و حزبــە دیموکراسـییە پێشـکەوتنخوازەکان، هەڵوێسـتێکی کۆنەپەرسـتانە و پاشـگەردانی پیشـان دەدەن. دەسـتووری کاتـی عەبدولکەریـم قاسـم دانـی بـە مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد دانــاوە. " ســەرەڕای هەمــوو ئەمانــە، ئێمــە بەردەوامیــن لەســەر ئــەوەی دەمانەوێــت پەیوەندییەکـی بـاش لەگـەڵ نەتـەوەی عەرەبـدا بپارێزیـن: دەزانیـن حکومەتـی عێـراق نوێنـەری ڕاسـتەقینەی گەلـی عەرەبـی عێـراق نییـە".

- عێـراق و یەکێتـی عەرەبـی: " ئـەو یەکگرتوویـی عەرەبییـەی کـە بەدەسـت هـات بـاش نەبـوو، بەڵکـو دەرئەنجامـی یەکگرتوویـی نێـوان حکومەتـەکان بـوو نـەك لەنێـوان گەلەکانـدا. بـۆ نموونـە، یەکگرتوویـی لەگـەڵ میـسر لـە ئێسـتادا لەلایـەن خەڵکـی عێراقـەوە داواکـراو و پێشـوازی لێکـراو نییـە".
- چاکسازی کشتوکاڵی ئەنجام نەدرا.
- ئــەو کار و پڕۆژانــەی لــە کوردســتان ئەنجــام دراون، وەك بەنداوەکانــی دوکان و دەربەندیخــان، بــۆ بەرژەوەنــدی تایبەتــی بەغــدا و ناوچەکانــی باشــوور ئەنجــام دراوە.

- پیشەسازی و کێشەی نەوت. ئەو پڕۆژانەی لە سەردەمی قاسم دامەزراون، ڕێککەوتنەکانی عێراق و سۆڤیەت لە ئەنجامی گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی حکومەت نەتوانرا بەدی بهێنرێن. حکومەت، بەهۆی لاوازی و خەرجییە زۆرەکانی شەڕی کوردستانەوە، پەیوەستە بە کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکانەوە: کۆمپانیای نەوتی عێراق ناتوانێت پارەی قەرزی کرێی شایستەی کۆمپانیاکان بدات، یاسای ٨٠ کە قاسم بڕیاری لەسەر داوە ڕێزی لێناگیرێت.
- سیاسەتی دەرەوەی شۆڕش لەسەر بنەمای پێکەوەژیان دامەزراوە: بە مانای سەربەخۆیی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. پڕۆپاگەندەی ئێمە لە دەرەوەی وڵات دەبێت لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی بێت: هیچ زانیارییەکی ناڕاست بڵاونەکەینەوە وەك ئەوەی حکومەت دەیکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئەو گەل و وڵاتانەی پشتیوانمان دەکەن لە زیادبووندایە. لیژنەکان دروست دەکرێن، وەك چۆن ئەوەی لە فەڕەنسا هەیە.

- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی لە دۆخێکی مەترسیداردا دەبینێتەوە: دابەشبوون لەدژی خۆی و بوون بە نێچیری خواستە بێ ئەندازەکانی ئیمپریالیزمە بیانییەکان.
- ئاگربەستەکە هەم بەهۆی شکستی سوپاکەیان و هەم بەهۆی دۆخی ئابووری وڵاتەوە بەسەر حکومەتدا سەپێنرا. ئەگەر حکومەت نەیتوانی بە شێوەیەکی ئاشتیانە پرسی کورد چارەسەر بکات، ئێمە ئامادەین بۆ بەرگریکردن لە ئازادیی خۆمان تەنانەت ڕێگای مەترسیش بگرینەبەر.

وردەکارییەکان دەبێتە جێی سەرسامی چاودێرەکە. ئەو کەشوهەوایەی باڵی کێشاوە بەسەرهۆڵی کۆنگرە، وەك کەشوهەوای هۆڵێکی زۆر گەورەی خوێندن سەرنجڕاکێش و بە دیسپلین دیارە. بەڕاستی وەك ئاهەنگێکی سیاسییە، کە لەمیانەی دا هەموو شتێک ڕوودەدات وەك ئەوەی بەشداربووان ئاشنایەتی بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵ و دیموکراسی دەبن. ئەم تایبەتمەندییە، کە شتێکی بێ بایەخ نییە، دەبێ بهێڵرێتەوە و بەراورد بکرێت بە ئەخلاق و هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانە وەك چۆن لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردووە.

**١٦ی تشرینی دووەم.**

- ڕاپۆرتی دارایی.
- ڕاپۆرتی ڕێکخستن، لە لایەن دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان.

خاڵەکە گرنگـە: دکتـۆر محمـود عـوسمان لـە پێشـەکییەکەیدا، چەمکـی ڕێکخـستن و مەرجەکانـی بەدیهێنانـی شـیدەکاتەوە. باسـی "ناوەندگەرایـی یـان مەرکەزییەتـی دیموکراسـی" دەکات. ئامـاژەی بەوەشـکردووە کـە: "مەرکەزییـەت بـۆ خەبـات پێویسـتە، دەبێـت دیموکراسـی بێـت بـۆ ئـەوەی لـە دیکتاتـۆری دوور بکەوێتـەوە... هەمـوو کەسـێك سـەرەتا دەبێـت ڕەخنـە لـە خـۆی بگرێـت، پێـش ئـەوەی ڕەخنـە لـە گروپەکـە یـان ئەوانـی تـر بگرێـت... پارتـی بـاوەڕی بـە سـەرکردایەتی بەکۆمـەڵ هەیـە نـەك سـەرکردایەتی تاکەکەسـی. "

دکتـۆر عـوسمان کارەکانـی لیژنـەی لێکۆڵینـەوە و چاودێـری و بەدواداچوونـی حـزب پێشـکەش دەکات، کـە دەسـتەکە لـە ٥ بـۆ ٧ ئەنـدام پێکهاتـووە و لەلایـەن کۆنگـرەوە هەڵبژێـردراون و بەرپرسـیارن لـە سـزادانی کارە نادروسـت و هەڵـەکان. کەموکوڕییـەکان دەگەڕێنـەوە بـۆ پێنـج هـۆکاری سـەرەکی: ١. شـەڕ، پلـە و ژمـارەی بەرپرسـانی کەمکـردەوە، بێجگـە لـەوەش دەبـوو بەرپرسـیارێتی سـەربازی گـەورە لـە ئەسـتۆ بگـرن. ٢. قەیرانـی تاڵەبانـی. ٣. لاوازی کادیـرەکان،" نەخۆشـی درێژخایەنـی پارتـی کـە بـە دەسـتیەوە دەناڵێنێـت"... "لەبـەر ئـەم هـۆکارە دەبـێ قوتابخانـە و خولـی کادیـر پێگەیانـدن بکەینـەوە". ٤. هەڵـەی کەسـی یـان شەخسـی چـوار ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی "کـە هیچیـان نەکـردووە، یـان بـە خراپـی کردوویانـە". ٥. ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی، هەروەهـا لـە هەمـان کاتـدا ئەندامـی دەسـتەی کارگێڕیـش بـوون، "ناچـار بـوون کاتەکانیـان دابـەش بکـەن و لـە هـەر دوو بەشـەکەدا کاربکـەن". "بـەڵام ئەگـەر کارەکانمـان بـەراورد بکەیـن بـەو سـەختی و ئاسـتەنگانەی ناچـار بوویـن ڕووبـەڕووی ببینـەوە، دەتوانیـن بڵێیـن پێشـکەوتنی گـەورە و بەرچـاو هەبـووە".

**هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆنگرە.**

- پێکهێنانی شەش لیژنە، کە گروپی کار پێکدەهێنن: لیژنەی سیاسی و لیژنەی دارایی و لیژنەی ڕێکخستن و لیژنی بەرنامە و پڕۆگرامی پارتی و لیژنەی لێکۆڵینەوە و چاودێری و بەدواداچوون و لیژنەی کێشە و گیروگرفتەکانی شۆڕش.

**١٩ی تشرینی دووەم.**

- دانیشتنی پلینۆم یان دانیشتنی گشتی گشت ئەندامەکان.

بەشداربووان داوای ئامادەبوونی بارزانی دەکەن.

خوێندنەوەی کاری لیژنە جیاوازەکان.

**چەندین گفتوگۆ بەڕێوەچوو:**

چاکسازی کشتوکاڵی: "دەبێت ئەنجامی بدەین. "

وەڵام: "حکومەت هیچ کێشەیەکی نابێت و یارییەك دەکات بۆ تۆمەتبارکردنی ئێمە بە جوداخوازی. ئەو چەند ئاغایەی بێدەنگن و مێشێك میوانیان نییە، ڕاشکاوانە دژی ئێمە دەوەستن".

- یەکڕیزی عەرەب.
- کوردستانێکی سەربەخۆ.
- مەرجەکانی وەرگرتنی کەسێك لە کۆمیتەی ناوەندی: هەندێك دەیانەوێت بەرپرسانی ناوخۆیی و لۆکاڵی بە جۆرێك لە پلەبەندی ڕەها پلەیان بەرز بکرێتەوە. ڕەخنە: یارمەتی دروستکردنی کەسایەتییە دیارەکانە و ئەو دەرفەتەکان لەبارن دەکەن بۆ کەسانی خۆپەرست.
- پێشمەرگە دەبێت تەنیا فەرمان لە بارزانی وەربگرێت.
- تەنیا یەك لایەن یان یەك حزب دەبێت حوکمڕانی بکات ئەویش: پارتی دیموکراتی کوردستانە، پێویستە ئەوانی تر لە کوردستان دوور بخەینەوە. ئاماژەی بەوەشکردووە، "بۆچی ئێمە لایەنگری شیوعییەکان بکەین، لەکاتێکدا

ڕژێمــە کۆمۆنیســتەکان بوونــی حزبەکانــی دیکــە ڕەتدەکەنــەوە؟". وەڵام: " ئــەوە دەبێتــە هــۆی دامەزرانــدن و دروســتکردنی دیکتاتــۆری حزبــی و هاوشــێوەی ئــەو حزبانــەی ڕەخنــەی لێدەگــرن. ئەمــەش پێچەوانــەی مۆدێــل و بیرۆکــەی دیموکراســی دەبێــت. شــیوعییەکانی عێــراق پشــتگیریمان دەکــەن. ئێمــە پەیوەندیــمان لەگــەڵ حزبــی شــیوعی عێراقــی هەیــە، نــەك لەگــەڵ حزبــی شــیوعی کــە قەوارەیەکــی مەعنەوییــە لەگــەڵ واقیعــدا ناگونجێــت. "

پێدەچێــت زۆرینــەی نوێنــەران پشــتیوانی لــە دوورخســتنەوەی ئاراســتەی سیاســی جیــاواز لــە هــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بکــەن: ئەمــە پاڵنەرێکــی بەکۆمەڵــی سروشــتییە، کــە لــە ئەنجامــی نەبوونــی مەشــق و ڕاهێنانــی فیکــری و سیاســییەوە ســەرچاوە دەگرێــت. ئــەوە کاری کادیــر و کارگێڕانــە ئــەو ئەرکــە قورســە ئەنجــام بــدەن کــە مەترســییەکانی هەڵوێســتێکی لــەو شــێوەیە بــۆ نوێنــەران ڕوون بکەنــەوە. بــەم بۆنەیــەوە ئــەوەی شــایانی باســە ئــەو فۆرمــە پەروەردەییــە کــە بەرپرســانی حــزب پەیــڕەوی دەکــەن، دوور لــە ســەپاندنی دیــدگای خۆیــان تاڕادەیــەك ئاســان دەبێــت بــە لەبەرچاوگرتنــی پێگــەی کەســییان وەك پزیشــك و ئەندازیــار، هــەوڵ دەدەن چالاکوانــان ســنووری بۆچوونەکانیــان شــی بکەنــەوە.

**٢٠ی تشرینی دووەم.**

- نامەکەی بارزانی.
- ڕاپۆرتێك دەربارەی بارودۆخی کورد لە سوریا.
- هەڵبژاردن.

کۆمیتــەی ناوەنــدی هەڵبژێــردراو کەســی نــوێ لەخۆدەگرێــت: ســێ ئەفســەر هەڵدەبژێردرێــن، ئەمــەش بــێ نیگەرانــی سیاســەتمەداران تێناپەڕێــت کە دژی دەوەســتنەوە: "جەمـاوەر بـە ئاسـانی سەرسـام دەبێت بە سـەرکردەکانی جەنـگ و پاڵەوانە سـەربازییەکان. ئەمــەش دەتوانێــت مەترســیدار بێــت، نابێــت ســوپا لــە پێگەیەکــی ئیمتیــازداردا ســودمەند بێــت". هەروەهــا دوو ئەندازیــاری شارســتانی و جەلالییەکانــی پێشــوو و کەســێکی لایەنگــری عــەرەب و نوێنــەری پێشــووی شــۆڕش لــە قاهیــرە لەخۆدەگرێــت.

لـە کۆتایـی کۆنگرەکـەدا بەیاننامـەی کۆتایـی بڵاودەکرێتـەوە و یاداشـتێك ئاراسـتەی سـەرۆك عـارف دەکرێـت، کـە تێیـدا داوا دەکرێـت دواجـار بەڵێنەکانـی ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ جێبەجـێ بکرێـن.

ئێمــە لــە بەیاننامــەی کۆتایــی، لــە بــەرواری ٢٥ی تشرینــی دووەم، کــە تێیــدا ئاماژەیــەك بــە دۆخــی نێودەوڵەتــی دەکات: "کۆنگــرە لــە بڕیارنامەیەکــدا پشــتیوانی خــۆی بــۆ هەمــوو ڕەوت و هەڵوێســتە نێودەوڵەتییــەکان دەردەبڕێــت کــە کار بــۆ چەسـپاندنی ئاشـتی جیهانـی و کەمکردنـەوەی گرژییەکانـی نێـوان دەوڵەتـان دەکـەن، لـە ژێـر ڕۆشـنایی میسـاقی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و بنەماکانـی پێکەوەژیانـی ئاشـتیانە و کارکــردن بــۆ چارەســەری ناکۆکییــە نێودەوڵەتییــەکان لــە ڕێگــەی دانوســتانەوە و قەدەغەکردنـی بەکارهێنانـی چەکـی ئەتۆمـی و تاقیکردنـەوە ئەتۆمییـەکان. بزووتنـەوە ڕزگاریخـوازە نەتەوەییـەکان کـە لەلایـەن ئـەو گەلانـەوە سـەرکردایەتی دەکرێـن کـە دژی ئیمپریالیـزم دەجەنگـن، بـۆ سـەربەخۆیی خۆیـان و مافـی چـارەی خۆنووسـینیان، بەتایبەتـی لـە نیشـتیمانی عەرەبـدا. "

" کۆنگـرە ئیدانـەی سیاسـەتی جیـاکاری ڕەگـەزی دەکات لـە ئەفریقـای باشـوور و ڕۆدێسـیا.. داوای گەڕانـەوەی ئاشـتی بـۆ ڤێتنـام دەکات بـە کۆتاییهێنـان بـە دەسـتێوەردانی بیانـی و دەرەکـی لـەم وڵاتـە و ڕێگـەدان بـە گەلـی ڤێتنـام بـۆ ئـەوەی ئازادانـە بڕیـار لـە چارەنووسـی خۆیـان بـدەن. "

## زانیاری و پەیوەندی

بڵاوکردنـــەوە و بەکارهێنانـــی زانیـــاری دوو کۆڵەگـــەی ســـەرەکی و جەوهـــەری شۆڕشـــن، هـــەم بـــۆ بەردەوامـــی شـــۆڕش و هـــەم بـــۆ گەشەســـەندنی ناوخۆیـــی.

لـە کاتێکـدا پێکهاتـە و ژێرخانـی شـۆڕش هەوڵـی کۆکردنـەوەی هێـزە نەتەوەیـی و نیشـتمانپەروەرەکان دەدات کـە کـەم تـا زۆر لـە فـەزای جوگرافـی و دەروونیـدا پەرشـوبڵاون، گرنگـە سیسـتەمێکی پەیوەنـدی دابمەزرێنرێـت کـە ئامانـج لێـی کەمکردنـەوەی هەنـگاو بـە هەنـگاوی گۆشـەگیری بێـت. کارەکـە دەبێـت هێنـدەی تـر پەلـەی لـێ بکرێـت بـەو پێیـەی کەلێنەکانـی نێـوان پەیوەندییـەکان فراوانـن.

هەلومەرجـی خەباتـی شۆڕشـگێڕی بـووە هـۆی دروسـتبوونی دوو تـۆڕی زانیـاری: تۆڕێکـی سـەربازی بـۆ بەکارهێنانـی تاکتیکـی و تۆڕێکـی مەدەنـی بـۆ بەکارهێنانی سیاسـی.

ئـەو جەنگـەی کـە لـە بەرەیەکـی فراوانـی ٦٠٠ میلـدا بەڕێوەدەچێـت، پێویسـتی بـە مەرکەزییەتـی هەواڵگـری و ڕێکخسـتن و هەماهەنگیـی کـردار هەیـە.

زانیارییـە سـەربازییەکان بـە دوو ڕێـگای جیـاواز دەگەنـە بـارەگای سـەرەکی: نامەبـەر یـان پەیامبـەری تاکەکەسـی و خزمەتگـوزاری ڕادیـۆ یـان بێتـەل. نامەبـەر بەسـوودە بـۆ فـەوج و کۆمانـدۆکان کـە ئامێـری بـێ تەلیـان نییـە. نامەبـەر ڕاپـۆرت دەداتـە دەسـەڵاتی بـاڵا کـە لـە بەرامبـەردا ئەویـش زانیارییـەکان بـە ڕێگـەی خـۆی دەنێرێـت. بـەڵام ئـەو کەسـەی نامـە و پەیـام دەگوازێتـەوە زۆر پێویسـتە کاتێـك بابەتەکـە پەیوەنـدی بـە ناردنـی ڕاپۆرتێکـی گـەورە و کـۆدی نهێنییـەوە هەیـە کـە هـەر دوو هەفتـە جارێـك یـان هەندێکجاریـش هەفتانـە بەسـەر یەکەکانـدا دابـەش دەکرێـت. ڕاهێنانـی ئـەم نامەبەرانـە وایـان لێـدەکات بتوانـن بـە تێکـڕای خێرایـی ٩ کیلۆمەتـر لـە کاتژمێرێکـدا بـۆ مـاوەی پێنـج بـۆ هەشـت کاتژمێـر لـە ناوچـە شـاخاوییەکان بـەردەوام بـن. ئاڵوگۆڕکردنـی ئـەم نامەبەرانـە دەتوانـن خێرایـی گواسـتنەوەی پەیامـەکان زیـاد بکـەن بـە دابینکردنـی جێگـرەوەی نـوێ بۆیـان.

خزمەتگـوزاری ڕادیۆیـی بێتـەل بـە سەرپەرشـتی مفـەوەز کەمـال ئەحمـەد بارکـی بـە هـاوکاری یاریدەدەرێکـی پێشـووی سـوپای عێـراق، خەلیـل بەکـر، بـە شـێوەیەکی

سـەرنجڕاکێش و بـە باشـی ڕێکخـراوە. شـێوازی بەکارهێنانـی کلاسـیکە: تۆڕێکـی دووانـەی ناوچـەکان کـە ئامێـری ڕادیۆیـی نـاردن و وەرگرتنـی هەیـە، جۆرێـك لـە تـۆڕ پێکدەهێنێـت کـە هێڵـە سـەرەکییەکانی پەیوەنـدی لەگـەڵ ناوەنـدی ئۆپەراسـیۆنەکان دەنوێنێـت. چاودێـران و ئیشـپێکەری ڕادیـۆ لـە سـوپا و پۆلیسـەوە دێـن، وەك مفـەوەز کەمـال کـە لـە ئینگلتـەرا مەشـقی پێکـراوە، یـان لـە قوتابخانـەی پەیوەندییەکانـی لەشـکری شۆڕشـەوە.

ئـەو ئامێـرە بێتەلانـەی قسـەکردن کـە بەردەسـت بـوون، هەموویـان لـە گۆڕەپانـی شـەڕەکان لـە کاتـی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان یـان هەڵمەتەکانـی هێـزە تایبەتـەکان بەدەسـت هاتبـوون. بـۆ نموونـە لـە ١٢ی ئایـاری ١٩٦٦ سـوپای شۆڕشـگێڕی کـورد دەسـتی بەسـەر ٤٦ یەکـەی بێتەلـدا گـرت کـە لـە کاتـی داسـتانی هندرێـن لەلایـەن حکومەتەکانـەوە جێهێڵدرابـوون.

تۆڕەکـە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە ٣٠ وێسـتگە و ئامێـری بێتەلـی جـۆری AN/GRC 9 ی ئەمریکـی پێکدێـت. ئامێرەکانـی فرێکوانـس نـزم وەك AN/PRC 10 ئەمەریکـی و ١٠٥ و ١٠٨ سـۆڤیەتی گـەڕۆك و پشـت بـە پاتـری نابازرگانـی دەبەسـتن لـە جـۆری (پاتـری BA 279). مـەودای کارکردنـی لـە ٣ بـۆ ٨ کیلۆمەتـرە کـە دەگۆڕێـت بەگوێـرەی ئالێـری بەکارهـێنراو.

شـەوکەت ئیسماعیـل پێنـج سـاڵ لـە جیهانێکـی ئاڵـۆزی پیتەکانـدا ژیـاوە کـە هیـچ مانایەکـی دیـار و ڕوون و فەرهەنگـی نییـە. لـە مـاوەی پێنـج سـاڵی ڕابـردوودا ئـەم پیـاوە ٢٠ کیلـۆی لەشـی دابەزانـدووە. ئـەو چـادرەی کـە لـە ژێـرەوەی کار دەکات پـڕە لـە ئالێـر. لـە دەوروبەریـدا یارمەتیدەرانـی بـە کاسـکێکەوە گـوێ دەگـرن و ئـەو پەیامانـە کۆپـی دەکـەن کـە لـە فایلێکـدا کـۆی دەکەنـەوە. شـەوکەت ئیسماعیـل، ئەفسـەری پۆلیسـی حکومەتـی عێـراق و بەرپرسـی دەزگای بێتەلـی شـۆڕش بـۆ کۆدکردنـەوە و شـیکردنەوەی جفـرە و زانیـاری لـە مەکتەبـی دووەمـی سـوپای شـۆڕش.

سـوپای عێـراق بـۆ کۆدکـردن و جفرەکردنـی پەیامەکانـی سیسـتەمی Slidex بەکاردەهێنێـت[١]: خشـتەیەکی سـەر کاغـەزی خانـە خانـە کـراو کـە زاراوەی

(١) سلایدێکس سیستەمێکی کۆدکردنـی کاغـەزی گەورەیـە کـە لـە ئاسـتی هێڵـی پێشـەوە، لـە نێـوان (فـوج و سـەرباز و سریەلانـی) لـە سـوپای بەریتانیـا لـە کاتـی جەنگـی سـاردا بەکارهاتـووە.

سـەربازییان لەسـەرە: "هێـرش" و "پاشەکشـە" و "کاروان" و "ڕێکـەوت و کۆبوونـەوە" و "کۆمانـدۆ" و "بەتالیـۆن". لـە لێـواری ئـەم خانانـەدا دوو شریتـی پلاسـتیکی هەیـە کـە پیـت یـان ژمارەیـان لەسـەر چـاپ دەکرێـت. سلایدێکـس وەکـو مەتەڵێکـی وشـەی یەکتربـڕ یـاری دەکات: پیتـی ئاسـۆیی و ژمـارەی سـتوونی لەگـەڵ وشـەیەکی ئاسـایی دەگونجێـت. بـۆ نموونـە، ١٥ بـە مانـای "هێـرش"، B4 بـە مانـای " زرێپـۆش"...

ئەرکـی ئـەم ئەفسـەرەی پێشـووی پۆلیـس دۆزینـەوەی مانـای شـاراوەی ئـەم جووتـە پیـت و ژمارەیـە کـە کارپێکەرانـی ڕادیۆکـەی گوێیـان لێدەگـرن و تێبینیـان دەکـەن. وا ڕوودەدات کـە ئـەم تێـك هەڵکێشـی پیـت و ژمارانـە ڕۆژانـە بیسـت جـار دەگۆڕدرێـن. سـەختی کارەکـە لـە بەپەلەییەکەیـەوە سـەرچاوە دەگرێـت: هـەر پەیامێکـی وەرگیـراو دەبێـت دەسـتبەجێ کـۆد بکرێتـەوە، بەبـێ گوێدانـە گرنگییەکـەی کـە ناتوانرێـت پێشـوەختە دیـاری بکرێـت تەنیـا بـە سـەیرکردنی لێدوانـە نهێنییەکـەی. چالاکیەکـی لـەم شـێوەیە ماندووکـەر و تاقـەت پڕوکێنـە و پێویسـتی بـە ئیـرادە و زیرەکـی بـێ هاوتـا هەیـە.

ئێسـتا ژمارەیەکـی دووانـە بەکاردەهێنـن کـە شـازدە کۆمەڵـە لـە خـۆ دەگرێـت. تـا ڕادەیـەك درێـژە... دەتوانـم بـە کاتـی زیاتـر بیکـەم بـەڵام لەلایەکـی تـرەوە، بـۆ ئەوانیـش بەهەمـان شـێوە درێـژە: بەجۆرێـك کـە بـۆ پەیامـی بەپەلـە، ناچـارن سـادەتری بکەنـەوە کـە هەندێـك جـار لـە تـرس و دڵەڕاوکێـدا بـە ڕوونـی پەخشـیان دەکـرد.

دەسـتەی ئەرکانـی گشـتی عێـراق کـە بێدەسـەڵات بـوو لەبەرامبـەر ئـەو کارە سەرسـوڕهێنەرەی دەزگا کوردیەکانـی کۆکردنـەوە و شـکاندنی جفـرە، بۆیـە ناچـار بـوو دامەزراوەیەکـی گرانبەهـا لـە نێـوان بـارەگاکان و خاڵەکانـی پشـکنینی ئـەو فرقانـە دابمەزرێنـێ کـە لـە ڕێگـەی تەلەفۆنـی تەشویشـەوە پەیوەنـدی لەگـەڵ بەغـدا دەکـەن.

— شـەوکەت دەڵێـت: لـە سـاڵی ١٩٦٣ شۆڕشـمان ڕزگار کـرد. بـۆ مـاوەی پەنجـا و دوو ڕۆژ سـوپای حکومـەت ڕووبـەڕووی لەشـکرەکەمان بـووەوە و نەیتوانـی تێپەڕێنێـت و بیشـکێنێت. لـە نیـوەی شـەودا کەسـێك بروسـکەیەکی جفـرەداری بـۆ هێنـام و دوای نیـو کاتژمێـر کارکـردن، توانیـم بابەتەکـە ڕوون بکەمـەوە: سـوپای حکومـەت فەرمانـی پێگەیشـت بـوو کـە بەرەبەیانـی زوو چـوار دەوری سـەنگەرەکانمان بگرێـت و هەمـوو هێزەکانـی لـە شـوێنێك بجولێنێـت کـە بەداخـەوە خاڵـی بـوو لـە پێشـمەرگە.

بروسـکەکەم بـۆ بارزانـی نـارد کـە پـازدە خولەکێـك لـەوێ دوور بـوو. تـا کاتژمێـر ٤ی بەیانـی هەمـوو هێـزی پێشـمەرگە لـە پێگـە و سـەنگەرە نوێیەکانـی خۆیـان بـوون. ئەگـەر پلانەکـە سـەرکەوتوو بوایـە و سـەریگرتبووایە ئـەوە کۆتایـی شـۆڕش دەبـوو!

کوالێتـی پەخشـی ڕادیۆیـی تەنیـا لەسـەر بنەمـای خێرایـی گواسـتنەوە نییـە: ئامرازێکـی تایبـەت و جیـاوازە بـۆ بەشـداریکردنی خەڵکـی مەدەنـی. پێدەچێـت زانیـاری زارەکـی و دەنگـی بـە تایبەتـی بگونجێـت لەگـەڵ ئـەو بارودۆخانـەدا بـۆ دانیشـتووانێك کـە توانـای خوێنـدەواری کەمیـان هەیـە و ئامرازەکانـی پەیوەندیکردنیـان کەمـە. بەهـای ئـەو دەنگـەی پەیامەکـە دەگەیەنێـت زۆر زیاتـر لـە ناوەڕۆکـی فەرمـی پەیامەکـە نرخـی پێـدراوە: دەنـگ خەباتـی شۆڕشـگێڕانە بـە شەخسـی دەکات. بێجگـە لـەوەش ئـەم دەنگـە کـە سـەرچاوەکەی تایبەتـە، پێدەچێـت نوێنەرایەتـی یەکگرتوویـی شۆڕشـگێڕانە بێـت: هەواڵـەکان و شرۆڤـە و زانیارییـە پەروەردەییـەکان بـە نـاوی نووسـەرێکەوە واژۆ نەکـراون، بەڵکـو خۆیـان وەك بیرۆکـەی تیمـی بەرپـرس لـە دەسـتەی کارگێـڕی دەخەنـەڕوو، ئەگـەر ئەوانیـش دەنگـی بێژەرێکـی دیاریکـراو یـان شـێوازی سەرنوسـەرێکی دیاریکـراو بناسـن، ئـەوە دەیسـەلمێنێت کـە مەحاڵـە بەرپرسـیارێتی بـە تـاك بسـپێردرێت.

ئـەو گرنگییـەی بـە ناوەرۆکـی پەخـش و بەرنامەکانـدا دراوە دەتوانرێـت لەلایـەن گوێگرەکانـەوە ڕوون بکرێتـەوە: لـە ڕاسـتیدا، ئەگـەر بەغـدا دوو گۆرانـی بیتڵـز[1] دابەزێنێـت: Honey Honey, kiss me و Oh my love، ئـەوە لەبـەر ئەوەیـە کـە بـە ئارامییـەوە بەرگەیانـی گرتـووە لـە کاتێکـدا هەوڵـی ڕاگرتنـی بەرنامەکانـی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق دەدات بـە تەشـویش خستنەسـەری. ڕادیـۆی کـوردی چەکێکـی بەهێـز بـوو، یەکێـك لـە ئامانجـە سـەرەکییەکانی دەسـتەی ئەرکانـی گشـتی سـوپای عێـراق بـوو، کـە هـەم لـە ڕێگـەی تەشـویش خستنەسـەر و بـۆ پەکخسـتنی و هـەم لـە ڕێـگای بۆمبارانکردنـی ئێزگـەکان هەوڵـی زاڵبـوون بەسـەریدا و بێدەنگکردنـی دەدات.

---

(١) بیتڵـز (بـە ئینگلیـزی: The Beatles)، گرووپێکـی بەریتانـی میوزیکـی لـە جـۆری ڕۆك بـوون، لەساڵی ١٩٦٠ لـە لیڤەرپـوول درووسـت بـوو. دواتـر بـوو بـە ناسراوتریـن و سـەرکەوتووترین گرووپـی میوزیکـی لەمێژووی مۆسـیقادا.

دەنگــی کوردســتانی عێــراق، لەگــەڵ کەناڵــی عەرەبی-کــوردی کــە لــە ئەڵمانیــای ڕۆژهەڵاتــەوە پەخــش دەکات، تاکــە کار و چالاکــی ئاشــکرا و گشــتی ئۆپۆزســیۆنی سیاســی عێراقــە. شۆڕشــی کــورد ســێ ئێزگــە و گواســتنەوەی ڕادیۆیــی شــەپۆل کورتــی هەیــە، هەمان بەرنامــە پێشــکەش دەکــەن، بــەڵام لەســەر درێــژی شــەپۆلی جیــاواز- ٤١ و ٤٥ و ٤٨ مەتــر- بــە مەبەســتی نەهێــشتن و بەرەنگاربوونــەوەی تەشــویش: بــۆ هەمــان مەبەســت، ڕۆژانــە دوو بــۆ ســێ جــار لــە ڕۆژێکــدا دووبــارە پەخــش دەکرێتــەوە، ئــەو بڕگــە و بابەتانــەی لــە کاتژمێــر ٩ لــە ٤١ مەتــردا دەبیسترێــن و پەخــش دەکرێــن، هــەر هەمــان بڕگــە و بەرنامــە لــە کاتژمێــر ١ی پاشــنیوەڕۆ لەســەر ٤٥ یــان ٤٨ مەتــر پەخــش دەکرێــن.

یەکــەم ئامێــری گواســتنەوەی پەخــش لــە ســاڵی ١٩٦٣ کــڕدرا، کــۆن بــوو و زۆر بەهێــز نەبــوو، دەتوانیــن بڵێیــن کاریگەرییەکــی ئەوتــۆی نەبــوو. لــە ســاڵی ١٩٦٤ فەرمانــی ئامێــری دووەم کــرا. کەمێــك پێــش ئاگربەســتەکە ڕادەســتکرا، بــەڵام کەوتەدەســت نوســینگەی ئیبراهیــم ئەحمــەد و دەســتی بەســەردا گــرت. توانــی تەنیــا بــۆ مــاوەی بیســت و چــوار کاتژمێــر بــەکاری بهێنــێ و لــەو ماوەیــە سوکایەتی بــە ژەنــەڕاڵ بارزانــی و شــۆڕش کــرد. پاشــان ئیبراهیــم ئەحمــەد بــەو ئامێــرە بەنرخــەوە هەڵهات بــۆ ئێــران، کــە بڕیــار بــوو لــە گەڕانەوەیــدا لێــی وەربگیرێتــەوە. لــە کاتێکــدا پەخــش و پەرنامەکانــی شــۆڕش بــە بەردەوامــی تەشویشــیان دەخرایــە ســەر و دەنگــی ڕادیــۆ نەدەگەیشــتە گوێــی زۆربــەی دانیشــتووان و بیســەرانی کوردســتان، گوندنشــین و چالاکوانانــی شــارەکان داوای ئەوەیــان دەکــرد کــە ئێزگەیەکــی دیکــەی بەهێزتــر دابنرێــت: ئاواتەکــە لــە ئابــی ١٩٦٥دا هاتــەدی.

دەتوانیــن بڵێیــن بەرنامــەکان هەرگیــز ڕاســتەوخۆ نیــن، بــەڵام پێــشتر تۆمــار دەکرێــن. هەلومەرجــی کارکــردن زۆر ســەختە: ئەگــەر شــوێنی ئێزگەکــە چاودێــری بکرێــت لــە لایــەن دوژمنــەوە ، ئێزگەکــە دەبێــت نــەك ســتۆدیۆکەی بگۆڕێــت، بەڵکــو دەبێــت ئەشــکەوتەکەی بگۆڕێــت و مۆلیــدە و ئالێــرەکان و ئامێرەکانــی شــەپۆڵ نــاردن و تۆپــە وایــرەکان بگوازێتــەوە.

هەر بەرنامەیە بە دوو زمانی کوردی و عەرەبی پەخش دەکرێت.

هــەر کــە ئاگربەســت لــە ٢٩ی حوزەیرانــی ١٩٦٦ واژۆ کــرا، حکومەتــی عێــراق کارێکــی کــرد بــۆ دڵنیابــوون لــە نەمانــی ئــەم ئامــرازە کاریگــەرەی پڕۆپاگەنــدە و کۆکردنــەوە. تەنیــا

دوای سێ مانگ توانی ڕەزامەندی بەدەست بهێنێ: لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦، دەنگی کوردستانی عێراق پەخشی بەرنامەکانی وەستاند بە مەبەستی "بەرەوپێشبردنی دانوستانەکان لە ڕێگەی ئاماژەیەکی نیازپاکی و ئاشتیانە، هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی". لە چەند بۆنەیەکدا، لە کاتێکدا دانوستانە بێ ئەنجامەکان بە ڕۆژانی دوور و درێژ تێدەپەڕین، بارزانی هەڕەشەی لە حکومەت دەکرد کە پەخشی ڕادیۆ دەستپێبکاتەوە. بەغدا لەبەرامبەردا هەندێك کاری چاکی کرد و بە لێنیدا و بێدەنگی بەردەوامی بە دەستهێنا.

ئەو سەرمایە گەورەیە کە زیاتر لە چەکێکی سادە نیشان دەدرێت، بەڵام شێوازێکی تایبەتی ڕاهێنانی جەماوەری و بەشداریکردنی بەکۆمەڵ گرنگی ئەو ڕێوشوێنە ئەمنییانە ڕوون دەکاتەوە کە بۆ پاراستنی خراوەنەتە بواری جێبەجێکردنەوە: ناوچەی جێگیربوونی کاتی ئێزگەکە وەك ناوچەیەکی قەدەغەکراو پۆلێن دەکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، کێشە و سەختی ئابووری دانیشتوان ڕێگە نادات ئەم شێوازە لە ڕاهێنان بە تەواوی سوودی لێ وەربگیرێت. زۆرێك لە ماڵ و خێزانە لادێییەکان تەنانەت ڕادیۆیەکی بچوکیشیان نییە. ڕێژەی کاتژمێرەکانی گوێگرتن بۆ یەکەی دانیشتوان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لە هەمان ناوچەدا بەپێی ستاندارد و ئاستی ژیان دەگۆڕێت. هاندان و پەرەپێدانی گوێگرتن لە ئەرکی نوێنەری ناوخۆیی یان لۆکاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

ئامانجی پڕۆژەی دەستەی کارگێڕی فراوانکردنی ناوەڕۆکی بەرنامەکانە بە زیادکردنی بەرنامەی خوێندەواری و فێرکردنی ئەلف و بێ و پەروەردەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی لە پاڵ زانیاری و شیکاری سیاسی.

## ڕەوشت و ئەخلاقی نوێ

سـەرهەڵدان و گۆڕانـكاری شۆڕشـگێڕی، كـە لـە پێكهاتـە و دەركەوتـە گشـتییەكانی پارتـی و سـوپادا ڕەنـگ دەداتـەوە، دەبێتـە هـۆی گەشـەكردن و پەرەپێدانـی جۆرێكـی نـوێ لـە مـرۆڤ، كـە لـە ژینگـەی شۆڕشـگێڕییەوە دروسـتكرابوو، لـە بەرامبەریشـدا ئەوانیـش كاریگـەری خۆیـان لەسـەر گەشەسـەندنی شۆڕشـەكە هەیـە.

ئـەو گرووپـە پێشـەنگە كـە لە ژێـر كاریگـەری سـەرما و برسـێتی و كارە ماندووكـەرەكان، پێكهاتـووە لـەو كەسـانەی دەتوانیـن پێیـان بڵێیـن " گەنجانـی كـورد"، یـەك خاڵـی نەگۆڕیان هەیـە: خولیـای ڕاستەقینە بـۆ ئـەخلاق، كـە پاڵنەرێكـە بـۆ وردبینـی و كاری دروسـت.

وەك بەرهەمـی بـارودۆخ، ئـەم ئەخلاقـە چیتر ئـەو ڕێسـایە ئەخلاقییـە نییـە كـە لەلایەن چینێكـی كۆمەڵایەتـی یـان ئایدیۆلۆژیایەكـەوە سـەپێنرابێت. ڕەنگدانـەوەی ئەزمـوون و گۆڕانـكاری لـە هەڵوێسـتە سـەرەتاییەكانە، لـە بەرژەوەنـدی دۆزی سـەركەوتنی شۆڕشـە.

بـەم شـێوەیە ئەگـەر ئەندامێكـی دەسـتەی كارگێـڕی (تەمـەن ٣٠ سـاڵ) لەكاتـی دانیشـتنی لـە كورسـی پشـتەوەی ئۆتۆمبێلـی جـۆری جێـپ و ڕەتكردنـەوەی كورسـی ئاسـوودەی شـۆفێر ڕایبگەیەنێـت:

— لەبیرمـان نەچێـت ئێمـە پێشـمەرگەین، هەموومـان پێشـمەرگەین. نابێـت جیـاوازی لـە نێـوان ئێمـە وەك (سـەركردە و بەرپـرس) و جوتیـار یـان پێشـمەرگەیەكدا هەبێـت.

ئـەم لێدوانـە بابەتـی خۆشـگوزەرانی و قسـەی بـاق و بریـق نییـە. ئەمـە نوكتەیەكـی سـۆزداری ڕۆشـنبیرێك نییـە سـەبارەت بـە بەدبەختـی كەسـانی تـر. وشـەكە لـە پێویسـتییەكی قووڵـەوە هاتـووە و شـۆڕش تەنیـا تـا ئـەو ڕادەیـە دەمێنێتـەوە و گەشـە دەكات كـە كادیـرەكان چینـی ئەریسـتۆكرات و نۆبـل و نوخبـە پـەروەردە و پێـك نەهێنـن.

شۆڕشـگێڕانی كـورد لـە جـۆش و خرۆشـی گەنجانـەوە كـە شۆڕشـی گەلێكیـان تێكـەڵ بە ناڕازیبوونـی خۆیـان دەكـرد، بـە شـیكاریەكی ڕەخنەگرانـە ئـەو توخمـە ئەفسـوناوییانەیان شـیكردەوە كـە چەمكـی شـۆڕش دەتوانێـت بیشـارێتەوە:

— مـن چیـتر وشـەی "ئیمپریالیـزم" بەبـێ ڕق و كینـە بەكارناهێنـم، چونكـە زیـاد لـە پێویسـت و بـێ ئەنـدازە خـراپ بەكارهێـنراوە. ئیمپریالیـزم هەمیشـە هـۆكاری هەمـوو

خراپـەکاری کێشـە و گیروگرفتەکانـە و دوژمنانـی دەوڵەتیـش هەمیشـە بریـکاری ئیمپریالیزمـن. عـارف تـا ئـەو شـوێنە دەڕوات کـە دەڵێـت: پارتـە سیاسـیەکان و سـەندیکاکان بریـکاری ئیمپریالیزمـن. (پیاوێکـی تەمـەن ٣٦ سـاڵ، وایگـوت).

— ئێسـتا، مـن بـاوەڕ بـە قسـەی خەڵـك ناکـەم. وشـەکانیان یـان قسـەکانیان هیـچ مانایەکـی نییـە. حکوومەتـە عەرەبییـەکان و چیـن یـان یەکێتـی سـۆڤیەت وەك ئەمریکا، هەمیشـە قسـە دەکـەن و شـتگەلێك دەڵێـن. ئەمانـە تەنیـا قسـەن. (پیاوێکـی تەمـەن ٢٨ سـاڵی ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، وایگـوت)

— مـن چیـتر بـاوەڕم بـە پابەندبـوون و بەڵێنـی نـووسراو یـان زارەکیـی ئـەو ڕۆشـنبیرانە نییـە کـە دوای شـۆڕش لـە ترسـی مـەرگ و مـردن یـان بۆمـب واز لـە شـۆڕش دەهێنـن. (پیاوێکـی تەمـەن ٣٢ سـاڵی ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، وایگـوت)

ئـەم دوایيـن تێڕامـان و بیرکردنەوەیـە گرنگـە. ئەمـە بـەرەو ئـەم بنەمایـەی دەبـات: شۆڕشـگێڕ دەبێـت لـە شۆڕشـدا لـە ناوخـۆدا بجەنگێـت. لـەو سـاتەوە تاکێـك یـان کەسـێك لـە مەیدانـی کاری شـۆڕش دوور دەکەوێتـەوە، ئـەو ئەندامێتـی بـۆ شـۆڕش نامێنێـت. ئـەم حوکـم و یاسـایە، کـە زۆر تایبەتـە، سـەرچاوەی ئـەو گۆڕانکاریانەیـە کـە لـەم چەنـد مانگەی دوايیـدا لـە دیپلۆماسـیەتی کوردیـدا هاتۆتـە ئـاراوە. لەمـەودوا ئەرکـی نوێنەرایەتـی شـۆڕش لـەدەرەوە لەلایـەن ئەندامانـی دەسـتەی کارگێڕییـەوە جێبەجـێ دەکرێـت کـە لانـی کـەم بـۆ ماوەیەکـی کاتـی لـە شـۆڕش دابـڕاون، بـەڵام لەکۆتایـی ئەرکەکانیانـدا دەگەڕێنـەوە کوردسـتانی عێـراق ئـەم ئەرکـە نابێـت لـە هەشـت مانـگ زیاتـر بێـت.

— تەنیـا ئـەو کەسـانەی ژیانـی پێشـمەرگە ئاسـا ژیـاون و هاوبەشـی ژیانیـان کـردووە و شـۆڕش بـە هەمـوو وردەکارییەکانییـەوە بـە باشـی دەناسـن و ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەسـەندن و پێشـکەوتنەکەی ئـاگادارن، دەتوانـن بـە نـاوی شۆڕشـەوە قسـە بکـەن. دەزانـن ئێمـە هەژاریـن و دەبێـت زۆر وریـا بیـن و نابێـت وەك سـورییەکان لێدوانـی گـەورە بدەیـن و بەیاننامـەی گـەورە دەربکەیـن و نەفـرەت لـە ئیسرائیـل بکەیـن. (ئەندامێکـی تەمـەن ٣٠ سـاڵەی دەسـتەی کارگێـڕی و ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، وایگـوت)

ئـەم پا ـی و ڕاسـتگۆییەی تاکـی کـورد، کـە تێگەیشـتنی بـۆ ئێمـە زەحمەتـە ئەگـەر هـەوڵ نەدەیـن لـە قورسـایی هەلومەرجـی تایبەتـی شۆڕشـی کـوردی تێبگەین.

— ناتوانیــن ئەوەمــان لەبیــر بچێــت کــە پێشــمەرگەکان هیچیــان نییــە... کاتێــك لــە هۆتێلێــك دەمێنمــەوە و ٢٥ فرانــك بــۆ ژوورەکــەم دەدەم، دەبێــت ئــەوە بزانــم لــە یــەك شــەودا ئــەو پارەیــەی مــن خەرجــی دەکــەم دەکاتــە ئــەو پارەیــەی کــە پێشــمەرگەیەك لــە ســێ مانــگ یــان زیاتــردا بەدەســتی دەهێنێت.(ئەندامێکــی تەمــەن ٣٠ ســاڵەی دەســتەی کارگێــڕی و ئەندامــی مەکتەبــی سیاســی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، وایگــوت)

کلتــور و نەریتــی هــەژاری لــە ئەنجامــی میکانیزمێکــی پیرۆزکردنــی دەوڵەتێــك ڕوودەدات کـە چیتر وەك کۆسـپ تەماشـا ناکرێـت، بەڵکـو وەك هۆکارێکـی پێشـکەوتن سـەیر دەکرێـت. لـە ئاسـتی کـرداری تاکەکەسـیدا دێتـە ئـاراوە، کـە لەلایـەن واقیـع وڕاسـتیەکانەوە سـەپێنراوە. بـۆ نموونـە لـە موعاناتـی ("ئێمـە هەژاریـن")، ئـیتر هـەژاری دەبێتـە کـردار ("ئێمـە دەبێـت بـە هـەژاری بژیـن. تەنانـەت خـراپتر لـەوەی هـەژاری ناچارمــان دەکات. بــەم شــێوەیە شــۆڕش ڕزگار دەبێــت").

ئەســتەمە بــۆ مــن دکتــۆر مەحمــود عەلــی عوسمانــی هاوڕێــم لەبیــر بکــەم کــە بــە چاکــەت و پانتۆڵێکــی لــە خــوری دروســتکراوی ڕەشــەوە- کــە مەچــەك و قۆڵــی دڕاو بــوو و لــە دووروە هــەژاری لــێ دەبــاری- وەك کەســایەتییەکی دیپلۆماتــی دیــار خــۆی دەناســێنێت. دکتــۆر عــوسمان لــە کاتــی گەڕانــەوەی لــە یەکێــك لــە ئەرکــە درێژخایەنەکانــی لــە دەرەوەی وڵات گوتــی:

— خۆشحاڵم بەهەمان ئەو بڕە پارەیەی لەسەرەتادا وەرم گرتبوو، دەگەڕێمەوە ناو شۆڕش.

چــۆن دەتوانیــن و دەکرێــت باســی چاکەتــە درێــژە ڕەنــگ بێجییەکــەی ژەنــەراڵ بارزانــی نەکەیــن؟ پۆشــاکێکی مێژوویــی کــە خاوەنەکــەی لــە زســتانەوە بــۆ زســتان دەیپۆشــێت، کــە ڕەنگــی گــۆڕاو کاڵ بۆتــەوە و کــۆن بــووە، داو و دەزووەکانــی بــە هــۆ دڕکــی درەختەکانــەوە دەرچــووە و ئاســەواری قــوڕی پێــوە بەجــێماوە بەهــۆی تەقینــەوە و بۆردومانەکانــەوە .

ئاڕاسـتە و هەڵگـری ئەخلاقـی نوێـی پارتـی دموکراتـی کوردسـتان و بەتایبەتـی کارگێـڕ

و کادیرەکانــی لــە هاوکێشــە سەرســوڕهێنەرەکەی دکتۆرێــك دەبینرێــت، کــە ئەندامــی مەکتەبــی سیاســی و دەســتەی کارگێڕیــە و ڕایدەگەیەنێــت:

— من بورژوازییەکی بچووکم لەناو شۆڕشدا نوقم بووم و تێیدا تواومەتەوە.

لە درێژەی قسەکانیدا دەشڵێت:

— دەســتەواژەیەك لــە لای ئێمــە هەیــە کــە وەك هێمایــەك و ســیمبولێك وایــە زۆر جــار لــە کاتــی کۆنگــرەدا دەگوترایــەوە: "هەمــوو شــتێکمان بــۆ شــۆڕش"، واتــە ئەگــەر ژیــان و موڵــك و مــاڵ و ســامان و خێــزان و بنەماڵــە و پێگەمــان لــە پێنــاو و بەرژەوەنــدی شــۆڕش بەخــت نەکەیــن ئــەوا ئێمــە شۆڕشــگێڕ نیــن.

ئـەو کەسـانەی لـە ژینگەیەکـی دەوڵەمەند و ئاسـوودەدا دەژین، جلوبەرگـی ڕێکوپێکیان لەبەردایـە، هەسـت بـە ونبـوون دەکـەن. هـەر لـە قوتابخانـەوە لـە کولتوورێکـدا گـەورە بـوون کـە وایـان لێـدەکات هەسـت بـە باڵادەسـتی بکـەن، چونکـە خاوەنـی زۆر شتن لەسـەر زەوی. ئـەوان بـە بیرۆکـەی تونـدی شۆڕشـەکان تێکدەچـن. بـە فەرامۆشـکردنی بیروبـاوەڕ و بەهاکانـی خۆیـان، بۆیـان دەردەکەوێـت کـە خەونـی دادپـەروەری خەڵکـی لـە ڕاپەڕینـدا سـادە دایـە. بەڕاسـتی خەباتـی کەسـانی تـر تێناگـەن.

شـۆڕش وشـەیەکی ترسـێنەرە. دەتوانـێ وامـان لێبـکات سـەرمان بتاشـین و گۆچانێـك یان تـێڵا بگرینـە دەسـت بـۆ دووبـارە دامەزراندنـەوەی کۆمەڵگایەکـی نەریتـی و مەسـیحی، یـان بـە پێچەوانـەوە، لـە نەریتـە ئاسـاییەکان دەربچیـن کـە دەتوانـێ ببێتـە هـۆی ئـەوەی قژێکـی درێـژ و شـپرزەمان هەبێـت و بـێ سـنوور هەڵسـوکەوت بکەیـن.

بارزانیــش وەك عیســای مەســیح و ڕۆبێســپیێر و لینیــن و مــاو تســی تونگــی چینــی شـوێنکەوتووانی خـۆی هەبـوو کـە هەندێکیـان سـەریان تـاشراو و هەندێکـی تریـان قژیـان درێـژ بـوو. ئـەم گرووپانـە کـە پێیـان دەوترێـت بەعسـیەکان و جەلالیـەکان، شـێوازێکی نوێـی بیرکردنـەوە و ڕەوشـت و ئەخلاقـی نوێـی شـۆڕش ڕەتدەکەنـەوە کـە زۆر سـادەی دەبینـن. ئـەوان زۆر جدیـن لـە شـەڕکردن بـۆ بیرۆکەکانیـان.

ئەخلاقـی نـوێ لـە ڕەنگدانـەوەی تیۆریـەوە سـەرچاوە ناگرێـت، بەڵکـو لـە بـارودۆخ و هەلومەرجـە تایبەتەکانـی خەباتـەوە سـەرچاوە دەگرێـت، کـە دواتـر دەبێتـە هـۆی

ڕەنگدانــەوەی قــووڵ بــۆ ئــەوەی مانــا بــە ئەزموونــی وەرگیــراو ببەخشــێت. کاتێــك ڕووداوەکە تێگەیشــت و ڕوونکرایـەوە، بناغـە و بنەمـا بـۆ ئەخلاقێـك دادەنێـت کـە لەسـەر بنەمـای ئەزمـوون بێـت، کـە لەگەڵیـدا پلان بـۆ داهاتـوو دادەڕێژرێـت.

سیســتەمی شۆڕشــگێری کــوردی لــە پەیڕەوکــردن و لاســایی کردنــەوەی مۆدێلێکــی ئایدیۆلـۆژی دەرەوە یـان بێگانـە پێـک نایـەت. بەڵکـو دەبـێ و گرنگـە وانـەی خەباتەکانـی ڕابــردوو لەگــەڵ چوارچێــوە و بارودۆخــی تایبەتــی کوردســتانی عێراقــدا بگونجێنیــن. بــۆ ســەرکەوتن، نابـێ ئـازادی سیاسـی و ئابـووری کۆمەڵایەتیـی کوردسـتان و عێـراق تەنیـا لـە کۆپـی کردنـی مۆدێلـی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا و ڕۆژهـەڵات یـان ئەمەریـکادا سـنووردار بکرێـت، ئەگینـا مەترسـی شکسـتی لەسـەرە.

- مـن نەخۆشـخانە و ئـەم خانـووەم (کـە مـن لێـی دەژیـم) بـەو پلانانە دروسـت کـرد کە خـۆم دیزاینـم کردبـوو. ئامانجـم ئـەوە بـوو پەیوەندییـەك لە نێـوان خانـووی تەقلیدی و خانـووی مۆدێـرن لـەڕووی پاکوخاوێنـی و گونجاویـدا دروسـت بکـەم. پێشـتر حکومەت خانوویـان بـۆ فەرمانبەرانـی دەوڵـەت دروسـت دەکـرد کـە زۆر جیـاواز بـوو لەوانـەی باقـی دانیشـتوان تێیـدا دەژیـان، ئـەم خانووانە بە کەرەسـتەی وەك خشـت و کۆنکرێت دروسـتکراون و پەنجـەرەی گەورەیـان هەیـە هتـد. ئـەم ماڵانـە تەنانـەت جێگـەی سـەرنجی گوندنشـینانیش نەبـوو، کـە زۆر جیـاواز لـە شـێوازی ژیانـی خۆیـان دەزانـی. ئـەوەی پێویسـتە بیکەیـت بەکارهێنانـی خووەکانـی ئێسـتایە و وردە وردە بیانگۆڕیـت. بـۆ نموونـە بەکارهێنانـی کەرەسـتەی تەقلیـدی. ماڵەکـەم لـە قـوڕ دروسـتکراوە، وەک بینیوتانـە. بـەڵام شـتێکی نوێـم بـۆ حەمامەکە زیاد کرد: بـە کیسـەیەك چیمەنتۆ، دوش و دەستشـۆرێکم دانـا. جوتیـار یـان گوندنشـین بە ئاسـانی دەتوانێـت کیسـەیەك چیمەنتۆ بکڕێـت.( دکتۆرێکـی عەرەبـی تەمـەن ٣٣ سـاڵ، وایگـوت)

بــۆ ئــەوەی پێکهاتــە کۆمەڵایەتــی و سیاســییەکان بگۆڕدرێــن، ســەرەتا دەبێــت مرۆڤــەکان خۆیــان بگــۆڕن. حکومەتــە عەرەبییــەکان کــە زۆرجــار ســەربازی و کەمتەرخەمــن، پێویســتە بــە ســەرکردە و هاووڵاتییانــی بەهێــز و واقیعبیــن و ئارامگــر و تێکۆشــەر و میانڕەوتــر جێگەیــان بگیرێتــەوە.

- ئێمــە نابێــت هــەوڵ بدەیــن باشــترین قســەکەر یــان ئاژاوەگێڕمــان هەبێــت،

بەڵکودەبێــت باشــترین کرێــکار و تەکنیککارمــان هەبێــت. ئەگــەر بەردێــك گـەرم بکەیـت، هیـچ شـتێك ناگۆڕێـت. بـەڵام ئەگـەر هێلکەیـەك گـەرم بکەیـت، ئــەوا جوچکێــك بەدەســت دەهێنیــت. تــۆ داوا لــە جوچــك ناکەیــت گاســنەکە ڕابکێشــێت. بەهەمــان شــێوەش، پێویســت نــاکات درەختێــك تێکبشــکێنیت و بیبڕیتــەوە بــۆ تێپەڕیــن. باشــترە بــەدەوری دا بســوڕێیتەوە و دار و لقەکانــی بپارێزیــت وبەکاریــان بهێنیــت. (ئەندامــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و لێپــسراوی گونــد، کــە تەمــەن ٤٣ ســاڵە، وایگــوت)

کەواتـە ئـەخلاق و سیاسـەت پێکـەوە دێـن و بـە باشـی کۆدەبنـەوە و هەمـان بنەمـا و کــردار پەیــڕەو دەکــەن. ئــەم ئەزموونــە درێژخایەنــە، لــە هەلومەرجێکــی ســەختدا بەدەسـت هاتـووە، گەنـج و کەسـانی بەتەمـەن و گوندنشـین و شارنشـین و خوێنـدەوار و نەخوێنـدەوار کۆدەکاتـەوە. ئەندامانـی ئـەم تیمـە لـە بەغـدا و لەنـدەن و پاریـس مەشـقیان کـردووە و خوێندنیـان کـردووە و هەندێکیشـیان خەباتگێـڕی سـەردەمی قارەمانیـن، ئـەوان بـە قەیرانێکـی ناوخۆیـی مەترسـیداردا تێپەڕیـن، کـە خیانەتـی یەکێـك لـە بلیمەتتریـن و درەشـاوەترین ئەندامـەکان بـوو و لـە بارودۆخێکـی سـەختدا دەژیـان، بەبـێ ژن و خێـزان کــە زۆربەیــان دانیشــتووانی شــار بــوون. هەمــوو ئەمانــە تیمێکــی پتــەو و تۆکمەیــان پێکهێنــاوە، بــە باشــی ڕێکخــراون و ڕاهاتــوون بەیەکــەوە کار بکــەن.

بـۆ ئـەم پیاوانە شـۆڕش جۆرێـك لـە ڕووبەڕووبوونەوە بوو لەگـەڵ خۆیـان. هەوڵیان دەدا ئـەوەی گوتوویانـە و بیریـان لێکردۆتـەوە بیسـەلمێنن، بـەڵام شـۆڕش لـە گەردەلوولێکـدا کـە پێشـبینییان نەکردبـوو تـا ڕادەی مـردن لولیـدان. کاتێـک قوتابـی بـوون لـە لەنـدەن لەکاتـی شۆڕشـی ١٩٥٨ دا هەڵیانکوتایـە سـەر باڵیۆزخانـەی عێـراق. لـە پاریـس پەیوەندییـان بـە عەرەبـە پێشـکەوتنخوازەکانەوە کـرد بـۆ پشـتیوانیکردن لـە شۆڕشـی جەزائیـر، کاریگەربوون بـە مارکـس و لینیـن و ماوتسـی تونـگ و فەیلەسـوفانی فەڕەنسـی و بێزاربـوون لـە گفتوگـۆ درێژخایەنەکانـی شـەوانە و ناکـۆك بـوون لەگـەڵ کۆمەڵـگای ئایینـی خۆیـان و گیـرۆدەی وروژاندنـی بزووتنـەوە خوێندکاریەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـوون، کـە لـە ئەوروپـا و یەکێتــی ســۆڤیەت بــەدوای وەدیهاتنــی خەونەکانیــان بــۆ گۆڕانــکاری و دەســەڵات دەگــەڕان. پاشــان گەڕانــەوە کوردســتان و نیشــتەجێبوون لــە ناوچەیەکــی هەژارنشــین

و گوندنشین. بڕیاریان دابوو دۆخێکی کۆمەڵایەتی ئاسوودە بەجێبهێڵن بۆ ئەوەی شوێن سەرکردەیەکی ناوخۆیی بکەون و کار بۆ شۆڕش بکەن. ئەم گۆڕانکارییە تەنیاییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی لە پاریس یان مۆسکۆ لە هەموو سەرسامیەکانی ئەوێ دەستبەردار بوون، پرۆسەیەکی درێژخایەن و سەخت بوو. ئەو قوتابیەی تەنیا تیۆرزان بوو، بوو بە شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە. دوای ئەوەی ئەزموونەکانی بینیوە، هەڵپەرستی و عەقیدەی چەپ ڕەتدەکاتەوە. ئەو تێگەیشت بۆ سەرکەوتن بەس نییە تەنیا پێشەنگ و سەری ڕم بێت، شۆڕشی وەك هەنگاوێکی گرنگ بۆ فێربوون دەبینی. لە ئەنجامدا ئەگەر بنەما ئەخلاقیەکانی شۆڕش لە دامەزراوەکاندا دەربکەوێت و ڕەنگ بداتەوە، بۆ نموونە لە سیستەمی دادوەری، ئەخلاقی سیاسی لە کردار و هەڵوێستە تایبەتمەندەکاندا بەرجەستە دەبێت خۆی دەردەخات کە بریتین لە:

- ڕەتکردنەوەی شەڕی تێکدەرانە و تیرۆر
- ئیدانەکردنی کولتوری پیرۆزکردنی کەسایەتی
- هاوپەیمانی لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی عەرەب
- ڕەتکردنەوەی هێرشی چەکداری یان زارەکی
- حزب بکەنە ئامرازێکی پەروەردەیی بۆ یەکگرتوویی
- دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی لە بنیاتنانی هەیکەلی شۆڕشدا

ڕەتکردنەوەی تیرۆر پەیوەندی بە هەلومەرجی خەباتەوە هەیە. کورد و هاوپەیمانە عەرەبەکانی لە دژی حکومەتێکی تۆتالیتاری و سەربازی دەجەنگن کە لە گەلی عێراق دوورە و نامۆیە بە خەڵکەکەی. ئەوان نایانەوێت ترسی شەڕ و جەنگ بەسەر خەڵکدا بسەپێنن کە بەرپرسیار نین لەم ململانێیە:

- ئێمە شەڕ لە دژی حکومەتێك دەکەین، نەك لە دژی گەلی عێراق. (ژەنەڕاڵ بارزانی)

هەندێك جار کەسایەتییەکی حکومی کە بە دڕندەیی ناسراوە، سزای مردنی بەسەردا دەسەپێنرێت و لەسێدارە دەدرێت. بەڵام هەرچەندە شەڕ دەبێتە هۆی ئازار و ترس و تۆقینی زۆر، بەڵام حوکمی لەسێدارەدان زۆر دەگمەنە.

هەستی کوردەکان بە دادپەروەری لەوانەیە سەرسوڕهێنەر بێت. بۆ نموونە ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕش نامەیەکی بۆ بارەگای کۆمپانیای نەوتی عێراق ناردووە لەم نامەیە دا داوایکردووە لەبەرئەوەی داهاتی کۆمپانیاکە لە بەرژەوەندی کورد و گەلی عێراقدا نەبووە، بەڵکو بۆ کڕینی چەکی وەك: بۆمب و دەبابە و فڕۆکەی شەڕکەر بە کارهاتووە و داوای کردووە بەشێك لە داهاتەکە بدرێتە نەخۆشخانەکانی شۆڕش، کۆمپانیاکە هەرگیز وەڵامی نەدایەوە و کوردەکانیش هەمان نامەیان دووبارە ناردەوە بەبێ ئەوەی وەڵامیان پێبدەنەوە.

تۆڵەسەندنەوەی شۆڕش سنووردار بوو بۆ دوو چالاکی سەرنجڕاکێش و چەند تەقینەوەیەك. لە ١٠ و ١١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢ گروپێکی پێشمەرگە نێردران بۆ عەین زالە کە وێستگەیەکی پەمپی باکوری ڕۆژئاوای مووسڵ بوو. ئەوان بە درێژایی ڕووباری دیجلە مەلەیان کرد و چوونە ناو شوێنەکە، پاسەوانەکانیان چەك کرد و شەویان لەوێ بەسەربرد. ڕۆژی دواتر، لەگەڵ سەرپەرشتیارێکی بەریتانی بەناوی بەڕێز دانکوۆرث و هاوکارێکی ئەمریکی لەگەڵ خێزانەکەی وەك بارمتە ڕۆیشتن. پاش ماوەیەکی کورت ئەمەریکی و خێزانەکەی ئازاد کران. بەڕێز دانکوۆرث لەلایەن بارزانییەوە پێشوازی لێکرا و مامەڵەیەکی باشی لەگەڵدا کرا، خواردن و شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسوودەی پێدرا، پاشان لە ١٠ ی تشرینی دووەم بەرەو سنووری ئێران بەڕێکرا. ڕێنمایی کرا کە ئەزموونەکانی خۆی لەوەی چی بینیوە و بیستوە بە ئینگلتەرا بڵێت و فەرمانڕەواکان ڕازی بکات بە بێسوودی و بێهودەیی جەنگ. بەڕێز دانکوۆرث لە تارانەوە گەڕایەوە بۆ لەندەن، بەڵام لەو کاتەوە هیچ هەواڵێکی لێ نەبیسترا.

لە ٢٥ ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا ئۆپەراسیۆنێکی هاوشێوە لە قەرەچوغی باکوری کەرکووک ئەنجامدرا. ئەمجارە دەستکەوتەکە گەورەتر بوو: چوار تەکنیککاری عێراقی و ئەندازیارێکی بەریتانی بە ناوی بەڕێز گۆشینگ دەستبەسەرکران. ئەم میوانانە بردران بۆ بارەگای فەرماندەیی هێزی هەولێر، لای عومەر مستەفا دوای دانیشتنێکی کورتی قایلکردن کە لەگەڵ بۆمباران تێکەڵ بوو، لە کانوونی دووەمی ١٩٦٣ گەڕانەوە ماڵەوە و هەڵگری پەیام بوون کە هیچ کاریگەرییەکی نەبوو وەك ئەوەی پێشوو.

ئێستا وا دیارە ماندوێتییەکی زۆر سەرکردەکانی شۆڕش ناچار دەکات ڕێوشوێنی کەمتر شەرەفمەندانە، بەڵام کاریگەرتر لەبەرچاو بگرن. هەرچەندە دەڵێن نەوتەکە هی خەڵکە، بەڵام پێیان باشە بە شێوەیەکی سودبەخشتر بەکاریبهێنن نەك وەکو ناپاڵم.

شۆڕشی کورد پشتیوانی لە کولتوری پیرۆزکردنی کەسایەتی ناکات. سەرکردەکان خۆیان لە ئاهەنگگێڕان بۆ تاکە کەس بە دوور دەگرن لەبەر دوو هۆکار: هەلومەرجی خەبات و ئەو شوێنەی خەباتی تێیدا ڕوودەدات. هەر کەسێك بەپێی لێهاتوویی خۆی لە گروپەکەدا ڕۆڵی هەیە و بۆ کۆی گشتی کۆمەڵەکە گرنگە. ئەوانەی ڕەخنەیان لێدەگیرا بەهۆی ئەوەی دەیانەوێت سەرنجیان لەسەر بێت یان دەسەڵاتخوازی، زۆرجار دوور بوون لە ڕووی جوگرافییەوە یان لە پۆستێکدا بوون کە گۆشەگیری دەکردن. جەلال تاڵەبانی ناچار بوو ڕووبەڕووی ئەم بۆچوونە کۆمەڵایەتییە ببێتەوە بە ڕەتکردنەوەی پلەو پایەی بێ ئیمتیازات.

یاسا و ڕێسا توندەکانی دیسپلینی شۆڕشگێڕی، ڕێگە لە تاکە کەس دەگرێت لە دەستبەرداگرتنی دەسەڵات. پیاوێك دەتوانرێت بۆ پۆستێك دابنرێت، پاشان بنێردرێت بۆ ئەرکێکی تر لە شوێنێکی تر، یان بخرێتە ژێر فەرمانی فەرماندەیەك. دەبێت هەمیشە ئامادەیی تێدا بێت و ئامادە بێت خزمەتی شۆڕش بکات و بۆ سوود و بەرژەوەندی تایبەتی تاکە کەسی بەکاری نەهێنێت.

کوردەکانی عێراق لە کاتێکدا کە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا دەمێننەوە، خودموختارییان پێ بدەن، ئەمە بنەمای سەرەکی بانگەشەکانی کوردە بۆ عێراق. ئەوان ڕەتیدەکەنەوە لە وڵات جیاببنەوە، کە ڕاگەیاندنێکی ستراتیجی و تاکتیکی بوو شۆڕشی ناچار کرد هاوسۆزی لەگەڵ گەلی عەرەب نیشان بدات. ئەمەش هەڵوێستەکانیان لە سەردەمی ململانێی عەرەب و ئیسرائیل و قەیران لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی عێراق ڕوون دەکاتەوە.

کورد قوربانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئەو بەرژەوەندییە دەرەکیانەیە کە ئیستفزازییان کرد، دەزانن دۆخ و دۆزی ئەوان تەنیا یەك توخمی بچووکە لە دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

- - کێشـەی کـورد پرسـێکی جیـا نییـە، بەڵکـو بەشـێکی دانەبـڕاوە لـە کێشـەکانی دیکـەی ناوچەکـە. (ئەندامـی دەسـتەی کارگێـڕی، تەمـەن ٣٢ سـاڵ، وایگـوت)
- جیهانـی عەرەبـی لـە قەیراندایـە، هەروەهـا ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ڕۆژهەڵاتـی دوور و ئەمریـکاش. بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە، چارەسـەرکردنی کێشـە ناوخۆییـەکان بـەس نییـە، دەبێـت کێشـەکە بـە شـێوەیەکی گشـتگیر چارەسـەر بکرێـت. (ئەندامـی دەسـتەی کارگێـڕی، تەمـەن ٣٠ سـاڵ، وایگـوت)

ئـەم هۆشـیارییە واقیعییـە ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە کـە بۆچـی شۆڕشـی کـورد ڕەتیدەکاتــەوە توندوتیــژی بەکاربهێنێــت. ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــە کێشــە ئابــووری و سیاسـییەکانیەوە، تەنیـا دەیتوانـی توندوتیـژی بـە شـێوەیەکی وێرانکارانـە بەکاربهێنێـت. شۆڕشـی کـورد هەمیشـە دژی دەسـت پێکردنـەوەی جەنـگ بـووە و هەمیشـە ئاگربەسـت و دانوسـتان و سـازانی کاتیـی پـێ بـاشتر بـووە، تەنانـەت ئەگـەر ئەمـە تەنیـا تـا بۆردومـان یـان هێرشـی داهاتـووی دوژمـن بـەردەوام بێـت.

لەگــەڵ ئەوەشــدا، کاتێــك بەغــدا لــە کاتــی مەســەلەی عەقەبــە لــە حوزەیرانــی ١٩٦٧ ڕاوێــژی پێکــرد، ژەنــەراڵ بارزانــی بــە تونــدی دژی شــەڕەکە وەســتایەوە. ئــەو هۆشــداری دا کــە ئەمــە تەنیــا دەبێتــە هــۆی کارەســاتێکی ئابــووری نــوێ و جارێکــی دیکــە وڵات ناچــار دەبێــت بەرگــەی بگرێــت.

پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان، وەك حزبێکـــی بەهێـــز و ســـەقامگیر، ئامانجـــی چاندنـــی تـــۆوی دووبەرەکـــی و کێشـــە نییـــە، بەڵکـــو پەروەردەکـــردن و پێگەیاندنـــە، کـــە خەباتەکـــە ڕێـــك دەخـــات و مانـــای ڕاســـتەقینەی خـــۆی پێدەبەخشـــێت. حـــزب ڕێبازێکـی پەروەردەیـی هەیـە نـەك بەرتەسـککەرەوە: هەوڵـی ترسـاندن نـادات، بەڵکـو بەخشــینی پاڵنــەر و هیوایــە بــە جەمــاوەر و ســەرکردەکان.

- جوتیـاران و گوندنشـینان کـە پێشـتر بـە هـۆی فشـار و سـتەمی ئاغـاکان و هـەژاری و بۆردومـان و ئەشـکەنجە و هێرشـەوە بەدبەخـت و دامـاو بـوون، نایانەوێـت جارێکـی تـر تووشـی دیکتاتۆرییەکـی نـوێ بێـت لـە لایـەن پارتیـەوە. گرنـگ چاکـە و بەرژەوەندی گەلـە نـەك چاکـە و بەرژەوەنـدی پارتـی. ئەگـەر حزبێـك وەك دیکتاتۆرییـەك دەسـت بـکات بـە ڕەفتارکـردن و چەنـد سـەرکردەیەکی کـەم کۆنتڕۆڵـی ملیۆنـان خەڵکیـان

هەبێـت، دەبێـت لەناوببرێـت. وەك ئـەوە وایـە گایـەك ڕەتـی کردبێتـەوە گاسـنەکە ڕابکێشـێت و داوا لـە جوتیارەکـە بـکات کـە خـۆی ئـەو کارە بـکات. ( مسـتەفا بارزانـی ، سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان )

بـە پێچەوانـەی ڕەوتـە ناسیۆنالیسـتییە ئاژاوەگێـڕەکان، شۆڕشـی کـورد بـە هاوسـەنگ و میانـــڕەو دەردەکەوێـــت، وادیـــارە گەیشـــتۆتە قۆناغێکـــی ئـــارام و بەرهەمـــدار لـــە پێگەیـشتن. ئەندامێکـی دەسـتەی کارگێـڕی کـە هـاوکات سـەر بـە مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە، ئەرکەکانـی لـە دەرەوەی وڵات دەیکەنـە دیپلۆماتـکاری تایبەتـی شـۆڕش، ڕایدەگەیەنێـت:

— پەندێکـی کـوردی هەیـە دەڵێـت: بـەرد وردە وردە بـەرد کـون دەکات. سیاسـەت بریتییە لـە هونـەری بەکارهێنانـی باشـترین هەڵبـژاردە و ئەگـەرەکان. پێویسـتە هەمیشـە بـە گوێـرەی گونجانـی هەلومـەرج و بەهێـزی دەسـەڵاتی دوژمنـان و ئەگەرەکانـی شـۆڕش و بەرژەوەنـدی و قازانجـی میللـەت و تەنانـەت لەگـەڵ سیاسـەتی زلهێـز و وڵاتـە گرنگەکانـی جیهانیـش کردەوەکانمـان بگونجێنیـن. سیاسـەت پێچەوانـەی منداڵییـە: مـرۆڤ نابێـت بـە کوێـرەوەری شـتەکان ئەنجـام بـدات، بەڵکـو دەبێـت بـە وردی بیربکاتـەوە و هەمـوو بارودۆخـەکان بپشـکنێت پێـش ئـەوەی کارێـك بـکات.

## ڕوانین بۆ داهاتوو

خەونەکانی منداڵی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا زۆر نزیکە بۆئەوەی بە جددی وەربگیرێت. ئارەزوو و خولیاکانمان خراپەکاری و دەمامکی هەمیشەیی پێبەخشیوە. ئەمەش وامان لێدەکات ئەو ڕووداوانەی لەوێ ڕوودەدەن بە شتێکی بێ بایەخ یان تەنیا بە ژاوەژاوی بزانین. بەم شێوەیە ئێمە بێباکانە لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی میللەتێك دەڕوانین کە ژمارەیان لە نێوان ١٢ بۆ ١٣ ملیۆن کەسە و بەسەر ناوچەیەکی یەکسان بە قەبارەی فەڕەنسا بڵاوبووەتەوە.

لە شارستانییەتێکی قازانجدا، مێژوو سەرگەرمی ئەو میللەتانەیە کە لەسەر ڕێگا بەجێماون: ڕووداوەکانی هەمیشە گەمژانەن. ئەمەش بۆ هەڵسەنگاندنی جینۆساید و زانینی هۆکارە ڕاستەقینەکانی ترسناکە: نازیرەکی و شەڕانگێزی هیستری و کۆشکی قومار. ئایا پێشکەوتن لە ململانێی دژایەتیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت؟ مرۆڤی یاخی کاتێك دەبێتە شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە کە تورەییەکەی بەدوایدا بێت و ئاگاداری دوژمنایەتییە ناوخۆییەکانی ئەو کەسانە بێت کە دەیکەن بە کۆیلە.

شۆڕشی کورد بەشێکە لەم گۆڕانکارییە: جیهانێکی خۆبەخشانە و دڕندە و خۆڕاگر و ڕوون، کە بە ئارامی جیهانی کۆن ڕاودەنێت و بەهۆی یادەوەری و داب و نەریت و خووەکانەوە پەکی کەوتووە. لە کاتێکدا سەربازانی ڕژێمێکی قاچاغچی سەربازی، نارەزایی دەردەبڕن و خەریکی ئاژاوەگێڕین، دوو ملیۆن جوتیار و گوندنشین و تەکنیکار و کرێکار و کاسبکار و بازرگان هۆگریی و پەرۆشی سیاسی دەبن و وانەکانی حزبێك پەیڕەو دەکەن کە پێویستی بە ئاژاوەگێڕی نییە و بنیاتنان و نەتەوەسازی واقیعیانەی میللەتی پێ باشترە.

لەناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە بەیەکگەیشتنی دژایەتی و ناکۆکیەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و خودی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکاندا، جەماوەرێك لە جوتیار و گوندنشین بۆ داهاتوو خەبات دەکەن بەبێ هیچ جەنجاڵی و ژاوەژاوێك. لەم ناوچەیەی جیهاندا، ئەمە یەکەم دیاردەی گرنگیی وەهایە: ئەم جۆرە بە سیاسیکردنەی کۆمەڵ گەڕانەوەی نییە کە لە دۆخێکی نائاساییدا ئەزموون دەکرێت.

سەرکەوتنی شۆڕشی کورد لە عێراق حەتمییە، بەڵام ئەمە تەنیا پێشەکی و دەسپێکە بۆ داهاتوو. ڕەهەند و پانتاییەکەی تەنانەت ئەو کەسانەش سەرسام دەکات کە گومانیان لێی هەبووە. هۆشیاریی و چاوکراوەیی هێز و دەسەڵاتەکەی و جەماوەرێك کە خێرایی بەرەو پێش چوونەکەی ناچاری دەکات هەموو ئەگەرێکی ئیفلاس و مایەپووچ بوون ڕەت بکاتەوە، لەمەودوا ناتوانێت بە ئەنجامە کاتییەکان یان چارەسەرە تەواونەکراوەکان ڕازی بێت.

ئەو مۆدێلەی ئێستا لە پۆلێنکاری شۆڕشگێڕانەدا لەبەرچاو دەگیرێت، ئەوەیە کە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردانی عێراق هاوپەیمانییەك لە نێوان پێکهاتەیەکی دیاریکراو کە -کوردە-و گروپە پێشکەوتنخوازە نەتەوەییەکان دەستپێدەکات. بەم شێوەیە خەبات و تێکۆشان لە عێراقدا هاوبەشە لە نێوان کورد و دیموکراتەکانی عەرەب و سۆسیالیستەکانی پارتی بەعسی چەپ و حزبی شیوعی عێراق.

ئەم دیاردەیەی هاوکاری یەکتر لە شەڕی ڕزگاری نەتەوەیی هاوشێوەی ئەوەیە کە لە تورکیادا ڕوودەدات، حکومەت حەز دەکات لە یەك کاتدا بەڵێن بە جەللادە "سوورەکان" و کورد بدات. ڕاوکردنی جادووگەری ماککارتیست[١]، دیموکرات و سۆسیالیستەکان و شیوعییە تورکەکان لەگەڵ کورد یەکدەخات، هەروەك چۆن کۆمەڵکوژییەکانی "قۆڵبەست سەوزەکان"ی عێراق[٢] لە ساڵی ١٩٦٣دا.

کورد ئیدیعای گۆشەگیریی ناسیۆنالیستی ناکات: ئینتیمای ئەوان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مانای بەرپرسیارێتییە بەرامبەر بە گروپە عەرەب و تورك و ئێرانییەکان.

---

(١) ماکارتیزم قۆناغێکە لە مێژووی ئەمریکادا، کە بە "ترساندنی سوور"یش ناسراوە و زۆرجار بە "ڕاوکردنی جادووگەرەکان" ناودەبرێت. مەککارتیزم سەرچاوەی لە هەستی بەهێزی دژە شیوعییەتدا هەیە کە لە ئەمریکا لە چوارچێوەی شەڕی ساردا پەرەیسەند. لە ساڵی ١٩٥٠ەوە درێژدەبێتەوە، لەگەڵ دەرکەوتنی سیناتۆر جۆزێف مەکارتی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ئەمریکا، لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی مەکارتی، بەدواداچوونی بۆ ئەگەری بریکار و چالاکوان یان هاوسۆزی کۆمۆنیستەکان لە ئەمریکادا دەکرد. چەند ملیۆن ئەمریکییەک کەوتوونەتە ژێر لێکۆڵینەوەی دادوەری و پۆلیسەوە.

(٢) زۆرێك لە پەرلەمانتارانی تورکیا قوربانی ئەم ڕاوی جادووگەریی و گۆشەگیرییە: لە نێویاندا یەکێک لە هاوڕێکانمان، شانۆنامەنووس و ڕۆژنامەنووس سێتین ئاڵتان، ناسراوە بە وتارە درەوشاوەکانی کە لە ڕۆژنامەی ئەکچام لە ئەستەنبوڵ بڵاوی کردۆتەوە. سێتین ئاڵتان بە "پڕوپاگەندەی کۆمۆنیست" تۆمەتبار کرا.

بـۆ کوردسـتانی ڕزگارکـراو مەسـەلەی وروژاندنـی دوژمنایەتییەکـی نـوێ نییـە، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە، بەشـداریکردنە لـە بەرگـری سیاسـی و ئابـووری ئـەو دەوڵەتانـە[1].

سـەرهەڵدانی ناسـیۆنالیزمی سـەرکەوتووی کـورد و کارە هاوبەشـەکانی لەگـەڵ بازنـەی چالاکـی عەرەبـی و تورکـی، بەلایەنی کەمەوە بـۆ حکوومەتـە تەقلیدییەکان شـەرمەزارکەرە.

دوابـەدوای پەیماننامـەی بەغـدا یـان سـەعد ئابـاد، کاردانـەوە و وەڵامـەکان کاتـی زۆری پێناچێـت. هەڵوێسـتی تورکیـا ئاماژەیـە بـۆ ئـەو گرنگییـەی کـە بـەم پرسـە دەیـدات.

لـە میانـەی کۆبوونـەوەی ئەنقـەرە، لـە ئەیلوولـی ١٩٦٧، گروپـی پلاندانانـی ئەتۆمـی پەیماننامـەی باکـووری تەلەسـی یـان ناتـۆ، نوێنەرانـی تورکیـا پێداگرییـان لەسـەر ئـەوە کـرد کـە پڕۆژەیـەك لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت و ئەنجـام بدرێـت بـە ئامانجـی دانانـی بەربەسـتێکی تاکتیکـی ئەتۆمـی بەدرێژایـی سـنووری تورکیـا و سـۆڤیەت. ئـەم مینـە ئەتۆمییانـە بـە شـێوەیەك ڕێکدەخرێـن، ئەگـەر لـە کاتـی "لەشکرکێشـی و داگیـرکاری" بـۆ سـەر تورکیـادا بتەقێنرێنـەوە و بتوانـن شاشـەیەکی پارێـزەر دروسـت بکـەن بـە جۆرێـك هێرشـبەرەکان نەتوانـن سـنور ببەزێنـن .

ئەو ناوچەیەی کە بە پلانەکە کراوەتە ئامانج، کوردستانی تورکیایە.

سیسـتەمی بەرگـری هـی ناتۆیـە و تورکیـا وەك ڕاڕەوێـك وایـە کـە تـا ئێسـتا هەمـوو جـۆرە پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆی نێـوان وڵاتانـی عەرەبـی و یەکێتـی سـۆڤیەتی قەدەغـە کـردووە. وردتـر بڵێیـن ئـەم "ڕارەوە" تورکییـە کوردسـتانی لکانـدوە بـە یەکێتی سـۆڤیەتەوە.

چەنـد هەنگاوێـك لـە یەکێتـی سـۆڤیەتەوە، شۆڕشـی کـورد لـە تورکیـا بـە پشـتیوانی چەپـەکان، بەرەوپێـش چـوون بـە ڕێژەیەکـی بەرچـاو بەخـۆوە دەبینێـت و دابەشـبوونی کاریگەرییـەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی نزیـك دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە.

دابەشـبوون و پارچەپارچەکردنـی ناوچـەی پارتیزانـی و مەحاڵبوونـی ئاڵوگـۆڕ و پەیوەنـدی لەگـەڵ هاوپەیمانـە دراوسـێکەی پەیوەنـدی شـۆڕش بـە سـەرکردایەتیەوە دەبڕێـت و ڕێگـری دەکات لـە دووبارەبوونـەوەی ئـەو پاشەکشـە سەرسـوڕهێنەرە کـە

(١) ئـەم هەڵوێسـتە هەڵوێسـتی سـەرکردە کـوردەکان لـە کاتـی ململانـێ لەگـەڵ کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق و شـەڕی عـەرەب و ئیسرائیـل ڕوون دەکاتـەوە.

بارزانــی ســەرکردایەتی کــرد لــە ڕووخانــی کۆمــاری کــوردی مەهابــاد.

پرســیاری زۆر مــاون. ئــەوە دەگەڕێتــەوە بــۆ مێــژوو و پەیوەســتە بــە مێــژووەوە و نــەك پێشــبینی کــردن وەڵامیــان بداتــەوە. لــە کاتێکــدا ڕووداوەکان چەنــد هێنــدە دەبــن و بەڵێنــە دژبەیەکــەکان نــوێ دەبنــەوە، شــۆڕشــی کــورد لــە عێراقــدا ڕۆژ بــە ڕۆژ زیاتــر ســیما و تایبەتمەندییەکانــی مۆدێلێکــی شــۆڕشــگێڕانە وەردەگرێــت و ڕوونتر دەبێتــەوە. واقیــع و بەردەوامــی و یەکدەنگییــە بەهێزەکــەی وەك دەرئەنجامێکــی کاتــی دەبینرێــت.

# سەرچاوەکان


— Abbas (Hilmi). — Altkurdiscke Kamp uni Liebeslieder, München, 1964.

— Adamson (David). — The Kurdish War (George Allen & Unwin, édit.), London, 1964.

— Aldrige (James). — The Diplomat, London, 1950. -Al-Kan-ani (Nu'man Mahir). — Limelight on the North of Iraq, Baghdad, Dar al-Jumhuriya, 1965. Arfa (Hassan). — The Kurds. Worcester, London, 1966.

— Bachmann (Walter).— Kirchen uni Moscheen in *Arménien* und Kurdistan.Leipzig, 1913.

— Badger (GeorgeP.). — The Nestorians and th.eir Rituais, with the narrative of a mission to Mesopotamia and Coordistan in 1842-44, and of a late visit to those countries in 1850; also, researches into the présent condition of the Syrian Jacobites, papal Syrians, and Chaldeans, and an inquiry into the religious tenets of the Yezeedees (J. Masters édit.), London, 1852.

— Barth (Frederich). — Principles of Social Organization in Southern Kurdistan. Oslo, 1953.

— Bedir-Khan (Jaladat). — Grammaire kurde, Damas, 1933.

— Bedir-Khan (Emir Kamuran Aali). — Langue kurde. Eleéments de gramm maire. Cours donné à l'E.N.L.O.V. (2 vol.), Paris, 1953.

— Le Dossier du Kurdistan du Sud, dit Kurdistan d'Irak, Paris, 1965. - Etude historique sur la grande époque kurde (Maspéro, édit.), Paris, à paraître en 1968.

— Berliner (R.) & Borchard (P.). — Silberschmiedearbeiten aus Kurdistan, Berlin, 1911.

— Binder (Henri). — Au Kurdistan, en Meésopotamie et en Verse, Paris, 1887.

- Bishop (I. L.) & Bird. — Journeys in Persia and Kurdistan (2 vol.), London, 1891.
- Blau (Joyce). — Le problème kurde. Essai sociologique et histo rique. Centre pour l'étude des - problèmes du monde musul man contemporain, 4, rue de Pascale, Bruxelles-4, 1963.
- Blau (O.). — Die Stamme des nordôstlichen Kurdistan, Leipzig, 1858-1862.
- Bois (Thomas). — Les Kurdes, histoire, folklore, Beyrouth, 1966.
- L'âme des Kurdes à la lumière de leur folklore, Beyrouth, 1946.
- Connaissance des Kurdes (Khayyats, édit.), Beyrouth, 1965.
- Braidwood (LindaS.). — Digging beyond the Tigris (H. Schuman, édit.), London, 1953.
- Braidwood (RobertJ.) and Bruce (Howe). — Prehistoric Investi gations in Iraqi Kurdistan. Studies in Ancient Oriental Civilization (Chicago University Press, édit.), 1960, n° 31.
- Burchard (Brentjes). — Zu einigen Problemen der Geschichte der Kurdischen Nationalbewegung. Wissenschaftliche Zeit schrift der Martin Luther Universitat (Hall-Wittenberg, édit.), 1964.
- Campanile (G.). — Storia deélia regione di Kurdistan edille sette di religione ivi existenti, Napoli, 1818.
- Chaliand (Gérard). — La question kurde (Maspéro, édit), Paris, 1961.
- Chantre (Ernest). — Les Kurdes, Lyon, 1897.
- Charmoy (F.). — Cheref-Nameb ou fastes de la nation kurde (4 vol.), Saint-Petersbourg, 1868-1875. Version arabe 1952, Baghdad.
- Christensen, Nerthus & Dieter. — Notizen zur kurdischen Tôpferei, Berlin, 1960.
- Tanzlieder der Hakkari-Kurden. Jahrbuch für musikalische Volksund Volkerkunde, Berlin, 1963.
- Christof (H.). — Kurden und Armenier, Heidelberg, 1935.

— Demchenko (P.). — Irakski Kurdistan Wagne, Moscou, 1963.

— Douglas (W.O.). — Strange Lands and Friendly People, London, 1951.

— Driver (G.R.). — The Name' Kurd and its Phïlological Connexions, J.R.A.S., 393-403, 1913.

— Dispersion of the Kurds in Ancient Times, J.R.A.S., 563- 572, 1921.

— Studies in Kurdish History, B.S.O.S., II, 495-513, 1922.

— The Religion of the Kurds, B.S.O.S., II/II, 197-215, 1922.

— Eagleton (William). — The Kurdish Republic of 1946, London N.Y. Oxford University, 1963.

— Edmonds (C.J.). — Kurds, Turks and Arabs, C.Y. (Oxford Univer sity Press, édit.), London, 1957.

— Eickstedt (Egon von). — Türken, Kurden und Iraner seit dem Altertum, Stuttgart, 1961.

— Allow (Agha Petros). — Assyrian, Kurdish and Yezidis (Govern ment Press, édit), Baghdad, 1920.

— Elphinson (W. G.). — The Kurdish Question. International Affairs, January Ist. London, 1946.

— Ewliya Chelebi Seyahatnamesi. — Istanbul, 1890.

— Farizov (I. O.). — Russko-Kurdskij Slovar, Moscou, 1957.

— Fowler (G.). — Three Years in Persia ; with travelling adventures in Koordistan (H. Colburn, édit.), London, 1841.

— Fossum (L.O.). — A Practical Kurdish Grammar, Minneapolis, 1919.

— raser (J.B.). — Travels in Kurdistan and Mesopotamia, 2 vol., London, 1840.

— Garzoni (M.). — Grammatica e vocabolario deélia lingua Kurda. Roma, 1787.

— G avan (S. S.). — Kurdistan - Divided Nation of the Middle East (Laurence & Wishart, édit.), London, 1958.

— G hassemlou (Abdul Rahman). — Kurdistan and the Kurds (Pu- blishing

House of the Csechoslovak Academy of Sciences, édit,) Prague, 1965.

— Guïness (Walter E.). — Impressions of Armenia and Kurdistan (Spottiswoode, Ballantyne & C°, Ltd, édit.), London, 1918.

— G uyer (S.). — My Journey down the Tigris (T. F. Unwin, édit.), London, 1925.

— Hadank (Karl). — Boti und Ezâdi, Berlin, 1938.

— Kurdische-persische Forschungen, III, band IV, Berlin, 1932.

— Hamilton (A. M.). — Road Tbrough Kurdistan, London, 1958.

— Hammer. — Ueber die Kurdische Spracbe und ibre Mundarten, Reisebeschreibung Evlias. Band III. Vienne, 1814.

— Hansen (HennyH.). — The Kurdish ‘Woman’s Life, Kopenhamn, 1961.

— Daughters of Allah (Allen & Unwin, édit,), London, 1960.

— Haraldson (Erlender). — M ed Uppreisnermôtmutn i Kurdistan, Reykjavik, 1964.

— Hartmann (Martin). — Ber Kurdische Divan des Scheiche Ahmet von Gezirat ibni Omar gennannt, Mêlai Giziri, Berlin, 1904.

— H eazell (Francis N.) and M argoliouth (Mrs JessieP.). — Kurds and Christians (W. Gardner, Darton & C°, Ltd, édit.), London, 1913.

— Hutteroth (W. D.). — Bergnomaden und Yaylahauern in mit- teleren kurdischen Taurus, Hatnburg, 1959.

— Jaba (A.). — Recueil de notices et extraits kurdes, Saint-Petersbourg, 1879.

— Jaba (A.) & Justi. — Dictionnaire Kurde-Français, Saint-Peters bourg, 1879.

— Justi (Ferdinand). —•Uber die Kurdischen Spiranten, Marburg, 1873.

— Kurdische Grammatik, Saint-Petersbourg, 1880.

— Khalein (N. A.). — Barbaza Kurdistan, Moscou, 1964.

— Kinnane (Derk). — The Kurds and Kurdistan (Oxford University Press, édit.), London, 1964.

— Kinneir (J. M.). — Journey through Asia Minor, Armenia and Kurdistan

(J. Murray, édit.), London, 1818.

— Kirzioglu (M. Fahrettin). — Her bakimdan türk olan Kürtler, Ankara, 1964.

— Klaproth. — Various Studies on Kurdish, Vienne, 1808.

— Kurdisches Wôrterverzeichnis, Vienne, 1814.

— Kurdojev (K. K.). — Kurdskij Jazik, Moscou, 1961.- Grammatika Kurdskva Jazika (Kurmangî), Moscou, 1957.

— Kurdsko-Russkij Slovar, Moscou, 1960.

— Lazarev (M. S.). — Kurdistan i Kurdskaja problema, Moscou, 1964.

— Layard (Sir Auguste Henry). — Discoveries in the Ruins of Nineveh and Babylon ; with travels in Armenia, Kurdistan and the Desert (J. Murray, édit.), London, 1853.

— Mackenzie (D. N.). — Kurdish Dialect Studies (I-II), London, 1964.

— The Origin of Kurdish, Oxford, 1964.

— Mann (Oskar). — Kurdisch-persische Forschungen, IX Kurdische Dialekte, vol. I-II, Berlin, 1906-1909.

— M aunseli (F.). — Kurdistan, London, 1894.- Mauriès (René). — Le Kurdistan ou la mort (Laffont, édit.), Paris, 1967.

— Mc C arus (Ernest N.). — A Kurdish Grammar, New York, 1958. ?

— Mignan (R.). — A Winter Journal through Russia, London (2 vol.), 1839.

— Minorsky (V.). — Kurdistan and Kurds, Encyclopaedia of Islam, t. II, London, 1927 ; Paris, 1926.

— The Gûrân, B.S.O.S., 1943. - Moltke (H.). — Das Land und Volk der Kurden in Vermischten.

— Schriften zur orientalischen Frage, Berlin, 1892.

— Muller (Friedrich). — Kurmângi - Dialekt der kurdischen Sprache, Vienne, 1894.

— Muller (G. T.). — Einbruch ins verschlossene Kurdistan, Reutlin- gen, 1937.

— Mukriani (Giu). — Rabar (Farhangi Arabi-Kurdi), Arbil (Hewlêr), 1950.

— Farhani Mah'abad (Kurdi-Arabi), Arbil (Hewlêr), 1961.

— Nikitine (Basil). — Le probleéme kurde, politique étrangère, Paris, 1946.

— Les Kurdes, étude_soçiologique et historique, Paris, 1956.

— Paul (MargueriteLuise) & Bedir-Khan (Kamuran). — Proverbes kurdes, Paris, 1936.

— Prym (E.) & Socin (A.). — Kurdische Sammlungen, Saint-Petersburg, 1887-1890.

— Rambout (L.). — Les Kurdes et le droit (Ed. du Cerf), Paris, 1947.

— Hay (W. R.). — Two Years in Kurdistan (1918-1920), London, 1921.

— Reitlinger (Gerald R,), — A tower of Skulls; A Journey through Persia and Turkish Armenia (Duckworth, édit.), London, 1932

— Rich (C. J.). — Narrative of a Reésidence in Koordistan and Account of a Visit to Shiraz and Persepolis (2 vol.), London, 1880.

— Notes on Koordistan, London, 1836.

— Romanette (I.). — Le Kurdistan et la question kurde, Paris, 1937.

— Rudenko (M. B.). — Ment û zîn, Moscou, 1962.

— Safrastian (A.). — Kurds and Kurdistan (Harwill Press Ltd, édit.), London, 1949.

— Sagadi (Alauddîn). — Mêzuy adabi Kurdt, Baghdad, 1952.

— Schmidt (DanaAdams). — Journey Among Brave Men (Little Brown and C°, édit.), Boston, 1964.

— Soane (E. B.). — Two Years in Kurdistan, Boston, 1908.

— Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language, London, 1913. -ElementaryKurmanjiGrammar,districtdeSulaymaniyah,Baghdad,1912. - Elementary Kurdish Grammar, Baghdad, 1919.

— To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise, London, 1926.

— Soubrier (Jacques). — Moines et brigands, de l'Adriatique aux marches iraniennes (J. Susse, édit.), Paris, 1945.

— Speiser (E. A.). — Southern Kurdistan in the Armais of Ashurnasirpal and Today, 1928.

- Sykes (M.). — The_Kurdish Tribes of the-û.ttomm Ernpire, I.J.R. Anthropol. Inst. London, 1908.
- Sêrko (B.). — Al-Qazia-L Kurdyye, Kairo, 1930.
- Socin (A.). — Die Sprache der Kurden, Grundriss der iranischen Philologie, t. I, 2 (249-286), Strasbourg, 1898-1901.
- Southgate (BishopHoratio). — Narrative of a tour through Arme- nia, Kurdistan, Persia and Mesopotamia, (D. Apple- ton & C°, édit.), New York, 1840.
- Tsukerman (I. I.). — Eleéments de grammaire kurde, Moscou, 1962.
- Viltjevski (O .)Kurdi v Vendenfa etnitjesguja istorju Kurdskovo naroda, Moscou, 1961.
- Vanly (Ismet Cheriff). — The Reévolution of Iraki Kurdistan, publié par le Comité pour la défense des droits du peuple kurde, avril 1958.
- Liberteépour le Kurdistan (Maspéro, édit.), Partisan n° 6, 1962.
- Wagner (M.). — Reise nach Persien und Land der Kurden, Leipzig, 1852.
- Wahby (Taufiq). — Dastûr i Zumârt i Kurdi (grammaire kurde), 1929-1930.
- Xôndewâri y Bâw (de l'emploi des caractères latins en kurde), 1933.
- Farhang i Kurdî (lexique arabo-kurde), 1943.
- The Yazîdis are not Devil-Worshippers, 1962.
- Safra min Kurkûk ila Tâsluja (voyage de Kirkuk à Tâslûja), 1965.
- Waheed (A.). — The Kurds and their Country, Lahore, 1955.
- Wikander (Stig). — Recueil de textes Kourmandji, Uppsala, 1959.
- Wilhem (Eugène). — La langue des Kurdes, Paris, 1889.
- Wunsch (J.). — Meine Reise in Armeénien und Kurdistan, Vienne, 1883.
- Zaki (Muhammed Amin). — Mashahir al-Kurd we Kurdistan, Baghdad, 1945.
- Khulasat tarikh al-Kurd we Kurdistan, Baghdad, 1961.

## کارە ئەکادیمییە بڵاونەکراوەکان

– Karadaghi (Mustafa). — The Kurdish Question, Master's Thesis, University of California at Berkeley, 1954.

– Spencer (William). — The Mosul Question in International Rela tions. Dissertation, University Microfilm 3111, American University, Washington, D.C., 1965.

– Vanly (Ismet Cherifl). — La reévolution kurde d'Irak (origine et développement), Université de Lausanne.

## ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.